# کورد و مافەکانی

لوسیەن ڕامبۆ

---

وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە:
علی صالح پیرانی

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

| | |
|---|---|
| **ناوی کتێب:** | کورد و مافەکانی |
| **نووسینی:** | لوسیەن ڕامبۆ |
| **وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە:** | علی صالح پیرانی |
| **دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** | دیار سەعید پیرانی |
| **سەرپەرشتی چاپ:** | مستەفا نجم فەیلی |
| **ساڵ و شوێنی چاپ:** | هەولێر ٢٠٢٥ |
| **چاپخانە:** | ڕۆژهەڵات |
| **تیراژ:** | ١٠٠٠ دانە |

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١١٨٠) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە.**

پۆل کامبۆن[1]

## "لـە ڕێککەتننامـە دیپلۆماسـییەکاندا ئـاکار و دابونەریتـی گەلان سـەربەخۆن"

(١) دیپلۆماتکار و باڵیۆزی فەڕەنسا لە قوستەنتینیە (ئەستانبۆڵ) لە ساڵی ١٨٩٥.

## لەبارەی نووسەری ئەم پەرتوکەوە

لوسیەن ڕامبۆ ناوی تەواوی تۆما بوایە لە ٦ی ئایاری ساڵی ١٩٠٠ لە شاری دانکێرک لە فەڕەنسا لەدایکبووە، لە تەمەنی لاوێتیدا و لە ساڵی ١٩٢٧ وەک پەیامبەری ئایینی مەسیحیەت ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت و لە کوردستان نیشتەجێ دەبێت. هەر لە سەرەتاوە، ڕامبۆ گرنگییەکی تایبەتی بە گەلی کورد دەدات و ژیانی خۆی بۆ گەلی کورد و کەلتوری کوردی تەرخان دەکات. لەنێو چیاکانی کوردستان و لە باکووری کوردستانی عێراق، زمانی عەرەبی و سریانی و کوردی (شێوەزاری بادینی) دەخوێنێت. دوای دە ساڵ لە مانەوەی، کەشوهەوای سەختی کوردستان کاریگەری دەکاتە سەر تەندروستییەکەی و ساڵی ١٩٤٠ ناچار بووە بچێتە بەیروت لە لوبنان. لەوێ لەگەڵ جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخان ئاشنا دەبێت و ئەم دۆستایەتییە تا کۆچی دوایی کردنی لە ساڵی ١٩٧٥ لە پاریس بەردەوام دەبێت.

ڕامبۆ کۆمەڵێک بابەت و کتێبی لەسەر زمان و ئەدەب و مێژوو و ئایین و کەلتوری گەلی کورد بڵاوکردوتەوە. دوای ماوەی بیست ساڵ ئاشنابوونی بە گەلی کورد، لە ساڵی ١٩٤٧، کتێبی (کورد و مافەکانی) لەسەر دۆخی سیاسی گەلێکی مەزڵوم و بندەست لەناو خاکە دابەشکراوەکەیدا بڵاودەکاتەوە. ئەم کتێبە تا ئەمڕۆش بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی کورد بە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکان دادەنرێت.

نووسەر لە کتێبەکەیدا تیشک دەخاتە سەر خەبات و شۆڕشە نەپساوەکانی گەلی کورد لەو وڵاتانەی بەسەریدا دابەشکراون لەپێناو

بەدەسـت هێنانـی سـەربەخۆیی و ئازادیـی. هەروەهـا نووسـەر هەمـوو ئـەو پەیماننامـە و بەڵگەنامانـە دەخاتـەڕوو کـە بـاس لـە چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد لەنـاو هەریـەک لـە وڵاتانـی تورکیـا و عێـراق و ئێـران دەکـەن.

لـە لایەکـی دیکـەوە، تیشـک دەخاتـە سـەر گشـت بەڵێنـە درۆیینـەکان کـە حکومەتەکانـی تورکیـا و عێـراق و ئێـران بـە کوردیـان داوە. بێگومـان، گفـت و کـرداری حکومەتـەکان بەرامبـەر پرسـی کـورد جیـاواز بوونـە، بۆیـە خەباتـی بەردەوامـی سـەرکردە و شۆڕشـگێڕەکانی کـورد لـە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان بـۆ بەدەسـت هێنانـی مافەکانیـان بـەردەوام بـووە. دەق و بەڵگەنامـە ڕەسـەنەکانی ئـەم پەرتوکـە لـە لایـەن نووسـەر کۆکراونەتـەوە.

**علی صالح پیرانی**

# پێرست


لەبارەی نووسەری ئەم پەرتوکەوە.............................................................. ٥

پێشەکی.................................................................................................. ١١


## بەشی یەکەم


**کوردستان و کورد**........................................................................... ١٥

١- جوگرافیای کوردستان ...................................................................... ١٧

٢- سەرچاوە ئابوورییەکانی کوردستان...................................................... ٢٠

٣- کورد ............................................................................................... ٢٣

٤- پرسی کورد ...................................................................................... ٢٦


## بەشی دووەم


**بە هێزی ئاگر و ئاسن** ....................................................................... ٣١

١- کورد لەنێو پەیماننامەکانی ئاشتیدا ..................................................... ٣٣

٢- نیشتمانپەروەری یان کۆنەپەرستی ....................................................... ٣٧

٣- لە شۆڕشی ئاراراتی ساڵی ١٩٣٠ تاکو دەرکردنی یاسای ڕاگوێزانی ساڵی ١٩٣٢ ...... ٤٣

٤- پرسی پۆلیس: چەکدارەکانی سەید ڕەزا لە دەرسیم ساڵی ١٩٣٧........................ ٥١

٥- مرۆڤی دڕندە کێیە؟.......................................................................... ٥٨


## بەشی سێیەم


**لەژێر فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئینگلیزدا**.............................................. ٦٩

١- بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێردا.......................................................... ٧١

٢- ئینگلیز و کورد ................................................................................ ٧٦

٣- تاجی شاهانە: مەلیک فەیسەڵ یان شێخ مەحموود؟.................................... ٧٩

٤- پارچە کاغەزی بچووک و وتاری بریقەدار ..........................................٩٢

٥- لەژێر فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئینگلیزدا..........................................٩٧

٦- جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکان و سەرهەڵدانەوەی شۆڕش ..................................١٠٩

٧- لە چاوەڕوانی ڕۆژە خۆشەکاندا..........................................١٢١

## بەشی چوارەم

**لە نێوان ورچ و پڵنگدا**..........................................١٢٩

١- لەبەردەم پرسێکی دڕکاویدا..........................................١٣١

٢- هەڵکردنی هەوای ئازادی ..........................................١٤٦

٣- کۆماری سەربەخۆی کوردستان لە مەهاباد ..........................................١٥٧

## بەشی پێنجەم

**لە هەوایەکی ئازاددا**..........................................١٦٧

١- کورد لە یەکێتی سۆڤیەتدا..........................................١٦٩

٢- کورد لەنێو دەوڵەتانی لیڤیدا..........................................١٧٤

## بەشی شەشەم

**هێز لە یەکگرتندایە** ..........................................١٧٩

١- بنەچەی کوردەکان ..........................................١٨١

٢- سەرکردەکان یەکدەگرن..........................................١٨٨

٣- خالی لاوازی کورد ..........................................١٩٧

٤- کوردەکان خۆیان ڕێکدەخەن و یەکدەگرن ..........................................٢٠٠

## بەشی حەفتەم

**لەبەردەم ئاگاهی جیهاندا**..........................................٢١١

١- بانگەوازی کۆمکاری کوردی بۆ کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ، (٣٠ی ئاداری ١٩٤٥) .....٢١٥
٢- بانگەوازی کۆمکاری کوردی بۆ وەزارەتی دەرەوە لە لەندەن، (١٠ی ئەیلوولی ١٩٤٥) ..٢١٧
٣- داواکاری نوێی کۆمکاری کوردی (٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥) ........................٢١٨
٤- تێلێگرامی نوێنەرانی گەلی کورد لە عێراق بۆ کۆنفرانسی سێ زلهێزەکە (یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکا و بەریتانیا) لە مۆسکۆ (٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥)...........٢١٩
٥- کۆمکاری کوردی داوایەك پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات (کانوونی یەکەمی ١٩٤٥).......................................................................................٢٢٠
٦- پارتی ڕزگاری داوایەك ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات...........................٢٢٣
**ئەنجام**.......................................................................................................٢٢٥
**پاشکۆ**.......................................................................................................٢٢٩
**پاشبەندەکان**.......................................................................................**٢٣٧**
**سەرچاوەکان** ..............................................................................................٢٥٥

# پێشەکی

سەربازێکی گەنجی پۆڵەندی کە پێشتر بە هۆکاری جەنگەوە لە عێراق بوو و لەوێ دەگەڕایەوە، ڕۆژێکیان لەنێو هەموو گەلانی ڕۆژهەڵات کە چاوی پێیان کەوتبوو، تەنیا باسی گەلی کوردی بۆ کردم. پێداگریم لەسەر هۆکارەکانی هەڵبژاردنی گەلی کورد لەنێو باسەکەیدا نەکرد و سەرسامی نەکردبووم. نزیکەی بیست ساڵ گەشتم بەنێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کرد و بە زمانی کوردی و عەرەبی دەدوام، لەو ماوەیەدا توانیم لێکۆڵینەوە لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە بە هەزاران ڕووخساری جیاوازەوە بکەم. مەسیحییەکان لە گشت ڕێوڕەسمەکانی ئایینیاندا و مووسڵمانانی مەزهەبی جیاواز و جووەکان و تەنانەت ئێزدییەکانیش زۆرجار قسەیان بۆ دەکردم. ئەرمەن و ئاشووری، عەرەب و کورد، دروز و ئێزدی بە نۆرە باسی شکۆمەندییەکانی ڕابردوو و ناڕەحەتی و هەروەها ئاواتەکانیان بۆ دەکردم. بەڵام لەگەڵ کوردەکان نزیکترین پەیوەندیم هەبوو. لەگەڵ ئەواندا هێندە تووتنە بەچێژەکەیانم بە دارجگەرە درێژەکانیان کێشاوە، ئەستەم بوو خۆم بتوانم دایانبگیرسێنم؛ لە گەرمای هاویناندا، هێندە دۆی ساردم لە ناو بادییە گەورەکانیاندا خواردووەتەوە و چەندین جار بە خۆشحاڵییەوە گوێم لە شوانەکانیان دەگرت، دەست لەبن گوێ، گۆرانییان دەچڕی و تێکەڵ بە دەنگی سروشت و شاخەکان دەبوو، دوبارە دەمەوێت گوێم لەو دەنگە ببێتەوە و چاوەکانم دابخەم تاکو یادەوەرییەکانی دوێنم بیربخاتەوە...

مـاوەی سـاڵێکە، ڕۆژنامەکانـی جیهـان پەیوەسـت بـە ڕووداوەکانـی ئێران و عێـراق و تورکیـا بـەردەوام باسـی گەلی کـورد دەکەن. پەیامنێرانی ئاژانسـی ڕۆژنامەوانـی بـەردەوام بـەدوای هەواڵـی هەسـتیاردا دەگەڕێـن لەبـارەی ئـەم ناوچانـە کـە بەداخـەوە لای خۆمـان بـە تـەواوی پشـتگوێ خـراون. ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان بـۆ بەئاگاهێنانـەوەی ڕای گشـتی کێبڕکـێ دەکـەن.

ڕۆژنامەکانــی ئومانیتــێ و لومۆنــد و تــا پخێزانــت و تــا نوڤــۆ و تێــغ دێــزۆم و کۆمبــا و ســامدی ســواغ و ئاژانــس فرانــس پرێــس و رۆیتێــرز[٢] هەمـوو گۆڤـارەکان زانیـاری و بابەتیـان لەسـەر پرسـی کورد بڵاودەکـردەوە و زۆرجـار لەژێـر بابەتیبوونـی ڕواڵەتـی هەواڵەکانـدا لێکدانەوەیـەک دروسـت دەبـوو کـە لـە ڕێـڕەوی ڕاسـتی خـۆی دەردەچـوو. ڕەنگـە ئـەم لادانـە لـە هەندێـک بڵاوکـراوەی بەریتانیـدا زیاتـر دیاربێـت، بـەڵام دەرفەتمـان بـۆ دەرەخسـێت تاکـو بزانیـن هەرچۆنێـک بێـت ئینگلیـزەکان زیاتـر ئـاگاداری پرسـەکەن. پرسـیار لـە ڕۆژنامەنووسـانی عێـراق و ئێـران ناکەیـن، چونکـە سانسـۆری حکومـەت بەسـەریانەوە زۆر جدییـە هیـچ شـتێک تێپەڕنـاکات. بێگومـان ڕۆژنامەکانـی تورکیـا لەسـەر ئـەم پرسـە بـە تـەواوی بێدەنگـن، هەمیشـە بیـری لێدەکەنـەوە، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا هەرگیـز باسـی ناکـەن.

هەروەهـا چاپەمەنـی عەرەبـی وەک فەڵەسـتین پۆسـت و ڕۆژنامـەی مـیسر و پرۆگرێـس مـیسری و ئـیماژی قاهیـرە و گۆڤـاری لوبنـان و ئۆریـان و لـو ژووغ دو بەیـروت کـە بـە زمانـی فەڕەنسـی یـان ئینگلیـزی چاپدەکـران،

(2) Humanité, Monde, Temps Présent, Temps Nouveaux, Combat, Terre des Hommes, Samedi-Soir, A. F. P., Reuters.

بابەتیان لەسەر پرسی کورد بڵاودەکردەوە. هەروەها ڕۆژنامەی لێ کاێی دو لێست کە لە بەیروت چاپدەکرا، دوو بابەتی بە ناوی "کوردستان" لە ژمارە (١) و "ڕۆحی کورد لەژێر ڕۆشنایی فۆلکلۆری خۆیدا" لە ژمارە (٥ و ٦) دا بڵاوکردووتەوە.[٣]

دوای خوێندنەوەی هەموو ئەم بابەتانە، پێم وابوو هێشتا زۆر شتی تر ماوە لەسەر "کورد" بگوترێت کە چاوم پێیان کەوتووە و حکومەتە بەناو دیموکراتییەکان ماوەی بیست ساڵە بێباکانە سنووورداش و بۆردومان و کۆمەڵکوژیان دەکەن، دان بەو ڕاستییەدا دەنێم ئەوانیش کێشەی بچووکیان هەیە، بەڵام بە دەنگێکی بەرز و ڕوون بەڵێنی مرۆڤایەتییەکمان پێدەدەن کە تازە بە تازە لە ستەمی نازیزم و فاشیزم ڕزگاری بووە.

کوردێک لەنێو کتێبێکی کۆنی پازدە ساڵەدا، پرسیاری ئەوەی کردووە، ئایا ئەم بێباکییەی ئەورووپا بەرامبەر بەدبەختی نیشتمانەکەم لەبەرئەوەیە کە ئێمە و ئەوان هەمان خودا ناپەرستین؟

ئەم چەند لاپەڕەیە مەبەستیەتی ئەوە نیشان بدەن کە مەسیحییەکی شایستەی ناوەکەی، پیاوێکی باوەڕدار کە باوەڕی بە خودا هەیە، عەلمانییەک کە شەیدای مرۆڤایەتییە ناتوانێت بەرامبەر پرسێک بێباکانە بمێنێتەوە کە زۆرجار لەنێو کەشێکی هەڵچوودا لەگەڵ بۆنی نەوت سەرهەڵدەدات.

ئەمانە چەند بەڵگەنامەیەکن کە مافی کورد دەسەلمێنن و دەیانخەمە

(3) Le Palestine Post, le Journal d'Egypte, le Progrès Egyptien, Images du Caire, la Revue du Liban, l'Orient, le Jour de Beyrouth, Les Cahiers de l'Est.

بەردەم دیدی خوێنەر. من بە شوێن بەڵگەنامە ڕاستییەکانەوە دەکەوم، سەرەڕای ئەوەی ڕەسەنن، هەموو ویژدانێکی ڕاست لە باوەڕپێکردنیان دوودڵ دەبن.

شایەتی من دڵسۆزانەیە، بەڵام ئەگەر هەندێک کەس بە لایەنگری تۆمەتبارم بکەن، دەمەوێت تاکە لایەنگری شەرعی بێت؛ ئەویش ڕاستی و دادپەروەرییە.

# بەشی یەکەم

## کوردستان و کورد

**"ڕۆژێک دێت ئەم وڵاتە دەبێتە سویسرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"[٤]**

(٤) ڕۆژنامەی هەواڵی جەنگ (Akhbar el Harb )، ژمارە ٥٣، ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤.

## ١- جوگرافیای کوردستان

کوردستان بڕبڕەی پشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. دەکەوێتە ناوجەرگەی ئاسیای بچووک، زۆربەی ناوچە شاخاوییەکانی داگیرکردووە و لە نێوان دەریای ڕەش و دەشتەکانی میزۆپۆتامیادا درێژدەبێتەوە، لە لایەک زنجیرە چیاکانی تۆروسە و لە لایەکی ترەوە بانی ئێرانە.

ئەگەر بمانەوێت سنووری ئێتنۆگرافییەکانی دیاری بکەین، لێرەدا دەتوانین بە نزیکەیی ئەم هێڵکارییە بخەینەڕوو. لە ڕۆژئاوا، لە چیای کوردان (سوریا)وە درێژدەبێتەوە بە ئاراستەی باکووری ناوچەکانی کلێسە و مەڕاش و ئێلبیستان و دیڤریک و لە ڕووباری کیلکیت لە تورکیا کۆتایی دێت.

لە باکوور، سنوورەکەی لە ڕووباری کیلکیت درێژدەبێتەوە و دوای ئەوەی شارۆچکەکانی بایبورت و ئۆلتۆ لە ڕۆژهەڵاتەوە دەبڕێت لە شاری قەرس کۆتایی دێت.

لە ڕۆژهەڵات، لە قەرسەوە بە ئاراستەی باشووری ڕۆژهەڵات بەردەوام دەبێت، تا بە کەناری ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ دەگات، لەوێشەوە بەناو لوڕستان و سنە و کرمانشاندا درێژ دەبێتەوە.

دواجار لە باشوور، سنووری کورد لە لوڕستانەوە بە ئاراستەی باکووری ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە و بە خانەقین و کفریدا دەڕوات تا دەگاتە چیای حەمرین. بۆ گەیشتنەوە بە ڕۆژئاوا، سنوورەکەی باشووری چیای شنگالە و ڕووباری فوڕات لە نزیک شاری جەڕابلوس دەبڕێت و بە باشووری چیای کوردان بەرەو باکووری ئەسکەندەرون دەڕوات تا

دەگاتــە دەریــای ناوەڕاســت.

نەخشــەیەکی[٥] ئیتنۆگرافــی کوردســتانم لــە بەردەســتە کــە بەجــدی کاری لەســەر کــراوە، بەڕوونــی ســنووری ئــەم وڵاتــە دیــاری دەکات، لــە لایــەک بــەرەو دەریــای ناوەڕاســت و لــە لایەکــی تــرەوە بــەرەو کەنــداوی فــارس لــە ڕۆژهەڵاتــی خوزســتان درێژدەبێتــەوە.

کوردســتان وڵاتێکــی فراوانــە ڕووبەرەکــەی ٥٣٠٠٠٠ کــم دوجایــە. وڵاتێکە خــاوەن ژمارەیەکــی زۆر چیــا و شــاخی بــەرزە کــە لــە باشــووری ڕۆژئــاواوە بــەرەو باکــووری ڕۆژهــەڵات درێژدەبنــەوە، هەروەهــا دۆڵەکانــی دیجلــە و فــوڕات و لقەکانیــان موڕادســو و بۆتانســو ئــەم زنجیــرە شــاخانە لێــک جیادەکەنــەوە. بــەرزی لوتکــەی چیاکانــی جــودی و ســیپان و ئــارارات دەگاتــە نزیکــەی ٥٠٠٠ مەتــر. دەشــتەکان بــە شــێوەیەکی گشــتی دەکەونــە باشــووری ڕوبــاری فــورات و دیجلــە و دەشــتی ئورفــا و ناوچــەی دیاربەکــر و جزیــرە و دوو زاب لــە دەوروبــەری هەولێــر و کەرکــووک.

نامەوێــت لــە وەســفکردنی جوانــی و خۆشەویســتی ئــەم وڵاتــەدا بوەســتم، بــەڵام پێویســتە مــرۆڤ کەمێــک هەســتیار بێــت بەرامبــەر وێنــەی سروشــت تاکــو گیــرۆدەی نەبێــت.

جوانتریــن دیمەنــی سروشــتی لــە کوردســتان هەن کــە چــاو دەتوانێت بیانبینێــت. جوانــی هەندێــک ناوچــە و گونــد ناوازەیــە. ڕەوانــدز لەســەر شــاخێک دروســت کراوە؛ ئامێدی کــە بە قوبە و منارەکانییــەوە بەناوبانگە لەســەر لوتکەیــەک بنیــاتنراوە کــە بەرزییەکــەی دەگاتــە چەنــد هــەزار

(٥) سەیری پاشبەندی ژمارە (١) بکە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

مەترێـک. لەوێشـەوە دەڕوانینـە دۆڵێکـی پـان و بەرینـی پـڕ لـە جوانـی کـە تاکـو چیاکانـی دووری ئێـران درێژدەبێتـەوە. ئامێـدی بـە جوانییەکەی شـارە ئەفسـوناوییەکانی نـاو چیرۆکـە کۆنەکانمـان بیردەخاتـەوە. ئاکرێ و پێنجوێـن و کۆیسـەنجەق شـارۆچکەی بچووکـی شـاخاوین کـە جوانـی و گەرموگـوڕی تایبەتـی ناوچەکەیـان دڵـی گەشـتیار دەهەژێنێـت.

هامیلتـۆن(٦) لـە بەشـێکی کتێبەکەیـدا باسـی دیمەنـە سەرنجڕاکێشـەکانی گەلـی عەلـی بـەگ دەکات، ئـەم ئەندازیـارە نیوزلەندییـە چێـژی زۆری لـە جوانـی ناوچەکـە بینیـوە. کەشـوهەوای ئـەم وڵاتـە سـەختە و تـا ڕادەیـەک بـە گۆڕانـکاری بەهێـزی پلـەی گەرمـا تایبەتمەنـدە. نزیکـەی شـەش مانـگ تـەواوی وڵات بـە بەفـر دادەپۆشرێـت. بـەو هۆیەشـەوە دانیشـتوانەکەی لـە ڕەگەزێکـی بەهێـز و چالاکـن.

(٦) ئارچیبالد میلن هامیلتۆن ئەو ئەندازیارە بە ڕەچەڵەک نیوزلەندییە بوو، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨-١٩٣٢ لەلایەن بەریتانیاوە وەک ئەندازیاری سەرەکی دەستنیشانکرا بە مەبەستی دروستکردنی ڕێگایەکی ستراتیجی لە باشووری کوردستان کە لە هەولێرەوە دەست پێدەکات بە ڕەواندز و ناوچەکەدا دەڕوات تا دەگاتە سنووری ئێران. دواتر ڕێگاکە بە ڕێگای هامیلتۆن ناسرا. هەرچەندە هامیلتۆن بە تەواوبوونی ڕێگاکە هیوای بەیەک گەیشتنی گەلانی ناوچەکەی دەخواست، بەڵام چەندین جار شەڕی لەسەر کراوە. ناوبراو لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (ڕێگایەک بە کوردستاندا) کە لە ساڵی ١٩٣٧ چاپکراوە، باسی چۆنیەتی دروستکردنی ڕێگاکە دەکات.

## ٢- سەرچاوە ئابوورییەکانی کوردستان

سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابووری کوردستان کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە. ناوچە دەشت و بانەکان گەنم و جۆ و کونجی و نیسک و گەنمەشامی زۆر بەرهەم دەهێنن؛ هەروەها برنجیش لە ناوچە زۆنگاوەکاندا دەچێندرێت؛ بەرهەمی لۆکەش تارادەیەک گرنگی پێدەدرێت. لە چیاکاندا گرنگی زۆر بە باخداری دەدرێت. هەموو جۆرە میوەیەکی فەرەنسای لێیە و زۆر بەتامن. سێوە بەتامەکانی مەلاتیا و هەنجیرەکانی شنگال چەندین جار لە ناو گۆرانییەکاندا ناویان هاتووە. جۆر و بەرهەمەکانی ترێ لە هەژمار ناهێن. بەرهەمی سەوزە وەک پەتاتە و باینجان و تەماتە و هەروەها خۆراکە نیشاستەییەکان لە ڕادەبەدەرن. هەموو ئەم بەرهەمانە و هەروەها تووتنیش لە کێڵگەکانی دەوروبەری گوندەکان دەچێندرێت. ڕووەکی دەرمانی زۆرن و بەنرخن، لەلایەن خەڵکەوە داواکاری زۆرییان لەسەرە.

دارستانەکان ڕووبەرێکی فراوانی ئەم وڵاتە پێکدەهێنن. دار بەڕوو و مازی و سنەوبەر باوترین جۆری داری نێو دارستانەکانن. کاتێک دەڕوانیتە هەر دۆڵێک، دار سپیندارەکان بەرەو ئاسمان هەڵکشاون، ئەمەش تایبەتمەندی دیمەنی کوردی دەنوێنن.

ئاژەڵەماڵییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە مەڕ و بزن پێکدێن. بەرزی مەڕەکان لە لەوەڕگە شاخاوییەکانی باشووری وان دەگاتە ٨٠ سم. گا و گامێش کەم بەخێودەکرێن. لە ڕاستیدا، جۆری ئەسپی کوردی وەک ئەسپی عەرەبی بەناوبانگ نییە، بەڵام گوێدرێژەکانیان زۆر بەهێزن و چاک

خۆیـان لەگـەڵ ژینگـەی شـاخەکاندا دەگونجێنـن. هێسترەکانیشـیان باربـەری چاکـن بەتایبەتـی کاتێـک کەنـداڵ و هـەورازی زۆر لەبـەردەم ڕێـگادا هەبـن.

کوردســتان بــە ســامانی ژێــر زەوی دەوڵەمەنــدە، بــەڵام بەداخــەوە تــا ئێســتا کــەم کاری لەســەر کــراوە. چەنــد ســەرچاوەیەکی کانیــاوی کانزایــی لــە پارێــزگای دەرسیم بوونیـان هەیـە. ئـەم کانیاوانـە بـە سـەرچاوەی گۆگـرد دەوڵەمەنـدن، لـە دەوروبـەری ئاگـرداغ و ئەرزنجـان و سێرت و جۆلەمێـرگ و باشـقالدا دەبینرێـن. هەرچـی کانیاوەکانـی دۆڵـی زابـە، ساردن و بڕێکـی بـاش لـە مـادەی بیکاربۆناتیـان تێدایـە.

کانــی خەڵــووزی بەردیــن لــە زۆربــەی ناوچــەی وەک گونــدی خابــۆ و سـلیڤان و خارپیـت و لـە دەوروبـەری مەدیـن و وان و کـێماخ و هەروەهـا لــە زاخــۆش هــەن. حکومەتــی تورکیــا کانــزای مســی خــاو لەشــارۆچکەی ئەرخەنـی سـەر بـە پارێـزگای دیاربەکـر بەرهـەم دەهێنێـت. ئـەم کانزایـە لــە شــارۆچکەی پالــو لــە دەوروبــەری وان و لــە ئاکرێــش دەدۆزرێتــەوە. هەروەهــا کانــزای ئاســنی خــاو لــە دەوروبــەری شــاری مــادەن و لــە شـارۆچکەی کەسـکین و لـە ناوچـەی ئامێـدی بـە ڕێژەیەکـی بـاش بوونـی هەیـە. سرکـە زیوینـەکان لـە مـادەن و وان و کەمـاخ و کیـان هەیـە. هـەردوو مـادەی کانزایـی کـرۆم و مەگنیسـیۆم لـە ناوچـەی بـارزان بوونییـان هەیـە، زێـڕ و زیـوی خـاو لـە ناوچـەی دیاربەکـر و ئێروهـا هەیـە. بـەڵام، بێگومـان، سـامانە گەورەکـەی کوردسـتان بریتییـە لـە نـەوت.

نەخشــەیەکی کوردســتان بۆمــان ڕووندەکاتــەوە کــە هەمــوو کوردســتان بــە میحوەرێــک لــە باکــووری ڕۆژئــاواوە بــەرەو باشــووری

ڕۆژهـەڵات بـە ئاراسـتەی زنجیـرە چیـاکان تاکـو کەنـداوی فـارس درێژدەبێتـەوە. بـە سـەیرکردنێکی نەخشـەی کێڵگـە نەوتییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بۆمـان ڕووندەبێتـەوە کـە ئـەم کێڵگانـەش بـە درێژایـی هێڵێـک بەهەمـان ئاراسـتەن، کەوتوونەتـە دامێنـی چیـاکان، کـە لـە دورگـەی کیـش لـە نزیـک بەنـدەر عەبـاس لـە کەناراوەکانـی باشـووری ئێـران دەسـت پێـدەکات، بـە کێڵگـە نەوتییەکانـی کۆمپانیـای ئینگلیزی-ئێرانـی لـە باشـووری ڕۆژئـاوای ئێـران و کێڵگەکانـی کۆمپانیـای نەوتـی عێراقـی کـە دەکەونـە دەوروبـەری مووسـڵ و کەرکـووک تێدەپەڕێـت تـا لـە شـاری سـێرت لـە کوردسـتانی تورکیـا کۆتایـی دێـت. هەروەهـا حکومەتـی تورکیـا لـە سـاڵی ١٩٤٠ هەبوونـی چەنـد بیـرە نەوتێکـی لـە شـاری سـێرت ڕاگەیانـد.

هـەر بەپێـی ئـەم لێکۆڵینـەوە بابەتیانـەوە بـوو کـە مێجـەر بـۆڵتن لـە ١٦ی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٢ لـە لەنـدەن کۆنفرانسـێکی سـازدا. ئـەم دەروونناسـە بلیمەتـە گومانـی ئـەوەی هەبـوو کـە ئـەم وردەکارییـە کەمانـە، تەنیـا دەتوانـن سـەرنجی گەلـی بەریتانیـا ڕابکێشـن کـە خۆی وەک پێویسـت زانـا و نیشـتمانپەروەر بـوو.

## ٣- کورد

دانیشـتوانی ئـەم وڵاتـە فراوانـە کـە لـە زۆر ڕووەوە هێنـدە "سەرنجڕاکێشـە"، لـە پیـاوی بەهێـز و چیاڤـان و شـوان و جووتیـار و ڕەزوان پێکدێـت، هەمیشـە بـە ژیانێکـی سـادە و زۆر سـەختەوە سـەرقاڵن: ئەمانـە کـوردن. نەتـەوەی کـورد لـە ڕەگـەزی ئارییایـن و بـە زمانـی کـوردی قسـەدەکەن کـە زمانێکـی هیندۆئەوڕووپییـە و نزیکـە لـە زمانـی فارسـی، بـەڵام زۆر جیـاوازە لـەو زمانـە. کرمانجـی بەربڵاوتریـن زاری ئـەم زمانەیـە. ئـەم کوردانـە خاوەنـی چەندیـن خەسـڵەتن کـە هەمـوو ئـەو کەسـانەی پێـشتر پەیوەندییـان لەگەڵـدا هەبـووە چـاک دەیانناسـن. بلیمـەت و خـاوەن عەقلـی سـاغ و وردبینـن کـە هەندێـک جـار ڕواڵەتێکـی لادێییـان پێـوە دیـارە. خاوەنـی هـزری شـیعریی و تەنزئامێـزن کـە بـۆ مرۆڤێکـی ئاسـایی بەدەسـتهێنانی زەحمەتـە. ئـەو پەنـدە لـە ژمارنەهاتووانـەی دەیانهێننە سـەر زمـان و گفتوگۆکانیـان پـێ دەوڵەمەنـد دەکەن قابلـی تێڕامـان و تێبینیکردنن. زۆر حەزیـان لـە گۆرانـی وتنـە و دەتوانـن بـە درێژایـی شـەوانی زسـتان بەبـێ ماندووبـوون گـوێ لـە چیـرۆک و ئەفسـانە بێکۆتاییەکانیـان بگـرن.

ئـەو ژیانـە سـەختەی کـورد هەیەتـی، کەسێتی بەهێـزی پیـاوی کـوردی دروسـت کـردووە. پیـاوی کـورد پاڵەیەکـی ماندوونەناسـە، گرنگـی بـە هەمـوو سـەرچاوەکانی خاکەکـەی و کاری میکانیکـی دەدات. هامیلتـۆن بەدرێـژی باسـی گـەرم و گـوڕی کـورد لـە کارکردنـدا دەکات. بـەدەر لـەوە، حەزێکـی لەڕادەبـەدەری بـۆ سەربەسـتی هەیـە. کـورد دۆسـتی چەکـە و نیشانشـکێنێکی لێهاتـووە، زۆرجـار لێهاتووییەکـەی لـە ڕاوکردنـدا پێشـان

دەدات و هەمیشە شانازی پێوە دەکات. ئەگەر بەرێکەوت هێرش بکاتە سەر کاروانێک و تاڵانی بکات، ئەمە هەرگیز بەبێ ڕوحێکی سوارچاکی باش ڕوونادات. لای کورد شەڕەف لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، تەنانەت لەکاتی شەڕی نێوان خێڵەکان و دەمەقاڵێی نێوان شوانەکان پارێزگاریی لێدەکات. میوانداریيەکەی پەندئامێزە، ڕەنگە میواندارییەکە وەک عەرەبە کۆچەرەکان گەورە نەبێت، بەڵام لای کورد زیاتر هەست بە ئاسوودەیی ماڵەوە دەکەیت، هەموو ئەمانە لە گەنجینە بەنرخترن.

بەپێچەوانەی گەلانی ڕۆژهەڵات، بەگشتی و لە ئیسلامدا بەتایبەتی کە بەردەوام بیری لێدەکەینەوە، ئافرەت لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا لەگەڵ پیاو یەکسانە. ژن ناچارنەکراوە لەچک لەسەر بکات، پێگەیەکی زۆر تایبەتی هەیە و ئەو کەسەیە کە ماڵ بەڕێوەدەبات. ژنانی کورد زۆر دڵخۆشن ، بەدیار چنینی فەرشە ڕەنگاوڕەنگەکانیانەوە هەرگیز لە گۆرانی وتن ناوەستن. کچە گەنجەکانیان جوان و شەرمنن، بۆ ئەوەی بچووکترین هەڵە ئەنجام بدەن، هەوڵدەدەن تەنیا ئەو کەسە وەک هاوڕێی ژیانیان هەڵبژێرن کە بەدڵیانە. بەڵام، لە ڕۆژە ڕەش و سەختەکاندا دەبینین ئەوانیش بەشداری لە شەڕدا دەکەن و تەنانەت ئەگەر پێویست بکات سەرکردایەتی هۆزەکەیان دەگرنە دەست و بە زیرەکی و ئازایەتییان بەڕێوەی دەبەن.

زۆرینەی ڕەهای کورد مووسڵمانی سوننەن، جگە لە چەند هۆزێکی مەسیحی و چەند هەزار ئێزدییەک نەبێت کە مەلیکە تاوس دەپەرستن. لە ئێران چەند هۆزێکی کوردی شیعی هەن. لە ڕاستیدا ڕۆحی ئایینی

لای کـورد لاوازە. ئـەوان تـەواو خورافیـن، ڕێـز لـە شـێخەکانیان دەگـرن و بەجێگەیاندنـی ئەرکـی ئایینـی لـەدەرەوە هەرگیـز بێزاریـان نـاکات. بـە شـێوەیەکی گشـتی کـورد لـە ئاییـندا تونـدڕەو نییـە.

ئـەم فکرە فراوانەم لای ڕۆشـنبیران و پزیشـکان و پارێـزەران و ئەندازیاران و ئەفسـەران و تەنانـەت لای شـاعیرانیش هەسـت پێکـردووە کـە لەنێو شـارە گەورەکانیانـدا نیشـتەجێن، یـان بـە گوندەکانیانـدا تێپەڕدەبـن کاریگەرییەکی گەورەیـان لەسـەر هاونیشـتیمانەکانیان هەیـە. نامـۆ نییـە گـەر چاومـان بـە کوردانـی خوێنـدەوار بکەوێـت کـە بـە شـێوەیەکی ڕەوان دەتوانـن، جگـە لـە زمانـی عەرەبـی، بـە زمانەکانـی تورکـی یـان فارسـی و چەنـد زمانێکـی ئەوروپـی وەک ئینگلیـزی و فەڕەنسـی و ئەڵمانـی و تەنانـەت ڕووسـیش بنووسـن و قسـەبکەن. هەمیشـە لـە گفتوگۆکـردن لەگەڵیانـدا چێـژم دەبینی، چونکـە ئـاگاداری زۆر پرسـە نێودەوڵەتـی و کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکانی جیهـان بـوون و زۆر بـە وردی لەبارەیانـەوە دەدوان.

## ٤- پرسی کورد

دوای ئـەوەی بـاسمان لە بارودۆخی کوردسـتان و سـامانە سروشـتییەکانی و خەسـڵەتی دانیشـتوانەکەی کـرد، ئێسـتا دەتوانیـن بەڕوونـی بڕوانینـە پرسـی کـورد. پرسـی کـورد لـە ناوچەکـەدا جدییـە، چونکـە کوردسـتان ئـاگادارە لـەوەی کـە مافـی بوونـی هەیـە و دەیەوێـت وەک دەوڵەتێـک لە ناوچەکـەدا هەبێـت. لـە ڕاسـتیدا، سـنوورەکانی کوردسـتان هـەروەک لـە سـەرەتای ئـەم بەشـەدا ئامـاژەم پێـدان خەیاڵیـن. ئـەم سـنوورانە دەوری خاکـی گەلێـک دەدەن کـە شـێوەی وڵاتێـک پێکدەهێنـن، بـەڵام لـە ڕووی سیاسـییەوە بەسـەر سـێ وڵاتـدا (تورکیـا و ئێـران و عێـراق) دابەشـکراوە.

لەنێـو ئـەم سـنوورەدا، نـۆ ملیـۆن کـورد کـە خاوەنـی یـەک زمـان و یـەک نەریـت و یـەک ئاییـن و یـەک ڕەگـەزی نەتەوەییـن، ناتوانـن لـە نێـوان خۆیانـدا یەکبگـرن. جگـە لـەوەش، نـەک هەرناتوانـن یەکبگـرن، بەڵکـو ئـەو وڵاتانـەی بەسـەریاندا زاڵـن، هەوڵـدەدەن بـە زۆر ناسـنامەیان بشـێوێنن؛ ڕێگریـان لێدەکـەن بـە زمانـی بـاب و باپیرانیـان بدوێـن تاکـو لـە داهاتـوودا هیـچ زانیارییەکیـان لەسـەر زمانەکەیـان نەبێـت، لـە پـەروەردە و فێرکردنیانـدا کەمتەرخەمـی دەکـەن، تاکـو هەمیشـە پشـتیان پێببـەستن، هەروەهـا ناوچەکانیـان بەبـێ خزمەتگوزاریـی وەک ڕێگاوبـان و قوتابخانـە و نەخۆشـخانە بەجێدەهێڵـن، لـە کاتێکـدا پشـکی گـەورە لـە داهاتـی ئـەم دەوڵەتانـە لـەم ناوچانـەوە سـەرچاوە دەگرێـت.

ئـەم خشـتەیە ڕێـژە و ژمـارەی دانیشـتوانی کـورد لە نێـوان ئـەو وڵاتانەدا دەخاتەڕوو کە بەسـەریاندا دابەشـکراون:

| وڵات | کۆی گشتی دانیشتوان | دانیشتوانی کورد | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ١٦٢٠٠٠٠٠ | ٤٠٠٠٠٠٠ | ٢٥٪ |
| ئێران | ١٥٠٠٠٠٠٠ | ٣٥٠٠٠٠٠ | ٢٣٪ |
| عێراق | ٣٥٠٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠٠ | ٢٨٪ |

جگەلـەوەش، نزیکـەی ٢٥٠ هـەزار کـورد لـە سـوریا و ١٦٠ هـەزار کـورد لـە ڕووسـیای سـۆڤیەت دەژیـن.

بـۆ ڕەتکردنـەوەی سـەربەخۆیی کـوردەکان، دەوترێـت ژمارەیـان کـەمترە لـەوەی ڕادەگەیندرێـت. بێگومـان، ئەسـتەمە بتوانیـن ژمـارەی تـەواوی کـورد بزانیـن، چونکـە وڵاتانـی پەیوەندیـدار هەرگیـز ئامـاری وردی دانیشـتوانی کـورد بڵاوناکەنـەوە. لای خۆیانـەوە، کـورد خـۆی بـە چـوار ملیـۆن کـەس مەزەنـدە دەکات. شـڕۆڤەکارانی ئەوروپـی لـەو بـاوەڕەدان ژمـارەی دانیشـتوانی وڵاتانـی عێـراق و سـوریا و لوبنـان و ئـوردن و فەڵەسـتین و سـعودیە لـەو ژمارەیـە زیاتـرە کـە بڵاودەکرێنـەوە.

ئەگـەر نەبوونـی پێشـکەوتنی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ڕێگربـن لـە بـەردەم سـەربەخۆیی گەلـی کـورد، پێـم وایـە هەمـوو خوێنەرێـک گـەر کەمێـک زانیـاری هەبێـت، نـەک لـەڕووی تیۆرییـەوە، بەڵکو لەسـەر واقعـی پرسـەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ناتوانێـت ڕێگـری لـە زەردەخەنـەی بگرێـت، چونکـە ئێمـە جگـە لـە لوبنـان بـە گشـتی و چەنـد شارنشـینێکی کەمـی سـوریا و عێـراق نەبێـت، ئـەم جـۆرە پێشـکەوتنە لـە دانیشـتوان و باڵادەسـتی وڵاتانـی سـەرەوە نابینیـن، سـەرەڕای ئـەوەش سـەربەخۆن

و گشــت مافەکانیــان فەراهــەم کــراون، بێگومــان کوردیــش دەتوانێــت لەهەمـان ئاسـتی ئەوانـدا بێـت، بۆئـەوەی زیاتـر لەگـەڵ واقیعـدا هاوڕابیـن، ئەمـەی دەڵێـم تەنیـا ڕێژەییيـە.

دەگوترێـت کوردسـتان لـە ڕووی ئابوورییـەوە توانـای خۆبەڕێوەبردنـی نییـە؟ ئەگـەر ئەمـە بـەو مانایـە بێـت کـە کوردسـتان ناتوانێـت لەژێـر دەســەڵاتێکی خۆبژێویــدا بژیــت، منیــش هــاوڕام. جگــە لــەوەش، کــورد دژی هەمــوو ئــەو کەســانە جەنــگاوە کــە بــەم شــێوەیە بیردەکەنــەوە. ئەگـەر ئەمـە بـەو مانایـە بێـت کـە کوردسـتان وڵاتێکـی هـەژارە، ئەمـە بـۆ کوردێکــی ڕۆشــنبیر جێدەهێڵــم قســەی لەســەر بــکات.

"گەلێـک ویلایەتەکانـی ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا و دەشـتە بەپیتـەکان و حـەوزە دەوڵەمەندەکانـی دیجلـە و فـوڕات و چیاکانـی عێـراق و ئێران بە هەمـوو کێلگـە نەوتـی و کانزاییيەکانیشـەوە لەژێـر دەسـتدابێت، هێشـتا نییەتـی خـراپ لای کەسـانێک هەبێـت و بانگەشـەی ئـەوە بکـەن کـە ئـەم گەلـە ناتوانێـت لـەڕووی ئابوورییـەوە خـۆی بژینێـت، لـە کاتێکـدا سـەرچاوە و سـامانەکەمان بووەتـە مایـەی تەماحـی گـەلان و لـە ئێسـتادا سـەبەتەی نانـی هەموو عێـراق پێکدەهێنیـن. بەدڵنیياییەوە، ئێمە هێشـتا لـە دۆخێکـی زۆر سـەرەتایی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـدا دەژیـن، چونکـە ئەوانـەی بەڕێوەمـان دەبـەن نـە توانیویانـە و نـە ویسـتویانە ڕێگـەی پێشـکەوتنمان پێشـان بـدەن، بـەڵام کـەس ناتوانیـت دژایەتیـم بـکات ئەگـەر بڵێـم جوتیـارە سـەربەرزەکامنان زووتـر لـە کوێلـە تەمبەڵەکانـی گەلانــی دراوســێ خۆیــان لــە ژیانــی دەرەبەگایەتــی ڕزگار دەکــەن".

پشتگوێخستنی پرسی کورد، چارەسەرکردن نییە. کپکردنی بەیارمەتی هێرشی ئاسمانی، پرسەکە ئاڵۆزتر دەکات. تۆمەتبارکردنی سۆڤیەتەکان بە وروژاندنی پرسەکە و پشتگیری کردن لێی بۆ دروستکردنی کێشە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەبەستیان لێی شێواندنی پرسەکەیە و نیشاندانە کە لەبەر چەند هۆکارێک گرنگی بە پرسەکە دەدرێت بەو پێیەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگەی نییە.

باسیل نیکیتین کە لە پێش جەنگی دووەمی جیهانی و لە ماوەی ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ کونسوڵی ڕووسیا بووە لە ورمێ، لەسەر ئەم بابەتە لەنێو فەرهەنگی دیپلۆماسی لە بەرگی یەکەم، لاپەڕە ١٢٠١-١٢٠٤ نووسیویەتی. بە پێی زانیارییەکانم لە دەسپێکی هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕووسیاوە لە پاریس ژیا و نەگەڕایەوە ڕووسیا. حوکمدانە بێلایەنەکەی لەسەر ئەم بابەتە گرنگی و قورسایی زۆری هەیە.

"چیتر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێی گومان نییە، بەڵکو ئێستا بوونی خۆی لەنێو ناوەند و پرسە نێودەوڵەتییەکاندا جێگیرکردووە...

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕێککەوتنی نێوان فەڕەنسا و ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٦دا، کورد شاهیدی چەند گۆڕانکارییەکی هەرێمی و یاسایی لە ناوچەکەدا بووەوە، بەڵام دەستەبژێرێک لە ڕۆشنبیر و سەرکردە کوردەکان بە فکرێکی کراوە و پێشکەوتووەوە دەرکەوت و لەپێناو بەدەستخستنی مافی گەلەکەی سیمایێکی نوێی بە بزووتنەوەی کوردی بەخشی. خەباتی ئەوان هاوشێوەی خەباتی

گەلانـی دیکـە بـوو کـە بـە درێژایـی مێـژوو بـۆ ڕزگاری خۆیـان خەباتیـان کـردووە. ئەمـەش دوای شۆڕشـی گـەورەی فەڕەنسـاوە بەدیهات.

چارەنووسـی دۆزی نەتـەوەی کـورد هەرچییـەک بێـت، لـە ڕووی ئەخلاقییـەوە چـیتر ڕێگـە بـە هۆشـیاری نێودەوڵەتـی نادرێـت سـیمای ڕاسـتەقینەی دۆزی ئەم گەلە پشـتگوێ بخات و لە ڕووی یاسـاییەوە چیتر ناتوانرێت ئاراستەی دۆزی گەلی کورد بشێوێندرێت کە بەرەو چارەسەرێکی شایسـتەی ئەو چەمکانەیە کە میراتـی مرۆڤایەتی هاوچەرخ پێکدەهێنن".

لـەم پەرتوکـەدا، ناتوانیـن تەنانـەت تێڕوانینێکـی کورتیـش لەسـەر مێـژووی نەتـەوەی کـورد بخەینـەڕوو. ئـەو خوێنەرانـەی خوازیـارن زانیـاری زیاتـر لەسـەر مێـژووی کـورد بزانـن، دەتوانـن وتـاری ڤلادمیـر مینۆرسـکی[٧] بخوێننـەوە کـە لـە ئینسـکلۆپیدیای ئیسلامـدا[٨] بڵاویکردووتـەوە. لـە بەشـەکانی داهاتـوودا دەبینیـن کوردەکانـی تورکیـا و عێـراق و ئێـران لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی لەپێنـاو نیشـتمانەکەیان لـەم وڵاتانـەدا چ ئازارێکیـان چەشـتووە.

---

(٧) ڤلادمیر فیۆدۆرۆڤیچ مینۆرۆسکی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی بە لێکۆڵینەوە بەنرخەکانی لەسەر مێژووی کورد و فارس ناوبانگی دەرکردووە. ساڵی ١٩٢٧ کتێبێکی لەسەر کورد و کوردستان نووسیوە و چەند وتارێکی لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام بڵاوکردونەتەوە.

(٨) ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، ئینسکلۆپیدیایەکە هەموو شارستانیەت و مێژووی ئیسلامی تێدا کۆکراوەتەوە. چاپی یەکەمی بە هەرسێ زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی لە ساڵی ١٩١٣ لەژێر ڕێنمایی مارتین تیودۆر هوتسما، ڕۆژهەڵاتناس و ئەندامی ئەکادیمیای هونەر و زانستی شاهانەی هۆڵەندا بڵاوکرایەوە. لەلایەن ئەکادیمیستەکانەوە بە سەرچاوەیەکی گرنگی خوێندنی ئیسلامی دادەنرێت.

# بەشی دووەم

## به هێزی ئاگر و ئاسن

**"هـەر شـوێنێک خەنجـەری تورکـی لـێ بێـت، پرسـی کـورد لـەوێ جێگـەی نابێتـەوە"**[٩]

(٩) پەندێکی تورکییە، ڕۆژنامەی ڤاکیت (Vakit) لە ٧ی ئایاری ١٩٢٥ بڵاویکردووتەوە. ڕۆژنامەی ڤاکیت بۆ یەکەمجار لە ١٥ی ئایاری ١٨٧٥ دەستی بە وەشانکرد. وەک ڕۆژنامەیەکی شەڕانگێز بە خێرایی بوو بە یەکێک لە ڕۆژنامە پڕ فرۆشەکان و پێگەی خۆی لای خوێنەران بەدەستهێنا. دواتر لەلایەن سوڵتان عبدولعەزیز و حکومەتەکەیەوە داخرا. لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٧ دوبارە دەستی بە چاپکردن کردەوە تا سالی ١٩٣٤، دواتر بە ناوەکانی کورون و یەنی گازیت تا ساڵی ١٩٤٩ بەردەوام بوو.

## ١- کورد لەنێو پەیماننامەکانی ئاشتیدا

بـەو پێیـەی نزیکـەی نیـوەی گەلـی کـورد لـە تورکیـا دەژیـت، سـەرەتا گەشـتەکەمان لـەم وڵاتـەوە دەسـت پێدەکەیـن.

کاتێـک جەنگـی یەکەمـی جیهانـی سـەریهەڵدا، تورکیـا لەگـەڵ ئـەوە نەبـوو کـورد لەسـەر خاکەکەیـدا بژیـت، بـەڵام دواتـر ویسـتی بـۆ مەبەسـتەکانی خـۆی بەکاریـان بهێنێـت. حکومەتـی تورکیـا لـە ڕێگـەی پڕۆپاگەنـدە و پیلانـی چـڕ و پـڕەوە سـەرکەوتوو بـوو لـەوەی کـورد قایـل بـکات ئەرکـی ئـەوان وەک نیشـتمانپەروەر خەباتکردنـە لـە دژی ئـەو ڕووسـانەی بـە نهێنـی هانـی ئەرمەنەکانیـان دەدا و هەروەهـا دژی ئـەو ئینگلیزانـەی پشـتگیرییان لـە عـەرەب دەکـرد.

کـورد ویسـتی حکومەتـی جێبەجـێ کـرد، بـەڵام لـەم نێوەنـدەدا خەلیفـە سـوڵتان ڕەشـاد[١٠] کـە پێـشتر یـەک ملیـۆن ئەرمەنـی کۆمەڵکوژکردبـوو، بـە مەبەسـتی یەکخسـتنی گەلانـی تورکیـا، یاسـایەکی واژووکـرد کـە بەپێـی ئـەو یاسـایە دەبوایـە کـوردەکان بگوازرێنـەوە و بەسـەر ناوچەکانـی تـری ئیمپراتۆریەتـدا دابەشـبکرێن. ئـەم ڕاگواسـتنە وەک ئـەوەی پێشـووتر سـەرکەوتوو نەبـوو کـە لـە سـاڵی ١٨٣٨دا لەلایـەن حافـز پاشـاوە ئەنجامـدرا. نزیکـەی ٧٠٠ هـەزار کـورد لەسـەر ڕێـگاکان بەهـۆی برسـێتی و سـەرما و هەژارییـەوە گیانیـان لەدەسـتدا.

---

(١٠) محمدی پێنجەم یان پێنجەمین محمد ڕەشاد، لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٨٤٤ لە قوستەنتینیە (ئەستانبۆڵ) لەدایکبووە و لە ٣ی تەمووزی ١٩١٨ لە هەمان شار کۆچی دوایی کردووە. لە ٢٧ی نیسانی ١٩٠٩ تا کۆچی دوایی، سوڵتانی عوسمانی و خەلیفەی ئیسلام بوو.

دوای ئاگربەستی مـودرۆس[11]، ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی هەڵوەشـایەوە و هەمـوو دەوڵەتانـی عەرەبـی لێـی جیابوونـەوە، دواتـر خرانـە ژێـر دەسـەڵاتی ماندێتـی وڵاتانـی هاوپەیمانانـی بـراوەی جەنـگ.

کـورد و ئەرمەنـەکان لـە پاریـس بـۆ یەکلاییکردنـەوەی هەمـوو ئـەو پرسـانەی کێشـەیان لەسـەر هەبـوو ڕێککەوتنێکیـان واژووکـرد و لـە ٢٠ی کانوونـی دووەمـی ١٩١٩ لـە ڕێگـەی نوێنەرەکەیانـەوە، ژەنـەڕاڵ شـەریف پاشـا، لـە کۆنفرانسـی ئاشـتیدا بەرگرییـان لـە دۆزی ڕەوای خۆیـان کـرد. پەیمانـی سـیڤەر کـە لـە ١٠ی ئابـی ١٩٢٠ لـە نێـوان وڵاتانـی هاوپەیمانـان و دەوڵەتـی عوسمانیـدا مۆرکـرا، مادەکانـی (٦٢ و ٦٤) لـە بەشـی سـێیەمیدا بـە کوردسـتان تەرخـان بـوو، گەورەتریـن هیـوای بـە گەلـی کـورد بەخشـی. لێـرەدا ئـەو ماددانـە دەخەینـەڕوو کـە تایبەتـن بـە کـورد:

مـاددەی ٦٢: "ناردنـی کۆمسـیۆنێک بـۆ ئەسـتانبۆڵ کـە لـە نوێنەرانـی هـەر سـێ دەوڵەتـی بەریتانیـا و فەڕەنسـا و ئیتاڵیـا پێکهاتـووە، لـە مـاوەی شـەش مانگـدا لـە ڕێکەوتـی واژووکردنـی ئـەم پەیمانـەوە، ئەرکـی سـەرەکییان دیاریکردنـی سـنوورەکان و ئامادەکردنـی ڕاپۆرتێکـە لەبـارەی ئۆتۆنۆمـی ناوچەیـی بـۆ ئـەو ناوچانـەی زۆرینـەی دانیشـتوانی کـوردن و دەکەوێتـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی فـوڕات و باشـووری سـنووری ئەرمینیـا (کـە دەکـرێ دواتـر دیـاری بکرێـت) و

(١١) ئاگربەستی مودرۆس لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا لە بەندەری مودرۆسی یۆنان لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و هاوپەیمانانی براوەی جەنگ واژووکرا. ئەنجامەکانی ئاگربەست بۆ سوپای عوسمانی خراپ بوون، سوپا چەککرا و لەو پێگانە کشایەوە کە لە دوای پەیمانی برێست داگیری کردبوون.

باکووری ناوچە سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ سووریا و میزۆپۆتامیا".

ماددەی ٦٤: "ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا لە مێژووی واژووکردنی ئەم پەیمانە، زۆرینەی دانیشتوانی کورد لەو ناوچانەی لە ماددەی ٦٢دا دیاریکراون، داوایەک پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان بکەن، بڵێ زۆربەی خەڵکی ناو ئەم ناوچانە، ئارەزوو دەکەن لە تورکیا جیاببنەوە و ئەگەر کۆمەڵەی ناوبراویش لەو بڕوایەدابێ کە ئەم گەلە دەتوانێ سەربەخۆیی خۆی بەڕێوەببات و پێشنیازی پێدانی سەربەخۆیی بە گەلی کورد بکات، ئەوکاتە تورکیا لەسەریەتی ئەمە قبوڵ بکات و دەست لە هەموو مافێکی خۆی لەو ناوچانە هەڵگرێت".

"وردەکارییەکانی ئەم دەست هەڵگرتنەش دەبنە بابەتی ڕێککەوتنێکی تایبەتی لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیا".

"ئەگەر ئەم دەست هەڵگرتنەی تورکیا لە مافەکانی ڕووبدات و جیابوونەوەیەکی لەم جۆرە سەربگرێت، دەوڵەتانی هاوپەیمان هیچ چەشنە کەند و کۆسپێک ناخەنە بەردەم مەیلی کوردی نیشتەجێی ئەو بەشەی خاکی کوردستان کە تا ئەمڕۆ لە ویلایەتی مووسڵ دان، ئەگەر خوازیاری ئەوەبوون لەگەڵ حکومەتە سەربەخۆکەی کورد یەکبگرن".

ئەم بابەتە زۆر بەڕوونی گفتوگۆی لەبارەیەوە کرا، بەڵام بەداخەوە ئەم پەیماننامەیە هەرگیز جێبەجێ نەکرا. مستەفا کەمال پاشا کە پێشتر دژی بڕیارەکانی هاوپەیمانان وەستابووەوە، لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٢٣ سەرکەوتوو بوو لە پەرتەوازەکردنی ڕای هاوپەیمانان و ڕازیکردنیان بە واژووکردنی پەیمانی لۆزان کە مەبەست لێی سڕینەوەی پەیمانی سیڤەر بوو.

لێرەدا دەتوانین ئەو ڕاستییە بخەینە بەرچاومان کە کورد زیاتر دابەشدەکرێت. چیتر باسی کوردستانی سەربەخۆ و کۆماری ئەرمینیا ناکرێت، بەڵکو گفتوگۆکان پەیوەندییان زیاتر بە نەوتەوە دەبێت. سەرەڕای ئەوەش وڵاتە زلهێزەکانی واژووکەر کە هەمیشە شەیدای فکر و خوازیاری چاکەن، بۆ ئاسودەیی ویژدانیان لە بەشی سێیەمی پەیماننامەکەدا کە تایبەتە بە پاراستنی کەمینەکان، ماددەکانی ٣٧ تاکو ٤٤ یان تیادا جێگیرکرد و لەبیریان نەکردن!

کەواتە دەبوایە مستەفا کەمال بەچییەوە پابەند بێت؟

**بخوێنەوە... و خەون ببینە!**

**ماددەی ٣٨:** "حکومەتی تورکیا پابەند دەبێت بە فەراهەمکردنی ژیان و ئازادی تەواو بۆ هەموو دانیشتوانی تورکیا بێ جیاوازیکردن لە دایکبوون و نەتەوە و زمان و ڕەگەز و ئایین.."..

**ماددەی ٣٩:** "... نابێت هیچ یاسایێک لەدژی بەکارهێنانی سەربەستانەی زمانی هەر هاووڵاتییەکی تورکیا دەربکرێت، جا بەکارهێنانی لە پەیوەندییە تایبەتییەکان یان بازرگانییەکاندا بێت، یان لە بابەتی ئایینی و ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە بە هەموو چەشنێکەوە بێت، یان لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا بێت .."..

سەردەمی شکاندنی بەڵێنەکان هێشتا کۆتایی نەهاتووە!

## ٢- نیشتمانپەروەری یان کۆنەپەرستی

### ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران ساڵی ١٩٢٥

مستەفا کەمال لە هەموو کۆت و بەندە نێودەوڵەتییەکان ڕزگاری بوو، ویستی پرسی کورد بەو شێوەیە یەکلایی بکاتەوە کە پێشتر سوڵتانی سوور[١٢] بە سەرکوتکردنی ئەرمەنییەکان پرسەکەیانی یەکلایی کردبووەوە.

حکومەتی ئەنقەرە بەپێچەوانەی واژووکردنی پەیماننامەکە و پارێزگاریکردن لە کەمینەکان، لە ساڵی ١٩٢٤ەوە بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغەکرد و ئەو ڕۆشنبیر و سەرکردانەی دەرکرد کە بە بیرۆکە لیبراڵەکانیان و باوەڕی نەتەوەیی خۆیانەوە ناسراوبوون. کاردانەوەی کوردەکان لە بەرامبەر بڕیارەکانی ئەنقەرە زۆری نەخایاند. بەرخۆدانێکی چەکداری بە سەرکردایەتی عەقید خالد سەرۆکی عەشیرەتی جیبران بە هاوکاری ڕۆشنبیران و ئەفسەران ڕێکخرا. ڕێکەوتی ٢٦ی ئاداری ١٩٢٥ وەک دەستپێکی ڕاپەڕینی گشتی دیاریکرا. بەڕێکەوت، بزووتنەوەکە لە ٧ی ئاداری ١٩٢٥، واتە دوو هەفتە بەر لە وادەی خۆی دەستی پێکرد، کاتێک شەڕ لە نێوان مەفرەزەیەکی تورک و پیاوانی شێخ سەعید لە پیران ڕوویدا. ڕاپەڕینەکە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئەفسەرە کوردەکانی بەرپرسیار لە فەرماندەیی نەیانتوانیبوو بچنە پاڵ

(١٢) نازناوی "سوڵتانی سوور" درایە پاڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، ئەمەش دوای ئەو کۆمەڵکوژییە بوو کە لەدژی ئەرمەنەکان لە نێوان ساڵانی ١٨٩٤-١٨٩٦ ئەنجامیدا کە تیایدا زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ ئەرمەنی کوژران و نزیکەی ١٠٠٠٠٠ ئەرمەن بە زۆر کرانە موسڵمان و زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ ژن ڕفێندران و وەک کەنیزە خرانە خزمەت پاشا و سەرکردە و پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی.

سەربازەکانیانەوە کە لە دواوە لەلایەن سوپای تورکیاوە دەستگیرکرابوون، دوای ئەوەی لەلایەن فەڕەنساوە بە بەکارهێنانی هێلی ئاسنی باکووری سوریا هاوکاریکرابوون. سەرەنجام، هاندەرە سەرەکییەکانی ڕاپەڕین کە نەیانتوانی خۆیان ڕزگاربکەن، گیران و لە سێدارەدران.

تورکەکان بەڕەسمی لە ئەوروپا ویستیان ئەم ڕاپەڕینە بەلاڕێدا ببەن. پۆل ژانتیزۆن(١٣) ساڵی ١٩٢٩ لە کتێبێکیدا بەناونیشانی "مستەفا کەمال یان ڕۆژهەڵات(١٤) لە پێشکەوتندا" ستایشی مستەفا کەمالی کرد. هەروەها لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥ لە لاپەڕە ٨٤١ی گۆڤاری پاریس، پەیوەست بە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید بەم شێوەیە نووسیویەتی:

هۆکارە بنەڕەتییەکان کە بوونە هۆی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی کورد، ئیداری و ئایینین. ئەم بزووتنەوەیە لەلایەک دەرئەنجامی کاردانەوەی فیۆدالیزمی(١٥) کورد لە دژی دەوڵەتی تورکیا و لەلایەک ململانێی تورکیای پەیوەست بە نەریتە ئیسلامییە کۆنەکان و تورکیای نوێی عەلمانی و پێشکەوتنخواز بوو.

---

(١٣) پۆل ژانتیزۆن ڕۆژنامەنووسی سویسری لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٨٨٥ لە شاری ئیڤۆرنی سویسرا لەدایکبوو و لە ١٨ی ئابی ١٩٥٥ لە شاری لوتری لە سویسرا کۆچی دوایی کرد. لای مستەفا کەمال کەسێکی جێگەی متمانە بوو.

(١٤) ڕۆژهەڵات چەمکێکە لەلایەن ئەوروپییەکانەوە بەکاردەهێنرا، ئەم زاراوەیە ئاماژە بوو بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دوور.

(١٥) فیۆدالیزم سیستەمێکی سیاسییە، تیایدا دەسەڵاتی ناوەندی پەیوەندی بە ئاغا ناوخۆییەکانەوە دەکات، ئەمانەش بە دانیشتوانەکەیانەوە بەمەبەستی پابەندبوون و خزمەتکردن.

ئـەوەی ڕوونـە تورکـەکان هەمیشـە ئـەو شـتە دەڵێن کـە دەیبینـن، لێرەدا بەڵگـەی ناشـید حەکـی، نێـردەی تایبەتـی ڕۆژنامـەی ڤاکیـت دەخەینـەڕوو کـە لـە کاتـی دادگاییکردنـی تاوانبـارەکان لـە دادگای سـەربەخۆی دیاربەکـر ئامـادە بـوو. ئەمـە وتـەی داواکاری گشـتییە:

هۆکارەکانــی ســەرهەڵدانی دواییــن شــۆڕش لــە پارێزگاکانــی ڕۆژهەڵاتــی نیشـتمانی تورکیـای ئەبـەدی هاوشـێوەی ئـەو هۆکارانـەن کـە لـە ڕابردوویەکـی نزیـک بۆسـنە و هێرزۆگۆڤینیایـان هەژانـد کـە لـە سێ لاوە بـە ڕەگـەزی غەیـرە تـورک و ناموسـڵمان دەورەدرابـوون، هەروەهـا هاوشـێوەی ئـەو هۆکارانـەن کـە سـەرەڕای پێنـج سـەدە لـە برایەتـی و پێکەوەژیـان، وایـان لـە ئەلبانییـەکان کـرد لـە شـەڕی بەلـکان لـە پشـتەوە لـەو تورکانـە بـدەن کـە هەمیشـە گەورەتریـن سـۆز و خۆشەویسـتی بـۆ هاونیشـتمانیانی خۆیـان نیشـانداوە. ئـەو ئامانجانـەی بـوون بـە هـۆکاری هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی کـوردی، هەمـان ئـەو ئامانجانـە بـوون کـە سـوریا و فەڵەسـتینیان وێرانکـرد.

لــە کۆتایــی دادگاییکردنەکــەدا، ســەرۆکی دادگا بــەو پەنجــا و ســێ کەســەی گــوت کــە بڕیــاری لــە ســێدارەدانیان بــۆ دەرکرابــوو:

چەنـد کەسـێک لـە ئێـوە پێشـێلکارییە ئیدارییەکانـی حکومەتتـان کردۆتـە بیانـووی هەڵگیرسـاندنی ڕاپەڕیـن، چەنـد کەسـێکی تریـش بانگەوازتـان بـۆ بەرگریکـردن لـە خەلافـەت دەکـرد، بـەڵام هەمووتـان لەسـەر یـەک خـاڵ یەکگرتـوو بـوون: **ئەویـش بریتییـە لـە دروسـتکردنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ.** بۆیـە لەژێـر پەتـی سـێدارەدا باجـی خانـووە

ڕوخـاوەکان و خوێنـی ڕژاو دەدەنـەوە. (٢٨ی حوزەیرانـی ١٩٢٥)

ئایـا پـۆل ژانتیـزۆن زیاتـر لـە دادوەرە تورکـەکان ئـاگاداری بارودۆخـی نـاو تورکیـا بـووە؟ بەهەرحـاڵ، هۆکارەکانـی ڕاپەڕینەکـە هەرچییـەک بـن، سـەرکوتکردنی کـورد زۆر لـەوە دژوارتـر بـوو کـە بیرمـان لێـی دەکـردەوە. هارۆلـد کۆرتنـی ئارمسترۆنـگ نووسـەری بەریتانـی لـە کتابەکەیـدا بەناونیشـانی "گورگـی بـۆر، مسـتەفا کەمـال" ئـەو ڕاسـتییە دێنێتـە سـەر زمـان کـە بـە چ شـێوەیەک ئـەم گورگـە بـۆرە ڕۆژهەڵاتـی خاپووردەکـرد:

کوردسـتان بـە زەبـری ئاگـر و ئاسـن وێرانکـرا؛ پیـاوەکان ئەشـکەنجە دران و کــوژران، گونــدەکان ســووتێنران، بەروبوومــە چــێنراوەکان لەنێوبــران، ژن و منداڵــەکان ڕفێنــدران و کۆمەڵکوژکــران. تورکەکانــی مسـتەفا کەمـال، بـۆ تۆڵەسـەندنەوە، بـە شـێوەیەکی دڕندانـە کوردیـان کۆمەڵکوژکـرد، هـەروەک چـۆن پێـشتر گەلـی یۆنانـی و ئەرمەنـی و بولگارییــان کۆمەڵکوژکردبــوو. مســتەفا کەمــال چەنــد دادگایەکــی سـەربازی تایبـەت کـە بـە دادگای سـەربەخۆ نـاسرا بـوون، نـاردە ناوچـە کوردنشـینەکان. بەشـێوەیەکی خێـرا و تـەواو سـەربازی بـە هـەزاران کەسـیان لەسـێدارەدا و لـە وڵات دوورخسـتەوە و زیندانیکـرد. ژمارەیەکی زۆر لـە کـورد لەژێـر ئەشـکەنجەی بەردەوامـی پیاوانـی مسـتەفا کەمـال گیانیـان سـپارد. (لاپـەڕە ٢٦٥)

ئــەم دادگا ســەربەخۆیانە لــە ڕێگــەی تۆقانــدن و کــوشتن و خوێنڕشـتنەوە هەمـوو تورکیایـان پاککـردەوە. خەڵکێکـی زۆریـان نـاردە ژێـر پەتـی سـێدارە، تەنیـا لەبەرئـەوەی ڕەخنەیەکـی بچووکیـان لـە

دەوڵـەت گرتـووە، یـان هەنـدێ فەرمانـی بچووکـی دەوڵەتیـان جێبەجـێ نەکـردووە. ئەگـەر دادوەرەکان کەمێـک نەرمییـان لـە بڕیاردانـدا نواندبـا، مســتەفا کەمــال خــۆی بــە هەڕەشــەوە پێداگــری لــە جێبەجێکردنــی بڕیـارەکان دەکـردەوە. بـە زیندانیکردن و ئەشـکەنجەدان و لەسـێدارەدان و خوێنــڕشتن و تۆقانــدن، جێپەنجــەی خــۆی لەســەر هەمــوو خاکــی تورکیــا بەجێهێشــت. (لاپــەڕە ٢٦٩)

لێـرەدا ئامـاری[١٦] کۆمەڵـکوژی و سـووتاندن و خاپوورکردنـی دێهاتـەکان لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٢٥-١٩٢٨ دەخەینـەڕوو کـە لەلایـەن تورکـەوە لـەدژی گەلـی کـورد ئەنجامـدران:

| ناوچەکان | ژمارەی گوندە خاپوورکراوەکان | ژمارەی خانووە سووتاوەکان | ژمارەی کوژراوەکان |
|---|---|---|---|
| لیجە | ٣٠ | ١٢٨٤ | ٦٣٧٠ |
| دارحنین | ٥٤ | ٢١٩٧ | ١٣٥٧ |
| ئەردوشین | ١٢٧ | ١٢٥ | ٢٩٥ |
| جباقجور | ١١ | ٥٧٦ | ٣٥٠ |
| نسێبین | ١٠ | ٤٤٠ | ٣٨٤ |
| جبان | ٢١ | ٩٠٥ | ٩٠٢ |
| ئەلیان | ١٩ | ٧٩٠ | ١٧٠٦ |
| میدیان | ٦ | ٤٥٠ | ٦١٣ |
| باجەرین | ١٥ | ٥٤٨ | ٩٧٨ |
| کەربۆران | ٣ | ٧٢ | ١٧٢ |

(١٦) دکتۆر شێرکۆ بلێچ، پرسی کورد. قاهیرە، ١٩٣٠، لاپەڕە ٥٢.

Dr. Bletch Chirguh. La question kurde (Le Caire, I930, P. 52).

| | | | |
|---|---|---|---|
| حەسەن کێف | ٣ | ١٣٨ | ١٧٦ |
| گردج | ١٦ | ٦٤٣ | ١٠٩٤ |
| ئیفنۆت | ١٣ | ٥٩٠ | ٨٠٩ |
| دیاربەکر | ٩ | (١٣٨) | (١٧٦) |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٦** | **٨٧٥٨** | **١٥٢٠٦** |

## ٣- له شۆڕشی ئاراراتی ساڵی ١٩٣٠ تاكو دەركردنی یاسای ڕاگوێزانی ساڵی ١٩٣٢

گەلی كورد لە زستانە سەختەكانی ساڵانی ١٩٢٥ تا ١٩٢٨ بەرگەی ئازار و مەینەتی لە ڕادەبەدەری گرت، لەو ماوەیەدا زیاتر لە نیو ملیۆن پیرەمێرد و ژن و منداڵ بە زۆرەملێ بۆ پارێزگاكانی ڕۆژئاوا ڕاگوێزران، ئەم ئازارانە بوونە هۆی بەهێزكردنی هەستی نیشتمانپەروەری لایان.

لە بەهاری ساڵی ١٩٢٧ كۆنگرەیەكی نهێنی لەسەر یەكێك لە چیاكانی كوردستان بەڕێوەچوو كە نوێنەرانی ڕێكخراوە نیشتمانپەروەر و هۆز و شار و شۆڕشگێڕان بەشداریان تێدا كرد. لە كۆنگرەكەدا چەند بڕیارێك دەركران لەوانە: هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێكخراوەكان و كۆكردنەوەیان لە ناو یەك ئۆرگانی یەكگرتوودا، بەردەوام بوون لە خەبات تا دەركردنی یەكجارەكی توركەكان لەسەر خاكی كوردستان، بۆ ئەم مەبەستە بڕیار درا كۆگای خۆراك و تەقەمەنی و بنكەی ئۆپەراسیۆنەكان دروست بكرێ، فەرماندەیی گشتی هێزە چەكدارەكان دابمەزرێت و هێزە چەكدارەكان بەشێوەیەكی سەربازی ڕێكبخرێن، هەروەها بەشێوەیەكی جددی كاربكرێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكان لەگەڵ نەتەوەی ئەرمەن.

لە ٥ی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٢٧ كۆمەڵەی نەتەوەیی كورد خۆیبوون[١٧] سەربەخۆیی كۆماری ئاراراتی ڕاگەیاند. ئیحسان نووری

(١٧) خۆیبوون: كۆمەڵە ڕێكخراوێكی نیشتمانپەروەری كوردی بوون. پاڵپشتییان لە سەرهەڵدانی كۆماری ئارارات دەكرد وەك: كۆمەڵەی تەعالی كوردستان (Kürdistan Teali Cemiyeti)، كۆمەڵەی ڕێكخراوی كۆمەڵایەتی كورد (Kürt TeŞkilati Içtimaiye

پاشای لە دایکبووی شاری بەدلیسی وەک ڕابەری کۆمار دەستنیشانکرد و ئیدارەیەکی مەدەنی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم حەسکی تێلۆ لە ئاگری داغ دامەزراند و ئاڵای کوردستانی لێ هەڵکرد.

حکومەتی ئەنقەرە بە پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوە نەتەوەییە کاریگەر و نوێیەوە شڵەژا، بۆیە بڕیاریدا لەگەڵ کورد دانوستان بکات. لە ئەیلوولی ١٩٢٨ لە شێکلی-کۆپرۆ[١٨] کە نزیکەی سی کیلۆمەتر لە شارۆچکەی بایەزیدەوە دوورە، کۆبوونەوەیەک لە نێوان نوێنەرانی حکومەت و ئیحسان نووری پاشا ئەنجامدرا، لە کۆبوونەوەکەدا پێشنیازی لێبوردنی گشتی بۆ بەشداربووانی شۆڕش و چەند سوود و دەسکەوتی کەسییان بۆ ژەنەراڵ نووری پاشا کرد. ئەو سەرکردە کوردانەی دوای ئەوەی ملکەچ بوون و خۆیان ڕادەستی حکومەت کرد، دەستبەجێ کۆمەڵکوژکران. لەسەر بابەتی خۆبەدەستەوەدان، والی بایەزید و ئیبراهیم پاشا حەسکی تێلۆ لە شوباتی ١٩٢٨ چەند نامەیەکیان[١٩] بۆ یەکتر ناردووە.

حکومەتی تورکیا بێ ئومێد بوو لە چاوەڕوانیکردن و خۆبەدەستەوەنەدانی بەشێک لە سەرکردەکانی شۆڕش، بۆیە بڕیاریدا

Cemiyeti)، پارتی نەتەوەیی کورد (Kürt Millet Firkasi) و کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد (Comité de l'Indépendance Kurde).

(١٨) شێکلی-کۆپرۆ دوا بنکەی سنوورییە لە بناری ڕۆژهەڵاتی چیای ئاگری لە نێوان چەکدارانی کورد و سەربازانی تورکیا.

(١٩) سەیری پاشبەندی ژمارە (٢) بکە لە بەشی پاشبەندەکاندا. ئەم نامانە لەلایەن دکتۆر بلێچ شێرکۆ کە ناوی خوازراوی (سورەیا بەدرخان بەگە) لە کتێبی: (پرسی کورد، سەرچاوە و هۆکارەکانی لە ساڵی ١٩٣٠، لاپەڕە ٤٤-٤٨) بڵاوکراونەتەوە.

بە هێز بۆ هەمیشە کۆتایی بە پرسی کورد بهێنێت. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٣٠ەوە، دوو فەیلەقی سوپای بە فەرماندەیی ساڵح پاشا لە دەوروبەری ئاگری داخ کۆکردەوە. شەڕ لە ١١ی حوزەیران دەستیپێکرد و تاکو ١٢ی تەمووز بەردەوام بوو. سەرەڕای نابەرامبەری هێز، لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان توانیان هەزار و حەفت سەد سەربازی تورک بەدیل بگرن، شەست ڕەشاش و بیست و چوار تۆپیان دەستبکەوێت و دوازدە فڕۆکەش بخەنە خوارەوە. لە مانگەکانی ئاب و ئەیلوولدا چەند جووڵەیەکی سەربازی لە باشوور و لە ناوچەی دیاربەکر ئەنجامدران.

سەربازانی تورک بۆ تۆڵەسەندنەوە لەو بەرخودانەی کە لە هەموو شوێنێک ڕووبەڕوویان بووەوە، وەک داب و نەریتی هەمیشەییان، هێرشیان کردە سەر ژن و منداڵی بێ تاوان و ڕەشەکوژیان کردن. گوندەکان کەوتنە ژێر بۆمبای سوتێنەری فڕۆکە بێ بەزەییەکان و خاپورکران. نزیکەی سەد ڕۆشنبیر دوای ئەوەی خرانە ناو گوشی سەر دوراوەوە و فڕێدرانە ناو دەریاچەی وان.

کۆمەڵەی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست لە بڕیارنامەیەکی دەسەڵاتی جێبەجێکاریدا، لە میانی دانیشتنەکەی زیوریخ لە ٣٠ی ئابی ١٩٣٠، ناڕەزایەتی خۆی بەرامبەر بەم پێشێلکارییەی مافی مرۆڤ و پەیمانی لۆزان دەربڕی. (بەرگی حەوتەم، ژمارە ٤٠).

دەسەڵاتی جێبەجێکاری ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست سەرنجی جیهان بۆ ئەو کۆمەڵکوژییانە ڕادەکێشێت کە حکومەتی تورکیا لە ڕێگەیانەوە نەک تەنیا هەوڵی کەمکردنەوەی کوردەکان دەدات کە

ساڵانێکە لە پێناو ئازادی خەبات دەکەن، بەڵکو مەبەستی قڕکردنی یەکجارەکی گەلی ئاشتیخوازی کوردە کە بەشداری هیچ یاخیبوونێک ناکەن و هەوڵدەدات چارەنووسی ئەرمەنییەکان بەسەر گەلی کورددا بسەپێنێت، بەبێ ئەوەی ڕای گشتی گەلانی سەرمایەدار ناڕەزایەتی بەرامبەر بەم کوشتار و بەربەرییە خوێناوییە دەرببڕێت.

لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە ناڕەزایەتییە کاریگەرییان لەسەر تورکەکان نابێت. ئەوان زۆر باش دەزانن هەموو ئەمانە بەبێ کاریگەری ڕاستەقینە دەمێننەوە. لە هەمان ڕێکەوتدا، عیسمەت پاشا ئینۆنو کە سەرۆک وەزیرانی ئەوکات بوو و (سەرۆک کۆماری ئێستاشە) لە کاتی کردنەوەی هێڵی ئاسنی سیڤاسدا لە وتارەکەیدا ڕایگەیاند:

ئەو شۆڕشەی ماوەی پێنج ساڵە لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەماندا بەردەوامە و بە پیلان و هاوکاری دەرەکی ئاگرەکەی خۆشدەکرێت، ئەمڕۆ نیوەی هێزی خۆی لەدەست داوە. تەنیا نەتەوەی تورک بۆی هەیە لەم وڵاتەدا داوای مافی نەتەوەیی و ڕەگەزی بکات. هیچ لایەنێکی دیکە ئەم مافەی نییە. ئەو ڕۆژەی ئەم هێڵی ئاسنە دەگاتە سەر سنوور، هیچ دوودڵییەک نامێنێت، فیتنە و پیلانەکان کاریگەرییان نابێت لە بەرامبەر ئەم ڕاستییەدا کە بە شێوەیەکی ڕەها جێگیر دەبێت. (ڕۆژنامەی میلییەتی تورکی، ژمارە ١٦٣٦، ٣١ی ئابی ١٩٣٠)

هەروەها وەزیری دادی تورکیا، مەحمود عیساد، لەبەردەم دەنگدەرەکانیدا لە شارۆچکەی ئۆدەمیش ساڵی ١٩٣٠ ڕایگەیاند:

ئێمـە لەنـاو ئازادتریـن وڵاتـی جیهانـدا دەژیـن کـە نـاوی تورکیایـە. نوێنـەری ئێـوە ناتوانێـت ژینگەیەکی لێـرە گونجاوتر بدۆزێتـەوە بۆئەوەی بەدڵسـۆزییەوە لەبـەردەم گەلەکـەی قسـە لەسـەر بیروباوەڕەکانـی بـکات، بۆیـە هەسـتەکانم ناشـارمەوە. تەنیـا تـورک سـەردار و گـەورەی ئـەم وڵاتەیـە. ئەوانـەی لـەم وڵاتـەدا بەڕەچەڵـەک تـورک نیـن، تەنیـا یـەک مافیـان هەیـە: مافـی بـوون بـە خزمەتـکار، مافـی بـوون بـە کۆیلـە! بـا دۆسـت و دوژمـن و تەنانـەت چیاکانیـش ئـەم ڕاسـتییە بزانن! (ڕۆژنامـەی میلییەتـی تورکـی، ژمـارە ١٦٥٥، ١٩ی ئەیلوولـی ١٩٣٠)

پەرلەمانتاری تورک یەعقوب قادری بەم شێوەیە دەڕوانێتە داهاتووی تورکیا:

بڵێسـەی سـووری ئـەم شـەڕانە کۆتایـی نەهاتـووە، بەڵکـو ئەمـە سـەرەتای شـەڕی نێـوان دوو ڕەگـەزە: ڕەگـەزی کـورد کـە ئەوروپییـەکان وەک خۆیـان بـە نـەژادی ئـاری دایاندەنێـن و ڕەگـەزی تورکیـش دەگەڕێننـەوە بـۆ نـەژادی مەغۆلـەکان.

ئـەم پەرلەمانتـارە بوێـرە کـە شـانازی بـە مەغـۆل بوونییـەوە دەکـرد، بابەتێکـی ناوەختـی وروژانـد. سـەردەمێک دێـت بـە فەرمانـی سـەرۆکایەتی ئەتاتـورک هەمـوو تورکـەکان دەبنـە ئـاری. بۆیـە ئـیتر هیـچ هۆکارێـک نامێنێـت بـۆ کۆمەڵکوژکردنـی کـوردەکان، چونکـە ئەوانیـش ئارییـن، بـەڵام لـە ئاسـتێکی کـەمتردان. تەنیـا پێویسـتە بەتـورک بکرێـن بۆئـەوەی ببنـە هاووڵاتییەکـی هۆشـیار و ڕێکخـراو لـە کۆمـاردا. ئـەو ڕێگایـەی بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئامادەکـراوە، بریتییـە لـە ڕاگواسـتنی بەکۆمەڵـی دانیشـتوانی کـورد لـە چیـا بەفراوییەکانیانـەوە بـۆ

بانەکانــی ئەنــادۆل کــە زمانــی دانیشــتوانەکەی لــە ســەدا ســەد تورکییــە.

بەپێــی ئــەو یاســایەی لــە ٥ی ئایــاری ١٩٣٢دا دەرکــراوە، دەبوایــە چــوار ناوچــەی نیشــتەجێبوون لــە تورکیــادا دروســتبکرێن، ســێ ناوچــە لــە کوردســـتان و دواهەمینیــان لەبــەر هــۆکاری تەندروســتی و کولتــووری و سیاســی و ستراتیــژی بــە تــەواوی چۆلکــرا و قەدەغەکــرا.

بڕگەکانی ئەم یاسایەی ئاماژەمان پێکرد، تەنیا گەلی کورد دەکەنە ئامانج:

ئــەم یاسـایە دان بــە هیــچ کەسـایەتییەکی یاسـایی هۆزەکانـدا نانێت. هەمــوو مافێکــی بەدەســت هاتــوو هەڵدەوەشــێتەوە، تەنانــەت ئەگــەر بــە فەرمانــی دادوەری و بەڵگەنامەکانیــش پشــتگیری لێکرابێــت.

دەســەڵاتی ســەرۆک و ئاغــا و شــێخی عەشیرەت بــە هەمــوو ئــۆرگان و دامەزراوەکانیانــەوە هەڵدەوەشــێنەوە کــە لەســەر بنەمــای هــەر بەڵگەنامــە و داب و نەریتێکــەوە دامەزرابــن.

هەمــوو ئــەو باڵەخانانــەی بەپێــی هــەر ڕێککەوتنێــک یــان بەڵگەنامەیەکــەوە، پێــش دەرچوونــی ئــەم یاســایە، وەک موڵکــی کەسـایەتییەکانی ئـەو هۆزانـە ناسـێندراون کـە لەلایـەن سـەرۆک و ئاغـا و شـێخەکانیانەوە دیـاری کـراون، بـۆ دەوڵـەت دەگەڕێندرێنـەوە. ئـەم باڵەخانانـە بـە بڕیـاری ئەنجومەنـی وەزیـران دەدرێـن بـەو کۆچبـەر و جووتیارانــەی پێویســتییان بــە زەوییــە.

وەزیــری ناوخــۆ، بــە بڕیــاری ئەنجومەنــی وەزیــران، دەســەڵاتی ڕاگـواستن و نیشـتەجێکردنی ئـەو کەسـانەی هەیـە لـە ناوچـەی دووەم

کە پێش ڕاگەیاندنی ئەم یاسایە سەرۆک و ئاغا و شێخی هۆز بوون، هەروەها ئەو کەسانەی لە نزیک سنوورەکان گومانی سیخوڕیان لەسەرە و ئەو کەسانەش کە لە ڕۆژهەڵات پێگەیەکی باڵادەستیان هەیە، هەروەها خێزانەکانیان.

ڕێگە بەو کەسانە نادرێت بەدەر لە زمانی تورکی بە زمانی دایکیان قسە بکەن، جارێکی دیکە ڕێگە نادرێت گوند یان گەڕەک و گروپی کارساز و کارمەند و پۆل دروست بکەن؛ یان کاریگەرییان بەسەر گوند و گەڕەک و گروپی پیشەوەری و لقی کار و کەسانی سەر بە خۆیانەوە هەبێت.

وەزیری ناوخۆ، بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی بڵاوەپێکردنی ئەم گروپانەی دەبێت کە ئاماژەمان پێکردن، تەنانەت ئەوانەش کە تاکو ئێستا هەبوون.

بێگانەکان ناتوانن لە گوندەکان نیشتەجێ بن. ژمارەی ئەو بیانیانەی لە شار و شارۆچکەکاندا نیشتەجێ دەبن، نابێت لە سەدا دەی کۆی دانیشتوانی قەزا و شارەوانییەکان زیاتر بێت.

ئایا ئەمە یاسایەکی نەشاز نییە کە بۆ سەر هەموو حکومەتێکی شارستانی مەترسییە؟ چونکە لە کۆتاییدا کورد بە هاووڵاتی تورک دەزانن، ئەی بۆچی وەک هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟ یان وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی سەیردەکرێن، بەڵام دواتر چی لە واژووی پەیمانی لۆزان دەکەن؟ ئەگەر ئەمانە پرسی ناوخۆیین کە نابێ تێکەڵ بکرێن، بۆچی هۆشیاری جیهانی لەدژی ڕەفتار و کردەوەکانی نازییەکان

وەستایەوە، ئەی ئەم هەموو هاوارکردنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر حکومەتی فاشیستی فرانکۆ[٢٠] بۆچی بوو؟ ئایا زوڵمێک کە زیان بە بەرژەوەندییە کەسی و نەتەوەییەکانمان نەگەینێت هەر ستەم نییە بۆ ئەوانەی کە لەژێر سزا و لێدانەکانیاندا گیان لەدەست دەدەن؟

---

(٢٠) فرانسیسکۆ فرانکۆ لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٢ لە شاری فێرۆل لەدایکبووە و لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ لە مەدرید کۆچی دوایی کردووە، سەرباز و دەوڵەتمەدارێکی ئیسپانییە، نزیکەی ٤٠ ساڵ، لە نێوان ساڵانی ١٩٣٦-١٩٧٥، حوکمڕانی ڕژێمێکی دیکتاتۆری لە ئیسپانیا کرد، دواتر بە حکومەتی فرانکۆ ناسرا.

## ٤- پرسی پۆلیس: چەکدارەکانی سەید ڕەزا لە دەرسیم ساڵی ١٩٣٧

لـە بەرامبـەر ئـەو گرژییانـەی بەهـۆی دەرکردنـی یاسـای ڕاگوێزانـی زۆرەملێـی کـورد لـە کوردسـتاندا سـەریان هەڵـدا، حکومەتـی تورکیـا ئـەم دەنگۆیـەی بڵاوکـردەوە: ئـەو ڕاگواسـتنە تەنیا ئامادەکارییەکە بـۆ پڕۆژەیەک کـە دوای دە سـاڵی تـر دەسـت بـە جێبەجێکردنـی دەکرێـت، بـەڵام دوای سـەردانەکەی شـای ئێـران بـۆ ئەنقـەرە لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٣٤، هـەردوو حکومـەت ڕێککەوتبـوون لەسـەر یەکلاییکردنـەوەی یەکجارەکـی پرسـی کـورد. هەروەهـا هاوڕابـوون لەسـەر داخسـتنی سـنوورەکانی عێراق و سـوریا بەمەبەسـتی ڕێگریکـردن لـە کـورد، تاکـو پەنـا بـۆ ئـەو وڵاتانـە نەبـەن و بڕیـاردرا دانیشـتوانی شـاری بۆتـان لـە چۆلکردنـی شـارەکە ئاگاداربکرێتـەوە. کەنعـان پاشـا کـە فەرماندەیـی فەیلەقـی سـوپای دیاربەکـر بـوو لـە شرنـاخ نیشـتەجێبوو. کـورد پەنـای بـردە بـەر گوندەکانـی نێـو چیـاکان کـە دواتـر لـە ئابـی ١٩٣٤، پۆلێـک لـە فڕۆکـە جەنگییـەکان بـۆ مـاوەی پێنـج ڕۆژ بـە چـڕی بۆردومانـی گوندەکانـی کـرد. چەنـد ڕۆژنامەیـەک هـەر زوو دەسـتیان بـە چەواشـەکردنی ڕای گشـتی کـرد سـەبارەت بـە ڕاسـتی ڕووداوەکـە، لەوانـەش ڕۆژنامـەی قەبـەس[٢١] لـە ١٩ی ئابـی ١٩٣٤ ڕایگەیانـد: "هیـچ شۆڕشـێکی کـورد لـە کوردسـتاندا لـە ئارادا نییـە، ئـەوەی دەگوزەرێـت تەنیـا ڕووبەڕووبوونـەوەی چەنـد کوردێکـە بەرامبـەر بـە دەسـەڵاتدارانی تـورک لـەدژی ڕاگوێزانیـان لـە زێـدی خۆیـان بـۆ ناوچەکانـی ڕۆژئـاوای وڵات" .

(٢١) قەبەس (القبس)، ڕۆژنامەیەکی عەرەبییە لە دیمەشقی پایتەختی سوریا دەردەچوو. وەشانی یەکەمی لە نێوان ساڵانی ١٩١٣ بۆ ١٩١٦ و وەشانی دووەمی بەشێوەی پچڕپچڕ لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ بۆ ١٩٥٨ بوو.

کۆلۆنیـل ئێلفینـستن[٢٢] لـە وتارەکەیـدا بـە ناونیشـانی (پرسـی کـورد) کـە لـە گۆڤـاری (کاروبـاری نێودەوڵەتـی)دا بڵاویکردووەتـەوە، بـەم شـێوەیە باسـی ڕاپەڕینـی دەرسیم دەکات:

لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٣٧، یاسـایەکی نـوێ لـە ئەنجامـی بەردەوامـی سیاسـەتی بەتورککـردن دەرچـوو، بـووە هـۆی هەڵچـوون و ناڕەزایەتـی بەرچـاوی دانیشـتوانی دەرسـیم، ناوچەیـەک کـە هەرچەنـدە ژمارەیەکـی زۆر کـوردی تێـدا دەژیـت، تـا ئەوکاتـە بەشـداری لـە هیـچ ڕاپەڕینێکـی دژ بـە حکومەتـی تورکیـای نەکردبـوو. ڕاپەڕینـی دەرسـیم دەسـتی پێکـرد ... تورکیـا هێزێکـی گـەورەی پڕچەکـی لـە دەوروبـەری دەرسـیم کۆکـردەوە و لـە مانگـی ئایـاری ١٩٣٧ هێرشـی دژی یاخیبـووان دەسـت پێکـرد. جـەلال بـەگ کـە وەزیـری ناوخـۆی تورکیـا بـوو، لـە پەرلەمانـی تورکیا ڕایگەیاند: " کێشـەی کورد لـە تورکیا نەماوە و چەتەکان بـە زۆر بـە شارسـتانی کـراون". ئەمـە تـا ئەمـڕۆش وەک هەڵوێسـتی فەرمـی تورکیـا ماوەتـەوە و کـوردەکان بـە تورکـی چیایـی ناودەبـران.

ئـەم ڕاپەڕینـە کـە عیسـمەت ئینۆنـو لـە ١٤ی حوزەیرانـی ١٩٣٧ لـە هۆڵـی ئەنجومەنـی نیشـتمانی لەکاتـی پەسـەندکردنی ڕێککەوتننامـەی جنێـڤ لەبـارەی لکاندنـی شـاری سـەنجاک ئەلکسـاندرێت (هاتـای) بـە کۆمـاری تورکیـاوە باسـی لێوەکـرد، شـایەنی سـەرنج و هەڵوەسـتەکردنە، بـۆ خسـتنەڕووی ڕاسـتییەکان و سیاسـەتی تورکیـا بـۆ بەتورککردنـی یاخیبـووان.

(٢٢) کۆلۆنێل ویلیەم گراهام ئێلفینستن، پرسی کورد، (کاروباری نێودەوڵەتی)، کانوونی دووەمی ١٩٤٦.

Colonel W. G. Elphinston, The Kurdish Question (International Affairs, Jan. 1946).

لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانـم ئامـاژە بـە هەندێـک بڕگـە لـە وتارەکـەی بکـەم " تورکیـا لەبـەردەم پرسـی کـورددا" کـە لـە ١٨ی ئابـی ١٩٣٧ لەلایـەن ڕۆژنامـەی ڤاکیـت (کات) کـە لـە ئەنقـەرە چاپکـراوە و ڕۆحـی کەمالـی بەتـەواوی تێـدا بەرجەسـتەکراوە. لـە ڕاسـتیدا، تەلەگرامەکانـی ئـەم پەیامنێـرە مەترسـی ئەوەیـان لەسـەر نەبـووە تاکـو لەلایـەن سانسـۆری حکومەتـەوە دەسـکاری بکرێـن:

سـەبارەت بـە سیاسـەتی بەتورککردنـی گەلـی کـورد، ئەسـتەمە بـە تـەواوی جێبەجـێ بکرێت و گرنگی ژمـارەی لایەنـە بەرژەوەندیخوازەکان کێشـەکە کەمێـک ئاڵـۆز دەکات...

هەرچەنـدە کەمێـک زانیـاریمان لەسـەر ژیانـی کـوردەکان لـە ناوچـە دوورەدەسـتەکاندا هەیـە، بـەڵام دەزانیـن لـە ڕووی شارسـتانییەوە زۆر دواکەوتـوون و لەژێـر جۆرێـک لـە ڕژێمـی دەرەبەگایەتـی بـە پلەبەنـدی ئاغـا و بـەگ و شـێخ ماونەتـەوە. هـەر لەبـەر هەمـوو ئـەم ئاغایانـەی کە بـە شـێوەیەکی خێڵەکـی دەژیـن، کـەم یـا زۆر لـە دژی یەکتر لە شـەڕدان، دەبوایـە حکومەتـی تورکیا سـەرنجی خسـتبا سـەریان. ئـەو دەرەبەگانەی هێرشـیان کرایـە سـەر، نەیاندەویسـت سیسـتەمی مەرکـەزی کارگێـڕی جێبەجـێ بکـرێ، چونکـە دەبـووە هـۆی لاوازکردنـی دەسـەڵاتیان، بۆیـە بـە بەکارهێنانـی ئاییـن وەک ئامـراز هانـی لایەنگرانیـان دەدا بـۆ یاخیبـوون لـە دژی پیاوانـی ئەنقـەرە، بـەو پێیـەی ئەمـان خاوەنـی بیرۆکـەی عەلمانـی و بەرپرسـن لـە سـەرکوتکردنی خەلافـەت...

نزیکـەی دوو سـاڵ دەبێـت حکومـەت وڵاتـی خسـتوتە ژێـر ڕژێمێکی

تایبەتـەوە، هەمـوو دەسـەڵاتەکان لـە دەسـتی پارێزگارێکـی سـەربازیدا بـە نـاوی عەبـدوڵلا ئەلـپ دۆگان چڕکرانـەوە، ئەرکـی سـەرەکیی بریتـی بـوو لـە ئارامکردنـەوەی بارودۆخـی ناوچەکـە، لەوکاتـەوە ڕۆژنامـەکان هیـچ زانیارییەکیـان بڵاونەکـردەوە. دەتوانیـن بڵێیـن هەمـوو ئـەو ڕێوشـونانەی گیرانەبـەر بـۆ ڕازیکرنـی دانیشـتوان نەبـوون...

لـە هــەر حالەتێکـدا، ئـەو ئارامکردنەوەیـەی لـە سـاڵانی ١٩٣٤-١٩٣٥ەوە لەلایـەن ژەنـەڕاڵ دۆگانـەوە هەنـگاوی بـۆ نابـوو، بەرەکـەی هـەم لـە ڕێگـەی ئـەو کارە گشـتیانەی ئەنجامدرابـوون، هـەم لـە ڕێگـەی هەڵواسـینی چەنـد کەسـێکی ئاژاوەگێـڕ لـە ئێلازیـز چنییـەوە تاکـو پەنـد لـەو دەسـکەوتانە وەربگـرن کـە تەمەنیـان کورتـە.

بـەم شـێوەیە لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٣٧دا دانیشـتوانی دەرسـیم لـە گەیاندنـی دوا ئـاگاداری و داواکارییەکانیـان بـە دەسـەڵاتداران درێغییـان نەکـرد کـە بریتـی بـوون لـە کشـانەوەی دەسـت بەجێـی گشـت جەندرمـە و سـەربازەکان لـە ناوچەکـەدا، وەسـتاندنی هەمـوو کارەکانـی پەیوەسـت بـە دروسـتکردنی پـرد و هێڵـی شـەمەندەفەر و ڕێگـەدان بـە هەڵگرتنـی چـەک وەک مافـی خۆیـان و سـووککردنی بـاج لەسـەر خەڵـک. بێجگـە لـەوەش، ژمارەیـەک پاسـەوان لەلایـەن چەتەکانـەوە هێرشـیان کرایـە سـەر، وەڵامـی حکومـەت بـۆ ئەمـە بریتـی بـوو لـە سـەرکوتکردنێکی زۆر دڕندانـە بەشـێوەیەک لـە نیسـانی سـاڵی ڕابـردوو ژمـارەی ئـەو سـەربازانەی بـەرەو دەرسـیم بەڕێکەوتـن نزیکـەی بیسـت و پێنـج هـەزار سـەرباز دەبـوون.

حکومـەت پێشـکەوتوترین چـەک و تەقەمەنـی لە سـەرکوتکردنەکەدا بەکارهێنـا و خاڵـە ستراتیژییەکانـی داگیرکـرد. ڕۆڵـی فڕۆکـە جەنگییـەکان زۆر کاریگـەر بـوو، بـە جۆرێـک بڕوانامـەی فەخـری بـە ژنـە فڕۆکەوانـی گەنـج، سـەبیحە گۆکچـەن[٢٣] بـەخشرا. هۆکارەکانـی ئـەم جیاکارییـە توانا بەهێـز و درەوشـاوەکانی ئـەو بـوون لـە کۆمەڵکوژییەکـەی دەرسـیم، بـە جۆرێـک لـە فڕینـی نـزم لـە ئاسـت چیاکانـدا بـۆ بۆمبارانکردنـی حەشـارگەکانی یاخیبـووان درێغـی نەکـرد.

لـە مانگـی ئایـاری سـاڵی ١٩٣٧ەوە سـەربازەکان دۆخـی ناوچەکەیـان کۆنتـڕۆڵ کـرد... ئێسـتا کاتـی جێبەجێکردنـی ئـەو بەرنامەیەیـە کـە پێـشتر لـە سـاڵی ١٩٣٥ەوە پلانـی بـۆ دانـراوە...

ڕۆژنامەی "تان[24]" لـە وەشـانێکیدا لـە حوزەیرانـی ڕابـردوودا

(٢٣) سەبیحە گۆکچەن لە ٢٣ی ئاداری ١٩١٣ لە شاری بۆرسا لەدایکبوو. دوای لەدەستدانی دایک و باوکی لەلایەن کەمال ئەتاتورکەوە هەڵگیراوەتەوە و بەخێوکراوە. بۆ خوێندن دەچێتە ئەنقەرە و ساڵی ١٩٣٥ لە ناوەندی فڕۆکەوانی تورک قوشوی سەر بە دامەزراوەی ئاسمانی تورکیا بڕوانامەی فڕۆکەوانی بەدەستهێنا. لە ساڵی ١٩٣٦ بەشداری لە خولێکی فڕۆکەوانی لە ناوەندی فڕۆکەوانی سەربازی ئەسکی شەهیر کرد. بەم شێوەیە بوو بە یەکەمین فڕۆکەوانی جەنگی ژن لە هێزی ئاسمانی تورکیا و هەروەها لە جیهان. سەبیحە گۆکچەن لە ساڵی ١٩٣٧ لە ڕێگەی فڕۆکە برگە ٥١٩ەکەیەوە بەشداری بەرچاوی هەبووە لە بۆمبارانکردن و کۆمەڵکوژییەکەی کوردانی دەرسیم. ناوبراو لە ٢٢ی ئاداری ٢٠٠١ لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کرد.

(٢٤) ڕۆژنامەی تان (Tan)، ڕۆژنامەیەکی تورکییە، نووسینگەی سەرەکی لە شاری ئەستەنبۆڵ بوو، ماوەی دە ساڵ لە نێوان ١٩٣٥- ١٩٤٥ وەشانی کرد. بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ لەلایەن بیست هەزار قوتابییەوە هێرشی کرایە سەر و نووسینگەکەی سوتێندرا. ئەم ڕوداوە بووە هۆی پچڕانی

دەنوسـێت، بـۆ ڕاگوێزانـی دانیشـتوانی دەرسـیم، کـە ناوەنـدی بزووتنەوەکـە بـوو، بەهێزتریـن ئامـراز بەکارهـێنران و بەسـەر ناوچـە جیاوازەکانـدا دابەشـکران، هەروەهـا دەشـڵێت: دانیشـتوانی دەرسـیم تورکـی ڕەسـەنن، لـە خۆراسـانەوە هاتـوون کاتێـک لەدەسـت تەیمـور لەنـگ هەڵهاتـن، لێـرە لەگـەڵ گەلـی تورکیـا یەکیانگرتـووە...

جگـە لـەوەش، لـە کاتی ڕاپەڕینـە مەزنەکانـی ساڵانی ١٩٢٤ و ١٩٢٩-١٩٣٠ پرۆسـەی ڕاگوێزانـی کـورد بـە خێرایـی ئەنجامـدرا، سـەدان خێـزان لـە دیاربەکـر و خارپیـت و مـوش بـەرەو ڕۆژئـاوای ئەنـادۆل ڕاگوێـزان. هەروەهـا سـێدارەکانی دەرسـیم بـە کۆمەڵێـک یاخیبـوو گوڵڕێژکـران، دوای دادگایـی کردنیـان، دەسـتبەجێ هەڵـدەواسران...

ئەگـەر ڕای خۆمـان لەسـەر ئـەم پرسـە بدەیـن، دەتوانیـن بڵێیـن پرسـی کـورد تاڕادەیـەک پرسـێکی پۆلیسـە.

ئایـا بەڕاسـتی پێویسـتە ئامـاژە بـە لایەنـە قێـزەون و گاڵتەجاڕییەکانـی ئـەم وتـارە بکەیـن؟ پێدەچێـت نووسـەر پرسـی ڕاگوێزانـی گەلێـک لەسـەر خاکەکـەی کـە تەنیـا لەبەرئـەوەی ئامـادە نەبـووە بـاج بـدات زۆر بـە ئاسـایی بزانێـت... ئایـا دەتوانێـت بڵێـت ئـەم مامۆسـتایانە و ئەرکەکەیـان چ سـودێکیان دەبێـت کـە دەنێردرێنـە ئـەو وڵاتـە ئەگـەر دانیشـتوانەکەی ناچاربێـت بەجێیبهێڵێـت؟ هەرگیـز باکـی بـە وشـەی ڕاگوێزانـەوە نییـە کاتێـک دەنووسـێت "بـە خێرایـی ئەنجامـدرا". هەروەهـا سەرسـامم کـە بـەو خوێـن سـاردییە باسـی سـێدارەکانی دەرسـیم دەکات" سـێدارەکان

پەیوەندی نێوان وڵاتی ڕوسیا و تورکیا.

بــە کۆمەڵێــک یاخیبــوو گوڵڕێژکــران، دوای دادگایــی کردنیــان، دەســتبەجێ هەڵــدەواسران". نەخێــر، پەیامنێــری ڕۆژنامــەی ڤاکیــت (Vakit) مرۆڤێکــی لاواز نییــە! بــەڵام بەڕاســتی، لــە قووڵایــی دڵــەوە، هێشــتا پیــاوە؟

لــە ڕاســتیدا گومانــم هەیــە لــە خوێندنــەوەی ئەنجامــی وتارەکــەی کــە دەنووســێت: " ئەگــەر ڕای خۆمــان لەســەر ئــەم پرســە بدەیــن، دەتوانیــن بڵێیــن پرســی کــورد تاڕادەیــەک پرســێکی پۆلیســە". لــە وڵاتێکــدا بــۆ ســەرکوتکردنی چەنــد چەتەیــەک، لەبــری بەکارهێنانــی ژمارەیەکــی کــەم لــە پۆلیــس، ناچــارن فەیلەقێکــی ســوپا کۆبکەنــەوە و بیخەنــە ئامادەباشــییەوە. بــەڵام ئەمــە بــۆ خوێنــەری ئــازاد بەجێدێڵــم بــا بــاوەڕ بــەوە بــکات کــە تورکیا وڵاتێکــی دیموکراســییە و لەگــەڵ فرانســوا بالســان[٢٥] بڵێــت" تورکیــای ئێســتا گەیشتوتە لوتکەی کۆمار "!

---

(٢٥) فرانسوا بالسان گەڕیدە و بازرگانی ئاوریشم و نووسەری فەڕەنسی لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٠٢ لە شاتۆغو لەدایکبووە و لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٢ لە نویی سوغ سێن لە فەڕەنسا کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی ١٩٣٥ەوە گەشتی کردووە بۆ ئەسیوپیا و بەلوچستان و دواتر بۆ باکووری کوردستان. دوای گەشتەکەی، ساڵی ١٩٤٤ پەرتوکێکی بەناوی (سەرسوڕهێنەرەکانی کوردستان) بڵاوکردەوە.

François Balsan, Les surprises du Kurdistan, 1944, J. Suisse, Collection Voyages et Aventures, Paris.

## ٥- مرۆڤی دڕندە کێیە؟

فرانسوا بالسان لە بەشی یەکەمی پەرتوکەکەیدا دەنووسێت، لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی یەکەم لە سەدەی شازدەدا "کورد مرۆڤی دڕندە و کێوی بوون". ئەو حەزی لە قسەی دژبەیەکە، چونکە هەر لە دوای ئەمە دەنووسێت "لوتکەی کۆمار". دیارە ئەم گەڕیدەیە کە بڕیاربوو لەنێو پەرتووکەکەیدا باسی "سەرسوڕهێنەرەکانی کوردستانمان" بۆ بکات، چاوی بە کۆمەڵێک تورکی دەمارگیر کەوتووە و وڵاتەکەیان بە باش و عیزەتەوە بۆ باسکردووە. تەنانەت حکومەت ئەوەندە نەرمی بۆ نواند کە گەنجێکی خوێنگەرم یاوەری کرد بۆ "ناوچەی قەدەغەکراو[26] ئەو ناوچەیەی مرۆڤ تەنیا ئەوکاتە دەیتوانی بچێتە ئەوێ، ئەگەر بەنیازی کڕینی مەڕێکی زۆر بوایە بۆ هاوسەنگکردنی بوجەی کۆمارە لە لوتکەکەدا! بێگومان چەند کارمەندێکی زۆر بەجۆش و هەندێک ئەفسەر بە پرسیارکردن لەسەر گوماناوی پاسپۆرتەکەی زۆر بێزاری دەکەن، بەڵام لە دێرەزۆر کە دوا پیرۆزگای ئەرمەنیی[٢٧] لێیە

---

(٢٦) مەبەست لێی ناوچەی دەریاچەی وانە کە لەلایەن ئەنقەرەوە بە ناوچەیەکی سەربازی دانرا بوو و ناوچەکە بەڕووی گەشتیاراندا داخرابوو.

(٢٧) کەنیسەی شەهیدانی پیرۆز دەکەوێتە شاری دێرەزۆر لەسەر ڕووباری فورات و بە دووری ٤٥٠ کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دیمەشق. ساڵی ١٩١٥ لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانی دیاری کرا بۆ لەناوبردنی ئەرمەنەکان. بۆ ماوەی دوو ساڵ، دێرەزۆر دوا وێستگەی سەدان هەزار ئەرمەنی بوو. ژمارەیەکی زۆریان لە کەمپەکانی دەوروبەری شارەکەدا بەهۆی برسێتی و نەخۆشییەوە گیانیان لەدەستدا. نزیکەی دوو هەزار ئەرمەنی کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، دوو بە دوو دەبەسترانەوە، پاشان نقومی ڕووباری فورات دەکران. بۆیە دێرەزۆر دەبێتە هێمای جینۆسایدی ئەرمەنەکان.

قەرەبـووی دەکاتـەوە، لـەوێ "ئەفسـەرێکی تەمـەن بیسـت و پێنج سـاڵ، بە ڕووخسـارێکی جوانـی چەتەئاسـا و ڕووخـۆش وەک ئـەوەی لای پاڵەوانانـی فیلـم دەبینرێـت"، بـە تەقاندنـی چەکەکـەی چێـژ لـە تێکدانـی ناوچەکـە دەبینێـت. ئـەم ئەفسـەرە دڕنـدە نییـە. ئـۆی! نەخێـر! "چرکاندنێکـی هەسـتپێنەکراو: ئامانجەکـەی پێـکا... بەلایەنیکەمـەوە وێنەیـەک لـەو پەرسـتگا تراژیدییـە پارێـزراوە".[٢٨] بەڕێـز بالسـان شایسـتەی پیـاوی ئایینـی بـووە، چونکـە کەنیسـەیەکی پاراسـتووە، کاتێـک سـتقی[٢٩] بەوپـەڕی قەناعەتـەوە ئـەم جـۆرە هەواڵانـەی بـۆ بالسـان دەگێڕایـەوە: "ئەمـە دوایـن کەنیسـەی ئەرمەنییـە، هیـوادارم وابێـت"! ئایـا سـتقیش کەسـێکی دڕنـدە نییـە: "ئەویـش وەک ئەفسـەرە گەنجەکـە کەسـێکی ڕۆشـنبیر و ڕووخۆشـە". بـا نووسـەر بـۆ لێکدانـەوە گوماناوییەکانـی لەسـەر کەنیسـەی ئەرمەنـی و شـەهیدەکانی جێبهێڵیـن و بـا بزانیـن تورکـە بەنـاو شارسـتانییەکان چ هەلومەرجێـک بـۆ کـوردە دڕنـدەکان دەڕەخسـێنن.

بـا پێـش هەمـوو شـتێک ئامـاژە بـەوە بکەیـن؛ لـە کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ڕابـردوو، ئەنجومەنـی نیشـتمانی تورکیـا بڕیاریـدا گەمـارۆی سـەر قـەزای دەرسـیم بـەردەوام بێـت. بـا ئـەو ڕاسـتییەش بەبیـری ئـەو کەسـانە

(٢٨) وێنەگرتن لە ئاسەوار و مۆنومێنتە کۆنەکان لەلایەن حکومەتی تورکیا بە فەرمی ڕێگەپێ نەدراو بوو، چ جای ئاسەوارێکی ئەرمەنی، بەڵام ئەم گەڕیدەیە، فرانسوا بالسان، بە نهێنی لەکاتی گوزەرکردن بە دێرەزۆر توانی وێنەیەک لە کەنیسەی شەهیدانی ئەرمەنی بگرێت. سەیری وێنەکە بکە لە بەشی پاشبەندەکاندا، پاشبەندی ژمارە (٣)، کە لە پەرتووکی (سەرسوڕهێنەرەکانی کوردستان) وەرگیراوە.

(٢٩) ستقی کوڕە گەنجێکی خوێن گەرم و ئازا، وەرگێڕ و ڕێنیشاندەری بالسان بوو بە درێژایی گەشتەکەی لە باکووری کوردستاندا (وان، باتمان، موش، بیدلیس، تەتڤان، بینگۆل، هەکاری...).

بخەینــەوە کــە لەبیریــان چــووە، ئــەم ڕێــکارە ئەنجامــی ســەرکوتکردنێکە کــە لــەو ماوەیــەدا چــل هــەزار کــورد کۆمەڵکوژکــران، ســەربازە تورکــەکان ئــەو ئەشــکەوتانەی ژن و منداڵــە بێتاوانــەکان پەنایــان بــۆ بردبــوو بــە دیــوار داخســت بۆئــەوەی بەبرســێتی بیانکــوژن. بەڵــێ تورکــەکان شارســتانین!

ســەربازێکی بەریتانــی دڵخۆشــە کــە دوای چەنــد ســاڵێک لەنێــو جەنگــدا گەڕاوەتــەوە ماڵــەوە، ئــەم کەســە بچــووک و پلــە نزمانــە چــاک دەزانــن ژیانی دوور لــە ئازیزانیــان چەنــدە ســەخت بــووە. ئــەم ســەربازە بابەتێــک لەســەر (کوردســتان) لــە گۆڤــاری "نیــو ستەیتســمەن ئەنــد نەیشــن[٣٠]"، ژمــارە ٢٦ی کانوونــی دووەمــی ١٩٤٦ دەخوێنێتــەوە. ڕووداوەکانــی جەنــگ ئەوییــان گەیاندبــووە شــوێنێک لــە بــەرەی ڕۆژهــەڵات و کۆچبەرانــی ســەر ســنووری ســوریا، ڕۆژئــاوای کوردســتان، ئاگاداریــان کردبــووەوە کە لە دەرەوەی ســنوور چــی ڕوودەدات. دواتــر لــە ژێــر ناوێکــی خــوازراودا، Tigris، لە ١٦ی شــوباتی ١٩٤٦ بەشــداری لــە گۆڤارەکەدا دەکات و بابەتێک بەناونیشــانی: "کوردەکان" دەنووســێت:

دژایەتــی تورکیــا بەرامبــەر بــە ناســیۆنالیزمی کــورد مەبەســت لێــی قڕکردنــی بەئەنقەســتی ئــەو نەتەوەیــە بــوو. بــاوەڕم وایــە هەڵــە نیــم لــەوەی بڵێــم، هەرچەنــدە ناتوانــم بانگەشــەی بەڵگــەی ڕەهــا بکــەم، کــە پیاوانــی کــورد لــە کارکــردن بێبــەش دەکــران، ئەگــەر کاریشــیان پێدرابــا، هەمیشــە ئــەو پۆســتانەیان پێــدەدرا کــە دوور بــوون لــە

(٣٠) گۆڤاری نیو ستەیتسمەن ئەند نەیشن (The New Statesman and Nation)، گۆڤارێکی هەواڵی و سیاسی و کولتووری بەریتانیایە لە نێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٤٦ لە لەندەن دەردەچوو.

ماڵەکانیـان، بەجۆرێـک تادەهـات ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەم نەتەوەیـە لـە داکشـاندابوو. تەنیا ژمارەیەکـی کـەم لـەو کەسانەی لـە هێـزی کاردا ئازاریـان دەکێشـا، ڕێگەیـان پێـدەدرا بگەڕێنـەوە ماڵـەوە. کەمینـەکان کـە تـەواوی خزمەتەکانیـان بـۆ وڵات سـنووردارە بـە پێدانـی باجـی قـورس و بەرگەگرتنـی کۆیلایەتـی کار، مافـی چـەک هەڵگرتنیـان نەبـوو، چ لـە شـێوەی خزمەتکردنـی سـەربازی یـان بـە نهێنـی لـە ماڵـەوەدا. بـۆ ئـەو بەریتانییـەی بـە باشـی داڵـدەدراوە، دۆخـی باندگەرایـی و شـەڕی خێڵـەکان و گەندەڵـی فەرمـی لـە نـاو زەوییـە دوورە ڕووبـار و بەندەرەکانـی ئاسیای بچـووک شـتێکی باوڕپێنەکـراوە. گوندێکـی بـێ چـەک دەسـتبەجێ بـۆ کەسـانی بەختەوەرتـر و دەوڵەمەندتـر بەجـێ دەهێڵرێـت، ئەمـەش ژیرانەیـە.

تورکەکان ڕێگە بە بەکارهێنانی زمانی کوردی نادەن، هەڵوێستێکە کە ئێستا بەگشتی وەک تاوانێکی بێ مۆڵەت لە دژی کەمینەیەک سەیردەکرێت.

پێم باشـە ئەو حاڵەتانەی لای من ناسراون نەخەمە سـەر ئەم زەریایەی کـە پـڕە لـە چیرۆکـی ترسـناک و دڕندەیـی، چونکـە کاریگەرییەکـەی لـە حالەتـی پڕبوونـدا لەدەسـت دەدات. بـەڵام داوا لـە خوێنەرانتـان دەکـەم دڕندەیـی ڕابـردووی تورکـەکان لەبیـر نەکـەن کـە ئێسـتا بەشـێوەیەکی نائاشـکرا لـە ناوچەیەکـی دوور لـە چـاوی جیهانـدا پراکتیـزە دەکـەن.

ئـەم حوکمـە بەهێـزە دوپاتکردنـەوەی ئـەو ڕاسـتییەیە کـە پـازدە سـاڵ لەمەوبـەر لەلایـەن کۆلۆنێـل ئارنۆڵـدەوە[٣١] باسـکراوە. ناوبـراو لـە

(٣١) ئارنۆڵد تالبۆت ویڵسن سەرباز و نووسەرێکی بەریتانی بوو. لەکاتی جەنگی یەکەمی

پەرتوکەکەیدا بەناوی میزۆپۆتامیا دەنووسێت: "ئەم شێوازە کۆمەڵکوژی و ئەشکەنجەدان و برسێتییە کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٩ لەلایەن تورکەکانەوە پەیڕەوکراوە، جارێکی تر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە تورکەکان دڕندەترین ڕەگەزی مرۆڤی زیندووی ئەم جیهانەن". هەروەها کۆلۆنێل پەرتووکی: "دۆسیەی کوردستان دژی تورکیا(٣٢) " مان بیردەخاتەوە کە لەلایەن کۆمەڵەی خۆیبوون، سورەییا بەدرخان و جیبۆنس لە ساڵی ١٩٢٨ بڵاوکراوەتەوە.

لەڕاستیدا، تورکەکان هەموو ڕێگاکانی فشار و چەوساندنەوەیان گرتەبەر بۆئەوەی ژیان لە کوردەکان قورستر بکەن. سەرەتا چاندنی تووتن، بەمەبەستی پەرەپێدانی زیاتر بە تووتنی تورکی لەناوچە کوردییەکاندا قەدەغەکرا کە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتە بۆ جوتیارە کوردەکان. هەروەها پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی قەدەغەکرا، بەمەش کۆتایی بە پیشە دەستییە کوردییەکان هێنرا. بە بیانووی یارمەتیدانی

---

جیهانی وەک حاکمی بەریتانیا لە عێراق خزمەتی کردووە. پەرتووکێکی بەناوی میزۆپۆتامیا لە ساڵی ١٩٣١ نووسیوە.

Sir Arnold Talbot Wilson, Mesopotamia, 1917-1920, a Clash of Loyaleties, a Personal and Historical. Oxford University Press, 1931.

(٣٢) لێرە نووسەر ئاماژەی بە ناوی سورەییا بەدرخان و کۆمەڵەی خۆیبوونەوە نەکردووە، هەروەها ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکەش بە ١٩٢٩ داناوە، بەڵام بەپێی لێکۆلینەوەکەمان، پەرتووکەکە لە ساڵی ١٩٢٨ لەلایەن کۆمەڵەی خۆینوونەوە چاپکراوە.
سەیری وێنەی بەرگی پەرتووکەکە بکە لە بەشی پاشبەندەکاندا، پاشبەندی ژمارە (٤).

Sureya Bedr Khan, Herbert Adams Gibbons, The case of Kurdistan against Turkey, by authority of Hoyboon, Supreme Council of the Kurdish Government, Kurdish Independence League, Philadelphia, 1928.

هێـزی ئاسمانـی، یـان کڕینـی چـەک وەک بـاج لـە دوو سـەربزن یەکیـان لـە شـوانەکان وەردەگیـرا. پێـشتر فرانسـوا بالسـان لـە لاپـەڕە ٢٢٤ی پەرتووکەکەیـدا دانـی بـەو ڕاسـتییە نـاوە: "باجـی یـەک سـەر مـەڕ دەگاتـە سـی پیـاستر[٣٣] کـە نزیکـە لـە بەهـای خورییەکـەی"! ئـەو کەسانەی مولـزەم بـوون بـە ئەنجامدانـی خزمەتـی سـەربازی لانیکـەم مـاوەی سێ بـۆ چـوار سـاڵ دوور لـە مـاڵ و ئازیزەکانیـان دەبـن و ناتوانـن داوای پلەیـەک بکـەن کـە بەرزتـر بێـت لـە ئەفسـەری فەرمانـدە. ڕاسـتە ئـەم کـوردە هەژارانـە تەنیـا وەک "تورکـی پشـتگوێخراو" سـەیردەکران. لەسـەر ئـەم بابەتـە، چەنـد بەشـێک لـە وتـاری ڕۆژنامەنووسـێکی تـورک بەنـاوی ئەکـرەم ئوسـاکلیجیل کـە لـە ڕۆژنامـەی سـۆن پۆسـتا[34] لـە ١١ی نیسـانی ١٩٤٦ بڵاویکردووتـەوە، دەخەمـەڕوو. بەگشـتی وشـەی کـورد لـە چاپەمەنـی تورکیـا قەدەغەکـرا، بـەڵام پەیامنێرێکـی ئەسۆشـەیتید پرێـس (*Associated Press*) بابەتێـک لەسـەر "سـەرچاوە کوردییـەکان" دەورژێنێـت، جـا ئـەم تورکـە لەسـەر ناوهێنانـی کـورد تـوڕە دەبێـت و دوای کاردانەوەکانـی کـە بـە منداڵانـە وەسـفیان دەکـەم، هاتـووە بۆمـان باسـی کوردەکانـی تورکیـا دەکات:

بـەڵام ئـەوەی ئێمـە زۆر چـاک دەیزانیـن ئەوەیـە؛ نـە لـە عێـراق و نـە لـە ئێرانـدا، دانیشـتوانێکی هۆشـیاری کـورد بوونـی نییـە کـە خاوەنـی

(٣٣) لە سەدەی شازدەدا دراوی کۆماری ڤینیز بوو. لەلایەن فەڕەنساوە گەیەندرایە زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دواتریش لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بە ناوی قوروش بەکاردەهات.

(٣٤) ڕۆژنامەی سۆن پۆستا (Son Posta)، لە ٢٧ی تەمووزی ١٩٣٠ لە تورکیا دەستی بە دەرچوونی کرد. ڕۆژنامەکە هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی لە دژی حکومەتی عیسمەت پاشا هەبوو و تا ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢ بەردەوام بوو لە بڵاوکردنەوە.

"سەرچاوەی زانیاری" بێت. ئەو خەڵکەی کە پێیان دەڵێین "کورد" دانیشتوانێکی تەواو کۆچەرن، لێرە و لەوێ پەرشوبڵاون، زۆر یان کەم لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا لە عێراقەوە بۆ ئێران یان لە ئێرانەوە بۆ عێراق هاتووچۆ دەکەن و خاوەنی ژیانێکی تەواو سەرەتایین.

ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، هەرگیز کەمینەیەک بە ناوی کوردەوە لای ئێمە نەبووە، جا چ کەمینەیەکی کۆچەری، چ نیشتەجێ، چ هۆشیار یان ناوشیار بێت.

نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر، لە ناوچە دوورەدەستەکانی تورکیا، بە تایبەتی لەو ناوچانەی ژمارەیەک بیانی بە کوردستان یان ئەرمەنستان ناویان دەبردن، چەند "تورکێکی پشتگوێخراو" دەژیان. هەر ئەم تورکانەی لەو ناوچە چۆڵ و فەرامۆشکراوەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا مابوونەوە، وشەگەلێکی عەرەبی و فارسییان تێکەڵ بە زمانی تورکی کردبوو و بە زمانێکی نامۆ قسەیان دەکرد. ئەمڕۆ بە سوپاسەوە لەبەر زۆری قوتابخانە سەرەتاییەکان، ئەم شێوازە قسەکردنە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە و هیواداریـن لە داهاتوویەکی نزیکدا بە یەکجاری نەمێنێت.

لە لایەکی ترەوە تۆڕی شەمەندەفەرەکەمان تادێت فراوانتر دەبێت و ڕێگاکانمان لقیان لێدەبێتەوە. ئەو ناوچانەی شەمەندەفەر و بارهەڵگرەکان نایانگەنێ، فڕۆکە و تەلەگرافە بێ تەلەکانمان دەیانبڕن. وەک چۆن خاوەن و ئاغای خاکەکەمانین، لەو باند و چەتانە ناترسێین کە دەتوانن لە دەرەوەی سنوورەکانمانەوە بێنە ژوورەوە. هیچ شتێک

لـەو ناوچەیـە ڕوونـادات کـە سـنوورەکانی تورکیـا و عێـراق و ئێـران بەیەکدەگەیێنێـت. بـەڵام ئەگـەر دراوسـێکانمان بیانەوێـت لـە لەناوچـوون ڕزگاریـان بێـت، پێویسـتە ئامـادە و دەسـت بەچەکـەوە بژیـن.

ئـەم ئاوێتەبوونـە لەگـەڵ چـەک و خوازیـاری شـەڕبوونە هەڵوێسـتی ئاسـایی ئـەو کەسـانەیە کـە ویژدانێکـی ئـارام و ڕوونیـان نییـە، تورکـەکان بـۆ تێگەیـشتن لەمـە باجەکەیـان داوە.

پێـش چەنـد ڕۆژێک بـە دیاریکراوی لە ٨ی نیسـان، بەڕێز سـەڕاجۆغلۆ[٣٥] سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـا، لـە وەڵامـی پرسـیارێکی ڕۆژنامەنووسـانی ئەمریکـی سـەبارەت بـە کەمینەکانـی تورکیا لـە کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانیـدا ڕایگەیانـد، تەنیـا یـەک کەمینـە لـە تورکیـادا هەیـە ئەویـش کـوردە، ژمارەیان لـە یـەک ملیـۆن کـەس تێناپەڕێـت و گشـت ڕاپەڕینەکانیـان پەیوەندییـان بـە پرسـی ئایینـی و مەبەسـتی سیاسـییەوە هەبـووە.

**ئەمە ڕێی تێناچێت!**

کەواتــە هەمــوو کەسـێک لــە تورکیــا هــاوڕای بۆچوونــی ئەکــرەم ئوسـاکلیجیل نییـە سـەبارەت بـە "تورکـە پشـتگوێخراوەکان"ی وڵاتەکـەی. هــەر چۆنێــک بێــت ســەیر لەوەدایــە، ســەرەڕای بیســت و پێنــج ســاڵ لــە شارســتانییەتی کەمالــی، هێشــتا ئەوەنــدە تورکــی پشــتگوێخراو، یــان بەربــەری هــەن تاکــو بــە زۆر شارســتانی بکرێــن. لــەم بارەیــەوە کۆلۆنێــل ئێلفینــستن حکومەتــی تورکیــا ئاگادارەکاتــەوە:

---

(٣٥) محمد شوکرو سەڕاجئۆغلۆ ئەندامی پارتی کۆماری گەل بوو. لە ساڵی ١٩٤٢ تا ١٩٤٦ وەک سەرۆک وەزیرانی کۆماری تورکیا کاری کردووە.

سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان تاڕادەیەک ترسیان لە بڵاوبوونەوەی ڕێباز و بیری کۆمۆنیستی لای پیاوانی عەشیرەتەکانیان هەیە، ئەگەر حکومەتی تورکیا بەردەوام بێت لەپەیڕەوکردنی سیاسەتی بەتورککردنی کورد، ئەو کاتە دانیشتوانە گەورەکەی کورد کە ئێستا لەژێر هەژموونی دەوڵەتی عوسمانیدایە، دەتوانێت پێشوازی لەو گۆڕانکارییە بکات و بکرێتە ئەندامێکی کۆماری یەکێتی سۆڤییەت بە دەسەڵاتێکی ڕەهای کوردییەوە یان بە دەسەڵاتێکی کورد و ئەرمەنەوە.

ئایا ئەم ئاگادارکردنەوەیە بەرهەمی دەبێت؟ یان بە پێچەوانەوە دەبێتە بیانوویەک بۆ هێرشکردنە سەر یەکێتی سۆڤییەت؟

عیسمەت ئینۆنو لە ١٣ی ئایار لە میانی وتارێکی هەڵبژاردندا ڕایگەیاند: "ئێستا گەلەکەمان ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە، هاوپەیمانی بەریتانیا و دۆستێکی نزیکی ئەمریکایە". هەروەها پێش چەند ساتێک گوتبووی: "ئێمە لە بەردەم پڕوپاگەندە و داواکارییە ناڕەواکانی وڵاتێکی بیانیدا، بۆ یەک ساتیش گومانمان لە هەستی دادپەروەری و تێگەیشتن لە جیهان نەکردووە..". دەربڕینی وشەی دادپەروەری بەڕاستی گاڵتەئامێزە. تورکەکان هەستی گاڵتەکردنیان نییە.

چەند ڕۆژێک دواتر لە ١٨ی ئایار، ڕۆژنامەی ئولوس (Ulus)، کە ڕۆژنامەیەکی نافەرمی حکومەتی تورکیایە دەنووسێت: "دیموکراتەکان بۆ کێ کاردەکەن؟ بێگومان ئەوان خزمەتی تورک ناکەن. چەند کەسێکی پیشەوەری[٣٦] لە پشت دیموکراتەکانەوە هەن". بۆ وەڵامی ڕۆژنامەکە

(٣٦) مەبەستی نووسەر، سەید جەعفەر پیشەوەری سەرۆکی پارتی دیموکراتی ئازەربایجان

دەتوانیـن بڵێین لە پشـت کۆمارییەکانیش ژمارەیەکـی زۆر بەکرێگیراو هەن...

پێـم گوتـرا؛ لەسـەرەتای مانگـی حوزەیـران، نوێنەرانـی پارتـی دیموکراتـی تورکیـا پەیوەندییـان بـە پیاوماقوڵانـی کـوردی دیاربەکـرەوە کـردووە. بـە کوردەکانیـان گوتبـوو، ئـەوان لەگـەڵ نـا ناوەندێتـی تـەواودان و لەگـەڵ ڕاسـتکردنەوەی هەمـوو ئەو هەڵانەدان کە لەلایەن ڕژێمـی کۆماری گەورەوە بەرامبەریـان ئەنجامـدراون. ئایـا ئەمـە دەنگـی عەقڵێکـی تەندروسـتە؟ یـان پڕۆپاگەنـدەی هەڵبژاردنـە؟ بێگومـان، داهاتـوو بۆمـان ڕووندەکاتـەوە.

لـە ڕاسـتیدا نامەوێـت کۆتایـی بـەم بەشـە بێنـم کـە بـە بارودۆخـی کـورد لـە تورکیـا پەیوەسـتە بـێ ئـەوەی بـۆ خوێنـەران ئامـاژە بـەم وردەکارییـە بچووکـە نەکـەم کـە ڕەنگـە تێبنییـان نەکردبێـت.

لەمیانـی گەشـتە فەرمییەکـەی بەشـار ئەلخـوری، سـەرۆک کۆمـاری لوبنـان بـۆ ئەنقـەرە، داواکارییەکـی لـە کۆمەڵـەی داکۆکـی لـە مافەکانـی شـاری سـەنجاک ئەلکسـاندرێت (هاتـای) و شـاری ئەنتیـۆش وەرگـرت کـە لەلایـەن ڕۆژنامـە عەرەبییەکانـی دیمەشـقەوە بڵاوکرابـووەوە، تیایـدا دانیشـتوانی ئـەو دوو شـارە گلەیـی ئەوەیـان کردبـوو حکومەتـی تورکیـا ڕێگـە نـادات خەڵـک بـە زمانـی عەرەبـی قسـە بـکات و هەمـوو هەوڵەکانی خسـتوتەگەڕ بۆئـەوەی وڵات بـە تورکـی بـکات.

ڕۆژنامـەی سـۆن پۆسـتا بـە بڵاوکردەنـەوەی بابەتەکـەی ئەکـرەم ئوسـاکلیجیل و ئاگادارکردنـەوەی جیهـان چاوەڕێـی چـی دەکات، بـە تایبەتی

---

و لایەنگرانییە کە بە هاوکاری یەکێتی سۆڤیەت لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ کۆماری سەربەخۆی ئازەربایجانی دامەزراند.

پەیامنێرەکانی ئەسۆشەیتید پرێس (*Associated Press*)، کە گوایە: "تورکە پشتگوێخراوەکان"ی پارێزگای هاتای بە زمانێکی گاڵتەجاڕ قسە دەکەن و هەموو وشە زانستی و فەلسەفییەکانیان لە زمانی تورکی وەرگرتووە، بە کورتی هەموو شتێک کە پەیوەندی بە شارستانییەتەوە هەیە؟

# بەشی سێیەم

## لەژێر فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئینگلیزدا

**"جێگای داخە دان بە مافی ئۆتۆنۆمی کورد نەنرا"[٣٧]**

(٣٧) جۆزێف پۆل بۆنکور لەکاتی پەسەندکردنی ئەندامێتی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان لە جنێڤ ڕایگەیاند. ناوبراو پارێزەر و سیاسەتمەدارێکی فەڕەنسی بوو. لە نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا ڕۆڵێکی گرنگی سیاسی و دیپلۆماسی هەبوو. چەندین پۆستی وەرگرتووە لەوانەش: نوێنەری فەڕەنسا لە کۆمەڵەی گەلان، وەزیری بەرگری نیشتمانی و جەنگ، وەزیری دەرەوە.

## ١- بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێردا

ئـەو وڵاتـەی ئێسـتا (عێـراق) بـە خوێنەرانمـان دەناسـێنین، وڵاتێکـی زۆر کۆنـە. بـە وڵاتـی مێـژووی پیـرۆز نـاسراوە. نەینـەوا و بابـل و ئـور و دیجلـە و فـورات و میزۆپۆتامیـا بـۆ هەمـوو مەسـیحییەکان و ئـەو کەسـانەی حەزیـان لـە مێـژووی شارسـتانییەتە کۆنەکانـە، ناوگەلێکـی ئاشـنان. شانشـینی عێراقـی ئەمـڕۆ ئـەو لقەیـە کـە لـە دوای سـاڵی ١٩١٨ لـە قـەدی ڕزیـوی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی جیابـووەوە. سـەرەتا وڵاتـە گەنجەکـە خرایـە ژێـر ماندێتـی بەریتانیـا و لـە سـاڵی ١٩٣١ سـەربەخۆیی خـۆی بەدەسـتهێنا. ئێسـتا پاشـای گەنـج، فەیسـەلی دووەم، سـەرۆکایەتی دەوڵـەت دەکات بـە هـاوکاری و لەژێـر دەسـەڵاتی ئامۆزاکـەی، مەلیـک عەبدوئیـلا[٣٨]. لـە ماوەی کـەمتر لـە بیسـت و پێنـج سـاڵدا، ئەمـە سـێیەم پاشـای شانشـینەکەیە. بەگشـتی، ئەندامانـی خێزانـی هاشـمی ژیانێکـی درێژیـان نەبـووە. مەلیـک فەیسـەڵی یەکـەم لـە سـاڵی ١٩٣٣ بـە نەخۆشـی دڵ کۆچـی دوایـی کـرد. دواتـر کوڕەکـەی مەلیـک غـازی یەکـەم بـوو بـە جێنشـینی و سـاڵی ١٩٣٩ بـە ڕووداوی ئۆتۆمبێـل کۆچـی دوایـی کـرد. لـە یارمەتـی دانی چارەنووسـیان زمانـی پیـس و خـراپ درێغییـان نەکـرد. پاشـا بچووکەکەمـان هیچـی نییـە

(٣٨) عەبدولئیلا کوڕی عەلی بن حوسێن ئەلهاشمییە، لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٣ لە شاری تایف لەدایکبووە. ساڵی ١٩٣٩، دوای مردنی مەلیک غازی و گەیشتنی کوڕەکەی مەلیک فەیسەڵی دووەم بۆ دەسەڵات، بەڵام لەبەر کەمی تەمەنی کە ئەوکات تەنیا سێ ساڵان بوو، ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵات و تەختی پاشایەتی گرتە ئەستۆ و تاکو ساڵی ١٩٥٣ بەردەوام بوو. لە کۆدەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لەگەڵ مەلیک فەیسەلی دووەم بە دەستی شۆڕشگێڕان کوژرا.

تاکو لێی بترسێت و هێشتا ئەوەندە نەژیاوە تاکو تووشی جەڵتەی دڵ بێت و ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەبەردەستیدان دەتوانن وەرگەڕێن بۆ ئەوەی مەترسییان لەسەر بوونی ئەو هەبێت.

ئەمە ئەو شانشینە بچووکەیە کە ئەمڕو لەلایەن ئەم پاشا بچکۆلەیەوە بەڕێوەدەبرێت کە هەندێک کەس لە ساڵی ١٩١٧ و هەروەها ویڵسن[٣٩] لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی میزۆپۆتامیا لە لاپەڕە ٣٠٦ بە "باخچەی عەدەن" ناوی بردووە. بەڵی بە دڵنیاییەوە، مرۆڤ گومان لەوە ناکات کە کوورەی بەسرە پاشماوەی بەهەشتی زەوی بێت و چیتر باوەڕی بەو بەهەشتە نییە کە لەژێر بای خوڵاوی بەغداوەیە. هەروەها شاری مووسڵ کە بە "دایکی دوو بەهار" ناسراوە، تاڕادەیەک بەهەشت ئاسایە. ئەگەر بەڕاستی بمانەوێت چاومان بە بەهەشتی ونبوو بکەوێت، پێویستە زیاتر بەرەو باکوور بۆ ناوچەرگەی کوردستان بڕۆین. ئەگەر لەبەر خۆشەویستی مرۆڤ بۆ سروشت نەبێت کە ڕووی تێدەکات، بەڵکو لەبەر ئەو ژیانە ئارامە بێت کە دەتوانێت لێی بەدەست بێنێت، ئەوا دەبینین ئەو بەهەشتە لەژێر سێبەری شمشێردایە.

لە ڕاستیدا، لەنێو هەموو ئەو دەوڵەتانەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوون، ڕەنگە عێراق لەڕووی دانیشتوانەوە فرەچەشنترین و ناسەقامگیرترین وڵاتی ناوچەکە بێت، چونکە جگە لە کەمینە بەرچاوەکانی مەسیحی و جوو و ئێزیدی، زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگای بەسرە و دوو لەسەر سێی پارێزگای بەغدا

---

(٣٩) بڕوانە لاپەڕە ٦١-٦٢، ئاماژە بە نووسەر و کتێبەکەی کراوە.

شیعە مەزهەبن و هەروەها کورد زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگای مووسڵ پێکدێنێت و سەر بە مەزهەبی سوننەن.

ئارنۆڵد ویڵسن لە لاپەڕە ٩ی پێشەکی کتێبەکەیدا بەم شێوەیە باسی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە عێراقدا دەکات:

چەمکی عەرەبستان وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کەمینەیەکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار نامۆ نەبوو، بەڵام بیرۆکەی عێراق وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ زۆر بەزەحمەت دروست بوو، چونکە ئەم وڵاتە جوگرافی و ئابووری و نەتەوەی جیاوازی هەبوو. لای دانیشتوانی بەسرا ویستی جیابوونەوە بەهێز بوو؛ بەڵام بۆ پارێزگاکانی بەغدا و بەسرا زۆر ئەستەم بوو بێ داهات و سەرچاوە ئابوورییەکانی پارێزگای مووسڵ بتوانن بوونی خۆیان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بپارێزن. سێ لەسەر چواری دانیشتوانی پارێزگای مووسڵ عەرەب نەبوو. بەجۆرێک پێنج لەسەر هەشتی دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی کورد و یەک لەسەر هەشتی مەسیحی یان ئێزیدی بوون. لێرەوە کێشەی کورد وەک کێشەیەکی چارەسەرنەکراو مایەوە. سەرۆک عەشیرەتەکان یەکگرتوو نەبوون؛ بە شێوەیەک لەنێو خۆدا هیچ خاڵێکی هاوبەشی سیاسییان نەبوو، بەڵام لەسەر دژایەتیکردنی هەموو حکومەتێک هاوهەڵوێست بوون، گەر ویستبای بیانخاتە ژێر هەژموونی عەرەبەوە.

بنەماڵەی شاهانە نەک هەر عەرەب و سوننەیە، لەوەش زیاتر فەرمانـدە سەرەکییەکانی حکومەتیش لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیەن،

ئەمـەش بـە زیانـی شـیعە و کـورد دەشـکێتەوە، چونکـە لای ئـەوان شـیعە و کـورد کەمینـەن. چـاک دەزانیـن کـە دۆخێکـی نائاسـایی لـەو شـێوەیە دەبێتـە هـۆی دروسـت بوونـی گێـژاوی سیاسـی. بۆیـە عێـراق شـوێنێکی لەبـارە بـۆ ئەنجامدانـی کودەتـای سـەربازی و ڕاپەڕیـن. ئێسـتا هـەر چـوار بەرگـی کتێبـی "مێـژووی وەزارەتەکانـی عێـراق[٤٠]" لەسـەر مێزەکەمـن کـە لەلایـەن سـەید عەبدولـڕەزاق حەسـەنییەوە بـە زمانـی عەرەبـی نـووسراون. لێـرە سـەرۆک وەزیـران، عبدولموحسـین سـەعدون[٤١] خـۆی دەکوژێـت و لەوێـش ژەنـەڕاڵ بەکرسـدقی[٤٢] تیـرۆر دەکرێـت. خەڵـک لـە بـازاڕی شـیوخ ڕادەپـەڕن، نائارامییەکـی زۆر لـە سـەماوە بـەدی دەکرێـت، ئێزیدییـەکان لـە شـنگال ڕادەپـەڕن، ئاشـوورییەکان لـە سـێمێل کۆمەڵکـوژ دەکرێـن، شـیعەکان لـە باشـوور خەریکـی ئاژاوەگێڕانـن، کـورد لـە باکـوور خەریکـی جموجۆڵـە و عەرەبـە کۆچـەرەکان لـە هەمـوو شـوێنێک زیاتـر بـەدوای هۆکارێکـدا دەگەڕێـن تاکـو لـەدژی یـەکتر بجەنگـن. بـە کورتـی، سـوپا و

(40) Seyid Abdul Rezzak Al-Hasani, L'histoire des Ministères irakiens, (Saida, 1933- 1940).

(٤١) عبدولموحسین سەعدون سیاسەتمەدارێکی عێراقی بوو، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢ بۆ ١٩٢٩دا چوار جار بووە سەرۆک وەزیرانی عێراق. لە ١٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٩ لە ماوەی خولی چوارەمی سەرۆکایەتیدا بە گولەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

(٤٢) بەکر سدقی عەسکەری لە ساڵی ١٨٩٠ لە بەغدا لەدایکبووە. کۆلێژی سەربازی لە ئەستەنبۆل خوێندووە. بەشداری لە جەنگەکانی بەڵقان و جەنگی دووەمی جیهانی کردووە. فەرماندەی فرقەی دووی سوپای عێراق بوو. لە سەردەمی مەلیک غازی وەک سەرۆک ئەرکانی سوپای شاهانەی عێراق دەستنیشانکرا. ساڵی ١٩٣٦ کۆدەتایەکی سەربازی لەدژی حکەموتەکەی یاسین هاشمی ئەنجامدا و دوورخرایەوە بۆ ئەستانبۆل. لە ١١ی ئابی ١٩٣٧ لەلایەن سەربازێکی تورک لە مووسڵ تیرۆرکرا.

پاسـەوانی گـەڕۆک هێشـتا لـە ئەرکـدان و دادگا سـەربازییەکانیش بێـکار نین. سـەرۆک عەشـیرەتی بـەزۆر نیشـتەجێکراوی شـوێنێک لەلایـەن حکومـەت و وەزیرەکانـی پێشـووی لەکاردوورخـراو، یـان هەڵهاتـووش لەژمار نایـەن. بەڵی بەڕاسـتی عێـراق بەهەشـتە، ئـەو بەهەشـتەی لەژێـر سـێبەری شمشـێردایە. بێگومـان ئەرشـیفی کۆمەڵـەی گـەلان لەبەردەسـتماندایە بۆئـەوەی بیرمـان بخاتـەوە کـە لەوێـدا چەنـد جـار باسـی ئـەم بەهەشـتە کـراوە!

## ٢- ئینگلیز و کورد

بەرلەوەی باسی ئەو ناوچەیە بکەم کە کورد لەم بەهەشتە عێراقییەدا نیشتەجێی بووە، ڕێگەم بدەن چەند وشەیەک لەسەر پەیوەندی نێوان ئینگلیز و کورد بڵێم.

دوای جەنگی یەکەمی جیهان، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ئینگلیزەکان لە عێراق و شوێنەکانی دیکە ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ کورد کردووە. نامەوێت باسی هەموویان بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوان بەگشتی لە پێشدا بۆ ئەرکەکانیان ئامادەکرابوون، هەروەها ئەوانیش خۆیان بۆ ئەو ئەرکە تەرخانکردبوو کە لە ناوچەکەدا پێیان سپێردرابوو. جا ئەمانە ئەفسەری سیاسی، یان ڕاوێژکاری کارگێڕی، ئەندازیار، یان سەرکردەی سەربازە تایبەتەکان بن، هەموویان بە پلەی جۆراوجۆر شایەنی کوردستان بوون.

بێگومان مێجەر سۆن[٤٣] بە پێشەنگی ئەم گەلەئەستێرەیە دادەنرێت. ساڵی ١٩٠٢ گەیشتە ئێران و شارەزایی تەواوی لە زمانی فارسی و کوردی و شێوەزارەکانیان هەبوو. ساڵی ١٩٠٦ بووە شیعە و دواتر لەژێر ناوی میرزا غولام حوسێن شیرازی بەنێو میزۆپۆتامیا و کوردستاندا گەشتی کرد. ساڵی ١٩١٢ گەشتەکەی لە بەرهەمێکدا بڵاوکردەوە کە بە بڕوای ئارنۆلد

(٤٣) مێجەر ئێلی بانستەر سۆن (١٨٨١-١٩٢٣) ئەفسەرێکی سیاسیی بەریتانیا بوو، بە مەبەستی ناسینی کۆمەڵگەی کوردی و گەلی کورد بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، بەنهێنی جێی خۆی لە کوردستان قایم کردبوو. دواتر فێری کوردییەکی ڕەوان ببوو. ساڵی ١٩٢٠ ڕۆژنامەی پێشکەوتنی بە زمانی کوردی لە سلێمانی دەرکرد. لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمودی حەفیددا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبووە.

ویڵسـن لـە لاپـەڕە ٨٢ی کتێبـی میزۆپۆتامیـادا دەنووسـێت: "سـیفەتەکانی بەرژەوەنـدی مرۆیـی و چاودێریکردنـی کەسـی و خۆشەویسـتی ئەدەبـی لەنێـو بەرهەمەکەیـدا کاریگەرییـان لەنێـو ئەدەبیاتـە بەرفراوانەکـەی گەشـتەکانی ڕۆژهەڵاتـدا نەبـوو". چەندیـن دەق و وەرگێـڕان و لێکۆڵینـەوەی بڵاوکردنـەوە، هەروەهـا ڕێزمانـی کـوردی چـاپ کـرد. کاریگـەری ئـەم کەسـایەتییە لەسـەر کـورد بـێ ئەنـدازە بـوو، ئەوانیـش بـە دڵسـۆزییەوە خزمەتیـان دەکـرد، بەجۆرێـک ئـەو خزمەتەیـان تەنیـا بـۆ سـەرکردەکانیان کـردووە، چونکـە هەمیشـە بەشـدار بـوو لـە بەرزتریـن هەسـت و شـانازی نەتەوەیـی و شـەرەفی کەسـایەتییان.

هەرچەنـدە مێجـەر نۆئێـل زیاتـر لەنێـو کاروبـاری ئێرانـدا پسـپۆر بـوو، بـەڵام لەنێـو کوردیشـدا ڕۆڵێکـی گـەورە و کاریگـەری هەبـوو. کاپتن هـای لـە کۆیـە و هەولێـر، لیـس لـە هەڵەبجـە، جاردیـن لـە دهـۆک، کلارک لـە سـلێمانی خۆیـان وەک پیـاوی بەکـردار پێشـانداوە. دواتـر لـە ڕێکـەوت و شـوێنی جیـاوازدا نـاوی ژمارەیـەک کەسـایەتی دیکـە دەرکەوتـوون لەوانەش: ڕۆژهەڵاتنـاس گۆدفرێـی ڕۆڵـس درایڤـەر، کاپتن مامفـۆرد، مێجـەر سیسـیل جـۆن ئیدمۆنـدز، مێجـەر بۆلتـۆن و کۆلۆنێـل ئێلفینـستن. لێـرەدا ناتوانـم ئەندازیـاری نیوزلەنـدی هامیلتـۆن(٤٤) پشـتگوێ بخـەم کـە لـە کتێبەکەیـدا بـە شـێوەیەکی زۆر جـوان چۆنیەتـی دروسـت کردنـی ڕێـگای هەولێـر-ڕایـەت لـەو ناوچـە شـاخاوییەدا دەگێڕێتـەوە کـە بـە ڕوانـدوزدا تێدەپەڕێـت بـە مەبەسـتی ئاسـانکاری پەیوەندییـە بازرگانییەکانـی نێـوان کوردسـتان

---

(٤٤) سەیری بەشی (سەرچاوە ئابوورییەکانی کوردستان) بکە لە بەشی یەکەم.

و باکووری ئێران. لە بەشی سەرچاوەکاندا هەندێک لەو بەرهەم و بابەتانە دەبینین کە لەکاتی گەشتکردنیان بۆ کوردستان و مانەوەیان لەناو کورددا ئامادەیان کردووە. هەرچی ئینگلیزەکانی ترە، بە تایبەتی لەسەرەتای داگیرکاریی ئینگلیز بۆ سەر کوردستان، بە گیانیان باجی لە یەک تێنەگەیشتنیان دا. سەبارەت بەو کەسانەی تەنیا لە ئاسمانەوە کوردیان دەبینی، خۆیان بەسەریاندا زاڵ دەکرد، ئەمانە مەبەستیان بەدەستهێنانی تاجی شاهانە نەبوو، بگرە متمانەشیان پێی نەبوو، بەڵکو لە بنەڕەتدا لە کورد بێزار بوون، دەرفەتی زۆرمان دەبێت بۆ ئەوەی لە بەشەکانی دواتردا باسیان بکەین.

## ٣- تاجی شاهانە: مەلیک فەیسەڵ یان شێخ مەحموود؟

پێش کۆتایی هاتنی جەنگ، هاوپەیمانان بڕیاریان دابوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا بەش بکەن و ڕێککەوتنامەی سایکس-پیکۆ لە ١٦ی ئایاری ١٩١٦ ئەم دابەشکردنەی جێبەجێ کرد. ڕووسەکان لەسەرەتادا ڕازی نەبوون، بەڵام لە کۆتاییدا لە ٢٦ی نیسانی ١٩١٦ ڕێککەوتنی سازۆنۆڤ لە نێوان ڕووسیا و فەڕەنسا واژووکرا، ڕووسیا قایل بوو بە بڕگەکانی نێو ڕێککەوتنامەی سایکس-پیکۆ بەو مەرجەی ئەو ناوچە کوردییانەی دەکەونە باشووری وان و بەدلیس بخرێنە ژێر دەسەڵاتەکەی. بەڵام لێرە پیاو بڕیار دەدات و شۆڕشی بەڵشەفی[٤٥] ڕاستی کێشەکان دەگۆڕێت. باسی نواندن و زمان پاراوی هەندێک لە سیاسییەکان ناکەم کە دەبێ تا ئەمڕۆش خەوی زۆرێک لە دیپلۆماتکارانیان تێکدابێت. سەرەتا جاڕنامەی بەلفۆر[٤٦] کە لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٧دا ڕاگەیندرا و بڕیاری دروستکردنی دەوڵەتێکی بۆ جووەکان لە ناو خاکی فەلەستین دا، دواتر فەڕەنسا و بەریتانیا لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ دووپاتیان کردەوە کە ئاماجی سەرەکییان لەو جاڕنامەیە:

---

(٤٥) شۆڕشی بەڵشەفی لە ساڵی ١٩١٧ بە سەرکردایەتی فەرماندەی سوپای سووری پارتی کرێکاران لیۆن ترۆتسکی و لایەنگرانی ڤلادیمێر لێنین سەرۆکی بەڵشەفییەکان لەسەر بنچینەی ئایدۆلۆژیای کارل مارکس لە ڕووسیا ئەنجامدرا. ئەمە یەکەمین شۆڕشی شیوعی بوو لە سەدەی بیستدا و هۆکاری دروستبوونی یەکێتی سۆڤیەت بوو.

(٤٦) ئارتور بەلفۆر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ لە نامەیەکیدا بۆ لۆرد لیۆنێل کە سەرکردەیەکی زایۆنستی و پارەدارێکی بەریتانی بوو، پشتیوانی حکومەتەکەی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ جووەکان لە فەڵەستین دەربڕی و بە جاڕنامەی بەلفۆر ناسرا.

ڕزگارکردنـی تـەواوی ئـەو گەلانەیـە کـە ماوەیەکـی درێـژە لەلایـەن تورکەکانـەوە چەوسـێنراونەتەوە و دامەزراندنـی حکومـەت و ئیدارەیەکی نیشـتمانییە کـە دەسـەڵاتی خۆیـان لـە ڕێگـەی دەستپێشـخەری و هەڵبژاردنـی ئـازادی دانیشـتوانی ڕەسـەنەوە وەربگـرن.

کاردانەوەکانـی ئـەم ڕێککەوتننامانـە هـەر زوو لەنـاو کوردسـتاندا دەرکەوتـن. سـوپای بەریتانیـا لـە ٧ی ئایـاری ١٩١٨ کەرکووکـی داگیرکـرد. سـەرکردەکانی هـۆزی هەمەوەنـد و کەسـایەتییە دیارەکانـی سـلێمانی بانگهێشـتی ئینگلیزەکانیـان کـرد، بڕیاریـان دا حکومەتێکـی کاتـی بـە سـەرۆکایەتی شـێخ مەحمـوود بەرزنجـی لەژێـر ئـاڵای شـکۆمەندی ئینگلیـزدا دابمەزرێنـن کـە خـۆی بـە نوێنـەری ئینگلیـزەکان دەزانـی.

بـەڵام لەژێـر فشـاری تورکەکانـدا دوای ئـەوەی شـارەکەیان گرتـەوە و دەسـتیان بـە کاولـکاری و تۆڵەسـەندنەوەکرد، ئینگلیـزەکان کشـانەوە و تاکـو ئاگربەسـتی تشرینـی دووەم نەگەڕانـەوە شـوێنەکانیان. لـەو کاتـەدا مێجـەر نۆئێـل ڕەوانـەی شـوێنی ڕوداوەکـە کـرا بۆئـەوەی زانیـاری زیاتـر لەسـەر بارودۆخـی ناوچەکـە کۆبکاتـەوە کـە لەلایـەن ئارنۆڵـد ویڵسـن دەسـەڵاتی تـەواوی پێدرابـوو. بـە هـاوکاری ڕاوێژکارانـی بەریتانیـا، شـێخ مەحمـوود کـرا بـە حوکمـداری ناوچەکـە، بەرپرسـانی تـورک و عـەرەب لابـران و خەڵکـی ڕەسـەنی کوردسـتان جێیانگرتنـەوە. لـە ١ی کانوونـی دووەم لـە میانـی سـەردانی ویڵسـن بـۆ سـلێمانی، شـێخ مەحمـوود ئـەم نامەیـەی پێشـکەش کـرد کـە نزیکـەی چـل سـەرۆک عەشـیرەت واژوویـان لەسـەر کردبـوو:

دوای ئـەوەی حکومەتـی خـاوەن شـکۆی بەریتانیـا رایگەیانـد، نیازیان

لـە جەنـگ ڕزگارکردنـی گەلانـی ڕۆژهەڵاتـە لـە سـتەم و داپڵۆسـینی تورکـەکان و یارمەتیدانیانـە لـە دەسـتەبەرکردنی سـەربەخۆییدا، سـەرۆک عەشـیرەت و نوێنەرانـی خەڵکـی کوردسـتان داوا لـە حکومەتـی خـاوەن شـکۆ دەکـەن ئەمانیـش بخەنـە ژێـر پارێـزگاری بەریتانیـاوە و بیانخەنـە سـەر عێـراق بۆئـەوەی بێبـەش نەبـن لـە خێروبێـری ئـەو هاوکۆییـە. بـەو بۆنەیـەوە داوا لـە ئارنۆڵـد ویڵسـن، کۆمیسـیاری مەدەنـی بەریتانیـا لـە میزۆپۆتامیـا دەکـەن نوێنەرێکیـان بـۆ بنێرێـت کـە دەسـەڵاتی پێویسـتی هەبێـت بـۆ توانـادار کردنـی گەلـی کـورد تاکـو لەژێـر چاودێـری و سەرپەرشـتی بەریتانیـادا بتوانێـت ئاشـتیانە و بەپێـی بنەماکانـی شارسـتانی پێشـبکەوێت. ئەگـەر حکومەتـی بەریتانیـا دەسـتی یارمەتـی و پشـتگیریمان بـۆ درێـژ بـکات، ئێمـەش بەڵێـن دەدەیـن فەرمـان و بیروڕاکانـی حکومەتـی خـاوەن شـکۆ قبـوڵ بکەیـن.

ویڵسـن لـە نامەیەکـی فەرمیـدا بـۆی دەرکـەوت؛ هەمـوو هۆزەکانـی نێـوان زێـی گـەورە (زاب) و دیالـە، بـەدەر لـە هۆزەکانـی فـارس، کەوتوونەتـە ژێـر دەسـەڵاتی شـێخەوە. لـە کفـری و کەرکـووک هەندێـک ناڕەزایـی هەبـوون، بـەڵام لـە کۆتایـی مانگـی کانوونـی یەکەمـدا، مێجـەر نۆئێـل ڕاوێژکارەکانـی لـە هەمـوو شـوێنێکی کوردسـتان وەک ڕەوانـدز، کۆیـە، ڕانیە...هتـد، دانـا.

لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی ١٩١٩ داگیرکردنـی کوردسـتان بـەردەوام بـوو: شـارەکانی زاخـۆ و دهـۆک و ئامێـدی داگیرکـران، بـەڵام شـێخ مەحموود لـەوە زیاتـری دەویسـت. خەونـی بـە دەوڵەتێکـی یەکگرتـووی سـەربەخۆ

لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیادا دەبینی، لەم بارەیەوە ویڵسن لە لاپەڕە ١٣٠ی پەرتوکەکەیدا دەڵێت ئەمە شایەنی ڕەچاوکردن بوو، چونکە "ئەگەر ئەوە جێبەجێ بکرایە، ئەرکی پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەرەبی بەو سێ ویلایەتەی ئاسانتر دەکرد".

لەڕاستیدا، بیرۆکەی کوردستانێکی سەربەخۆ لەژێر پارێزگاری بەریتانیا نوێ نەبوو. پێشتر لە مانگی تەمووزی ١٩١٨سەرۆکی یەکێک لە هۆزەکانی موکریانی لە مەهاباد، پێشنیازی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا پێشکەش بە کۆلۆنێل کینیۆن کردبوو، تاکو وەک دەوڵەتێکی بێلایەن لە نێوان دەوڵەتی ئەرمەنستان و دەوڵەتی عەرەبیدا خزمەت بکات. هەروەها لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ لە لەندەن ژەنەڕاڵ شەریف پاشا هەمان داواکاری پێشکەش بە ژەنەڕاڵ پێرسی کۆکس[٤٧] کردبوو.

لەو نێوەندەدا شێخ مەحموود توانی تەنیا نیوەی ئینگلیز و کورد و کاربەدەستانی ئیداری لە خۆی ڕازی بکات. مێجەر نۆئێل بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر بەنێو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا دەستی بە گەڕان کرد و مێجەر سۆن شوێنی گرتەوە، سۆن زوو درکی بە ناڕازایەتی و جموجۆلی نائاسایی خەڵک لە ناو شاردا کرد. بیریان لە چەند گۆڕانکارییەک دەکردەوە. ئایا شێخ مەحموود ئاگاداری ئەم بارودۆخە بوو؟ شێخ لە ٢٢ی مایسی ١٩١٩دا سوپایەکی ٣٠٠ کەسی لە

(٤٧) پێرسی کۆکس ئەفسەری سوپای بەریتانیا لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٨٦٤ لەدایکبووە. یەکێکە لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی دروستکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمرۆیە. هەروەها ڕۆڵێکی کاریگەری لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق هەبوو. لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کرد.

دەرەوەی سنووری ئێران کۆکردەوە و هێرشی کردە سەر شاری سلێمانی و بەشێک لە ئەفسەرانی ئینگلیزی بە دیل گرت، دواتر خۆی بە پاشای کوردستان ناساند. ئەمە بۆ ئینگلیزەکان ڕووداوێکی زۆر گەورە بوو و بڕیاری سزایەکی توندی شێخیان دا. زۆری پێنەچوو ئینگلیز لە ١٧ی حوزەیران، هێزێکی چەکداری گەورەی بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ فرایزەر ڕەوانەی ناوچەکە کرد و لە دەربەندی بازیان جێگیر کرا. ڕۆژی دواتر لە ١٨ی حوزەیران هێرشیان کردە سەر سوپای شێخ، لە شەڕەکەدا شێخ بریندار دەبێت و بەدیلی کەوتە دەست ئینگلیز. ئینگلیزەکان ١٩ی مانگ چوونە ناو شاری سلێمانی. نزیکەی شەش هەفتەی خایاند تاکو توانرا هەموو ئەو یاخیبووانە لە ناوببەن کە لەنێو چیاکاندا بڵاوببوونەوە. شێخ مەحموود گواسترایەوە بەغدا و سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا، دواتر بەهۆی ئەو مامەڵە باشەی لەگەڵ ئەفسەر و دیلەکانی ئینگلیزدا کردبووی، سزاکەی گۆڕدرا بە دوورخستنەوەی بۆ هیندستان.

نووسینگەی هیندستان لە ٢٤ی ئاب لە بروسکەیەکدا داوای لە ویڵسن کرد: "لە هەلومەرجی ئێستادا باشتر نەدەبوو ئەفسەرە سیاسییەکانمان بکشێنینەوە... و کورد بۆ پلانەکانی جێبهێڵین"؟ ڕاستە بارودۆخ لە باکوور تادەهات ئاڵۆزتر دەبوو، لە مانگی نیسان کاپتن پیرسۆن لە بۆسەیەکی نامەردانەدا لەلایەن عەشیرەتی گۆیان[٤٨] لە

---

(٤٨) لێرە نووسەر لە بری عەشیرەتی گۆیان ناوی عەشیرەتی گۆران دەهێنێت، بەڵام دوای بەدواداچوونمان بۆ ڕاستی ناوەکە، دەرکەوت ئەمە عەشیرەتی گۆیانە. لە لاپەڕە ٦٢ی (ڕاپۆرتی پێداچوونەوەی کارگێڕیی مەدەنی میزۆپۆتامیا) کە لەلایەن خاتوو گێرترود ل. بێل، جێگری کۆمیسیاری مەدەنی بەریتانیا لە عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ بۆ خاوەن شکۆی

باکووری زاخـۆ کـوژرا و لـە ١٤ی تەمـووز کاپتن ویلـی لـە ئامێـدی تیرۆرکـرا. دواتـر سـوپایەک بـەرەو ئامێـدی و نێـو بەرواریـیـەکان نێـردرا و سـەرکردە تاوانبـارەکان لەنێوبـردران.

**وەڵامی ویڵسن بۆ بروسکەی نووسینگەی هیندستان:**

ڕووداوەکانـی ئـەم دواییـە بـە هیـچ شـێوەیەک تێڕوانینـی منیـان سـەبارەت بـە پێویسـتی جێبەجێکردنـی ئـەو سیاسـەتە نەگۆڕێـوە کـە لـە ٩ی ئایـار لەلایـەن حکومەتـی شـێخ مەحمـوودەوە بـۆ دەوڵەتـی سـەربەخۆی کـورد پەسـەندکرا، بـەڵام ڕادە و شـێوازی کۆنترۆڵکردنەکـە دەبێـت بـە پێویسـتییەکانی وڵات و ڕەچاوکردنـی ستراتیجـی پەیوەسـت بێـت. دەبێت تاڕادەیەک کۆنترۆڵکردنەکە لە دەوروبەری شـاری سلێمانی توندتـر بێـت، ئەمـەش بەهـۆی هەڵکەوتـە جوگرافـی و ستراتیجییەکـەی و بەهـۆی بەپیتـی ناوچەکـە و خواسـتی زۆری دانیشـتوان بـۆ سـوود وەرگرتـن لـە داهاتـی زەوییـەکان کـە تاڕادەیەکـی زۆر لە دەسـت خاوەن

---

بەریتانیا ئامادەکرابوو، بە وردی بەم شێوەیە باسی ڕووداوەکە دەکات: عەشیرەتی گۆیان، عەشیرەتێکی لاسار و ئاژاوەچییە و بەزۆری دەکەوێتە دەرەوەی سنووری کارگێڕیی ئێمە لە باکووری زاخۆ. لە هەفتەی یەکەمی مانگی نیساندا، کاپتن پیرسۆن یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە زاخۆ، سەردانێکی ئەم عەشیرەتەی کرد بۆ گێرانەوەی ئاسایش و ئارامی و سەروبەرگرتنی کاروباری سەلامەتی و پاراستنی گوندە کریستیانەکان لە داهاتوودا. لەڕاستیدا ئەو بە یاوەری هەندێک لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی گۆیان ڕۆیشتبوو، بەڵام بۆسەیەکی نامەردانەی بۆ دانرابوو و لەکاتی ڕۆیشتندا کوژرابوو، لە بارودۆخێکدا سەبارەت بە پیلان و ناپاکیی هەندێک لە هاوەڵەکانی گومانێکی زۆری نەهێشتبووەوە.

Miss Gertrude L. Bell, Review of the Civil Administration of Mesopotamia, London, 1920.

تایبەتەکاندانــە، بــەو پێیــەی خاکێکــە توانــای گەشەســەندنی فراوانــی هەیــە و ناوچەکــە ناوەنــدی پیشەســازی تووتنــە و بــە بەخێوکردنــی ئــاژەڵ و چــڕی دارســتان دەوڵەمەنــدە. (لاپــەڕە ١٤٤، میزۆپۆتامیــا)

نەدەبــوو ئــەم ســاڵە بــەم شــێوەیە کۆتایــی پێبێــت. لــە مانگــی تشرینــی یەکــەم کۆلۆنێــل بیل بە مەبەســتی ئاشــتکردنەوەی ســەرۆکەکانی عەشــیرەتی زێبــاری بــەرەو ئاکــرێ بەڕێکــەوت، لــە ١ی تشرینــی دووەمــدا لــە میانــی پەڕینــەوەی لــە زێــی گــەورە لــە کەمینێکــدا خــۆی و کاپتن ســکۆت کــوژران. پاشــان زێبــاری و بارزانییــەکان دەســتیان بەســەر شــاری ئاکرێــدا گــرت و تاڵانیــان کــرد. کاپتن کیــرک کــە ئــەوکات لــە باتــاس بــوو، ماڵــی ســەرۆک هۆزەکانــی ســووتاند بەبــێ ئــەوەی زیــان بــە گوندنشــینان بگەینێــت. دوای ئــەم ڕووداوانــە ئینگلیــزەکان شــاری ئامێــدی و ناوچــەی زێبــار و ڕواندوزیــان لــە کوردســتان بەجێهێشــت. بــەڵام ویڵســن لــە ١٥ی تشرینــی دووەم لــە بروســکەیەکیدا دەنووســێت:

> شــیعەکان ڕەزامەنــدی لەســەر حکومەتێکــی عەرەبــی زۆرینــە ســوننە مەزهــەب دەدەن، بــەڵام دڵنیــام کــورد پەســەندی نــاکات. لــەم هەلومەرجــەدا، تــا ســنووری باکــووری عێــراق جێگیــر نەکرێــت، مەحاڵــە دەوڵەتێکــی ســەربەخۆی کــوردی دروســت بکرێــت و ناتوانیــن دڵنیایــی تــەواو بــە ســەرۆکی ئــەو دەوڵەتــە بدەیــن و هانــی بدەیــن بۆئــەوەی سیاســەتی خۆمــان پەیــڕەو بــکات. (لاپــەڕە ٣١٤، میزۆپۆتامیــا)

لــە ١١ی ئــاداری ســاڵی ١٩٢٠ فەیســەڵ لــە دیمەشــق بــە پاشــای ســوریا ناســێندرا و هەروەهــا عەبدوئــیلا کــرا بــە میــری عێــراق.

لـە ١ی ئایـار لـە سـان ڕیمـۆ، بەریتانیـا ماندێتـی عێـراق و فەلەسـتینی پەسـەند کـرد و سـوریاش کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی فەڕەنسـا.

لـە مانگـی حوزەیـران، ویڵسـن گەشـتێکی بـۆ مووسـڵ و کەرکـووک و سـلێمانی ئەنجامـدا و بـۆی دەرکـەوت: "هەمـوو ڕاپۆرتـەکان ئـەوە نیشـان دەدەن کـە کـورد بێدەنـگ و بـێ هاوسـۆزییە و هەروەهـا تێگەیشـتنێکی کەمـی لەسـەر داواکارییـە نەتەوەییـەکان هەیـە". (لاپـەڕە ٢٥٩، میزۆپۆتامیـا)

مەلیـک فەیسـەڵ لـە سـوریا لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە هانـدەدرا، تاکـو لـەدژی فەڕەنسـییەکان بجووڵێتـەوە، ویڵسـن چەندیـن جار دان بەم ڕاسـتییە دەنێـت. دواتـر فەڕەنسـییەکان کـە بەمەیـان زانـی، شـەڕێکی قـورس لـە مەیسـەلون ڕوویدا، دەرئەنجام سـوپای شاهانەی شـەریفییەکان شکا، لە ٢٥ی تەمـووزدا دیمەشـق و حەلەبیـان داگیرکـرد، دواتـر شـکانی یەکجـاری مەلیک فەیسـەڵیان ڕاگەیانـد کـە لەگـەڵ هەمـوو کابینـەی حکومەتەکـەی هەڵهـات.

لـە ١٠ی ئابـدا، پەیماننامـەی سیڤەر واژووکـرا کـە دانـی بـە مافـی کـورد بـۆ سـەربەخۆیی دانـا بـە لەبەرچاوگرتنـی بەسـتنەوەی کوردانـی عێـراق بـەم دەوڵەتە نوێیـەوە.[٤٩]

کێشـەکان دەسـتبەجێ سـەریان هەڵدایـەوە: لـە ١٢ی ئابـدا لـە ڕەوانـدز، هێـرش کرایـە سـەر کاپتن هـای، لـە ٣ی ئەیلـوول دەبوایـە کاپتن کیـرک شـاری کۆیـە جێبهێڵێـت. لـە ٨ی ئەیلـوول، خورشـید ئاغـا و ئەحمـەد ئەفەنـدی دەسـەڵاتی شـاری هەولێریـان گرتـە دەسـت و بـە ویڵسـنیان ڕاگەیانـد بـە دوو مـەرج، ئامـادەن پارێـزگاری لـەو دەسـەڵاتە بکـەن و ئیـدارەی مەدەنـی

(٤٩) بڕوانە بەشی دووەم، کورد لەنێو پەیماننامەکانی ئاشتیدا، لاپەڕە ٣٣.

شار قبوڵ دەکەن: "یەکەم، دڵنیاییمان پێ بدەن کە ڕێگە بە گەڕانەوەی تورک نادەن و ناهێڵن عەرەب حوکمڕانی ئێمەی کورد بکات. دووەم، دەستبەجێ هێز بۆ هەولێر بنێرن بۆئەوەی نیشانی ئاژاوەگێڕان بدەن کە دەستی حکومەتی بەریتانیا هێشتا درێژ و بەهێزە". (لاپەڕە ٢٨٧-٢٨٨، میزۆپۆتامیا)

ویڵسن دەپرسێت، چۆن وەڵامی ئەمە بدەینەوە؟ لە ١٤ی ئەیلوولدا بۆ دڵخۆشی لایەنگرانمان، سەربازەکانمان گەیشتنە هەولێر.

بارودۆخی سلێمانی لەژێر کۆنترۆلی مێجەر سۆن ئارام بوو، بەڵام لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولدا، سورچییەکان هێرشیان کردە سەر کەمپێکی ئاشوورییەکان لە ئاکرێ و توشی شکستێکی خوێناوی و زیانی گیانی زۆر بوونەوە. بەجۆرێک، ڕادەی زیان و ژمارەی کوژراوانیان زیاتر بوون لە زیانەکانی کوردانی باکوور کە بەهۆی هەموو ئەو هێرشانەی لەلایەن هێزەکانی ئاساییەوە لە نێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٠دا تووشی ببوون.

ویڵسن عێراقی بەرەو کەنداوی فارس جێهێشت و پێرسی کۆکس وەک ڕێپێدراوی باڵای بەریتانیا شوێنی گرتەوە. سەرەتا پێویست بوو خۆی لەگەڵ کورد یەکلایی بکاتەوە، لەم بارەیەوە لە ڕاپۆرتی کارگێڕی عێراقدا لە تشرینی ١٩٢٠ و ئاداری ١٩٢٢ دەنووسێت:

پلانی دابەشکردنی عێراق بەسەر ١٠ لیوا و ٣٥ قەزا و ٨٥ ناحیە کە زۆر نزیکە لە ڕێکخستنی کارگێڕی کۆنی تورکەکان لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠ داڕێژرا و پەسەندکرا و سەبارەت بە ناوچە کوردنشینەکان بە هەندێک تێبینییەوە ڕەزامەندی خۆمم لەسەری

داوە، بـەڵام ئەنجومـەن ئـەو تێبینییانـەی لەبیـر کردبـوون کـە لـە پەیماننامـەی سیڤەردا دەستنیشـان کـراون. ئەنجومـەن لەسـەر هەمـان بنەمـای بەشـەکانی تـری عێـراق، مامەڵـەی لەگـەڵ پرسـەکەدا کردبـوو.

**سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردن لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت:**

ئـەم پلانـە ڕەچـاوی دەسـکەوتەکانی کۆمەڵگـەی کـوردی نەکـردووە کـە بەپێـی پەیمانـی سـیڤەر ئـەو مافەیان هەبـوو. بەپێـی ئـەو بڕیارانەی لـە کۆنفرانسـی قاهیـرە دراون و لەگـەڵ گەڕانـەوەم لـەم کۆنفرانسـەدا، دەسـتم کـرد بـە دیـاری کردنـی خواسـتی کوردەکانـی ئـەو ناوچانـەی لەژێـر ماندێتـی ئینگلیـز و عێراقـی نوێـدان. لـە ٦ی ئایـاری ١٩٢١دا، بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی زانیـاری زیاتـر، لەڕێگـەی ڕاوێژکارانمـەوە نامەیەکـم نـاردە مووسـڵ و کەرکـووک و سـلێمانی. بەپێـی ئـەو زانیارییانـەی بەدەسـتم گەیـشتن، بـۆم دەرکـەوت بۆچوونەکانـی کـورد لـەو ناوچانـەدا دابـەش بوونـە و ترسـی هەیـە لـەوەی بەغـدا دەسـت بەسـەر ئابـووری و پیشەسـازی وڵاتـدا بگرێـت. هەروەهـا کـورد پێی وایە لـەم وڵاتـەدا پەراوێـز دەخرێـت. بۆیـە هەرێمـی سـلێمانی بڕیاریـداوە بەشـداری لـە هەڵبژاردنـی شـای عێـراق نـەکات. هەروەهـا لـە کەرکووک کاندیدبوونـی فەیسـەڵ بـە تـەواوی ڕەتکراوەتـەوە، چونکـە لە شـارەکەدا کـورد داوای حکومەتێکـی خۆجێـی کـوردی دەکات. دواجـار داواکارییەکم پێشـکەش کـرا، کـە تێیـدا لایەنـەکان داوای یـەک سـاڵ مۆڵەتیـان کردبوو، بەرلـەوەی بڕیـاری کۆتایـی بدرێـت. بـە ئامادەبوونـی نوێنەرانـی هەمـوو پێکهاتـەکان و شـاندی هەمـوو لیـواکان جگـە لـە سـلێمانی و کەرکـووک

ئەمیر فەیسەڵم وەک پاشای عێراق ڕاگەیاند. دەستبەجێ لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە بۆ حکومەتی مەلیک فەیسەڵ دانپێدانانی خاوەن شکۆم ڕاگەیاند. کەمالیستەکانیش زەحمەتی زۆریان لە بەرامبەر کوردەکان چەشت. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢١، بۆ ملکەچکردنی عەشیرەتی هەڤێرکی ناچار بوون هەنگاو بنێن، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢١دا بە هێزێکی تۆکمەوە هێرشیان کردە سەر شڕنەخ. زۆرینەی ئەم هێزە لە عەشیرەتە شەڕکەرەکانی ناوچەکە پێکهاتبوو کە لەگەڵ عەبدولڕەحمان ئاغا، شێخی شڕنەخ لە جەنگدا بوون کە لە دوای ئاگربەستی جەنگی جیهانییەوە بە کردەوە سەربەخۆ ببوو. هەر لەبەرئەمەش بوو لە دروستکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانیادا هیچ کێشەیەکی نەبوو و لەگەڵ گەیشتنی مەلیک فەیسەڵ، خۆی و سەرۆک عەشیرەتەکانی دیکەی کورد ئامادەیی خۆیان بۆ ناساندنی فەیسەڵ وەک پاشای عێراق دەربڕی و داوای پێکهێنانی پارێزگایەکیان لە ناو دەوڵەتی عێراقدا کرد بە مەرجێک خاوەنی خۆسەرییەکی ناوخۆیی بێت. سلێمانی بە تەواوی هەموو جۆرە بەشداریکردنێکی لە حکومەتی عێراقدا ڕەتکردەوە.

بەم شێوەیە، سەرەڕای ئامادەنەبوونی تەواوی لیواکانی کورد، ئینگلیزەکان ڕایانگەیاند ٩٧٪ی دەنگدەران لە بەرژەوەندی مەلیک فەیسەڵ دەنگیان داوە، سەرەنجام لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١ بە شکۆدارییەوە تاجی پاشایەتی لەسەرنا.

لـە مانگـی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٢٢دا ڕێگـە بـە شـێخ مەحمـوود درا بگەڕێتـەوە سـلێمانی. لـە مانگـی تشرینـی یەکەمـدا خـۆی بـە حوکمـدار و پاشـای باشـووری کوردسـتان ناسـاند، پوولـی پۆسـتە و باجـی دەرکـرد کـە وێنـەی دوو خەنجـەری لەسـەر کـێشرا بـوو، ڕۆژنامـەی ڕۆژی کوردسـتانی دەرکـرد کـە دوای ڕۆیشـتنی ناوەکـەی گـۆڕا بـۆ دەنگـی حـەق. نـاوی وەزیرەکانـی حکومەتەکـەی ڕاگەیانـد: شـێخ قـادر بەرزنجـی، بـرای، سـەرۆک وەزیـران، عەبدولکەریـم عەلەکـە کـە بـە ڕەچەڵـەک مەسـیحی بـوو، کـرا بـە وەزیـری دارایـی، حـاج مسـتەفا پاشـا وەزیـری پـەروەردە و ڕۆشـنبیری و سـاڵح زەکـی بـەگ فەرمانـدەی گشـتی ئاسـیای نیشـتمانی بـوو. زۆرجـار لـە شـوێنەکانی دیکـە تیمـی وەزاریمان بینیـوە کـە شـایەنی ئـەو تیمـە نەبـوون.

بـەڵام زۆری نەخایانـد ناکۆکـی کەوتـە نێـوان مەلیـک مەحمـوود و پارێـزەرە ئینگلیزەکانـی. لـە ٣ی ئـاداری سـاڵی ١٩٢٣ هێـزی ئاسمانـی خاوەن شـکۆ هێرشـی کـردە سـەر شـێخ مەحمـوود و بـە بۆمبـی ٢٥٠ کیلۆگرامـی بـە سـەختی پێگەکانـی لـە سـلێمانی بۆردومـان کـرد و شـێخی ناچـار کـرد بـەرەو شـاری سەردەشـت بـڕوات. لـە مانگـی تەمـووزدا گەڕایـەوە سـلێمانی. ئەمجارەیـان ویسـتی هەژموونـی خـۆی لـە ناوچەکـەدا فـراوانتر بـکات، بەڵام هێرشـە نوێیەکانـی ١٦ی ئـاب و ٢٥ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٣ و ٢٤ی ئایاری ١٩٢٤ ناچاریـان کـرد پەنـا بـۆ پێنجوێـن ببات و تا سـاڵی ١٩٣٠ لـەوێ مایەوە.

کاپتن کلارک کـە ڕاوێـژکاری شـێخ مەحمـوود بـوو، بـۆ ڕازیکردنـی شـێخ ڕاسـپێردرا تاکـو حکومەتـی عێراقـی قبـوڵ بـکات، بـۆ ڕازیکردنـی

چەندین ڕووداوی[٥٠] بۆ باسکرد کە لە کاتی بۆردومانەکانی سلێمانیدا ڕوویاندابوو. لە هێرشەکاندا دوو ئەفسەری فڕۆکەوانی بەریتانیا بە برینداری کەوتنە دەستی هێزەکانی شێخ. شێخ مەحموود بە باشترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ کردن و چارەسەری کردن، هەروەها بانگهێشتی پزیشکێکی ئینگلیزی کرد و بەڵێنی دا ئەگەر باری تەندروستییان پێویست بەوە بکات، ئازادیان دەکات. کاتێکیش زانی ئەفسەرێکی دیکە لەکاتی بەریەککەوتندا گیانی لەدەست داوە، لە نامەیەکیدا داوای لێبوردنی کرد. لە کاتی چا خواردنەوەدا شەڕەکەیان ڕاگرت بۆئەوەی نەریتی هێرشبەرەکان تێکنەچێت. جگە لەوەش، کلارک لەکاتی جێهێشتنی شارەکەدا، ماڵەکەی داخستوو و کلیلەکەی ڕادەستی شێخ مەحموود کرد، سەرەڕای ئەو بۆردومانە سەختەی کە تەواوی شارەکەی خاپوور کردبوو، هەروەک چۆن شێخ بەڵێنی پاراستنی پێدابوو، لە کاتی گەڕانەوەی هەموو کەلوپەلەکانی وەک خۆ بینییەوە. لە کۆتاییدا کلارک گوتی: "ئەمە چ شەڕێکی گاڵتەجاڕانەیە، ئەم شێخ مەحموودە چ پیاوێکە"! هەروەها ژەنەڕاڵ ماک دۆنالد لەکاتی گەشتەکەی بۆ پشکنینی ناوچەکە تێبینی ئەوەی کردبوو و دەیگوت: "هەمیشە شەڕی کوردم پێبسپێرن، نەک شەڕی دەروێشی هەڵەشە و سەرشێت"!

(٥٠) لە کتێبی هامیلتۆن، چاپی پێنجەم، بەشی دوانزدەهەم، لاپەڕە ١٥٣-١٦٠ باسی ڕووداوەکان کراوە.

## ٤- پارچە کاغەزی بچووک و وتاری بریقەدار

بەرلـەوەی زیاتـر بچینـە پێشـەوە، بـا سـەرەتا چەنـد دەقێکـی فەرمـی بخەینــە بەرچــاوی خوێنەرانمــان کــە پێگــەی یاســایی کــورد لــە عێــراق نیشـاندەدەن. دواتـر واقیـع و دەقـەکان بـەراورد دەکەیـن بۆئـەوەی بزانیـن ئـەو فەرمانبـەرە حکومییـە عێراقیانـەی هەموویـان لـە تورکیـا خوێندوویانـە و فێـری ئـەو وانەیـە بوونـە کـە هەرگیـز بـە واژووکردنـی پارچـە کاغەزێـک هیـچ شـتێک لەدەسـت نـادەن. ئەمـە شـێواز و پرۆسـەیەکە بـۆ قایلکردنـی کەسـی بێهەڵوێسـت کـە بـە هیـچ شـێوەیەک ڕێگـر نابێـت لـە ئەنجامدانـی ئـەو کارەی دەیانەوێـت.

لێــرەدا بەیاننامەیەکــی فەرمــی دەخەینــەڕوو کــە لــە ٢٤ی کانوونــی یەکەمــی ١٩٢٢دا لــە بەغــدا بەنــاوی حکومەتــی شــێخ مەحمــوودەوە نـووسراوە. بەیاننامەکـە لـە لاپـەڕە ٢٥٦ی ڕاپۆرتـی تایبـەت بـە پێشـکەوتنی عێـراق لـە نێوان سـاڵانی ١٩٢٠-١٩٢١دا پێشـکەش بە کۆمەڵەی گـەلان کراوە:

حکومەتــی خــاوەن شــکۆی بەریتانیــا و حکومەتــی عێــراق دان بــە مافەکانــی کوردانــی نیشــتەجێی نــاو ســنوورەکانی عێراقــدا دەنێــن بــۆ دامەزراندنــی حکومەتێکــی کــوردی لــە چوارچێــوەی ئــەو ســنوورانەدا. هــەردوو حکومــەت خوازیــارن لایەنــە جیاوازەکانــی کــورد، بــە زووتریــن کات، لــە نێــوان خۆیانــدا بگەنــە ڕێککەوتنێــک لەبــارەی فــۆرم و پێکهاتــە و ســنوورەکانی ئــەو حکومەتــەی دەیانەوێــت. بــۆ ئــەم مەبەســتە چەنــد نوێنەرێکــی بەرپرســیار دەنێــرن بــۆ تاوتوێکردنــی پەیوەندییــە ئابــووری و سیاســییەکان

لەگـەڵ حکومەتــی خــاوەن شــکۆی بەریتانیــا و حکومەتــی عێــراق.

لێـرەدا بڕیارێکـی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی عێـراق دەخەینـەڕوو کـە لـە ڕێکەوتـی ١١ی تەمـووزی ١٩٢٣ دراوە. بڕیارەکـەی زۆر ڕوون و پوختـە:

حکومەتـی عێـراق، بـەدەر لـە فەرمانبەرانـی تەکنیکـی، نیـازی ئەوەی نییــە فەرمانبەرانــی عــەرەب لــە ناوچــە کوردییــەکان دابمەزرێنێــت. هەروەهــا نیــازی نییــە دانیشــتوانی ناوچــە کوردییــەکان لــە نــووسراوە فەرمییەکانیانـدا ناچـار بـە بەکارهێنانـی زمانـی عەرەبـی بـکات. مافـی دانیشـتوان و پێکهاتـە مەدەنـی و ئاینییەکانـی ناوچـە کوردییـەکان وەک خـۆی دەپارێزرێـت.

پەیمانــی لــۆزان بــە قەڵەمێــک پەیمانــی ســیڤەری هەڵوەشــاندەوە و بـەو هۆیـەوە هیـوای ئەرمـەن و کوردەکانـی بـۆ سـەربەخۆیی لەگۆڕنـا، لـە مـادەی ٣یـدا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی مووسـڵ داوای ناوبژیوانـی کۆمەڵـەی گەلانـی کـرد. کۆمەڵـەی گـەلان لـە دانیشـتنی ٣٠ی ئەیلوولـی ١٩٢٤دا، بـۆ ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوە  و بەدەسـت خسـتنی زانیـاری زیاتـر لەســەر ناوچەکــە بــە ســەرۆکایەتی کۆنــت تێلێکــی لێژنەیەکــی ڕاســپارد. لێـرەدا ئەمـە دەخەینـەڕوو کـە لـە لاپـەڕە ٥٧ی ڕاپۆرتـی لێژنـەی لێکۆڵینـەوە (سـی ٤٠٠ – میـم ١٤٧ – ١٩٢٥)دا هاتــووە:

ئەگـەر بـە ئەنجامێک لـە ئارگومێنتـی نەتەوەیی دەربچێت، پێویسـتە داکۆکــی لــە دروســتکردنی دەوڵەتــی ســەربەخۆی کــوردی بکرێــت، چونکـە کـورد پێنـج لەسـەر هەشـتی دانیشـتوانی ناوچەکـە پێکدەهێنـن. ئەگـەر چارەسـەرێکی لـەو شـێوەیە لەبەرچـاو بگیرێـت، جێـی خۆیەتـی

ئێزیدییـەکان، کـە کـوردی بـە ئاییـن زەردەشـتین و ئـەو تورکانـەی بـە کوردکـراون بـۆ ژمـارەی پێشـوو زیـاد بکرێـن. لـە هەڵسـەنگاندنێکی وادا، ئـەوکات کـورد حـەوت لەسـەر هەشـتی دانیشـتوانەکەی پێکدەهێنـن. بۆیـە ئـەو ئامـار و نەخشـانەی پێـشتر لەلایـەن دوو لایەنـی بـاڵاوە خراونەتـەڕوو نـادروستن.

لـە ٣٧ەمیـن دانیشـتنی خۆیـدا، ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە ١٦ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٥ بڕیاریـدا، ویلایەتـی مووسـڵ بـە عێراقـەوە بلکێنرێـت و بـۆ مـاوەی ٢٥ سـاڵ لەژێـر ماندێتـی بەریتانیـادا بمێنێتـەوە. هەروەهـا ئامـاژەی بـەم خاڵـەش کـرد:

پێویسـتە خواسـتەکانی گەلـی کـورد لەبەرچـاو بگیرێـن کـە داوای دامەزراندنـی فەرمانبەرانی کورد لـە دامودەزگاکانی حکومەت وەک دادگا و قوتابخانـەکان دەکـەن و زمانـی فەرمـی دامـودەزگاکان کـوردی بێـت.

بـەم بڕیـارە نێودەوڵەتییـە، حکومەتـی بەغـدا چـیتر هەسـت بـە ئاسـودەیی نـاکات و دەسـت دەکات بـە وتـاردان و دەرکردنـی نـووسراو.

**سەرەتا وتار و نووسراوی سەرۆک وەزیران لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦:**

وەک خـۆی مافەکانـی کـورد دەسـتەبەردەکەین. فەرمانبەرانـی حکومـی لـە نەتـەوەی کـورد دەبـن. زمانـی کـوردی دەبێتـە زمانـی فەرمـی و منداڵەکانیـان لـە قوتابخانەکانـدا بـە زمانـی کـوردی دەخوێنـن. پێویسـتە لەسـەر ئێمـە دان بـە مافەکانـی کـورددا بنێیـن.

نووسراوێکی دیکەی سەرۆک وەزیران ڕێنمایی بە سەرجەم وەزیرەکان دەدات:

بێگومان جەنابی خاوەن شکۆ وتاری سەرۆک وەزیرانی خوێندووەتەوە و لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە ڕۆژنامە بڵاوی کردەوە. ئەم وتارە ئەو سیاسەتە دەخاتەڕوو کە حکومەت پەیڕەوی دەکات و دەیەوێت لە بەڕێوەبردنی زۆنی کوردیدا جێبەجێی بکات، واتە فەرمانبەرانی حکومی لە نەتەوەی کورد دەبن و زمانی فەرمی کوردی دەبێت.

بۆیە جەنابی خاوەن شکۆ داوام لێدەکات، داوا لە ئێوەی بەڕێز بکەم کە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە بدەن و هەموو تواناکانتان بخەنەگەڕ بۆ دامەزراوەکانی ئەو ناوچەیەی باسی لێوە کراوە.

**فەرمانی وەزیری ناوخۆ لە بەغدا بۆ موتەسەریفی مووسڵ، ژمارە ٢.٢٩٥ لە ١٨ی شوباتی ١٩٢٦:**

**بابەت: ناوچە کوردنشینەکان**

کۆپییەک لە وتاری بەڕێز سەرۆک وەزیران کە لە پەرلەمان پێشکەشی کردووە بۆتان دەنێرین. باسی سیاسەتی حکومەت لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەکات. بە وردی بیخوێنەوە و ئەم سیاسەتە وەک دەستوور لەبەرچاو بگرە کە وەک بنەمایەک بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێک بەکاردێت.

**وتاری سەرۆک وەزیران لە پەرلەمانی عێراق لە ٢٦ی شوباتی ساڵی ١٩٢٦:**

هەمووومان دەزانین حکومەت لە یاساکانیدا سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد و پێکهاتە ناموسڵمانەکان دیاریکردووە. حکومەت پێیوایە گەلانی

باکوور و بە تایبەتی کوردەکان مافە سروشتییەکانیان بەدەست دەهێنن و ڕازین لە بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکانی خۆیاندا. هەموومان لەسەر ئەم ڕاستییە هاوڕاین، هەروەک چۆن ئەنجومەنی دەستووریش پێش ناردنی بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان دانی بە ئیدارەی ئێستادا ناوە. بڕگەکانی مادەی ٣ لەگەڵ خواستەکانی وڵاتدا یەکدەگرنەوە.

ئەم میللەتە ناتوانێت بەبێ بەدەستهێنانی مافە تایبەتەکانی بەردەوام بێت. هەموومان هاوڕاین لەسەر ئەوەی حکومەتی تورکیا هەڵوەشایەوە و دابەش بوو، چونکە دانی بە مافی بوونی گەلاندا نەدەنا و ڕێگری لە گەشەکردنیان دەکرد. ئەمە وانەیەکی باشە بۆ ئێمە و پێویستە پەندی لێ وەربگرین. نابێت درێژە بە سیاسەتی حکومەتی پێشوو، واتە تورکەکان بدەین؛ وەک خۆی مافەکانی کورد دەدەین، خۆیان سەرپشک دەبن لە دیاری کردنی فەرمانبەرەکانیان، زمانی کوردی دەبێتە زمانی فەرمییان و هەروەها منداڵەکانیان لە قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی دەخوێنن. (چەپڵە لێدان)

ئەرکی ئێمەیە بە بێلایەنی و بە دادپەروەرییەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان، مووسڵمان و غەیرە مووسڵمان، بکەین و داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەین.

ئەگەر دوای ئەم هەموو قسە خۆشانە کوردەکان ڕازی نەبوون، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە سیفەتێکی خراپیان هەیە، مەگەر ئەمانە تەنیا بەڵێنی بریقەدار بن و بەس!

## ٥- لەژێر فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئینگلیزدا

ئینگلیـزەکان مرۆڤـی کرداریـن. زۆری نەخایانـد درکیـان بـەوە کـرد کـە عێـراق وڵاتێکـی بـێ ئیدارەیـە و ماندێـت سـەرچاوەی کێشـەی بەردەوامیانە. بـە واژووکردنـی پەیماننامەیـەک لەگـەڵ عێـراق بەرژەوەندییـە سیاسـی و ئابـووری و ستراتیژییەکانیـان پارێزراوتـر دەبـن و لـەو بارگرانییـە ڕزگاریـان دەبێـت، هەروەهـا سـوودێکی زۆریـان پێـدەگات و لـە بەرامبەریشـدا هیـچ زیانێـک ناکـەن. هـەر لـە شـوباتی سـاڵی ١٩٢٩دا سـێر جـۆرج کلایتـۆن حکومەتـی عێراقـی ئـاگادار کـردەوە کـەوا حکومەتـی خـاوەن شـکۆ ئامادەیە پشـتگیری لـە هاتنـی عێـراق بـۆ نـاو کۆمەڵـەی گـەلان بـکات. لـە مانگـی تشرینـی دووەم، لـۆرد پاسـفیڵد لـە جنێـڤ یاداشـتێکی ئەوەنـدە گەشـبینی پێشـکەش بـە ئامادەبـووان کـرد کـە پییـر ئۆرتـس، ڕاپۆرتـدەری کۆمیسـیۆنی ماندێتـەکان، بـە تـەواوی سـەری سـوڕما بـوو. تـەواو کردنـی کارێکـی لـەو شـێوەیە لـە مـاوەی کـەمتر لـە پێنـج ساڵدا تواناکانـی بەریتانیـا دەردەخـات کـە پێـشتر شـارەزایانی کۆمەڵـەی گـەلان بـۆ دەربازبـوون لێـی بـە بیسـت و پێنـج سـاڵ مەزەندەیـان دەکـرد.

لـە مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٣٠ پەیماننامـەی ئینگلیـز و عێـراق واژووکـرا و بەرپرسـیارێتی پاراسـتنی ناوخـۆ و بەرگریکـردن لـە خـۆ لەبەرامبـەر هـەر هێرشـێکی دەرەکـی خسـتە سـەر شـانی پاشـای عێـراق. بـە شـێوەیەکی سروشـتی هیـچ بڕگەیەکـی ئـەم پەیماننامەیـە پەیوەسـت بـە کەمینـەکان نەبـوو. ڕەنگـە کۆمیسـیاری بـاڵای بەریتانیـا هەرگیـز ئـەو جـۆرە گرفتانـەی لـەوێ نەبیسـتبێت، بـەڵام هـەر زوو جنێـڤ گوێبیسـتی داواکاری

و گلەیی و ترسی زۆر بوو کە لە هەموو گۆشەکانی عێراقەوە بۆی دەچوون. با خۆمان لە کورد سنووردار بکەین. ئەمە بۆ کاپتن مەمفۆرد جێدەهێڵم کە بۆ ماوەی حەوت ساڵ ئەفسەری دەزگای هەواڵگری بووە لە عێراق:

پەیماننامەی ئینگلیز و عێراق کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠دا بڵاوکرایەوە، پەیوەندییەکانی وڵاتەکەمانی لەگەڵ عێراق دیاری کرد، کاتێک ئەو وڵاتە سەربەخۆ بوو. ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی نائارامی زیاتر لە نێوان کورد و لایەنەکانی دیکە.

کورد بە ورياییەوە هەوڵی دا بایکۆتی هەڵبژاردنی ئەم هاوینە بکات. ئەم ئاژاوەگێڕی و نائارامییە بە ڕاپەڕین کۆتایی هات، کاتێک سوپای عێراق تەقەی لە گردبوونەوەیەکی کورد کرد.

شێخ مەحموود ئەمەی کردە بیانوو بۆ دەستپێکردنی ڕاپەڕینێکی ئاشکرا. لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا داوای ئۆتۆنۆمییەکی سنوورداری کرد و نارەزایەتی خۆی بەرامبەر کاریگەری ڕاستەوخۆی حکومەتی بەغدا دەربڕی.

خوازیار بووین حکومەتی عێراقی عەرەبی بە تەنیا بتوانێت دۆخەکە چارەسەر بکات، بەڵام هەر زوو بۆمان دەرکەوت، لەبەر قووڵایی هەستی کوردایەتی بۆ ڕاپەڕین و ناکارامەیی سوپای عەرەبی ئەمە ئەستەمە.

بۆ کۆنترۆل کردنی دۆخەکە و سەرکوت کردنی، هێزی ئاسمانی

شاهانە ناچار بوو قورسایی ئۆپەراسیۆنەکان لە ئەستۆ بگرێت. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بۆردومانکردنی گوندە کوردنشینەکان کارێکی حەتمی بوو. تەنانەت بەو شێوەیەش شێخ مەحموود تا دوای هەشت مانگ خۆی ڕادەست نەکرد.

لە ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ گرژییەکان سەریان هەڵدا، کاتێک سوپای عێراق تەقەی لە خەڵکی مەدەنی شاری سلێمانی کرد. وەزیری ناوخۆی عێراق، جەمیل مەدفەعی، بە فەرمی ڕاوێژکاری بەریتانی بۆ کاروباری ناوخۆیی دڵنیا کردبووەوە کە فەوجێک و دوو تۆپ بەسن بۆئەوەی کورد بەچۆک دابهێنێت! ڕۆژنامەکانی بەغدا دەنووسن: "ئەم کوردانە، وەک دوپشکن دەبێت لەژێر پاژنەی پێی عەرەبدا پان بکرێنەوە"! بە شێوەیەکی سروشتی ئەم "دوپشکانە" جنێڤیان لە دۆخەکەیان ئاگادر کردەوە و لە ٣ی شوباتی ١٩٣١ بڕیاری کۆمەڵەی گەلان کێنیهان کۆرنوالیسی ناچار کرد یاداشتێک بۆ جەمیل مەدفەعی بنێرێت. دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

ئاگاداریت، داواکاری کورد بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی بە پشتیوانی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا لەلایەن کۆمەڵەی گەلان ڕەتکراوەتەوە.

وابزانم بەم نزیکانە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان دەگەیەندرێتە داواکاران و حکومەتی عێراق. پێشنیاز دەکەم ڕۆژنامە عێراقییەکان هیچ لێدوانێک لەسەر بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان نەدەن بۆئەوەی هەستی کورد نەوروژێنن. هەروەها دەبێ دیسان بۆچوونەکانی

خـۆم بـۆ ئارامکردنـەوەی کـوردەکان بخەمـەڕوو؛ ئەگـەر پێـشتر بـە جـددی بەدواداچوونمـان بـۆ داواکارییەکانیـان بکردایـە، کارەسـاتەکانی ئێسـتا ڕوویـان نـەدەدا. پێـشتر لـە نەگونجانـی کاتـی دیـاری کردنـی کۆلۆنێـل تۆفیـق وەهبـی بـەگ وەک موتەسـەریفی شـاری سـلێمانی ئـاگادارم کردنـەوە، بـەڵام هـەر کـرا. بەکارهێنانـی زمانـی خۆجێـی لـە ڕوانگـەی یاسـادانانەوە لەناوچـە کوردنشـینەکان، بەبـێ گەڕانـەوە بۆ ئەو چاکسـازیانەی کـورد داوای کردبـوو، لەلایـەن لێژنـەی نێـوان پەرلەمانـەوە ڕەتکرایـەوە. کـورد لـەو بارەیـەوە زۆر ناڕازییـە. دەبوایە مامۆسـتای زمانی کـوردی دابمەزرێنـن و ژمـارەی پۆلیـس و ئەفسـەرانی کـورد زیـاد بکـەن. هەروەهـا پێویسـت بـوو بەشـێکی کوردی لـە وەزارەتی ناوخـۆ بکرێتەوە.

عێـراق هێشـتا نەبووەتـە بەشـێک لـە کۆمەڵـەی گـەلان و لەلایـەن لێژنـەی پەرلەمانییەکـەی کـورد بـێ هیـوا دەکات، ئەمەیـە بەڵێـن!

هـێنری کۆنـوەی دۆبـس، کۆمیسـیاری بـاڵای بەریتانیـا لـە عێـراق، یاداشـتێکی بـە ژمـارە ٤٠٢١ لـە ڕێکەوتـی ٨ی ئایـاری ١٩٣١ لەسـەر بەرپرسـیارێتی حکومەتـی خـاوەن شـکۆ لـە کاروبـاری ناوخـۆی عێراقـدا نووسـیوە.

لێـرەدا تەنیـا بەشـێکی دەخەینـەڕوو و تیشـک دەخەینـە سـەر هەندێـک لـە بڕگەکانـی کـە پـێمان وایـە تێڕامانیـان بـۆ مرۆڤـی خـاوەن ئیرادە سـوودی دەبێت:

## بڕگەی سێیەم:

لـە ڕاسـتیدا سـەرەڕای ئـەم پەیماننامەیـە، بەرپرسـیارێتی ناوخـۆ بـە هاوبەشـی لـە نێـوان حکومەتـی خـاوەن شـکۆ و حکومەتـی عێـراق بـەردەوام بـووە، چونکـە هێشـتا هێزەکانـی عێـراق بـە تەنیـا توانـای ڕووبەڕووبوونەوەیـان لەگـەڵ کـورد و هـۆزە عەرەبەکانـی بیابانـی عێراق لـە نزیـک سـنووری نەجـد نییـە. لـە هەسـت و سـۆزدا کـورد بـە تونـدی دژی عەرەبـن و جەنـگاوەری زۆر بەهێـزن بـە تایبەتـی لـە چیاکانیانـدا. سـوپای عێـراق لـە شـەڕی چیـادا کارا نابێـت. هێشـتا عێـراق نەیتوانیـوە هێزێکـی سـەربازی تۆکمـە بنیـات بنێـت کـە توانـای ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشـی جـددی کوردەکانـی هەبێـت. بـۆ ئـەم مەبەسـتە، عێـراق هەوڵی پێکهێنانـی هێزێکـی ئاسمانـی دەدات، بـەڵام لـە قۆناغـی سـەرەتاییدایە و ناتوانیـن بڵێیـن کاریگـەر دەبێـت.

کـورد بـەردەوام لـە لێـواری یاخیبووندایە و لـە ئەگەری سـەرهەڵدانی هـەر کێشـەیەک و بـۆ چارەسـەرکردنی، لێڤییـە ئاشـوورییەکان کـە لـە خزمـەت ئینگلیـزدان، یـان هێـزی هەوایـی بەکاردەهێنیـن یـان هـەردوو لایـەن پێکـەوە ڕووبەڕوویـان دەبینـەوە و لـەم نێوەنـدەدا سـوپای عێراق ڕۆڵـی کـەمتری دەبێـت. لـە مـاوەی مانگـی ڕابـردوودا، فڕۆکەکانـی بەریتانیـا بـە سـەختی لایەنگرانـی شـێخ مەحمـوود، سـەرکردەی یاخیبـووی کوردیـان بۆردومـان کـرد.

## بڕگەی شەشەم:

...جیاوازییەکـی گـەورە لـە نێـوان پەیماننامـەی هەنووکەیـی و ئـەو ڕێکخسـتنانە هەیـە کـە بـە ڕێککەوتـن لەگەڵیـدا کـراون. تۆڕێـک لـە پشـکنەرانی کارگێـڕی بەریتانـی و ئەفسـەرانی هەواڵگـری هێـزی ئاسمانـی بەریتانیـا لـە ناوچـە جیاوازەکانـی عێراقـدا نیشـتەجێ کـران، بـە بەردەوامـی ڕاپۆرتیـان لەبـارەی پێشـکەوتنی کارگێـری و چالاکـی و سیاسـەتی فەرمانبەرانـی عێراقـی لـە سەرتاسـەری عێراقدا بۆ کۆمیسـیاری بـاڵا و فەرمانـدەی گشـتی هێـزی ئاسمانـی دەنـارد. بـەم شـێوەیە دەیانتوانـی کۆمیسـیاری بـاڵا کـە فەرمانـدەی گشـتی هێزەکانـی بەریتانیا بـوو لـە عێـراق لـە هەمـوو پێشـهاتێک و کردەوەیەکـی سـتەمکارانەی فەرمانبەرانـی عێراقـی ئـاگادار بکەنـەوە کـە دەکـرا ببێتـە هـۆی دروسـت بوونـی پشـێوی ناوخۆیـی و نارەزایـی مەترسـیدار ئەگـەر چـارە نەکرابـا. کۆمیسـیاری بـاڵا دەیتوانـی حکومەتـی عێـراق ئـاگادار بکاتـەوە کـە ئەگـەر ئـەم جـۆرە کردەوانـە بـەردەوام بـن و ببنـە هـۆی دروسـت بوونـی نائارامـی، هێزەکانیـان لـە دامرکاندنەوەیـان هـاوکار نابـن. ئـەم جـۆرە هۆشـدارییانە بـەس بـوون، چونکـە حکومەتـی عێـراق دەیزانـی هێزەکانیـان توانـای بەرەنگاربوونـەوە و شـەڕکردنیان نییـە. حکومەتـی عێـراق بەنیـازە ژمـارەی فەرمانبەرانـی ئینگلیـز لـە قـەزاکان کـەم بکاتـەوە. بۆیـە نوێنـەری بەریتانیـا چیتر هیـچ ئامرازێکـی لەبەردەسـتدا نامێنێـت، تاکـو بزانێـت چ لـە پارێزگاکانـی دیکـە ڕوودەدات، بەمـەش بـۆ کۆتاییهێنـان بـە کێشـەکان لـە هەمـوو کاتێـک زیاتـر ڕووبـەڕووی

هەواڵــی کتوپــڕی کێشــە و نائارامــی و داواکاری بەهاناوەچــوون دەبێتــەوە، بــێ ئــەوەی خــۆی دڵنیابێــت کــە هــۆکاری کێشــەکە کردەوەیەکــی بێباکانــە یــان ستەمکارانە بــووە. ئەگــەر کۆمیســیار ڕازی بێــت هێزەکانــی ئینگلیــز بخاتــە ئامادەباشــییەوە و کێشــەکە بەهــۆی حکومەتێکــی خراپــەوە بووبێــت، ئــەوا هەمــوو کارە قێزەونەکانــی ئــەم حکومەتــە خراپــە دەکەوێتــە ســەر نــاوی بەریتانیــا. بــەڵام ئەگــەر ڕەتــی بکاتــەوە، ڕەنگــە پشــێوییەکە ئەوەنــدە تەشــەنە بــکات بەجۆرێــک ئاسایشــی عێــراق بخاتــە مەترســییەوە. لــە ڕاســتیدا، مەترســی ئــەوە هەیــە هێزەکانــی بەریتانیــا وەک بەکرێگیــراو پێشــان بدرێــن، گوایــە ئــەم هێزانــە لەلایــەن حکومەتێکــی ڕۆژهەڵاتــی بــۆ ســتەمکردن لــە خەڵــک بەکاردەهێنرێــن و لــە چارەســەرکردنی کێشــەکان دوورن. قورســایی ئــەم پلانــە بەرنامــە بــۆ داڕێــژراوە بــە پلــەی یەکــەم دەکەوێتــە ئەســتۆی گەورەتریــن و شــەڕکەرترین کەمینــەی غەیــرە عــەرەب کــە کــوردە.

مـرۆڤ بـە بیسـتنی قسـەکانی کۆمیسـیاری بـاڵا فرانسـیس هامفریـس[٥١] توشـی سەر سـوڕمان دەبێت کە لەبەردەم کۆمیسـیۆنی ماندێتەکان کردبووی:

حکومەتـی خـاوەن شـکۆ زۆر بـاش لەو بەرپرسـیارێتیانە تێـدەگات کە لـە ئەسـتۆی گرتـوون بـۆ پێشکەشـکردنی ئەندامێتـی عێراق لـە کۆمەڵەی گـەلان. بـە بـڕوای ئـەو، ئەمـە تاکـە ڕێگـەی یاسـاییە بـۆ کۆتاییهێنـان بـە

(٥١) فرانسیس هێنری هامفریس دیپلۆماتکارێکی بەریتانی بوو. ساڵی ١٩٢٩ وەک کۆمیسیاری باڵا لە شانشینی عێراق دەستنیشانکرا. دوای واژووکردنی پەیماننامەی ئینگلیز و عێراق لە ساڵی ١٩٣٠ و سەربەخۆیی شانشینی عێراق، ساڵی ١٩٣٢هامفریس دەبێتە یەکەم بالیۆزی بەریتانیا لە عێراق.

ماندێتەکـەی. ئەگـەر عێـراق سـەلماندی شایسـتەی ئـەو متمانەیـە نییـە کـە پێـی دراوە، ئەوکاتـە بەرپرسـیارێتی ئەخلاقـی دەکەوێتـە ئەسـتۆی حکومەتـی خـاوەن شـکۆ.

ئـەوە ئێمـە نیـن، دەڵێیـن بەریتانیـا بارەکـەی قورسـە. بـا بهێڵیـن بەریتانییەکـی دیکـە قسـە بـکات. ئارنۆڵـد ویڵسـن لـە وتارێکیـدا بـە نـاوی قەیرانەکانـی عێـراق دەنووسـێت:

ڕەوتـی ئێسـتای ڕووداوەکانـی چەنـد مانگـی ڕابـردوو هەمـوو ئـەو دڵنیاییانـەی شـێواندووە کـە بـە کۆمیسـیۆن دراون. تەنانـەت ئـەو کاتـەی هامفریـس پرسـەکەی لـە جنێـڤ وروژانـد، وا لێکدرایـەوە کـە حکومەتـی عێـراق بەنیـازە دەسـەڵاتی خـۆی بـە زۆر لـە هەندێـک ناوچـەی کوردسـتاندا بسـەپێنێت، لـە کاتێکـدا ئینگلیـز ئامادەیـی تـەواوی خـۆی بـۆ پشـتگیری و یارمەتیدانـی سـوپای عێـراق نیشـاندابوو. هیـچ هۆکارێکـی کۆنکریتـی لەبەردەسـتدا نەبـوو تاکـو شـەڕ لـەدژی سـەرکردەکانی ناوچەکـەدا بکرێـت. لـە مانگـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٣١، شـێخ ئەحمـەدی بـارزان کـە کەسـێکی دیـاری ناوچەکـە بـوو لەلایـەن سـەرۆک هۆزێکـی تـرەوە هێرشـی کرایـە سـەر، پـەز و وڵاخەکانـی دزران و ژن و منداڵەکانیـش ڕفێنـدران. شـێخ ئەحمـەد سـکاڵایەکی ئاراسـتەی حکومەتـی عێـراق کـرد، بـەڵام بێهـودە بـوو، دواتـر بڕیاریـدا خـۆی دادپـەروەری جێبەجـێ بـکات. یاخـی دەبێـت و زیانێکـی زۆری بـە حکومـەت گەیانـد، لەبەرامبـەردا زیانەکانـی شـێخ زۆر کـەم بـوون.

بۆیـە ئەمجـارە حکومـەت بڕیاریـدا بـۆ هەمیشـە بێدەنگـی بـکات. حکومەتـی عێـراق بـۆ هێـرش کـردن ناوەڕاسـتی زسـتانی هەڵبـژارد، ئەمــەش ئەرکــی پیاوانــی شــێخی قــورسر کــرد تاکــو بتوانــن بــۆ ماوەیەکــی زۆر ڕووبــەڕووی هێرشــەکانی ئاسمانــی ببنــەوەوە و بەرگــری لــە خۆیــان بکــەن. ســەرەتا ســوپای عێــراق دەســتی بــە ئۆپەراســیۆن کــرد، بــەڵام شکســتی هێنــا. دواتــر لەلایــەن هێــزی ئاسمانــی شــاهانەوە پاڵپشــتی کــرا و گوندەکانــی بارزانیــان بــە دەســتی بۆردومــان کــرد. هەڵوێســتی شــێخ ئەحمــەد لــە ســەرەتاوە تــا کۆتایــی هێورکردنــەوەی بارودۆخەکــە بــوو، دەیویســت حکومەت ئــارام بکاتــەوە و پارێــزگاری لــە ســەربەخۆیی خــۆی و پیاوەکانــی بــکات کــە زۆر بەلایــەوە بەنــرخ بــوو. هەمــوو دیــل و کەرەســتە دەســت بەســەرداگیراوەکان ڕادەســتی حکومەتــی عێــراق کرانــەوە، پێدەچــوو ڕووداوەکــە کۆتایــی هاتبێــت، بــەڵام حکومەتــی عێــراق ئامــادە نەبــوو ئاشــتی بەرقــەرار بــکات. بۆیــە بــە پشــت بــەستن بــە هێــزی هەوایــی ئینگلیــز بــۆ یارمەتیدانــی لەکاتــی پێویســتدا، خــۆی بــۆ هێــرش و ئۆپەراســیۆنی نــوێ ئامــادە دەکــرد کــە نیــازی هەبــوو لــە وەرزی بەهــار ئەنجامــی بــدات. ڕێگاوبانــەکان دروســتکران، ســەربازەکان لــە ناوچەکــەدا کۆکرانــەوە و ئاگاییــەکان لەلایــەن فڕۆکەکانمانــەوە بەســەر ناوچەکــەدا خرانــە خــوارەوە، لێــرەدا نموونەیەکیــان دەخەینــەڕوو:

**"بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان و لایەنگرانی:**

بـەو پێیـەی نەتانویسـتووە فەرمـان و ڕاگەیاندنەکانـی پێشـووی حکومـەت لەبەرچـاو بگـرن، لێـرەوە بـەم ئاگاییانـە پێتـان ڕادەگەینیـن، هێرشـە ئاسمانییـەکان چڕتـر دەبنـەوە. بـە دۆشـکە و بۆمـب هێـرش دەکرێتـە سـەر ئێـوە و گونـدەکان و مـەڕ و ماڵاتـان؛ هەندێـک لـەو بۆمبانـە دەسـتبەجێ ناتەقنـەوە، بەڵکـو قورمیـش کـراون و دوای چەنـد کاتژمێرێـک دەتەقنـەوە. ئامۆژگاریتـان دەکەیـن ژن و منداڵەکانتـان ببـەن بـۆ شـوێنێکی سـەلامەت و پارێـزراو. ئۆپەراسـیۆنەکان بـەردەوام دەبـن تـا هەمـوو دژبـەرەکان دەوەسـتێندرێن و سـەرکردەکانتان ملکەچـی خۆیـان دەنوێنـن.

ئـاگاداری خۆتـان بـن. حکومـەت زۆر بەهێـزە تاکـو بەرەنـگاری ببنـەوە. بۆیـە هەمـوو جـۆرە بەرگرییـەک بـێ سـوود دەبێـت. بۆچـی دووبـارە خوێـن بڕێژرێـت"؟

بەداخـەوەی دوای ئـەوەی بـە تـۆن بۆمـب بەسـەر مەڕومـاڵات و گوندەکانـدا بەردرانـە خـوارەوە، شـێخ ئەحمـەد شکسـتی هێنـا و دەستبەسـەرکرا، چەنـد مانگێـک دواتـر پەیامنێرێکـی ڕۆژنامـەی تایمـز لـە وتارێکـی تایبەتـدا جەختـی لـەوە کـردەوە، ئـەم جـۆرە دەرکەوتنـەی درێژبوونـەوە و نموونـەی شارسـتانیەت لـە عێراقـدا بووەتـە هـۆی ئـەوەی بـە سـەدان کـورد بـۆ ڕزگار بـوون لـە کاریگەرییەکانـی سـوپای عێـراق و هێـزی ئاسمانـی ئینگلیـز بـەرەو سـنوور هەڵبێـن و لەلایـەن تورکەکانـەوە لەسـێدارە دران.

ڕێگەدان بە تورک بە هەڵواسینی سەدان کەس کە لە وڵاتێکی ژێر ماندێتی بەریتانیاوە هاتبوون، بەپێی زانیارییەکانمان بۆ ئەوەی هیچ نارەزاییەکی لێبکەوێتەوە، ڕووداوێکە جێگەی شەرمەزارییە. ئەم ڕووداوە دووبارە قەناعەتی لای کورد دروستکرد، سەرەڕای خواستی چەند ڕاوێژکارێکی تایبەتی بەریتانی کە هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆئەوەی دادپەروەرییان بۆ فەراهەم بکەن، بەڵام نابێت چاوەڕوانی هیچ شتێک لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا بکەن. لەو کاتەوە هیچ کێشەیەک لەگەڵ کورددا نەماوە، بەڵام لەژێرەوە نارەزایەتییەکی شاراوە و قووڵ هەستی پێدەکرێت. کورد بێ سلەمینەوە دوژمنایەتی دەسەڵاتی ئێستا دەکات و لایەنی دیکەش هەن سوود لە ئامۆژگارییە ناکۆکەکانی بەغدا وەردەگرن.

هەروەها کاپتن مامفۆرد بەم شێوەیە باسی شێخ ئەحمەد دەکات: "ئەم پیاوە لە سەرۆک عەشیرەتەکانی نێو ئەم چیا دوورەدەستانە خراپتر نەبوو و ئینگلیزەکانیش کە لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا بەرپرسیارێتی ئەو ناوچانەیان لە ئەستۆ گرتبوو هیچ هۆکارێکیان بۆ ڕزگاربوون لێی نەدۆزیبووەوە"!

ئـەم هێرشـە بچووکانـە کـە لـە ئۆپەراسـیۆنێکی سـادەی پۆلیـس دەچـوون، بـە خاپوورکردنـی ئـەم گونـد و دێهاتـە بەدبەختانـە یەکلایـی بوونـەوە:

| ناوچە | گوند | لە کۆی | خانوی ڕووخاو |
|---|---|---|---|
| بەڕۆژ | ١٥ | ٤٨٥ | ٢٦٥ |
| مزوری | ٢٣ | ٧٠٥ | ٣٨٥ |
| شێروان | ٤١ | ١١٩٢ | ٧١٥ |
| کۆی گشتی | ٧٩ | ٢٣٨٢ | ١٣٦٥ |

توانای فڕۆکەوانانی خاوەن شکۆ کاریگەر بوو، ٦٠٪ی خانووەکان خاپوورکران. لێرەدا بە وتەی کاپتن مامفۆرد کۆتایی پێدەهێنین:

هێـرش و ئۆپەراسـیۆنەکانی ئـەم دوو ساڵەی دوایـیمان بـۆ سـەر کـورد تاڕادەیـەک بـەردەوام بـوون، سـەرەتا هێرشـەکانمان لـەدژی شـێخ مەحمـوود لـە مانگـی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٣٠ تـا نیسـانی ١٩٣١ بـەردەوام بـوون. پاشـان دژی شـێخ ئەحمـەد لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٣١ دەسـتی پێکـرد و بـە شـێوەیەکی پچڕپچـر تاکـو حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٣٢ درێژەیـان کێشـا، بـەڵام هێرشـەکانمان لـە مانگـی نیسـان تـا حوزەیـران چڕتـر بـوون.

بـا ئـەو ڕاسـتییەمان لەبیـر بێـت کـە تاوانـی سـەرەکی کـورد ئـەوە بـوو، داوای پارێزگاریکردنـی لـە ئێمـە کـرد، لانیکـەم ئـەو بەڵێنانـە جێبەجـێ کرابـان کـە حکومەتەکەمـان و کۆمیسـیۆنی ماندێتـی هەمیشـەیی پێیـان دابـوون.

## ٦- جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکان و سەرهەڵدانەوەی شۆڕش

لەگـەڵ پەسـەندکردنی ئەندامێتـی عێـراق لـە کۆمەڵـەی گـەلان لـە ساڵی ١٩٣٢دا، حکومەتـی عێـراق بەیاننامەیەکـی بـۆ ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان نـارد کـە هەندێـک لـە داواکارییەکانـی تایبـەت بـە کـورد و کەمینەکانـی تـری عێراقـی لەخۆگرتبـوو. ئـەو داواکارییانـە حکومـەت پابەنـد دەکـەن بـە ناسـاندنی زمانـی کـوردی بـە هەمـان شـێوەی زمانـی عەرەبـی لـە قەزاکانـی مووسـڵ و هەولێـر و کەرکـووک و سـلێمانی کـە زۆرینـەی دانیشـتوانیان کـوردە و لـەو قەزایانـەدا تەنیـا فەرمانبـەری کـورد یـان ئـەو کەسـانە دابنرێـن کـە بـە کـوردی قسـەدەکەن. ئـەم پابەندبوونانـە لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٣٢ تاکـو سـەرەتای جەنگـی دووەمـی جیهانـی ڕێزیـان لێگیـرا، بـەڵام ئیـدارەی گشـتی قـەزا کوردییـەکان تاڕادەیـەک پشـتگوێ خـرا کـە دواتـر نارەزایـی زۆری خەڵکـی ناوچەکـەی لێکەوتـەوە، چونکـە خزمەتگوزارییەکانـی وەک چاککردنـەوەی ڕێگاوبـان و تەندروسـتی و قوتابخانـەکان بـەراورد لەگـەڵ قـەزا عەرەبنشـینەکان لـە دۆخێکـی زۆر خراپـدا بـوون.

وتەکانـی کۆلۆنێـل ئێلفینسـتن ڕێگەمـان پێـدەدەن چەنـد ڕاسـتییەک سـەبارەت بـە دۆخـی کـورد لـە عێـراق لـە ساڵی ١٩٣٢ەوە بخەینـەڕوو.

لـە لیـوای بەغـدا کـە زۆرینـەی دانیشـتوانی عەرەبـن، ٢٠٪ی دانیشـتوانەکەی بـێ بەرامبـەر لەسـەر بوجـەی داهاتـی گشـتیی دەخوێنـن، لەکاتێکـدا لـە سلێمانی ڕێـژەی خوێندنـی بـێ بەرامبـەر لـە ١٪ تێپەڕنـاکات.

بەپێـی ئامارێکـی ئـەم دواییـە، تەنیـا ١٣٠٤ کـوڕ و ١٠٧ کـچ لــە قوتابخانەکانیانــدا زمانــی کــوردی دەخوێنــن و لــە دۆخێکــی خراپـدان. لـەم قوتابخانـە کوردییانـەدا، لـە کـۆی سـی و حەفـت بەشـە وانـە کـە لـە هەفتەیەکـدا دەگوترێنـەوە، بیسـت و چواریـان بـە زمانـی عەرەبینـە.

٩٠٪ی فەرمانبەرانــی قــەزا کوردییــەکان ڕەوانــەی بیابانەکانــی بەغــدا و بــەسرە کــراون. هانــی پیشەســازی ناوخۆیــی نادرێــت و حکومەتــی عێراقیــش قوتابخانــەی هونــەری و پیشــەیی لــە کوردســتان دروســت نــاکات.

هەروەهــا نەوتــی مووســڵ کــە ســەروەت و ســامانی لــە مێژینــەی کــوردە، ســوودێکی زۆری بــۆ باقــی عێــراق هەیــە. لــە ڕێگــەی ئــەو بــاج و پارەیــەی لــە کۆمپانیاکانــەوە وەردەگیرێــت، لـە ناوچـە عەرەبنشـینەکان سیسـتەمی ئاودێـری و چانـدن و پلانـی خۆپــاراستن لــە نەخۆشــییەکان پــەرەی پێدەدرێــت. لــە لایەکــی دیکـەوە داهاتـی هەناردەکردنـی تووتـن لـە مـاوەی چەنـد سـاڵێکدا لـە لیـوا کوردییـەکان بـە نموونـە لـە سلێمانی لـە ٦٢٥٠٠٠ ڕوپیـە بـۆ ١٠٠٠٠٠ ڕوپیــە کەمــی کــردووە.

ڕیشــمۆنت لـە وتارێکیـدا لـە سـاڵی ١٩٣٨ لـە گۆڤـاری سیاسـی و پەرلەمانـی، بەرگـی CLXXV، لەسـەر ئـەم بابەتـە نووسـیویەتی، لێـرەدا دەمەوێـت زانیـاری نـوێ و وردتـر بخەمـەڕوو. کلێمێنـت لـە وتارێکیـدا بەناونیشـانی (کـورد داوای ئۆتۆنۆمـی خـۆی دەکات) وتـەی کوردێکـی

دوورخـراو دەگێڕێتـەوە کـە باسـی سـەختی و گرفتەکانـی گەلەکـەی لـە کوردسـتان دەکات کـە لـە گۆڤـاری پێشـکەوتنی مـیسری لـە ٢٠ی ئایـاری ١٩٤٦ بڵاوکردوتـەوە:

تەنیـا شەسـت قوتابخانـە لـە کوردسـتانی عێـراق هـەن کـە دووانیـان قوتابخانـەی ناوەندیـن و نزیکـەی سـی قوتابخانـەی سـەرەتایین و ئەوانـی دیکـە باخچـەی سـاوایانن.

لـە ڕووی ئابوورییـەوە وڵات لـە پاشەکشـەیەکی تەواودایـە. تەنیـا یـەک ڕێگا هەیـە کـە لـە کەرکووکـەوە بـۆ هەولێـر و ڕەوانـدز دەڕوات. هەروەهـا یـەک هێڵـی شـەمەندەفەر لـە ناوچەکـەدا هەیـە کـە بـە هێڵـی قوسـتەنتینیە-بەغدا نـاسراوە و بـە مووسـڵ و کەرکووکـدا تێدەپەڕێـت. لـە هەمـوو کوردسـتاندا تاکـە نەخۆشـخانەیەک هەیـە ئەویشـیان بەکارناهێـت.

پەیوەسـت بـە کشـتوکاڵ، حکومەتـی بەغـدا هیـچ هەنگاوێکـی بـۆ ئـەم سـێکتەرە نەنـاوە و تەنیـا لـە قـەزای کەرکـووک کـە ژمـارەی دانیشـتوانەکەی ٢٠٠ هـەزار کەسـە، زیاتـر لـە ٤٨٪ی دانیشـتوانەکەی تووشـی نەخۆشـی مەلاریـا بوونـە.

لەلایەکـی دیکـەوە کـورد زیاتـر لـە ٣٠٪ی کـۆی بـاج دەداتـە گەنجینـەی عێـراق، بـەڵام ئـەو بـڕە پارەیـەی کە بەغـدا بـۆ خزمەتگوزاری و خۆشـگوزەرانی ناوچـە کوردنشـینەکان خەرجـی دەکات زۆر لـەو ڕێژەیـە کـەمترە.

كەواتــە بەڕوونــی دەبینیــت ئەمــە تەنیـا بێباكــی و كەمتەرخەمــی حكومــەت نییــە بەرامبــەر كــورد، بەڵكــو سیاســەتێكی سیســتماتیك و پلان بـۆ داڕێـژراوە، مەبەسـت لێـی كـۆنترۆل كردنـی كـوردە لـەم دۆخـە ســەختەی تێیدایــە.

ســاڵی ١٩٣٣ ڕاپەڕینێكــی نــوێ بــە فەرماندەیــی شــێخ ئەحمــەد لــە باشــووری كوردســتان بەدیاریكــراوی لــە دەڤــەری بــارزان ســەریهەڵدا. ســاڵی ١٩٣٤دوای دانوســتانەكانی نێــوان هــەردوو لایــەن بــە ناوبژیوانــی دەســەڵاتدارانی بەریتانیـا لەوانـەش؛ كاپتن ڤیۆلێـت كۆتایـی بـە ڕاپەڕینەكـە هــات. ئەنجامـی دانوسـتان قبـوڵ كردنـی مانـەوەی زۆرەملـێ بـوو لەلایـەن سـەركردەكانی ڕاپەڕینەوە لە شـارەكانی كەركووك و سـلێمانی تا سـاڵی ١٩٤٣.

دوای كۆتایــی هاتنــی شۆڕشــی ڕەشــید عالــی گەیلانــی، ئینگلیــزەكان ژمـارەی فەرمانبەرانـی كوردیـان لـە كوردسـتانی عێـراق زیـاد كـرد. هەوڵـی دامەزراندنــی نزیكــەی ٦٠٠ كوردیــان لــە ســوپای بەریتانیــا دا، هەروەهــا دەرفەتیــان بــۆ گەنجانــی كــورد لــە بنەماڵــە كاریگــەرەكان ڕەخســاند تاكــو بن بــە ئەفســەر. لــە هەمــان كاتــدا هەندێــك ئەفســەری بــاڵای ئینگلیـز پێشـنیازی دروسـتكردنی دەسـتبەجێی چەنـد قەزایەكـی كـوردی ســەربەخۆیان لــە عێــراق كــرد.

ســاڵی ١٩٤٣، مــەلا مســتەفا بــرای شــێخ ئەحمــەدی بــارزان كــە لــە شـوێنی نیشـتەجێبوونی زۆرەملـێ لـە سـلێمانی بـوو، بڕیاریـدا بەختـی خـۆی تاقیبكاتــەوە. بــەو پێیــەی حكومەتــی عێــراق خــراپ مامەڵــەی لەگــەڵ كــوردە دوورخــراوەكان دەكــرد و وردەوردە دەرماڵــەی ڕۆژانەیــان كەمدەكــردەوە

کـە بڕەکـەی بـۆ هـەر کەسـێک تەنیـا ٣٠ فلـس بـوو، ئەمـەش بەشـی بژێـوی ژیانیانـی نەدەکـرد، بۆیـە مـەلا مسـتەفا بـە هـاوکاری شـێخ لەتیـف بەرزنجـی کـوڕی شـێخ مەحمـوود توانـی خـۆی دەربـاز بـکات و پەیوەنـدی بـە عەشـیرەتی بارزانـەوە کـرد.

پاشـان دەسـەڵاتدارانی عێـراق هەوڵـی دەسـتگیرکردنی شـێخ لەتیفیـان دا کــە پەنــای بــۆ ئێــران بردبــوو، لــەوێ ڕووســەکان پێشــوازییەکی زۆر دڵسـۆزانەیان لێکـرد. دواتـر لـە ناوچـەی کوردنشـینی لاهیجـان نیشـتەجێ بـوو و مانگانـە گۆڤـاری نیشـتمانی بـە چـل لاپـەڕەوە دەردەکـرد.

شـەڕ و پێکدادانـی قـورس لەنێـوان مسـتەفا بارزانـی و مەفرەزەکانـی پۆلیسـی عێراقـەوە ڕوویانـدا. دواجـار هەموویـان لەلایـەن جەنگاوەرانـی بارزانییــەوە دەســتگیرکران، چەکەکانیــان لێســەندران و ئازادکــران. دوای ماوەیەکــی کــەم مەفرەزەکانــی دیکــەش تووشــی هەمــان چارەنــووس بوونـەوە و بارزانـی شـۆڕشـەکەی ڕاگەیانـد.

هــەر لــەو کاتــەدا حکومەتــی عێــراق ســوپای نیشــتمانی لــەدژی عەشـیرەتی بارزانـی لـە ناوچەکـەدا کۆکـردەوە، بـەڵام تووشـی چەندیـن شکسـتی گـەورە بـووەوە.

دەسـەڵاتدارانی عێـراق دوای شکسـت و نائومێدییەکـی تـاڵ پێشـنیازیان کـرد کێشـەکە لـە ڕێگـەی دیپلۆماسـییەوە چارەسـەر بکـەن. بـۆ ئـەم مەبەسـتە داوایـان لـە چەنـد کەسایەتییەکی دیـاری کـورد کـرد هاوکارییـان بکـەن، بـەڵام بـۆ سازشـکردن لـە مافەکانیـان ئامـادە نەبـوون بەشـداری لـە هیـچ گفتوگۆیـەک بکـەن. دواتـر کوردێـک بـە نـاوی ماجـد مسـتەفا

وەک وەزیـری دەوڵـەت دەستنیشـانکرا، ئەرکـی سـەرەکی پەیوەنـدی کـردن بـوو بـە بارزانـی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان. کۆمیسـیۆنێکی سـەربازیش پێکهـێنرا و دواجـار دانوسـتانەکان سـەرکەوتوو بـوون. بارزانـی داواکارییەکانـی خسـتنەڕوو و ئەنجامەکـەی بـە واژووکردنـی ڕێککەوتـن کۆتایـی هـات. لێـرەدا بڕگەکانـی ڕێککەوتنەکـە دەخەینـەڕوو:

١- ئازادکردنی سەرجەم گیراوەکان.

٢- عەشـیرەتی بارزانـی سـەرجەم چەکەکانـی لەدەسـتدا دەمێنێـت، بـە چەکـە گیراوەکانـی سـوپای عێراقیشـەوە.

٣- دابەشکردنی دادپەروەرانەی پێداویستییەکان لە کوردستانی عێراق.

٤- لادانـی سـەرجەم فەرمانبەرانـی عـەرەب و دامەزراندنـی فەرمانبەرانـی کـورد لـە شـوێنیان لـە ناوچـە کوردنشـینەکاندا.

٥- پێویسـتە کوردسـتانی عێـراق سـەربەخۆیی کەلتـووری و پەروەردەیـی تـەواوی هەبێـت. هەروەها پێویسـتە قوتابخانە و نەخۆشـخانە بکرێنەوە.

خوێنـەر چـاک لـە بابەتەکـە گەیشـتووە، مـاوەی بیسـت و پێنـج سـاڵە بـەردەوام گوێبیسـتی هەمـان چیـرۆک دەبێتـەوە: فەرمانبەرانـی حکومـی، قوتابخانە...هتـد. هەمـوو ئـەم بابەتانـە دووبـارە و سـێبارە حکومەتـی عێـراق گفتـی لـە جێبەجـێ کردنـی داوە، بـەڵام ئەگـەر بەڵێنەکانیـان جێبەجـێ بکرایـە، ئایا ناچـار دەبوویـن ئەوەنـدە زۆر دووبـارە و سـێبارەیان بکەینـەوە؟ زۆر سـەیرە.

نـووری سـەعید پاشـا کـە بـە ڕەچەڵـەک کـورد بـوو، وەک سـەرۆکی

حکومەتــی عێــراق بڕگەکانــی نێــو ڕێککەوتنــی نێــوان بارزانــی و ماجــد مســتەفای قبــوڵ کــرد. ڕێگــەی بــە کــورددا لــە ڕێگــەی گردبوونەوەکانــەوە خۆشــی دەربــڕن، چەنــد وتارێکــی لــە شــارەکانی کەرکــووک و هەولێــر بــۆ ئەفەســەران پێشکەشــکرد کــە زۆربەیــان کــورد بــوون و ئاســتی نیشــتمانپەروەری لای کــوردان بەرزدەکــردەوە. لــە میانــی گەشــتەکەیدا، وەزیــری دەوڵــەت ماجــد مســتەفا یــاوەری بــوو، بــەڵام لەکاتــی گەڕانەوەیــدا بــۆ بەغــدا، دوای ئــەوەی دۆخەکــە بــە تــەواوی ئاســایی بــووەوە، مەلیــک عەبدولئــیلا کــە دەســەڵاتەکانی مەلیــک فەیســەڵی دووەمــی هەبــوو، لــە بەڵێنەکانــی پاشــگەزبووەوە، پەرلەمــان بڕگەکانــی ڕێککەوتنــی ڕەتکــردەوە و نــووری ســەعید ناچــار بــوو دەستلەکاربکێشــێتەوە. حەمــدی پاچەچــی وەک ســەرۆک وەزیــران شــوێنی گرتــەوە، ســەرەتا ماجــد مســتەفای لــە پۆســتەکەی دوورخســتەوە، ژمارەیەکــی زۆر ئەفســەری کــوردی زیندانــی کــرد و ئەوانــی دیکــەی لــە ســوپا دەرکــردن و ویســتی ئــەو قوتابخانــە و نەخۆشــخانانەی لــە کوردســتان دروســت دەکــران بیانکاتــە ســەربازگە. کــورد گوتەنــی گوریســەکە بــووەوە بــە خــوری. وەزیرێــک بەڵێــن دەدات و دەڕوات. جێنشینەکەشــی دەڵێــت: "مــن هیــچ بەڵێنێکــم نــەداوە"! بێگومــان کۆتاییەکــەی دیــارە.

جێبەجــێ نەکردنــی بەڵێنــەکان لەلایــەن حکومەتــی بەغــداوە بــووە هــۆی دووبــارە ســەرهەڵدانەوەی شــۆڕش. بارزانــی هێزەکانــی کۆکــردەوە و دەســتی بــە شــۆڕش کــرد.

لــە بەهــاری ســاڵی ١٩٤٥، حکومەتــی بەغــدا بــە ڕەشــبینییەوە بیــری لــەو یــازدە مەعەســکەرانە دەکــردەوە کــە ســەربازەکانی ناچاربــوون لــە

دەڤــەری بــارزان چۆڵیــان بکــەن کــە لــە ســاڵی ١٩٤٣ەوە کەوتبوونــە دەسـت جەنگاوەرانـی بارزانییـەوە. بـەڵام لەبەرئـەوەی هەسـتی بـە لاوازی تواناکانــی خــۆی دەکــرد، هەوڵیــدا بارزانــی بانگهێشــتی پایتەخــت بــکات و لــەوێ بــە شــێوەیەکی دۆســتانە گرفتــەکان چارەســەر بــکات. نامیــق کــە وەزیــری بەرگــری بــوو لەگــەڵ وەزیرێکــی دیکــە بــە نــاوی عومــەر نەزمــی بــۆ ڕازیکردنــی بارزانــی ڕاســپێردران، بــەڵام لــە هەوڵەکانیانــدا ســەرکەوتوو نەبــوون. ماجــد مســتەفاش لای خۆیــەوە هەوڵیــدا ڕێگەچارەیــەک بــۆ نزیککردنــەوەی لایەنــەکان بدۆزێتــەوە، بــەڵام هەوڵەکانــی بــێ ســوود بــوون. هــاوکات بێگومــان بــۆ ئاســانکاری دانوســتانەکان، ســوپای عێــراق لــە چیاکانــی ناوچــەی زاخــۆ خەریکــی ئەنجامدانــی مانــۆڕی ســەربازی بــوو! لــە کۆتاییــدا حکومــەت لــە بروســکەیەکیدا داوای لــە بارزانــی کــرد خــۆی بەدەســتەوە بــدا. حکومــەت ویســتی ئــەم خۆڕادەســتکردنەی بارزانــی بــە هێــزی چــەک بێنێتەجــێ.

لـە ١٥ی تەمـووزەوە حکومـەت لـە زاخـۆ و ئامێـدی و ئاکـرێ و ڕەوانـدز دەسـتی بـە کۆکردنـەوەی هێزەکانـی کـرد. نزیکـەی نیـوەی سـوپاکەی کـە ژمارەیـان سـی هـەزار سـەرباز و دوازدە هـەزار جەندرمـە و پۆلیـس بـوون ڕەوانـەی ناوچەکـەی کـرد. هەروەهـا تـەواوی هێـزی هەوایـی کـە ژمارەیـان ٢٥ فڕۆکـەی جەنگـی بـوو لـە فڕۆکەخانەکانـی سـەربازی هەولێـر و مووسـڵ جێگیـر کـران. جەنـەڕاڵ ڕێـنتن وەک فەرماندەیـی بـاڵا ئەرکـی چاودێـری و هێرشـەکانی لـە ئەسـتۆ گـرت.

لای خۆیــەوە مــەلا مســتەفا بارزانــی دەســتی بــە خــۆ ڕێکخســتن و

کۆکردنـەوەی هێزەکانـی کـرد. هێـزی شـۆڕش لـەم عەشـیرەتانە پێکدەهـات: شـێروانی و مـزوری و بـەرۆژی و دۆڵەمـەری لـە ناوچـەی بـارزان. هەریەکـە لـە عەشـیرەتەکانی سـلێڤانە و ڕێژوکـەران و شـەرەفانی و گـۆران لـە دەڤەری ئاکـرێ و عەشـیرەتەکانی شـێوەزووری و برادۆسـت لـە دەڤـەری ڕەوانـدز پشـتیوانییان لـە شـۆڕش کـرد. هەروەهـا ژمارەیەکـی زۆر لـە ئەفسـەرانی کـورد کـە لـە سـوپای عێـراق دوورخرابوونـەوە، پەیوەندییـان بـە بارزانییـەوە کـرد و لەنێویانـدا عەقیـد ئەمیـن ڕەوانـدزی و سـەرۆک ئـەرکان فەرمانـدە عیـزەت عەبدولعەزیـز هەبـوون. قوتابـی و ڕۆشـنبیرە کـوردەکان کـە ئەوکاتـە لـە پشـووی هاویـن لـە کوردسـتان بـوون پەیتاپەیتـا پەیوەندییـان بـە ڕیزەکانـی شۆڕشـەوە کـرد. بـەم شـێوەیە بارزانـی توانـی نزیکـەی چـوار بـۆ پێنـج هـەزار جەنـگاوەر لەژێـر فەرماندەیـی خـۆی کـۆ بکاتـەوە کـە بـە چەکـی سـوک وەک تفەنـگ چەکـدار کرابـوون. هێـزی شـۆڕش زۆربـەی ئـەو چەکانـەی لـە سـاڵی ١٩٤٣ لـە سـوپای عێـراق دەسـت کەوتبـوو.

لـە ٧ی ئابـی ١٩٤٥، سـوپای عێـراق لـە نزیـک ڕەوانـدز کـە نزیکـەی پەنجـا کیلۆمەتـر لـە بارزانـەوە دوورە، دەسـتی بـە هێرشـی زەمینـی کـرد و دەڤـەری بـارزان - ڕەوانـدزی وەک ناوچـەی گەمـارۆدراو ڕاگەیانـد. هێـزی هەوایـی و تۆپخانەکانـی سـوپا بـە چـڕی گوندەکانـی ناوچەکەیـان بۆردمـان کـرد، لەلایەکـی تـرەوە هێـزی پیـادە هەوڵـی داگیرکردنـی ناوچەکـەی دەدا. لـەو ماوەیـەدا چەندیـن شـەڕی خوێنـاوی لەنێـوان سـوپا و هێزەکانـی بارزانیـدا ڕوویانـدا، عێراقییـەکان زیانێکـی بەرچاویـان بەرکەوت و شکسـتیان هێنـا. بـە جۆرێـک لـە شـەڕی دالێـت چـوار کەتیبـەی سـوپای عێـراق بـە

تـەواوی لەناوچـوون. شۆڕشـگێڕەکان ڕێـگای ڕەواندز - مێرگەسـۆر – بارزانیان تەقانــدەوە، دەســتیان بەســەر ســەربازگەکانی بیرەکەپــرە و مێرگەســۆر و بلێـدا گـرت و شـارۆچکەکانی زاخـۆ و ئاکـرێ و ئامێـدی و ناوچـەی زێبـار و ڕەواندزیـان بـە تـەواوی ئـازاد کـرد. بارزانـی لەگـەڵ هێزەکانیـدا بـۆ ئـازاد کردنـی پێدەشـتەکان بـەرەو هەولێـر بەڕێکـەوت.

لایەنگرانــی بارزانــی تەنیــا بیســت کیلۆمەتــر لــە بیــرە نەوتییەکانــی کەرکـووک دوور بـوون کاتێـک جارێکـی دیکـە هێـزی هەوایـی ئینگلیـز بـە دڵنیاییـەوە عێـراق نـا، بەڵکـو بـە هانـای بیـرە نەوتییەکانـی کەرکـووک هاتـەوە کـە خەریـک بـوو بکەونـە دەسـتی کـوردەوە. لـە بەرامبـەر هێرشـی هێزەکانــی بارزانیــدا، هێــزی هەوایــی ئینگلیــز بەبێزەییانــە بۆردۆمانــی گوندەکانــی ناوچــەی بارزانــی کــرد، پێنجیــان بــە گونــدی بارزانــەوە بــە تـەواوی سـووتێندران و وێـران کـران، دەوروبـەری پەنجـا گونـدی دیکـەش کــەم تــا زۆر ڕووخێنــدران. بارزانــی فەرمانــی بــە جەنگاوەرەکانــی کــرد ژن و منداڵــەکان بگوازنــەوە بــۆ نــاو ئەشــکەوتەکانی نــاو چیــاکان و بــۆ کەمکردنــەوەی زیانــەکان دەســتبەجێ لــە شــوێنەکە بکشــێنەوە. شــەڕ تــا مانگـی پاییـز بـەردەوام بـوو، هەرچەنـدە ئاژانسـی ڕۆیتـەرز لـە بەغـداوە ڕایگەیانـد، هەمـوو شـتێک تـەواو بـووە، نزیکـەی ٣٠٠ چەکـداری بارزانـی دەستبەسـەر کـراون. بـە درێژایـی ئـەو شـەڕ و ئۆپەراسـیۆنانە، هێزەکانـی بارزانـی گورزێکـی گەورەیـان لـە سـوپای عێـراق وەشـاند و لـە چـەک و جبەخانـەی شـەڕیش دەسـکەوتیان زۆر بـوو، لەوانـەش خسـتنەخوارەوەی نۆ فڕۆکـە و دەسـت بەسـەرداگرتنی هەشـت ڕادیـۆی بێتـەل و هەشـت تـۆپ

و چوارسـەت گولـە تـۆپ و دوو هـەزار تفەنـگ و سـەت هـەزار گولـەی تفەنـگ. بێگومـان، بـە دەسـتکەوتنی ئـەم هەمـوو چەکانـە، بارزانـی توانـی بـەرەو کوردسـتانی ئێـران بەڕێبکەوێـت.

ڕیچـارد ویندهـام، پەیامنێـری تایبەتـی ڕۆژنامـەی (هەواڵـی جیهـان)[٥٢] لـە ٢٦ی ئـاب لـە قـودس ئـەم ڕووداوانـەی بـە جیهـان ڕاگەیانـد. گوتبـووی ئـەم بزووتنەوەیـە دەتوانێـت ببێتـە ڕاپەڕینێکـی گشـتی بـە ئامانجـی بەدەسـت هێنانـی سـەربەخۆی کوردسـتان:

دەرئەنجامێکـی جـددیتر بەرامبـەر بـە ئینگلیـز، کاردانـەوەی جیهانێـک دەبێـت کـە بـە ڕۆحـی سانفرانسیسـکۆ زینـدوو کـراوە، لـە ئەگـەری ئـەوەی ئینگلیـزەکان بەشـداری لـە سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا بکـەن. چونکـە لـە چـاوی جیهانـدا، کـورد وەک نەتەوەیەکـی بچـووک بـە هەمـان شـێوەی سـووریا و لوبنـان مافـی ئـەوەی هەیـە داوای سـەربەخۆیی خـۆی بـکات.

**ئەمە ڕاگەیاندنێکی خراپ نییە!**

وتەیەکـی عێراقـی هەیـە دەڵـێ: سـێ جـۆر بـەڵا لەسـەر زەوی هـەن: کوڵلـە و جـورج و کـورد.

ئاگادارییـن نوێنەرانـی کۆمـکاری عەرەبـی بـە بەردەوامـی کۆدەبنـەوە بۆئـەوەی پێکـەوە ڕووبـەڕووی مەترسـی ڕەوە کوللـە ببنـەوە. عێراقییـەکان

(٥٢) هەواڵی جیهان (News of the world)، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی بەریتانی بوو، لە ساڵی ١٨٤٣ەوە دەستی بە وەشان کرد و دوا هەژماری لە ١٠ی تەمووزی ٢٠١١ دەرچوو.

بـۆ ڕزگاربـوون لـە بـەڵای سـێیەم، پەنایـان بـۆ ژەنـەڕاڵ ڕێـنتن، فەرمانـدەی پێشـووی "جورجەکانـی بیابـان" بـرد. بـا وا دابنێیـن ئەمـە بیرۆکەیەکـی خـراپ نەبووبێـت، بـەڵام ئـەو کاتـە ترسـی ڕیچـارد ویندهـام لـەوە بـوو ئەگـەر ئینگلیـزەکان بەشـداری لـە سـەرکوتکردنەکەدا بکـەن دێتـەدی. پێدەچێـت وانەبێـت، چونکـە ژەنـەڕاڵ ڕێـنتن لـە لیسـتی کەسـانی چالاکـی سـوپای بەریتانیـادا نییـە، بەڵکـو وەک فەرماندەیەکـی سـەربازی پشـکی لـە بوجـەی عێراقـدا هەیـە. (فەلەسـتین پۆسـت، ٣١ی ئابـی ١٩٤٥)

کەواتـە پێشـبینی هـێنری دۆبـس بـۆ دۆخەکـە ڕاسـت بـوو کاتێـک دەیگـوت: "مەترسـی ئەوە هەیـە هێزەکانی بەریتانیا وەک بەکرێگیراو پێشـان بدرێـن، گوایـە ئـەم هێزانـە لەلایـەن حکومەتێکـی ڕۆژهەڵاتی بۆ سـتەمکردن لـە خەڵـک بەکاردەهێنرێـن و دوورن لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکان".

## ٧- لە چاوەڕوانی ڕۆژە خۆشەکاندا

بەو پێیەی عێراق وڵاتێکی دیموکراسییە، ڕووداوەکانی هاوین و پاییزی ساڵی ١٩٤٥ بوونە قسە و باسی نێو پەرلەمانەکەی کە لە مانگی کانوونی دووەم لە چەندین دانیشتندا بە درێژی گفتوگۆیان لەسەر کرا. لێرەدا چەند وتەیەکی پەرلەمانتاران و وەزیرەکانی ئامادەبووی دانیشتنەکان دەخەمەڕوو کە لەلایەن مەنسور شەلیتا لە وتارێکیدا بەناونیشانی (کێشەی کورد لەبەردەم پەرلەمانی عێراقدا) لە ٢٧ی ئاداری ساڵی ١٩٤٦ لە ڕۆژی بەیروت بڵاویکردووەتەوە.

سەرەتا ئەو شەڕخوازانە دەخەینەڕوو کە ترسیان لە هیچ نییە بە مەرجێک بە باشی بپارێزرێن.

عەلی ئەلئیمان: کوردی باکوور ویستی جیابوونەوەیان نییە و هیچ کێشەیەکی کوردیش بوونی نییە. گلەییم لە حکومەتە کە بەرامبەر کۆمەڵێک باندی تاوانبار لێبوردە بووە. کاتێک نائارامییەک لە ناوچەکەدا دروست دەبێت، حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان وادەزانن ئەمە بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە.

ئیبراهیم عەتار باشی: ئەگەر حکومەت جددی و توندوتیژتر بووایە، دەیتوانی دەستبەجێ یاخیبوونەکە لەناوببات.

وەزیری ناوخۆ: هەڵسوکەوتی بارزانی و باندەکەی، هەڵسوکەوتێکی تاوانکارییە.

وەزیری بەرگری نیشتمانی: سوپاسی گەلی کورد دەکەم کە ئەو

تاوانانەیـان شـەرمەزار و ئیدانـە کـرد کـە لەلایـەن باندەکـەی بارزانییـەوە ئەنجامدراون.

کەواتـە بـە وتـەی ئەمانـە بێـت، هیـچ پرسـێکی کـوردی لـە ناوچەکـەدا بوونــی نییــە، ئــەوەی هەیــە تەنیــا چەنــد باندێکــن هەڵــدەستن بــە ئەنجامدانــی ئــەم کردەوانــە، بــەڵام پێــم وابــوو دەســتبەجێ لەنێوبــراون. کەواتــە ڕاگەیاندنەکــەی حکومــەت لــە ٢٠ی ئابــدا کــە گوایــە هەمــوو شــتێک تــەواو بــووە و نزیکــەی ٣٠٠ جەنــگاوەری بارزانــی دەستبەســەر کـراون، درۆیەکـی فەرمـی بـوو، تاکـو خەڵـک نیگەرانـی دۆخەکـە نەبێـت.

گەلــی کــورد تاوانەکانــی بارزانــی شــەرمەزار و ئیدانــە کــرد؟ بــا لــەم بارەیـەوە گـوێ لـە وتـەی ماجـد مسـتەفا، نوێنەری کـورد لە سلێمانی بگرین:

بیســت و پێنــج ســاڵە ئــەم وڵاتــە نێچیــری چینێکــی حوکمڕانــی گەنـدەڵ و بۆگەنـە کـە ڕێگـە بـە خـۆی دەدات و پێـی وایـە بـە ڕەهایـی توانـای ڕێگـەدان بـە خـۆی بـۆ هەمـوو شـتێک هەیـە. لـە نێـوان ئـەم چینـە و خەڵکـدا، کەلێنێکـی گـەورە هەیـە. ئـەم چینـە خەڵـک قـۆرغ دەکات: خەڵکێکـی نـاڕازی و گومانـاوی و خەمنـاک و بێهیـوا. حکومـەت لـە خەمـی دەسـتەبەرکردنی سـەربەخۆیی لیبیادایـە، لەکاتێکـدا ئەسـڵەن خەمـی سـەربەخۆی نیشـتمانی خـۆی نییـە.

پێویسـتە پەرلەمـان چارەسـەرێکی کاریگـەر بـۆ ئـەم دۆخـە خراپـە بدۆزێتـەوە. بــەڵام بەداخــەوە پەرلەمــان لــە سیســتمێکی دیموکراتــی ڕاستەقینەوە سـەرچاوەی نەگرتـووە، بەڵکـو لـە چەنـد لایەنێکـی جیـاواز و ناکارامـە پێکهاتـووە و هیـچ توانایەکـی نییـە.

جەعفەر حەمەندی لە وەڵامی ئەو کەسانەی بە کەم سەیری هێزی شۆڕشیان دەکرد، دەڵێت: حکومەت تەواوی سوپا و جەندرمە و پۆلیسی ناردبووە بەرەکانی جەنگ، لەکاتێکدا ژمارەی شۆڕشگێڕەکان زۆر لەوە کەمتر بوو. کەواتە بۆچی سوپا و جەندرمە داوای هاوکارییان لە عەشیرەتە دڵسۆزەکانی کورد کرد؟

هەروەها سەعد ساڵح دەڵێت: ئەم هێرشانە چ سوودێکیان پێ گەیاندین؟ سەدان کوژرا و بریندارمان کردنە قوربانی و یەک ملیۆن دینارمان بەهەدەردا. چەندین مەدالیامان پێشکەشکردن، کە تەنانەت بەرگریکارانی هەردوو شاری ئەلعەلەمین[٥٣] و مۆسکۆش بەدەستیان نەهێنابوو. ئایا بارزانی بە دیل گیرا؟ نەخێر بەرەو ئێران ڕۆیشت.

نوێنەرە کوردەکە قسەکانی بە باشی دەردەبڕێت. باسکردنی لیبیا کە بێگومان پێویستە لە دەست سوپای بیانی ڕزگاربکرێت، بەڕاستی بە باشی بیری لێکراوەتەوە. پێویستە زیاتر لە کوردێک بە هەمان شێوە بیربکاتەوە و خوازیاری ڕۆیشتنی هێزی بیانی بێت لە عێراق. بەڵام ئەوکاتە حکومەت چی دەکات؟ هەر وەک حەمەندی پێشتر گوتبووی: حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر کەمی شۆڕشگێڕەکان، نزیکەی تەواوی سوپا و جەندرمە و پۆلیسی ناردبووە بەرەکانی جەنگ

---

(٥٣) علمین (العلمین) شارێکی میسرییە، دەکەوێتە سەر دەریای ناوەڕاست و ٢٤٠کم لە باکووری ڕۆژئاوای قاهیرە. لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٢ شەڕێکی سەخت لە نێوان هاوپەیمانان و نازییەکان لە ئەلعلمین ڕوویدا کە بە یەکێک لە خاڵە وەرچەرخانەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دادەنرێت. لەم شەڕەدا هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ مۆنتگۆمێری سەرکەوتنێکی گرنگیان لەدژی ئەڵمانەکان و ئیتالییەکان بەدەست هێنا.

و لەســەرووی ئەوەشــەوە داوای هــاوکاری لــە عەشــیرەتە هاوســۆزەکانی کردبــوو. وەڵامەکــەی ئاســانە. یــان ژمــارەی شۆڕشــگێڕەکان زۆر بــووە یــان ژمــارەی ســوپای عێــراق کــەمتر بــووە لــەوەی کــە گوتــراوە یــان ویســتوویانە ناکۆکــی بخەنــە نێــوان هــۆزەکان. هەمــوو ئەمانــە لــە پــای چــی و بۆچــی بــووە؟ بــۆ بەخشــینی مەدالیــا کــە تەنانــەت بەرگریکارانــی هــەردوو شــاری ئەلعەلەمیــن و مۆســکۆش بەدەســتیان نەهێنــان؟

لــە ڕاســتیدا نوێنەرانــی عێــراق هەســتێکی ناخــۆش و تاڵیــان هەیــە! بــەڵام لــە نێویانــدا هــەن خــاوەن عەقڵــی ســاغن و بــە دروســتی بیــر دەکەنــەوە و ئامــاژە بــە ڕاســتییەکان دەکــەن.

عەبدولکەریــم ئەلعــەزری: ســەرکوتکردنی ڕاپەڕیــن خــۆی لــە خۆیــدا کردەوەیەکــی نەرێنییــە و هیــچ ئەنجامێکــی نابێــت، ئەگــەر لێکۆڵینــەوە لــە هۆکارەکانــی هەڵگیرســانی ڕاپەڕینەکــە نەکرێــت و چارەســەریان بــۆ نەدۆزرێتــەوە. نکۆڵــی کــردن لــە نەبوونــی کێشــە هیــچ ســوودێک بــە ئێمــە ناگەینێــت، چونکــە بــە دڵنیاییــەوە کێشــە هــەن. گەلــی عێــراق لــە یــەک ڕەگــەز و نەتــەوە پێــک نەهاتــووە، بەڵکــو لانیکــەم لــە دوو نەتــەوە پێکهاتــووە کــە عــەرەب و کــوردن. پێویســتە بــە بــرا کوردەکانمــان بڵێیــن بــە کــورد بمێننــەوە هــەروەک چــۆن خۆمــان بــە عــەرەب ماوینەتــەوە، بــەڵام دەبێــت ڕێــز لــە یــەکتر بگریــن و هــاوکاری یــەکتر بکەیــن. ســویسرا و کەنــەدا وڵاتــن و لــە چەنــد نەتــەوە و ڕەگەزێــک پێکهاتــوون. لەگــەڵ ئەوەشــدا گەلانــی یەکگرتــوو و ئاشــتیخوازن.

بێگومــان ڕاپەڕینــی کــورد بەهــۆی ڕۆحــی یاخیبوونەوەیــە، بــەڵام

بەهـۆی ئیدارەدانـی خراپـی ناوچەکـە و هۆکارەکانـی دیکەشـەوەیە.

سـەلام نامیـق: داوا لـە حکومـەت دەکـەم دەسـتبەجێ چاکسـازی قـووڵ و ڕیشـەیی لـە هەمـوو بوارەکانی ژیاندا لـە هەرێمـە کوردییەکاندا ئەنجـام بـدات، چونکـە کـورد بەشـێکی سـەرەکییە لـە گەلـی عێـراق.

ئەحمـەد چەلەبـی: ڕاپەڕیـن سـەرکوتکرا، بـەڵام پێویسـتە حکومـەت هۆکارەکانـی سـەرهەڵدانی چارەسـەربکات و دادپـەروەری لـە هەمـوو شـوێنێک بچەسـپێنێت.

حیبـەت اللـە ئەلفاتـی: ئەگـەر حکومـەت فەرمانبـەر و بەرپرسـی ڕاسـتگۆ و دادپـەروەری بۆ کورد ناردبا، هەرگیـز ڕاپەڕینەکە ڕووی نەدەدا.

هیوادارین پڕۆسەی چاکسازی درەنگ نەکەوێت.

**عەقید ئێلفینستن دیسان لەبارەی کوردی عێراقەوە دەڵێت:**

کـوردی عێـراق دەزانـن باردۆخیـان زۆر لـە دۆخـی کوردانـی تورکیـا و ئێـران لەبارتـرە، ئەمـەش دەگەڕێنێتـەوە بـۆ هەژموونـی بەریتانیـا لـە ناوچەکـەدا و گومانیـان لـە زۆرینـەی عەرەبـی نـاو حکومەتـی عێـراق هەیـە. ئـەوان هیـچ متمانەیەکیـان بـە نیازەکانـی داهاتـووی ئـەم زۆرینەیـە بەرامبـەر بـە خۆیـان نییـە.

دیـارە کـورد لـە عێـراق وەک لـە تورکیـا بـە شـێوەیەکی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراو لەنێونەبـراون، بـەڵام لاپەڕەکانـی پێشـوو بـە ڕادەی پێویسـت دەریانخسـتووە کـە داواکارییەکانیـان وەک (دامەزراندنـی فەرمانبـەری کـورد و دروسـتکردنی قوتابخانـە و نەخۆشـخانە) لەلایـەن پەیماننامـە

نێودەوڵەتییەکانــەوە بــە ڕەوایــی نــاسراون و هێشــتا جێبەجــێ نەکــراون. سـەبارەت بـە کاریگـەری و هەژموونـی بەریتانیـا، هەندێکجـار زۆر هەسـتی پێدەکرێــت و کــورد خۆشــحاڵ دەبێــت، ئەگــەر کاریگەرییەکــە لــەڕووی کەلتوورییــەوە سـنووردار بکرێـت کـە ئەمـە خاڵێکـی زۆر گرنگـە بۆیـان. بەداخــەوە! بۆچــی دەبێــت فڕۆکەکانــی هێــزی ئاسمانــی ئینگلیــز زۆرجــار لــە شــوێنەکانیان بێنــەدەرەوە؟ عەقیــد ئێلفینــستن و هەمــوو ئینگلیــزەکان بــاش دەزانــن کــورد متمانــەی بــە حکومەتــی عێــراق نییــە. پێــشتر ئەزموونــی تەواویــان لەگــەڵ یــەکتردا هەبــووە. بیرکردنــەوەی هەندێــک لــە پەرلەمانتــارەکان کــە لــە ســەرەوە ئاماژەمــان پێــدا، بەســە بۆئــەوەی ڕاســتییەکان بســەلمێنین.

جگـە لـەوەش، بەیاننامـەی تۆفیـق سـوەیدی، سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق، لـە کاتـی کردنـەوەی دانیشـتنی کۆمـکاری عەرەبـی لـە ٢٥ی ئـاداری ١٩٤٦ لـە قاهیـرە زۆر تایبەتمەنـدە:

بەڕاسـتی ئەسـتەمە بزانیـن لەنێـو عەشـیرەتە کوردییەکانـی ئێرانـدا چــی دەگوزەرێــت. بــاس لــە دامەزراندنــی کۆمارێکــی ســەربەخۆ و سـوپایەکی کـوردی دەکـەن؛ هەندێـک سـەرچاوە ئـەم هەواڵە پشتڕاسـت دەکەنــەوە و هەندێکــی تــر ڕەتــی دەکەنــەوە. چــۆن ڕاســتییەکان بزانیــن؟

ڕاسـتە لـە عێـراق، ڕێبـەری کورد مـەلا مسـتەفا بارزانی سـەرکردایەتی شۆڕشــێکی کــرد کــە دەبــوو حکومەتــی عێــراق لــە بەرامبەریــدا هەنــگاوی جــددی بنێــت، بزووتنەوەکــە کاریگــەری کەســی و ئایینیــی بارزانــی بەســەرەوە بــوو، پەیــڕەوی مەزهەبێکــی نوێــی دەکــرد کــە

کوردە دیندارەکانی خۆیان ئیدانەیان دەکرد. کەسانێک لە هەوڵدان بە خەڵک بڵێن ئەم بزووتنەوەیە، ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی بووە. ئەمە بە تەواوی دوورە لە ڕاستی. بارزانی بەدوای بەرژەوەندی کەسیدا دەگەڕێت و هیچتر نا. نایەوێت حکومەت دابمەزرێنێت، بەڵکو داوای هەرێمێکی کوردی دەکات کە لەژێر هەژموونی خۆیدا بێت. **سەرۆک وەزیرانی عێراق بەم دێڕە جەخت لەسەر قسەکانی دەکاتەوە و کۆتایی بە وتارەکەی دەهێنێت: هیچ بزووتنەوەیەکی کوردی لە عێراق بوونی نییە.**

مەرام و ئاواتە شەخسییەکانی شێخ مەحموود هەر وەک عەقید ئێلفینستن دەیهێنا سەر زمان، بەرژەوەندییە کەسییەکانی بارزانی هەر وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق لای خۆیەوە جەختی لەسەر دەکردەوە. لەنێو هەموو ئەمانەدا، بە قسەی ئەوان بێت تا ئێستا هیچ جووڵانەوەیەکی جددی و نەتەوەیی کوردی نەبووە، بەڵام ئەو ڕۆژە دێت کوردی تووڕە لە پێناو بەدیهێنانی داواکارییە ڕەواکانی خۆی، پشتی ئەو لایەنە دەگرێت کە بیەوێت ڕزگاری بکات.

# بەشی چوارەم

## له نێوان ورچ و پڵنگدا

**"پێویستە دەمی کورد بە ئاسن پڕ بکرێتەوە و گشت بڵاوکراوەکانی لەناو ببرێن"(٥٤)**

(٥٤) ئەمە مانشێتی ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (تهران امروز) واتە تارانی ئەمڕۆ بوو لە ساڵی ١٩٤٥. ڕۆژنامەی تاران ڕۆژنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابووری بوو.

## ١- لەبەردەم پرسێکی دڕکاویدا

"ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بریتییـە لـە مۆزایکـی نەتـەوەکان". ئەمـە وتـەی عەقیـد لۆڕێنسـە و ئێمـەش درکمان بـەو ڕاسـتییە لـە عێراقـدا کـرد. دەکرێـت ئـەوە بـۆ ئێرانیـش هەمـان شـێوە بێـت. ئێـران دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتـی عێـراق، سـنووری هاوبەشـیان لـە هـەزار کیلۆمەتـر زیاتـرە و درێژدەبێتـەوە تـا سـنووری تورکیـا. لـە باکـوور، هاوسـنوورە لەگـەڵ ئەرمینیـای سـۆڤیەت و ئازەربایجانـی ڕووسـی. لـە دیوەکـەی تـری دەریـای خـەزەرەوە، سـنوورەکەی دەگاتـە تورکمەنسـتان و سـۆڤیەت. لـە ڕۆژهەڵاتیـش هاوسـنوورە لەگـەڵ ئەفغانسـتان و بەلوچسـتان. هەرچـی لـە باشووریشـە کەنـداوی فـارس و دەریـای عومـان بـە جیهانـی دەرەوەی دەیگەینـن.

لەنێـو هەمـوو ئـەو گەلانـەی لـەم خاکـە فراوانـەدا دەژیـن، سـەرنجمان زیاتـر لەسـەر گەلـی کـورد دەبێـت. ئەگـەر تاڕادەیـەک پرسـی ئازەربایجانمان لا ڕوونتر بێـت، بـاشتر لـە دۆخـی ئێسـتایان دەگەیـن، چونکـە دۆخـی ئازەربایجـان پەیوەندیـی بـە کـوردەوە هەیـە و لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٤٥ەوە جێگـەی سـەرنجی گـۆڕەپانـی سیاسـی و نێودەوڵەتـی بـووە.

سـەرەتا بـا بزانیـن ئـەم ئازەربایجانیانـە کێـن؟ ئەنتـوان پوادبـارد[٥٥] لـە

---

(٥٥) ئەنتوان پوادپارد شوێنەوارناس و فۆتۆگرافەر و میسیۆنێری کریستیانی فەڕەنسییە. ساڵی ١٩٢٥ لە بەیروت نیشتەجێ دەبێت و ئەرکی نەخشەسازی ناوچەکەی لە ڕێگەی فڕۆکەوە لەلایەن فەڕەنساوە پێدەسپێردرێت. ساڵی ١٩٢٣ پەرتوکی (لە چواڕیانی ڕێگاکانی ئێراندا) نووسیوە.

Antoine Poidebard, 1923. Au carrefour des routes de Perse, édition Crès et CIE, Paris.

لاپـەڕە ٢٠٠-٢٠٢ی کتێبەکەیـدا بـە ناونیشـانی (لـە چواڕیانـی ڕێگاکانـی ئێرانـدا) چەنـد زانیارییـەک لەبارەیانـەوە دەخاتـەڕوو:

ئازەربایجانییـە فارسـییەکان کـە ژمارەیـان دوو ملیـۆن کـەس دەبێـت، یەک لەسـەر پێنجی دانیشـتوانی ئێران پێکدەهێنن. ناوەندی سـەرەکییان پارێـزگای تەورێـزە، بـەڵام لـە هەمـوو خاکـی ئێرانـدا بڵاوبوونەتـەوە.

ئازەربایجانییـەکان زۆرینـەی دانیشـتوانی ئازەربایجانـی شـەرقی، لـە پارێـزگای تەورێـز و نێـوان زنجیـرە چیای کافلان لە باشـووری شـاری میانە و ئـاراس تـا دەگاتـە سـنووری کوردسـتان پێکدەهێنـن. ئـەوان دراوسـێی تەتەرەکانـی قەوقـازن کـە بەڕەچەڵەک لـە هەمان ڕەگـەزی تورکن و تەنیا لـە ڕووی سیاسـییەوە لێیـان جیابوونەتـەوە. پێش پەیماننامـەی تورمانچای سـاڵی ١٨٢٨، هەموویـان لەژێـر هەژموونـی شـا یەکگرتـوو بـوون.

ئـەوان لـە نـاو هۆزەکانـی دەوروبـەری پارێـزگای زەنجـان وەک هـۆزی ئەفشـار و لـە پارێـزگای تـاران و لـە نـاو دۆڵـی دەماوەنـد و لـە باشـووری ئیسـفەهان و ڕۆژهەڵاتـی کرمـان و لـە خۆراسـان و نیشـاپوور و کوشـان و لـە پارێـزگای ئەسـتەراباد (گـۆرگان) بڵاوبوونەتـەوە.

گەورەتریـن هۆزیـان بریتییـە لـە شاسـەڤەنەکان کـە لـە پارێزگاکانـی تەورێـز و تـاران و زەنجـان نیشـتەجێ بوونـە. هەروەهـا بەناوبانگترینیـان هـۆزی قاجـار بـوو لـە باکـووری ئەسـتەراباد (گـۆرگان) کـە توانیـان فەرمانڕەوایـی قاجـار دابمەزرێنـن و حوکمـی هەمـوو ئێـران بکـەن.

ئازەربایجانییەکانـی ڕووسـیا و ئێـران لـە یـەک ڕەچەڵـەک و ڕەگـەزی

تورکـن. هـەر لەبەرئەوەشـە زۆرجـار بـە تورکـی فارسـی بانگدەکرێـن. هەردووکیـان لەگـەڵ لەشکرکێشـی سـەدەی سـێزدەیەم لـە ئاسـیاوە هاتـوون و لـە ڕێگـەی کەناراوەکانـی باکـووری دەریـای ئارالـەوە گەیشـتوونەتە بانـی ئێـران. بـۆ گەیـشتن بـە ئازەربایجـان، ڕێگاکانـی باکـووری ئێـران دەگرنەبـەر. ئازەربایجانییـەکان و ئێرانییـەکان، هەردووکیـان پەیڕەوانـی مەزهەبـی شـیعەن.

لـە تشرینـی دووەمی سـاڵی ١٩٤٥دا زانـیمان کە نائارامی لـە ئازەربایجانی ئێـران سـەریهەڵداوە. سـەرۆک وەزیرانـی ئێـران، حەکیمـی ڕایگەیانـد، چەنـد لایەنێکـی بیانـی بـە ئاشـکرا لایەنگیـری ڕووداوەکـەن و پشـتگیری لـە پارتـی دیموکراتـی تـودێ[٥٦] دەکـەن. بـە مەبەسـتی کۆنترۆڵکردنـی دۆخەکـە، حکومەتـی ئێـران ویسـتی هێـز بنێرێتـە پارێـزگای تەورێـز، بـەڵام لەلایـەن ڕووسـەکانەوە لـە قەزوێـن ڕێگرییـان لێکـرا، بـەو پێیـەی ناوچەکـە لەوکاتـەدا لەژێـر داگیـرکاری ئەوانـدا بـوو. حەکیمـی یاداشـتێکی نارەزایەتـی گەیانـدە باڵیـۆزی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە تـاران، هـاوکات باڵیـۆزی ئێـران لـە ئەمریـکا، حوسـێن عـەلا، دیـداری لەگـەل بەڕێـز بێرنـز، وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا هەبـوو، داوای لێکردبـوو ئەمریکییـەکان دەسـتوەردان لـە دۆخەکـەدا بکـەن. ڕۆژنامـەی تایمـز ئامـاژە بـەو ڕاسـتییە دەکات کـە ڕووسـیا بـە دەسـتوەردان

---

(٥٦) پارتی تودێ (توده) بە پارتی جەماوەری ناسراوە. پارتێکی کۆمۆنیستی ئێرانی بوو و لە ساڵی ١٩٤١ دامەزرا، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت هەبوو. لە ماوەی تەمەنیدا دووجار قەدەغەکرا. سەرەتا لە ٥ی شوباتی ١٩٤٩ لەلایەن دەوڵەتی شاهانەوە قەدەغەکرا. دواجار لە شوباتی ١٩٨٣ لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە داخرا.

لـە پرسـە ناوخۆییەکانـی ئێـران بەڵێنەکانـی پێشـێل کـردووە، لەکاتێکـدا ئاژانسـی تـاس لـە مۆسـکۆ هـۆکاری سـەرهەڵدانی نائارامـی و گرژییـەکان دەخاتـە ئەسـتۆی بەرپرسـانی ئێـران.

بزووتنەوەکـە پەرەیسـەند. ئازەربایجانییـەکان حکومەتێکـی ئۆتۆنۆمییـان ڕاگەیانـد و لـە ١٧ی کانوونـی یەکەمـدا بەرنامـەی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی خـۆی بڵاوکـردەوە. ئـەوان چاکسـازییەکی ڕیشـەیی دیموکراسـییان دەویسـت کـە لەلایـەن وڵاتانـی دۆسـت وەک فەڕەنسـا و بەریتانیـا یـان ئەمریـکاوە پشـتگیری بکرێـت کـە ژمارەیـەک داواکاری تایبەتـی نەتەوەیـی لەخۆگرتبـوو، لەوانـەش خوێنـدن و فێرکـردن لـە قوتابخانـەکان و بەکارهێنانـی یاسـایی زمانەکەیـان وەک زمانـی فەرمـی و هەروەهـا فەراهـەم کردنـی یەکسـانی سیاسـی و ئـازادی ئایینـی بـۆ گەلانـی دیکـە وەک کـورد و ئەرمـەن کـە نیشـتەجێی ئازەربایجانـن.

ئینگلیـزەکان بـە بـێ دەنگـی نەوەسـتان. باڵیۆزەکەیان لە تاران پێشـنیازی بـۆ سـەرۆک وەزیـران حەکیمـی کـرد کـە لێژنەیـەک بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەو دۆخـە ڕەوانـەی ناوچەکـە بـکات. وەزیرەکانـی حکومـەت لەسـەر پێشـنیازی باڵیـۆزی بەریتانیـا ناکۆکـن. لێژنەکـە دوولایەنـە لەگـەڵ ئینگلیـز و ئەمریـکا، یـان سـێ لایەنـە لەگـەڵ ڕووسـەکان بێـت؟ لـە کۆتاییـدا ئێـران پێکهێنانـی لێژنەیـەک بـۆ لێکۆڵینـەوەی پەسـەند کـرد، بـەڵام بـە چەنـد مەرجێـک کـە لـە ٩ی کانوونـی دووەم لـە وتارێکـدا لەلایـەن نوێنـەری زۆرینـەی ئەندامانی حکومـەت، سـێغەت ئیسلامـی، خرانـەڕوو:

**یەکـەم:** ئێـران دژی لێژنـەی نێودەوڵەتـی نییـە کـە ئەرکـی

لێکۆڵینەوەکردنــە لــە ڕووداوەکانــی ئازەربایجــان، چونکــە بــۆی دەردەکەوێــت گــەل پشــتیوانی ئــەم بزووتنــەوە دیموکراتییــە نییــە.

**دووەم:** ئێــران دژی لێکۆڵینەوەکانــی لێژنــەی پەیوەســت بــە کێشــەی کەمینــەکان و زمانەکانیــان و سیاســەتی دەرەوەی حکومــەت دەوەســتێتەوە، چونکــە دۆخــی ئێســتای ئازەربایجــان تەنیــا بەهــۆی بوونــی هێــزی بیانییەوەیــە.

**سێیەم:** ئەگــەر لێژنــەی ســێ قۆڵــی لــە لێکۆڵینەوەکانیــدا ســەرکەوتوو نەبــوو، پێویســتە بــەر لەکۆتایــی هاتنــی خوولــی یەکەمــی ئەنجوومەنەکــەی، پەیوەنــدی بــە نەتــەوە یەکگرتووەکانــەوە بکرێــت.

وەک دەبینیــن ئــەم مەرجانــە بەشــێوەیەکی کــرداری کارەکانــی لێژنەکــەی سنووردارکردووە. جگــە لــەوەش ڕۆڵی حەکیمــی کەمکراوەتــەوە و بڕیاردراوە ئــەم لێکتێنەگەیشــتنەی نێــوان ڕووســیا و ئێــران لەنــاو خۆیانــدا چارەســەر بکــەن، بــەڵام ڕاپۆرتەکــەی بــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان دەدەرێتــەوە.

کاردانەوەکانــی ڕووداوەکــە لــە مانگــی ئــاداری ســاڵی ١٩٤٦ زیاتــر بــوون، کاتێــک ژەنــەڕاڵ ئەحمــەد حەمــەدی، وەزیــری جەنــگ، لــە ١٦ی مانگــدا ڕایگەیانــد ئێــران پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ ڕووســیا لــە نەتــەوە یەکگرتووەکان هەڵدەپەسێرێت. لــە بەریتانیــا، ڕۆژنامــەی تایمــز و دەیلــی تەلەگــراف لــە مانشــێتی ژمارەکانیانــدا دەنووســن: "براڤــۆ، ئێــران"! لــە کاتێکــدا ئێرنســت بێڤیــن، وەزیــری دەرەوەی بەریتانیــا، دەڵێــت: "بــەو ڕادەیــەی دەتوانیــن زیــان بــە شــتەکان بگەینیــن، ئەوەنــدەش بــە ســووکی وەریاندەگریــن". مۆســکۆ ئــاگاداری چەنــد ڕۆژنامەیەکــی نیازخراپــە کــە لــە تارانــەوە

ڕایانگەیانـد، ژەنـەڕاڵ باگرامیـان[٥٧] مـاوەی دە ڕۆژە لـە مۆسـکۆیە و وەک نوێنـەری لاتڤیـا، بەشـداری لـە دانیشـتنەکانی ئەنجوومەنـی بـاڵای کـردووە.

ئەمریکییـەکان هەسـتیان بـە مەترسـییەکان دەکـرد، بۆیـە دەسـتیان بـە جووڵـەی سیاسـی زیاتـر کـرد. دیـن ئاچسـن، جێگـری وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا، لـە لێدوانێکـی ڕۆژنامەوانیـدا ڕایگەیانـد؛ دۆخـی نائارامـی ئێـران دەکرێـت سـەرەتایەک بێـت بـۆ کـردەوەی لەو شـێوەیە لـە تورکیـا و هەرێمە نەوتییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. هەروەهـا ڕاشـیگەیاند هەنگاوەکانـی یەکێتـی سـۆڤیەت بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی بیـرە نەوتییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کاردانـەوەی تونـدی ئەمریـکا و بەریتانیـای لێدەکەوێتـەوە. ئەمریـکا درک بـەوە دەکات، ئەگـەر دۆخەکـە بـەم شـێوەیە بـەردەوام بێـت، دەچینـە قۆناغێکـی پـڕ لـە کێشـەوە، چونکـە جووڵـەی هێزەکانـی سـۆڤیەت لـە ناوچەکـەدا نامـۆن. جێگـری وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا جەختـی لـە دۆخـی لەرزۆکـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەکـردەوە. هەروەهـا بەڕێـز ئێدویـن ویڵسـن، باڵیـۆزی ئەمریـکا لـە تورکیـا، سـەردانی محمـد شـوکر و سـەڕاجۆغلۆ، سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـای کـرد و پشـتگیری وڵاتەکـەی بـۆ تورکیـا دوپاتکـردەوە.

---

(٥٧) هۆڤانس باگرامیان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٨٩٧ لە خێزانێکی هەژاری بە بەڕەچەڵەک ئەرمەنی لەدایکبووە. ئەزموونی باگرامیان لە پلاندانانی سەربازیدا ڕێگەی پێدا لە هێرشە سەرەتاییەکانی بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت وەک فەرماندەیەکی کاریگەر سەیر بکرێت. لە جەنگی دووەمی جیهانی یەکەم ئەفسەری سوپای سووری غەیرە سلاڤی بوو. دواتر بوو بە فەرماندە و لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٣ بوو بە فەرماندەی بەرەی یەکەمی بەلتیق لە ئەورووپا. لە ٢١ی ئەیلوولی ١٩٨٢ لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە.

دۆخەکـە ئەوەنـدە شـڵەژاو بـوو، بۆیـە وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا فشـاری خسـتە سـەر ئێـران تاکـو بابەتەکـە لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان بوروژێنێـت. لـەم نێوەنـدەدا، حوسـێن عـەلا هیـچ ڕێنماییەکـی لەلایـەن حکومەتەکەیـەوە پـێ نەبـوو تاکو پرسـەکە ئاراسـتەی نەتـەوە یەکگرتووەکان بـکات، بـەڵام نەیتوانـی دەسـت لەکاربکێشـێتەوە و بێدەنـگ بێـت، لـە لێدوانێکـی ڕۆژنامەوانیـدا لەگـەڵ هاوتـا ڕووسـەکەی ئاندرێـی گرۆمیکـۆ ڕایگەیانـد دانوسـتانەکان بەردەوامـن. ڕۆژنامەنووسـانی ئەمریکـی کـە هەمیشـە بـەدوای هەواڵـی هەسـتیاردا دەگـەڕان، ڕایانگەیانـد ئینگلیـز پێشـنیازی کۆنفرانسـی نەوتـی کـردووە وەک ئامرازێـک بـۆ کۆتاییهێنـان بـە ناکۆکییەکانـی نێـوان ڕووسـیا و ئێـران.

بـۆ کۆتایـی هێنـان بـە پرسـەکە، هـەر وەک چـۆن ئێـران داوای کردبـوو ناکۆکییەکـەی لەگـەڵ سـۆڤیەت بخرێتـە بەرنامـەی کار، بـەڵام بەڕێـز گرۆمیکـۆ لـە ١٠ی نیسـان بـە فەرمـی داوای دواخسـتنی دانیشـتنی ئەنجومەنـی ئاسایشـی کـرد.

هەمـووان خەریکـی کڕنـۆش بردنـن. لـە ٤ی نیسـاندا، ئەنجومەنـی ئاسـایش بڕیاریـدا پێویسـتە حکومەتـی ئێـران و ڕووسـیا پێـش ٦ی ئایـار ڕاپۆرتـی کشـانەوەی سـەربازانی سـۆڤیەت لـە تـەواوی خاکـی ئازەربایجـان ڕادەسـتی ئەنجومـەن بکـەن. حوسـێن عـەڵا بـە بێدەنگـی مایـەوە، چونکـە لـە ١٧ی نیسـاندا حکومەتـی ئێـران لـە نامەیەکیـدا بـۆ ئەنجومەنـی ئاسـایش دەنووسـێت متمانـەی تـەواوی بـە حکومەتـی مۆسـکۆ هەیـە و داوادەکات پرسـی ئێـران لـە بەرنامـەی کاری دانیشـتنی داهاتـوودا لاببرێـت. ڕۆژنامـەی

نیویـۆرک تایمـز دەنووسـێت: ئـەوە باڵیـۆزی ڕووسـیا لـە تـاران ئیڤـان سـادچیکۆڤ بـووە کـە فشـاری خسـتۆتە سـەر ئێرانییـەکان. لـە لایەکـی دیکـەوە، ڕۆژنامـەی نیویـۆرک هیرالـد تریبـون هاوڕایـە لەگـەڵ ڕووسـەکان و لـە مۆسـکۆش رادیـۆی تایمـز لـە پەخشـێکیدا ڕادەگەینێـت؛ نەتـەوە یەکگرتـووەکان خەریکـە دەچێتـە نـاو ڕێگایەکـی نایاسـاییەوە.

مانگـی ئایـار پـڕ بـوو لـە ڕووداو. لـە ٨ی ئایـاردا، ئەنجومەنـی ئاسـایش لـە بڕیارنامەیەکیـدا ڕایگەیانـد پێویسـتە تاکـو نیـوە شـەوی ٢٠ی ئایـار ڕاپۆرتێـک لەسـەر دۆخـی ئازەربایجـان بخرێتـە بەردەمیـان، بەپێچەوانـەوە نەتـەوە یەکگرتـووەکان خـۆی بڕیـار لـە چارەنوسـی پرسـەکە دەدات، بۆیـە حکومەتـی ئێـران کەوتـە وتووویـێژ کـردن لەگـەڵ ڕووسـەکان و حکومەتـی ئازەربایجـان، بـەڵام لـە ناوەڕاسـتی مانگـی ئایـاردا، شـاندی ئازەربایجـان ئـەوەی دەیویسـت لـە دانوسـتانەکاندا بـە دەسـتی نەهێنابـوو و گەڕایـەوە تەورێـز و خۆپێشـاندانی گـەورەی جەمـاوەری سـازکران. لـە تـاران، هەندێک لـە وەزیـرەکان دوای دیراسـەکردنی داواکارییەکانـی ئازەربایجـان، پێشـنیازی نێوەندگیریـی باڵیـۆزی سـۆڤیەتیان کردبـوو، بـەڵام هەندێـک ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی وەک ڕێبـەر (رهبر)، زمانحاڵـی پارتـی تـودە و نەجـات چەنـد وەزیرێـک بـە تاوانـی نانـەوەی گـرژی و نائارامـی لـەدژی نیشـتمان تۆمەتبار دەکـەن، لەوانەش سـێپێهر، وەزیری پیشەسـازی کە قەوام سـەڵتەنە، سـەرۆک وەزیـران، لـە ٥ی تەمـووز دەسـتگیری کـرد. هەروەهـا هـەر لـەم مانگـەدا پارتـی تـودە داوای پاکتاوکردنـی تـەواوی وەزارەتـی کـرد. هـاوکات سـوپای حکومـەت پێگـەی خـۆی لە دەوروبـەری سـنوورەکانی ئازەربایجـان قایم کرد.

لـە واشـنتۆن لـە ١٨ی ئایـاردا، حوسـێن عـەلا سـەردانی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا دەکات و لەکاتـی دەرچوونـی ڕایگەیانـد ئەگـەر دوای دوو ڕۆژ ڕووسـەکان ئازەربایجـان چـۆڵ نەکـەن، جارێکـی دیکـە پرسـەکە دەخەیەنـەوە بـەردەم نەتـەوە یەکگرتـووەکان.

جەعفـەر پیشـەوەری، سـەرۆک کۆمـاری ئازەربایجـان، لـە تەورێـز ڕایگەیانـد: حکومەتـی خۆجێـی دەسـتبەرداری هیـچ خاڵێکـی پەیوەسـت بـە ڕێکخسـتی هێزەکانـی ئازەربایجـان و سـوپا و ئیـدارە و بەکارهێنانـی زمانـی ئـازەری لەنـاو قوتابخانـەکان و چاکسـازییە کۆمەڵایەتییـەکان نابێـت، بـەڵام هیواخـوازە گفتوگـۆکان لەگـەڵ حکومەتـی ناوەندیـدا دەسـتپێبکەنەوە. بـە داخـەوە ڕادەگەینیـن لـە پێنـاو پاراسـتنی مـاف و ئازادییەکانمـان ئامـادەی جەنگـی براکوژیـن.

لـە تـاران قـەوام سـەڵتەنە لـە بەرامبـەر بەرهەڵسـتکاراندا بەرگـری لـە سیاسـەتەکانی خـۆی دەکات:

پێویسـتە ئـەم کەسـانە چـاک بزانـن سیاسـەتی مـن پاراسـتنی هاوسـەنگی نێـوان ڕووسـیا و بەریتانیـا و ئەمریکایـە. هەروەهـا دەبـێ بزانـن هیـچ دەوڵەتێکـی دەرەکـی بـۆی نییـە دەسـتوەردان لـە کاروبـاری ئێرانـدا بـکات. ئـەم کۆنەپەرسـت و بەرهەڵسـتکارانە بـە چوونیـان بـۆ باڵیۆزخانەکانـی دەرەوە یـان لـە ڕێگـەی پیلانەکانیانـەوە، ئێرانیـان خسـتۆتە مەترسـییەوە.

وابزانـم دەبێـت سـەرۆکی حکومـەت ئـاگادار بکرێتـەوە. بـەو پێیـەی کـە حوسـێن عـەلا بـە هـەزاران کیلۆمەتـر لـە ئێرانـەوە دوورە، تێگەیشـتبوو کـە

ئـەوە سـۆڤیەتەکانن پلان بـە نهێنـی بـۆ هەمـوو پرسـەکان دادەڕێـژن.

لــە ڕێکەوتــی ١٩ی ئایــاردا، ڕۆژنامــەکان لــە مانشــێتە گەورەکانیانــدا، شـەڕی ناوخۆیـان لـە ئێـران ڕاگەیانـد و هەروەهـا ڕادیـۆی تەوریـز ئامـاژەی بـە قەدەغـەی هاتووچـۆدا لـە شـارەکەدا.

لــە ٢٠ی ئایــاردا، حوســێن عــەلا دەرفەتەکــەی قۆســتەوە و نامەیەکــی بـۆ ئەنجومەنـی ئاسـایش نـارد، نامەیـەک کـە لـە شـاکارێکی دیپلۆماسـی دەچـوو، مەبەسـت لێـی ئاڵۆزتـر کردنـی دۆخەکـە بـوو. هـەروەک پێشـبینی دەکــرا، تۆمەتێکــی تــەواو هەڵبــەستراو بــوو لــەدژی ســۆڤیەتەکان، عــەلا ڕایگەیاندبــوو ســۆڤیەتەکان ڕێگــری لــە ئەنجامدانــی لێکۆڵینــەوە دەکــەن و مەحاڵـە بزانرێـت ئاخـۆ سـەربازە ڕووسـەکان بـە جلوبەرگـی مەدەنییـەوە لـە ئازەربایجـان ماونەتـەوە یـان نـا، بـە بـڕوای ئێمـە ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـێ کەموکـوڕی نابێـت، چونکـە وەک هەمـوو لایـەک ئـاگادارن، هەنووکـە حکومەتــی ئێــران لەدۆخێکــی لەبــاردا نییــە، تاکــو بتوانێــت تــەواوی دەســەڵاتی خــۆی لــە تــەواوی ئازەربایجانــدا بەکاربهێنێــت. لەبەرئــەوەی حوسـێن عـەلا زانیـاری پێویسـتی لەبـارەی کۆبوونەوەکانی نێـوان ئێرانییەکان و ئازەربایجانییــەکان لــە حکومەتەکەیــەوە پێنەگەیشــتبوو، هەروەهــا خــۆی هەسـتێکی پێغەمبەرانـەی هەبـوو، هەروەهـا بـەو ئەنجامـە گەیشـت ئەگەر ئـەم ململانێیـە چەکدارییانـە لەسـەر زەوی بین بـە ڕاسـتی، ئەوکاتـە مەترسـی لەســەر ئاشــتی و ئاسایشــی نێودەوڵەتــی حەتمــی و دەســتبەجێ دەبێــت.

کــورد گوتەنــی ئەمــە ئاگــر خۆشــکەرە. کاریگــەری ئــەم نامەیــە وەک بۆمــب بــوو. هەروەهــا بروســکەیەکی قــەوام ســەڵتەنە بــۆ ئەمینــداری

گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـە هەڵـە لێکدرابـووەوە. تەنیـا دەتوانیـن پیرۆزبایـی لـە حوسـێن عـەلا بکەیـن، ئەگـەر ئـەو وەرگێـڕ بوویێـت.

لەکاتی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسـەرانی ئازەربایجان، پیشـەوەری ڕایگەیاند: "لە ئەگەری دەسـتوەردانی دەرەکی لەسـەر خاکی ئێران، لە هەر شـوێنێکەوە بێـت، سـوپاکەمان ئامادەیـە بـۆ ئازەربایجـان و بـۆ ئێـران شـەڕ بـکات".

ڕۆژنامەنووسـانی بیانـی بـۆ هێشـتنەوەی هەسـت و سـۆزی خەڵـک لـە دۆخێکـی چەقبەسـتوودا ڕایانگەیانـد: ژەنـەڕاڵ پەناهیـان فەرمانـدەی ئەکادیمیـای ئەفسـەران لـە تەورێـز تیـرۆر کـرا! ئەمـە هەڵەیـە، بـەڵام هەسـتێکی خـۆش بـوو. ڕۆژنامـە دژبەرەکانـی شـۆڕش، دەیلـی تەلەگـراف و تایمـز، دەنووسـن: پێویسـتە پیشـەوەری و هاوکارانـی بەڵگـەی زیاتـر و قەناعەتپێکەرتـر بخەنـەڕوو و بسـەلمێنن کـە بەنـاوی خەڵکـی ئازەربایجانەوە قسـە دەکـەن نـەک لەسـەر بنەمـای مومارەسـەی دەسـەڵات بـە پشـتیوانی هێـز و لایەنێکـی دەرەکـی.

ڕووداوێکـی چـاوەڕوان نەکـراو. واشـنتۆن لـە ٢١ی ئایـار، کاتژمێـر ٤ی ئێـوارە بروسـکەیەکی لـە تارانـەوە پێگەیشـت و تیایـدا هاتبـوو سـوپای سـوور لـە ٦ی ئایـارەوە ئازەربایجانـی بەجێهێشـتووە.

لـە تەورێـز و تارانـەوە زانیـاری هەبـوو کـە شـەڕ و پێکدادانـی سـەر سـنوورەکان وەسـتاوە و دوای تـەواو بوونـی ڕووداوەکـە پەرلەمانـی تـاران کۆدەبێتـەوە، چونکـە وەفدێکـی ئێرانـی کـە بەرپرسـیار بـوو لـە لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان هێشـتا لـە شـوێنی ڕووداوەکان نەگەڕابـووەوە.

زۆرێـک لـەو کەسانەی سـەبریان نەگـرت لـە نیویـۆرک دەبـێ پەشـیمان بووبنــەوە. ٥٤٢ەمیــن کۆبوونــەوەی ئەنجومەنــی ئاســایش لــە ٢٢ی ئایــار کاتژمێــر ٣ی پاشــنیوەڕۆ دەســتیپێکرد. گرۆمیکــۆ ئامــادەی دانیشــتنەکە نەبــوو، جێــی داخــە، بــەڵام هیــچ کاریگــەری نەکــردە ســەر دانیشــتنەکە.

ئێــدوارد ســتێتینیوس، باڵیــۆزی ئەمریــکا لــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان، پێــی وایــە دواییــن بروســکە ســەبارەت بــە چۆڵکردنــی ئازەربایجــان لەلایـەن ڕووسـەکانەوە تـەواو ڕوون نییـە، جگـە لـەوەش بەهـۆی فشـار و دەسـتوەردانی ڕووسـیاوە باڵیـۆزی ئێـران پێداگـری لەسـەر هێنانـی پرسـەکە بـۆ نـاو نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەکـرد. لەبـەر ئـەم هۆکارانـە دەبـا نەتـەوە یەکگرتـووەکان لێژنەیەکـی لێکۆڵینـەوە بنێرێتـە باکـووری ئێـران. هەروەهـا ئەلێکســاندر کادۆگان، نوێنــەری بەریتانیــا هەمــان بۆچوونــی لەســەر پرســەکە هەبــوو. نوێنــەری پۆڵەنــدا، بەڕێــز لانــگ ڕوو دەکاتــە حوســێن عـەلا و دەپرسـێت ئایـا یەکێتـی سـۆڤیەت تەنیـا دەسـەڵاتە کـە دەسـتوەردان لــە کاروبــاری ناوخــۆی ئێرانــدا بــکات. لــە وەڵامەکەیــدا باڵیــۆزی ئێــران نەیشــاردەوە کــە یاخیبــووان لــە ئازەربایجــان لەلایــەن ســۆڤیەتەکانەوە دامـەزراون و پرچـەک کـراون. هەروەهـا دەشـلێت ئێسـتا ناتوانێـت ئـەوە پشتڕاسـت بکاتـەوە کـە ئایـا هەنووکـە دەسـتوەردانی ڕووسـیا لـە ئێـران وەسـتاوە، هەروەهـا جەختـی کـردەوە بێجگـە لـە سـۆڤیەت هیـچ هێزێکـی دیکـە دەسـتوەردانی لـە کاروبـاری ناوخـۆی ئێرانـدا نەکـردووە. لـە کۆتاییـدا، گفتوگـۆ لەسـەر پرسـی ئێـران بەبـێ دیاریکردنـی ڕێکەوتێـک بـۆ دانیشـتنی داهاتــوو دواخــرا.

ئەمــە ســەرکەوتنێکی گەورەبــوو بــۆ ڕووســەکان، بــەڵام ئایــا دەتوانــن ڕێگەچارەیەکــی دیکــە بدۆزنــەوە بــە تایبەتــی دوای بروســکە ڕوونەکــەی ســەرۆکی حکومەتــی ئێــران کــە لێــرەدا دەخەینــەڕوو:

بــە مەبەســتی کۆکردنــەوەی زانیــاری زیاتــر لەســەر چۆنیەتــی چۆڵکردنــی ناوچەکــە لەلایــەن هێزەکانــی ســۆڤیەتەوە، لێژنەیەکــی لێکۆڵینــەوەم نــارد کــە بــۆ مــاوەی یــەک هەفتــە بــە وردی ســەردانی هەمــوو ناوچــە گرنگەکانــی ئازەربایجانیــان کــردووە، لەوانــەش: تەورێــز و مەرەنــد و جولفــە و خــۆی و ســەڵماس و ماکــۆ و ڕەزایــە و میانــدوا. ڕاپۆرتــەکان دەریدەخــەن هیــچ شــوێنەواری ســەرباز و ئامێــر و کەلوپەلی ســەربازی هێزەکانــی ســۆڤیەت لــەوێ نەدۆزراوەتــەوە. هەروەهــا بەپێــی لێدوانەکانــی کەســانی باوەڕپێکــراو کــە لــە هەمــوو ئــەم ناوچانــەدا پرســیاریان لێکــراوە، ســەربازانی ســۆڤیەت لــە ٦ی ئایــاردا ئازەربایجانیــان بەجێهێشــتووە.

**واژوو**

**قەوام سەڵتەنە**

نازانـم دیپلۆماتـکارە ئەمریکـی و بەریتانییـەکان متمانەیـان بـە لێهاتوویـی حوسـێن عـەلا هەیـە کـە ئەوانـی خسـتۆتە نێـو دۆخێکـی زۆر ناخۆشـەوە، بـەڵام مـن زۆر بـاش لـە ئازەربایجانییـەکان و پارتـە چەپەکانـی تـاران تێدەگـەم کـە داوای گەڕانـەوەی دەکـەن.

دوای ئـەوەی ڕووسـەکان بـە فەرمـی خاکـی ئازەربایجانیـان جێهێشـت و نەتـەوە یەکگرتووەکانیـش چـیتر مامەڵـە لەگـەڵ پرسـی ئێرانـدا نـاکات، لایەنـە بەرژەوەندیخـوازەکان دەتوانـن لـە نێـوان خۆیانـدا بەبـێ کێشـە ناکۆکییەکانیـان چارەسـەر بکـەن.

قـەوام سـەڵتەنە کۆمەڵێـک چاکسـازیی کۆمەڵایەتـی ئەنجامـدا کـە زۆر پێویسـت بـوون. کاریگـەری کەسـی ئـەو، کۆتایـی بـە مانگرتنەکانـی باشـوور و پاڵاوگەکانـی نەوتـی ئابـادان هێنـا. پارتـە چەپـڕەو و ناسیۆنالیسـتەکانی ئێـران بـەردەوام داوای پێداچوونەوەیـان بـە بڕگەکانـی ئیمتیازاتـی نەوتـی باشـووری ئێـران دەکـرد لەسـەر بنەمـای بڕگەکانـی نەوتـی باکوور کـە لەگەڵ حکومەتـی سـۆڤیەت ڕێککەوتبـوو. هـاوکات (راهـدار) کـە ئۆرگانێکـی پارتـی تودەیـە دەنووسـێت: هێزەکانـی ئینگلیـز هێشـتا شـارەکانی بەحرەیـن و بوشـەهریان چـۆڵ نەکـردووە. لـە ڕاسـتیدا ئەمـە باوەڕپێنەکـراو بـوو، چونکـە ئینگلیـزەکان لـە بەڵێنەکانیـان پاشـگەزنابنەوە. دەبوایـە حوسـێن عـەلا نەتـەوە یەکگرتووەکانـی لـەم ڕاسـتییانە ئـاگادار بکردایەتـەوە.

لـە ٣ی حوزەیـران، ڕێککەوتنێـک لـە نێـوان دەسـەڵاتدارانی تـاران و تەورێـزدا واژووکـرا، بەپێـی ئـەو ڕێککەوتنـە، سـەربازانی ئـەو دوو ناوچەیـە لـە پێگەکانـی خۆیانـدا دەمێننـەوە و هیـچ شـەڕ و گرژییـەک ڕوونـادات.

دواجـار لـە ١٩ی حوزەیـران، حکومەتـی ئێـران ئـەو ڕێککەوتنـەی پەسـەند کـرد کـە نوێنەرەکانـی لـە تەورێـز لەگـەڵ نوێنەرانـی حکومەتـی پیشـەوەری واژوویـان لەسـەر کردبـوو. ئەمـە سـازش بـوو، بـەڵام بـە واژووکردنـی ڕێککەوتنەکـە خۆیـان لـە شـەڕی ناوخـۆ بـەدوور گـرت. پارێـزگای زەنجـان لـە ئازەربایجـان دابـڕێنرا و لەبەرامبـەردا دان بـە زمانـی نەتەوەیـی و ئۆتۆنۆمیـی ئازەربایجانـدا نـرا.

ڕۆژنامـەی تایمـز بیرمـان دەخاتـەوە کـە بۆماوەیەکـی زۆر پارێزگاکانـی ئێـران بـە "مانـگای شـیر"ی حکومەتـی ناوەنـدی دادەنـران، حکومەتیـش بێباکانـە دەیڕوانییـە پێداویسـتییەکانیان:

چارەسـەری ڕیشـەیی ئەمـەی ئێسـتایە کـە لـە ئازەربایجـان جێبەجـێ کـراوە، واتـە سـپاردنی کاروبـاری ناوخۆیـی بـە نوێنەرانـی گـەل، تەرخانکردنـی زۆربـەی داهاتـەکان بـۆ پێداویسـتییە ناوخۆییـەکان و لـە هەمـان کاتـدا هاندانـی دانیشـتوانی پارێزگاکـە بـۆ ئەنجامدانـی چالاکـی نیشـتمانپەروەری فـراوان. ئەنجامدانـی بەرنامەیەکـی لـەم جـۆرە کـە پێدەچێـت قـەوام سـەڵتەنە بڕیـاری لەسـەر دابێـت، لـە بەرژەوەنـدی بەریتانیایـە بـەو پێیـەی پشـتگیری لـە دروسـتکردنی ئێرانێکـی بەهێـز و یەکگرتـوو دەکات.

## ٢- هەڵکردنی هەوای ئازادی

لـەو کاتـەی پرسـی ئێـران لەنێـو قەیرانێکـی تـەواو چەقبەسـتووییدا بـوو، لـە وەڵامـی لیئـۆن بلـوم، سـەرۆکی حکومەتـی کاتـی فەڕەنسـا، کـە پرسـەکەی بـە ئیپریالیزمـی سـۆڤیەت دەزانـی، مارسـێل کاشـەن[٥٨] لـە ٢٣ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٥ دەنووسـێت:

ئێـران نـاوی نوێـی وڵاتـی فارسـە، وڵاتێکـی زۆر گەورەیـە و لەسـەر خاکەکـەی گەلێکـی پێشـکەوتووی هەمەچەشـن دەژیـت. حکومەتەکـەی لەسـەر بنەمـای دەرەبەگایەتـی دامـەزراوە و بەڕێوەبردنی ئـەم حکومەتە لەلایـەن خـاوەن مولکـە بـێ ئەندازەکانـەوە مسـۆگەر دەکرێـت کـە ژمارەیەکـی زۆر جوتیـاری هـەژار و کـەم دەرامـەت بۆیـان کار دەکـەن.

سـاڵی ١٩٣٣، هەلێکـم بـۆ ڕەخسـا پەیوەنـدی بـە خەڵکـی ڕەسـەنی ئازەربایجانـەوە بکـەم. ئـەم خەڵکـە باسـی بارودۆخـی ئابـووری و سیاسـی وڵاتەکەیـان بـۆ کـردم. ئـەوان خـاوەن جـۆرە شارسـتانیەتێکی پەرەسـەندوو بـوون و ئـاگاداری ژیانـی سیاسـی مۆدێـرن بـوون.

ئایا دەکرێت ئەوان بەدەست پەروەردەیەکی توندی دەرەبەگایەتییەوە بناڵێنن کە لەلایەن حکومەتی تارانەوە بەسەریاندا سەپێنراوە؟

ئایـا کاتـی ئـەوە نەهاتـووە ڕێـز لـە خواسـت و بنەمـا و کارەکتـەرە نەتەوەییەکانیـان بگیرێـت؟

(٥٨) مارسێل کاشەن سیاسەتمەدار و پەرلەمانتاری پارتی سۆسیالیست و دواتر کۆمۆنیستی فەڕەنسییە لە نێوان ساڵانی ١٩١٤- ١٩٥٨، هاوکات بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی لومانیتێ (L'Humanité) بوو تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٥٨.

ئایا بەرنامەیەکی دیموکراتیتر هەیە لەو بەرنامەیەی تازە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی ئازەربایجان بڵاوکراوەتەوە؟

ڕێزگرتن لە خودموختارییان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران، بەکارخستنی بەرانەمەیەکی فراوانی گەشەپێدانی ئابووری و کولتووری: ئەمانە داواکاری ئازەربایجانییەکانن.

ئازەربایجانییەکان ئەوەی داوایان دەکرد، بەدەستیان هێنا. تەنانەت خودی ڕۆژنامەی تایمز سەرباری دوودڵییەکەی کە پێشتر خستمانەڕوو، دان بەوەدا دەنێت کە ئەمە چارەسەرێکی باشە. بەڵام ئاشکرایە ئەم دەسکەوتانە بە ئاسانی نەهاتونەدی. چۆن ئەم گۆڕانکارییە ڕوویدا و چۆن توانرا ئەم چاکسازییە دیموکراسییانە لەم وڵاتە دەرەبەگایەتییەدا ئەنجام بدرێن؟ لەم بارەیەوە وتارێک دەخەمەروو کە بەناونیشانی (ئاسۆی ئێران) لە ٣١ی ئاداری ١٩٤٦ لە گۆڤاری لوبنان بڵاوکراوەتەوە:

هەندێ کەس گومانی ئەوەیان هەبوو کە هاتنی سوپای ئینگلیز و سۆڤیەت بۆ سەر خاکی ئێران لە ساڵی ١٩٤١دا، دەبێتە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە و جیهان. ئێران بە درێژایی مێژوو لە دابەزینی ئینجیلەوە تا سەردەمی مۆدێرن، وڵاتی کاروانەکانی بازرگانی و سەرچاوەکانی ئاو و فەرش بووە، دواتر لە پاشەکشە و لە گۆشەگیریدا بوو، لەناکاو خرایەوە سەر گۆڕەپانی سیاسی و نێودەوڵەتی جیهان.

بیانییەکان کەمێک ژیان و ڕووناکییان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەم وڵاتە فراوانە هێنا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی پازدە ملیۆن کەسە و ٥١٤یان

نەخوێندەوارن، زۆربەیان جوتیار، یان هۆزی کۆچەرن، خاوەن ژیانێکی سادە و کۆنن و ژێردەستەی دەرەبەگی خاوەن زەوی زۆر و دەسەڵاتی بەهێزن. ڕێگاوبان و هێلی ئاسنی جێگەی ڕێڕەوی کۆنی سەد ساڵەیان گرتەوە و بەم شێوەیە گەنجینەی بیانی دەڕژایە ناو ئیمپڕاتۆریەتی شا.

گۆڕانکارییـەکان تەنیا مـادی نەبوون، بەڵکو کاریگـەری کۆمەڵایەتی زیاتر هەسـتی پێدەکـرا. چاوەکانـی ئـەم گەلـە سـتەملێکراوە بـەڕووی ڕووناکیـدا کرانـەوە. ئـەوان گوێیان لە وشـەی "ئـازادی" دەبوو کە هەرگیز نەیانبیسـتبوو.

کـورد دوا سـودمەندی ئـەم گۆڕانکارییانـە نەبـوو. خاڵێـک کـە شـایەنی سـەرنجە ئەوەیـە، ڕیشـمۆنت لـە وتارەکەیـدا لـە سـاڵی ١٩٣٨ کـە پێشتریـش ئاماژەمـان پێکـردووە، دەنووسـێت:

زۆرێـک لـە پەیوەندییـە نەتەوەیـی و زمانەوانـی و سـۆزدارییەکان، کـورد لــە ئێرانییــەکان نزیــک دەکەنــەوە بۆئــەوەی دواتــر داواکاری سیاسـی لـە حکومەتـی ئێـران بـکات. هەرچۆنێـک بێـت، جێـگای ئومێدە لــە داهاتــوودا حکومەتــی ئێــران هــاوکاری کاریگــەر و دڵســۆزانەی هــەردوو گەلـی کـورد و فـارس بـەرز بنرخێنێـت.

ئایـا هیـچ داواکارییەکـی سیاسـی لـە ئێـران کـرا؟ دە سـاڵ تێنەپەڕیـن و هـەر لـە ئێـران یەکەمیـن کۆمـاری سـەربەخۆی کـوردی لەدایکبـوو.

با سەرەتا چاوێک بەسەر ئەم ڕووداوە گرنگەدا بخشێنین.

بارودۆخـی کـورد پێـش شـەڕ لـە ئێـران چـۆن بـوو؟ عەقیـد ئێلفینـستن لـەم بارەیـەوە دەنووسـێت:

لـە سـاڵی ١٩٢٢دا، ڕەزا شـا لـەدژی سـەرکردە کـوردەکان دەسـتی کرد بـە خەباتێکـی دژوار... سیاسـەتی ڕەزا شـا تونـد و کاریگـەر بـوو. سـەدان سـەرکردەی هـۆزە کوردییەکانـی ڕاگوێزانـە شـوێنە زۆرەملێیـەکان لـە تـاران و ناوچەکانـی دیکـە و خرانـە ژێـر چاودێرییـەوە. دەسـت بەسـەر موڵـک و ماڵیانـدا گیـرا و چەندیـن بنکـەی سـەربازی لـە خاڵـە ستراتیژییەکانـی ناوچـە کوردییـەکان دروسـت کـران. کـورد لـە هەبوونـی سـەرکردە بێبەشـبوو و بەدەسـت گەندەڵـی و هەڵوێسـتی دڕندانـەی بەرپرسـانی ئێرانـی دەیناڵانـد. کـورد وردە وردە هەسـتی جـووڵا و ناڕەزایەتییـان بەرامبـەر بـە حکومەتـی ئێـران دەربـڕی.

گەندەڵـی و مامەڵـەی دڕندانـەی بەرپرسـانی ئێرانـی بەرامبـەر بـە کـورد لـە ڕادەبـەدەر بـوو. ئەمـە وتـەی کاربەدەسـتێکی سـۆڤیەت نییـە، بەڵکـو ئەفسـەرێکی بەریتانییـە دووپاتـی دەکاتـەوە.

لـە هەمـوو دەرفەتێکـدا، هەوڵـی چەکداماڵینـی کـورد دەدەیـن. هەمـوو ڕێکخراوێکـی کۆمەڵایەتـی و ئەدەبـی و ئابـووری کـوردی قەدەغەیـە. هاتنـە نـاوەوەی تۆمـاری دەنگـی زمانـی کـوردی بـۆ نـاو خاکـی ئێـران قەدەغەیـە. هـەروەک چـۆن لـە تورکیـادا بـە کـورد دەڵێـن (تورکـی چیایـی)، بەهەمـان شـێوە لـە ئێرانیـش بـە (فارسـی چیایـی) ناویـان دەبەیـن. (لـە پرسـی کـوردەوە، ١٩٣٤، لاپـەڕە ٥)

بـە پێچەوانـەی تورکیـا و عێـراق، کوردەکانـی ئێـران لـەدژی حکومەتـی ناوەنـدی ڕانەپەڕین. ئیسماعیل ئاغا سـمکۆ چەند جارێـک هەوڵی ڕاپەڕینیدا، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٣٠ دەسـتگیرکرا و بەبـێ دادگاییکـردن لەسـێدارەدرا.

با جارێکی دیکە خوێنەری وتەکانی عەقید ئێلفینستن بین:

کاتێک لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٤١ سەربازانی بەریتانیا و ڕووسیا هاتنە ناو خاکی ئێرانەوە، سوپا بە خێرایی هەڵوەشایەوە و نەمانی دەسەڵاتی حکومەت بەسەر ناوچەکەدا جارێکی دیکە هیوای سەرکەوتنی لای سەرکردە کوردەکان زیندووکردەوە. لە ناوچەکانی ژێر هەژموونی ڕووسیادا، سەربازانی ئێرانی بە تەواوی چۆڵیان کردبوو، لەوێ کورد دەستی بەسەر کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی زۆردا گرت. کوڕەکانی سەرکردە کوردەکان لە تارانەوە گەڕانەوە ناوچەکانیان. سەرەتا محەمەد حەمە ڕەشید سەرۆکی هۆزێکی لاوەکی تیرەی بەگزادە بوو، دەستەیەک لە لایەنگرانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەرێمەکانی سەردەشت و بانە و مەریواندا چەسپاند.

حکومەتی ئێران بێدەسەڵات بوو، لەبری ئەوەی لەدژی بجەنگێت، مووچەیەکی بۆ تەرخان کرد و ئاسایشی ناوچەکەی پێ سپارد. لە پاییزی ساڵی ١٩٤٤دا، لەگەڵ مەحمود ئاغای کانیسێنانێ کە والی فارسەکان بوو لە مەریوان دەبێتە شەڕیان. حکومەت بە ناردنی سەرباز و تانکی سووک پاڵپشتی لە مەحمود ئاغا کرد و دواجار حەمە ڕەشید ناچار بوو پەنا بۆ عێراق ببات. جارێکی دیکە سوپای ئێران دەبێتە خاوەنی سنوورەکانی کورد، ئەم سەرکەوتنەیان لە سایەی لێهاتوویی سوپا و بەهێزی چەکەکانیانەوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی یەکنەگرتن و ڕکابەریی کوردەوە بووە.

لێرەدا حەمە ڕەشید جێگەی سەرنجی ئێمە نییە، بەڵکو سەرنجمان زیاتر لەسەر ئەو کەشە ئازادییەیە کە بەسەر کوردستاندا هەڵیکرد. کورد بە ئازادی هەناسە دەدات و بە زمانی خۆی قسە دەکات و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی بڵاودەکاتەوە، لە ڕاستیدا، بەتەواوی لەدەرەوەی حکومەتی ئێراندا دەژین. ڕۆژنامەکانی ئێران کە بە توندی سانسۆر کرابوون، ئەم گۆڕانەی بە شارەوەیی هێشتەوە تا سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی مستەفا بارزانی لە کوردستانی عێراق. حکومەتی ئێران ترسی ئەوەی هەبوو بزووتنەوەی بارزانی لە هەموو کوردستانی ئێران تەشەنە بکات. بێگومان دەستیان بە تاوانبارکردنی بیانییەکان کرد؛ لەوانەش ڕووسەکان و ئینگلیزەکانیش بە پلە یەک. لەم بارەیەوە، ڕۆژنامەی ئێرسی ئێرانی (ارس) لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٤٥، لە ژمارە ١٢٨یدا دەنووسێت:

ئەگەر پرسیار لە خۆمان بکەین چۆن بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان دروست بووەوە، لە کوێوە دەستی پێکرد، بۆ دۆزینەوەی ئەم وەڵامە پێویستە چاوێک بە ڕابردوومانددا بخشێنینەوە. لە ڕاستیدا، پێویستە بۆ ڕابردوویەکی دوور بگەڕێینەوە و لەژێر پەردە ئەستور و هەڵواسراوەکانی ئەوروپا و دوورگە گەورەکە (بەریتانیا)دا بەدوایدا بگەڕێین. ئەم پرسە لە پشت ئەم پەردانەوە ئامادەکراوە و بەرەو شوێنەکانی دیکە تەشەنەی کرد.

ئەگەر ئینگلیزەکان بە لایەنگری بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان دابنرێن، ئەوا سۆڤیەتەکان پێش هەموو لایەک لایەنگری بەدیهێنانی سەربەخۆیی کۆنکرێتی کوردستان بوون. ئەم تۆمەتانە لەلایەن گۆڤاری

ئەلسیبای ئێرانییەوە لە ژمارە ١٠ی، تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا ئاراستەیان کراوە:

کوردانی ئێران ماوەیەکی زۆرە بیر لە ڕزگارکردنی خۆیان و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەنەوە. ئەوان حکومەتی ئێران بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەسەڵاتدارەکانی فاشیستن و هەزاران ساڵە وەک کۆیلە مامەڵەی لەگەڵ کورددا کردووە.

بزووتنەوەی یاخیگەری کورد پێشهاتێکی نوێ نییە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چوار ساڵ لەمەوبەر. حکومەتی ئێران بۆ خۆپاراستن و لە ترسی سەرهەڵدانی ئاژاوە و نائارامی لە وڵاتدا ویستی هەواڵەکان بێدەنگ بکات.

دیارترین پارت لە کوردستان، پارتی کۆمەڵەیە کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدات پشتیوانی لە دۆزی هاوبەشی کورد بکات و ڕاپەڕینێکی گشتی ساز بکات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواوی کوردستان. ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە لەلایەن هێزێکی بیانییەوە هاندەدرێت و ڕێنمایی تەواو دەکرێت، تاکو لەکاتی پێویستدا بیگرێتەبەر. ئەم ڕاستییە لە دوایین ڕووداودا هەستی پێکرا: هێزەکانی حکومەت بە مەبەستی دامرکاندنەوەی یاخیبوونەکە ڕەوانەی شوێنی ڕووداوەکە کران، دوای ئەوەی شۆڕشگێڕەکان ئامۆژگاری و پشتگیری هێزی دەرەکییان پێ گەیشت، هێرشیان کردە سەر سەربازانی حکومەت.

ڕۆژنامەی تاران لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥، ژمارە ٢٥.٢٢٨ دا

وردەکاری زیاتر لەسەر بارودۆخی کوردستانی ئێران دەخاتەڕوو:

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانی سەرۆک ئەرکانی سوپای شای شایانمان بڵاوکردەوە، بەپێی بەیاننامەکە چەند کوردێک لە مەهابادەوە بەبێ پاسپۆرتی ئێران چوونەتە ڕووسیا.

دوای مانەوەیەکی کورت لە ڕووسیا، ئەم کوردانە، تەنیا یەک کەسیان کە لە مۆسکۆ نیشتەجێ بووە، بە پاسێکی ڕووسی گەڕاونەتەوە ئێران.

بەپێی ئەو هەواڵانەی لە پەیامنێرانمان لە مەهابادەوە بەدەستمان گەیشتوون، ئیدارەی ئەم شارە و هەموو گوندەکانی دەوروبەری لە ئێستادا لەلایەن ئەم ڕێکخراوە کوردییەوە بەڕێوەدەبرێت. ئاڵای سوور لەسەر باڵەخانە فەرمییەکان هەڵکراوە و وێنەی ستالین لە شوێن وێنەی ئیمپراتۆری ئێران لە دامودەزگا میرییەکان هەڵواسراوە. بۆیە پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە مەهاباد و گوندەکانی دەوروبەری لە ئێستاوە لە ئێران دابڕێنراون و بە وڵاتێکی بێگانەوە لکێنراون.

ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە کوردییانە کاردانەوەی ڕۆژنامە ئێرانییەکانی بە دوای خۆیاندا هێنا کە میهرەبانی و تەنانەت عەقڵی ساغیشیان لەنێودا نەبوو. دەنگی دادپەروەری (ندای عدالت) لە مانشێتێکیدا دەنووسێت: "پێویستە خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغە بکەین". هەندێک لایەنی دیکە بەشێوەیەک هەست و سۆزیان دەردەبڕن کە ڕەنگە فاشیست نەبن، بەڵام بە دڵنیاییەوە دیموکراتی نین. وتەکانیان زۆر ناشرینن کە بەهیچ شێوەیەک هی

دەربڕیـــن نیـــن، ئەمـــە مانشـــێتی ڕۆژنامـــەی تارانـــی ئەمڕۆیـــە: "پێویســـتە دەمـی کـورد بـە ئاسـن پـڕ بکرێتـەوە و گشـت بڵاوکراوەکانیـان لەنـاو ببرێـت کـە بـە زمانـی کـوردی نـووسراون". ئـەم وتانـە لـە جاڕنامـەی کۆمەڵـەی لاوانـی کـورد لـە ژمـارە ١٢٨ی ڕۆژنامـەی (ارس)ی ئیرانیـدا بڵاوکراونەتـەوە.

ئـەم بـێ تەحەمولـی و بـە هەڵـە بینینـەی ئـەو کەسـانەی دەبووایـە بـە شـێوەیەکی مرۆڤانـە بـاس لـە کێشـەکان بکـەن و چارەسـەریان بکـەن هۆکارەکـەی بوونـی کاریگـەری و هەژموونـی ڕووسـیایە بەسـەر ڕووداوەکانـدا. گەلـی کـورد لەژێـر ڕەحمەتـی هەنـدێ خـاوەن زەویـوزاری گـەورەی فارسـدا لـە بێبەشـی و ژیانێکـی ڕیسـواکەردا دەژیـا. ڕووسـەکان یارمەتـی کوردیانـدا تاکـو بـە زمانـی خۆیـان بخوێنـن و قسـە بکـەن. دیـارە باشتریـن ڕێگـە بـۆ بەهێزبوونـی ڕۆڵ و کاریگـەری ڕووسـیا لـە ناوچەکـەدا، نەهێشـتنی ئـەو پێشـێلکاری و نادادپەروەرییانـە بـوو کـە بەرامبـەر بـە کـورد دەکـران و ڕووسـەکان شـانازی بـە نەهێشـتنییانەوە دەکـەن.

ئێلفینـستن دەڵێـت: کـورد لـە باکـوور نیگاکانـی بـەرەو ڕووسـیا ئاراسـتە دەکـرد. کاتێـک ڕووسـەکان لـە سـاڵی ١٩٤١دا هاتنـە نـاو خاکـی ئێرانـەوە، هیوایـەک لای کـورد هاتـە ئـاراوە کـە ئـەوان پشـتیوانی لـە بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی کـورد دەکـەن، بـەڵام هەڵوێسـتە زۆر ڕاسـتەکەیان هـەر زوو وای لـە کـورد کـرد تێبـگات کـە هەڵچنینـی ئـەو جـۆرە هیوایانـە بێهودەیـە.

شـایەتی بەڕێـز جـۆن کیمـچ زۆر بەنرخـە کـە پەیامنێـری تایبەتـی ڕۆژنامـەی ڕۆیتـەرز بـوو لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەراسـت. دەنووسێت: هـەژاری

کۆمەڵایەتــی بەســە بــۆ ڕوونکردنــەوەی هەڵوێســتی کــورد.

ڕووســەکان سیاســەتی خۆیــان لەســەر بوونی خراپەیەکــی کۆمەڵایەتی لــە نــاو هــەر یەکێــک لــەو وڵاتانــە دادەمەزرێنــن کــە چــاوی تێدەبــڕن، لــە ئازەربایجــان ســوودیان لــەو هــەژاری و پەراوێزخســتنە بینــی کــە جوتیــارەکان ئازاریــان پێــوە دەچەشــت، هەروەهــا ســوودیان لــە ڕێگــری کردنــی خەڵکــی ڕەســەنی ئــەم وڵاتــە بینــی کــە نەیاندەهێشــت بــە زمانــی دایکــی خۆیــان قســە بکــەن!

بۆیــە پێویســت نــاکات ســۆڤیەتەکان تۆمەتبــار بکرێــن. ئەمــە بۆچوونــی کوردێکــی خەڵکــی قاهیرەیــە کــە لــە ٢٠ی ئایــاری ســاڵی ١٩٤٦ لــە ڕۆژنامــەی پێشــکەوتنی مــیسردا بڵاوکراوەتــەوە.

ئەمــە بابەتێکــی دووبــارەی کۆنــە کــە لــە هــەر شــوێنێک ڕاپەڕیــن ڕووبــدات، بانگەشــەی ئــەوە دەکەن؛ دەســتی مۆســکۆی لەگەڵدایە. ئەمە ڕاســت نییــە. ڕاپەڕینەکانــی کــورد لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بەتــەواوی لــە گەلــەوە هەڵقــوڵاون و لــە بنەڕەتــدا هیــچ پەیوەندییەکیــان بــە پیلانــی ســۆڤیەتەکانەوە نەبــووە. بۆچــی بــۆ دۆزینــەوەی هــۆکاری هەڵگیرســانی ڕاپەڕینــەکان ئەوەنــدە دوور بچیــن؟ بۆچــی خۆمــان فریــو بدەیــن؟ ئەگــەر ڕاپەڕیــن ســەری هەڵــدا، ئەمــە ئــەوە دەگەیێنێــت کــە ناڕەزایەتــی هەیــە. گەلێکــی نــاڕازی و چەوســاوە پێویســتی بــە ئیلهامــی بێگانــە نییــە، تاکــو داوای مافەکانــی بــکات. پێویســتە حکومەتــە بەرپرســیارەکان ڕێــز لــە پابەندبــوون و بەڵێنەکانیــان بگــرن. هەروەهــا پێویســتە حکومەتــەکان ڕێــز لــە مافــی کــورد و خواســتەکانیان بگــرن. بــەڵام دیــارە پێتــان باشــە

چاوەکانتـان دابخـەن و قەناعـەت بـە خۆتـان بکـەن کـە کێشـەی کـورد سـەر هەڵنـادات، تەنیـا لەبەرئـەوەی دەتانەوێـت پشـتگوێی بخـەن...

ئەوکاتــە بەســەرچوو حکومەتەکانــی وەک حکومەتــی ئێــران بتوانــن هەندێـک لـە پارێزگاکانیـان بـە "مانـگای شـیر" هەژمـار بکـەن. لـە کۆتاییـدا مانـگاکان بـە لێدانـی قۆچەکانیـان، پرسـەکان یەکلایـی دەکەنـەوە.

وارد پرایس ڕۆژنامەنووسـی بەریتانی دوای گەشـتەکەی بەناو کوردسـتانی عێـراق و ئێرانـدا بـۆی دەرکـەوت: "حکومەتـە بەرپرسـیارەکان هیچیـان بـۆ خۆشـگوزەرانی دانیشـتوانی کـورد نەکـردووە. بـە بۆردومانکـردن و سـزادانی گـەل، کێشـەکان چارەسـەر ناکرێـن".

پێویسـتە مـرۆڤ وەک ئـەم ڕۆژنامەنووسـە بەریتانییـە خـۆی سـەردانی ناوچەکـە بـکات، تاکـو لـە نزیکـەوە ڕاسـتییەکان بـە ڕوونـی ببینێـت.

### ٣- کۆماری سەربەخۆی کوردستان لە مەهاباد

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥وە کاتێک ڕۆژنامە نێودەوڵەتییەکان تازە دەستیان بە قسەکردن لەسەر ڕووداوەکانی ئێران دەکرد، پییر کۆفمان لە ٢٨ی تشرینی دووەم لەمبارەوە لە ڕۆژنامەی کۆمبات (combat) نووسیبووی:

لە ئێران کۆمارێکی سەربەخۆی کوردی هەیە کە بەم زووانە دەتوانێت ببێتە جێگەی ڕاپەڕینێکی گشتگیر. ئەم کۆمارە لە ناوچەی سابڵاغە کە لە باشووری دەریاچەی ورمێ هەڵکەوتووە و پێی دەگوترێت مەهاباد. هەژموونی هێزەکانی بەریتانیا لە باشووری ناوچەکە تا دەوروبەری سەقز درێژدەبێتەوە و هێزەکانی سۆڤیەت زیاتر لە باکوورن. مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی لە ناو چیاکانی ئەم ناوچەیەدا کۆبوونەتەوە کە مانگی ڕابردوو لەلایەن سوپای عێراقەوە بە پشتیوانی هێزی هەوایی ئینگلیز ناچارکران عێراق بەجێبهێڵن.

بەپێی زانیارییەکانم تا ئەوکاتە هیچ لایەنێکی دیکە ئاماژەی بە بوونی ئەم ناوچەیە نەکردبوو کە کورد بە ئاسوودەیی لێی دەژیا و دوور بوو لە هەموو داگیرکارییەکی دەرەکی و تەنانەت لە حکومەتی ئێرانیش کە نەیدەتوانی پێی بخاتە سەری. پێناچێت ئەو زانیاریيانەی لەلایەن ڕۆژنامە ئێرانییەکانەوە لە نێوان مانگەکانی ئەیلوول و تشرینی یەکەمدا بڵاوکرانەوە، سەرنجی ڕۆژنامەنووسانی ئەورووپا و ئەمریکایان ڕاکێشابێت.

لە ڕێکەوتی ١٦ی ئادار، هەواڵێکی بەپەلەی ئاژانس فرانس پرێس لە قاهیرەوە دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستانی ڕاگەیاند:

لەنێـو ناوەندەکانـی دیپلۆماسـی قاهیـرەدا دەگوترێـت دامەزراندنـی کۆمارێکـی سـەربەخۆی کـوردی لـە ئازەربایجـان وەک لـە بەغـدا و تـاران و ئەنقـەرە پشـتگوێ نەخـراوە.

هەروەهـا دەگوترێـت کۆمـارە سـەربەخۆکە ناوەندێکـی بانگـەوازی شـیاو بـۆ هەمـوو کـورد دادەمەزرێنێـت کـە بەسـەر بەرزاییەکانـی خـواروو و ناوەڕاسـتی تورکیـادا تـا دەگاتـە دەریـای ناوەڕاسـت و ناوچەکانـی باکـووری عێـراق لـە مووسـڵ و کەرکـووک بڵاوبوونەتـەوە. هەروەهـا جارێکـیتر ڕۆشـنایی دەخاتـەوە سـەر ئـەو گفتوگۆیانـەی لـە نێـوان حکومەتـی نـووری سـەعید و حکومەتـی تورکیادا ئەنجـام دەدرێن.

پێدەچێـت پەیامنێـری ئاژانسـی فرانـس پرێس لـە لەندەن زانیـاری کەمی لەسـەر پرسـی کـورد هەبێـت، یـان کاریگـەری وڵاتـی بەریتانیـای بەسـەرەوە بووبێـت، چونکـە لـە هەمـان ڕێکەوتـدا بەم شـێوەیە دەنووسـێت:

ئـەو عەشـیرەتە کوردانـەی تـازە کۆمارێکـی سـەربەخۆیان ڕاگەیانـدووە، چەنـد هۆزێکـی کێویـن لـە ناوچەکانـی سـەر سـنووری ئازەربایجـان و تورکیـا و عێراقـدا دەژیـن. هەروەهـا نزیکـەی حەفـت هـەزار یاخیبـوو کـە لەلایـەن مسـتەفا بارزانییـەوە سـەرکردایەتی دەکرێـن، پەیوەندییـان بـە کۆمـارەوە کـردووە. بارزانـی لـە پاییـزی ڕابـردوودا ڕاپەڕینەکـەی لـە عێـراق هەڵگیرسـاند و بـۆ مـاوەی سـێ مانـگ لـەدژی هێـزە عێراقییـەکان کـە خرابوونـە ژێـر فەرماندەیـی بەریتانیـا بـەردەوام بـوو. حکومەتـی بەغـدا لـە ترسـی تەشـەنەکردنی ڕاپەڕیـن، هێزێکـی تۆکمـەی ڕەوانـەی ناوچەکـە کـرد.

هەواڵەکە لە لەندەنەوە ئاراستەکرابوو، پێشبینی ئەوە دەکرا ئەمانە چەند هۆزێکی کێوی بن و مەلا مستەفا بارزانیش ڕۆڵێکی تێدا هەبێت. بەڵام لە بەشەکانی داهاتوودا دەبینین کە ئەمە ڕاست نییە.

هەوڵدەدەم بە شێوەیەکی بابەتییانە، وردەکارییەکانی بارودۆخی کۆماری سەربەخۆی کوردستان بخەمەڕوو کە لە ڕۆژنامە کوردییەکانی مەهابادەوە دەستم کەوتون.

لە ڕاستیدا هەر لە دوای هاتنی هاوپەیمانان بۆ ناو خاکی ئێران، ناوچە کوردییەکانی نێوان سنووری تورکیا و دەریاچەی ورمێ جۆرێک لە ئۆتۆنۆمییان هەبوو، بەڵام کۆماری سەربەخۆی کوردی لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ بە فەرمی ڕاگەیەندرا. سەرۆکەکەی قازی موحەمەد بوو. کەسێکی ڕۆشنبیر و زانایە، تەمەنی لە نێوان چل بۆ پەنجا ساڵە و بە چەند زمانێکی بیانی قسە دەکات. هەر لە گەنجییەوە خەباتی بۆ ڕزگاری هاونیشتیمانیانی خۆی کردووە.

مۆریس فێرۆ پەیامنێری لو مۆندی فەڕەنسی بەم شێوەیە وەسفی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆمار دەکات:

لە شاری مەهابادی پایتەختی کۆماری نوێی کوردستان، سەرۆک کۆمار قازی محەمەد لە ١٣ی کانوونی دووەم لەژێر ئاڵای کوردستاندا کە لە ڕەنگی سوور و سپی و سەوزی شێوە ئاسۆیی و خۆرێک لە ناوەڕاستیدا پێکهاتبوو و لەسەر باڵەخانەی حکومی هەڵکرا بوو، ڕایگەیاند: "ئاڵا، هێمای ماف و دادپەروەری، سوێندت پێدەخۆین کە بە یەکگرتوویی بژین و بۆ هەمیشە لە ناتەبایی دوور بین. ئاڵا،

تـۆ جـارێ لەسـەر پارچەیەكـی كوردسـتان دەشـەكێیتەوە. سـبەی لـە هەمـوو شـوێنێكدا دەشـەكێیەوە و سـتەم و نادادپـەروەری ڕاودەنێیـت. بـژی كوردسـتانی گـەورە"!

ئێسـتا كوردسـتانی سـەربەخۆ دەكەوێتـە نێـوان سـنووری توركیـا لـە ڕۆژئـاوا و دەریاچـەی ورمـێ لـە ڕۆژهـەڵات و سـنوورەكەی لـە بەشـی باشـووری ڕۆژئـاوا لـە خاڵـی یەكگرتنـی كوردسـتانی توركیـا و كورسـتانی عێـراق كۆتایـی دێـت.

كـورد لـە شـارەكانی خـۆی و ماكـۆ و ڕەزایـە و میانـدوا و مەهابـاد و سەردەشـت و بانـە و سـەقز و سـنە چێـژ لـەو ئازادییـە تـازە بەدەسـت هاتـووە دەبینـن. كوردانـی شـاری كرمانشـا و شـارۆچكە و گوندەكانـی دەوروبـەری بیـر لـە هەمان ئـازادی دەكەنەوە كـە برایانیان تێیـدا دەژین.

هـەر لـە ڕۆژی ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی كۆمـاری كوردسـتان، قـازی محەمـەد قوتابخانەیەكـی ئامادەیـی بـۆ كچـان كـردەوە و ڕۆژنامـەی كوردسـتان دەسـتی بـە وەشـان كـرد كە بوو بـە زمانحاڵـی فەرمـی حكومەت. ئایـا ئەمـە جێگـەی سـەرنج نییـە؟ هەروەهـا سـەرەتا داڕشتن و شـێوەی ڕۆژنامـەی كوردسـتان كلاسـیك بـوو، لەسـەرەوەی دەنـووسرا: بـە نـاوی خـودای گـەورە و بـێ هاوتـا. لـە ڕاسـتیدا ئەمـە كەمێـك سەرسـامی كـردم.

ڕۆژنامـەی كوردسـتان لـە ژمـارە ٧، لـە ڕێكەوتـی ٢٦ی كانوونـی دووەمدا، ژمارەیـەك فەرمانـی دارایـی بڵاوكـردەوە. لـە ژمـارە ٤٣، لـە ڕێكەوتـی ٤ی ئایـار، نـۆ مـاددەی یاسـای سـزادانی خستەڕوو كـە لەلایـەن ئیبراهیـم سـاڵح، سـەرۆكی دادگای سـەربازی بڵاوكرابوونـەوە. هەروەهـا لـە ژمـارە ٤٧یـدا، لـە

ڕێکەوتــی ١٥ی ئایــار، نەخشــەیەکی زەوییەکانــی شــارەوانی پێشــکەش بــە خوێنــەران کــرد.

ئێســتا کۆمـار خاوەنـی پەرلەمـان نییـە، بـەڵام ئەنجومەنێکـی نیشـتمانیی کارای هەیـە کـە لـە سـی و نـۆ نوێنـەری ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتانی ئازەربایجـان پێکهاتـووە. جگـە لـەوەش، لـە هـەر هەرێمێکـدا لێژنەیەکـی ناوخۆیـی چاودێـری بەرژەوەندییەکانـی ناوچەکـە دەکات.

سـوپای کۆمـار تاڕادەیەکـی بـاش پڕچەککراوە بـەو چـەک و جبەخانەیەی کـە لـە سـوپای ئێرانـەوە دەسـتیان کەوتـووە، کاتێـک سـوپای هاوپەیمانـان پێـی نایـە نـاو خاکـی ئێرانـەوە. هەنووکـە سـوپا نزیکـەی چـل هــەزار چەکـداری هەیــە.

ڕۆژنامــەی فەرمــی کوردســتان لــە ژمــارە ٤٥، لــە ڕێکەوتــی ٨ی ئایــار ڕایگەیانـد: لـە ڕێکەوتـی ٣ی ئایـار، ڕێککەوتنێکـی دۆسـتایەتی و هـاوکاری لـە نێـوان ئازەربایجـان و کوردسـتان لـە تەورێـز واژووکـراوە.

ژمـارە ٤٦ی ڕۆژنامەکـە ئامـاژە بـە کردنـەوەی ڕادیـۆی مەهابـاد لـە ١٠ی ئایـار دەکات. ژمارەیەکـی زۆر لـە نوێنەرانـی حکومـەت و پـارت و گـەل ئامـادەی ڕێوڕەسـمەکە بـوون. چەنـد وتارێـک لەلایـەن نوێنەرانـی هـۆز و سـوپا و ئافرەتـان و کرێـکار و جوتیـار و کاسـبکارانەوە پێشکەشـکران. هەمـوو ڕێوڕەسـمەکە وێنەگیـراوە.

هــەر لــە مانگــی ئایــاردا گۆڤارێکــی نــوێ تایبــەت بــە ژنــان بــە نــاوی هــیلال دەســتی بــە وەشــان کــرد.

ڕۆژنامــەی کوهســتان لــە ٢٠ی ئایــاری ســاڵی ١٩٤٦، بەیاننامــەی ڕۆژنامــەی هەمــان ڕۆژی خــوسرۆ (همان روز خسرو)ی بڵاکــردەوە کــە لەلایــەن حکومەتــی تارانــەوە ڕەوانــەی تەوریــز کرابــوو و لــە ٦ی شــوبات کەوتبــووە دەســت هێزەکانــی حکومەتــی کــوردی لــە مەهابــاد.

ڕۆژنامەی هەمان ڕۆژی خوسرۆ بە درێژی قسـە لەسـەر شێوازی نموونەیی مامەڵەکردنـی کـورد لەگـەڵ دیلەکانـی سـوپای ئێـران و ئـەو بەرژەوەندییـە ڕاسـتەوخۆیە دەکات کـە قـازی محەمـەد بـۆ خۆشـگوزەرانییان دەگرێتەبـەر.

ڕۆژنامەکـە پرسـیاری لـە کۆمەڵێـک دیـل کردبـوو کـە چـۆن و لـە چ هەلومەرجێکـدا کەوتبوونــە دەســت هێزەکانــی کــوردەوە، یەکێــک لــە ســەربازە ئێرانییــەکان بــەم شــێوەیە وەڵامــی دابــووەوە: "ئێمــە بــە تفەنــگ بەرگــریمان لــە پێگەکەمــان دەکــرد. لەنــاکاو ســوارچاکە کــوردەکان بــە پەلــە بــەرەو ئێمــە هاتــن، ســەرەڕای تەقەکردنمــان، خەنجەرەکانیــان بــەرەو ڕووی ئێمــە هەڵکێشــا. بۆیــە خۆمــان ڕادەســت کــرد و چەکەکانمــان گیــران".

لــە هەمــان کاتــدا، ژمارەیەکــی زۆر لــە کەســایەتییە دیارەکانــی کــورد لــە ناوچەکانــی دەرەوەی دەســەڵاتی ئیــدارەی مەهابــاد و ســەرنووســەری گۆڤارەکانـی کوهسـتان و کوهنـوور و مـاد و نوێنەرانـی کـورد لـە پەرلەمانـی ئێــران یاداشــتێکیان ئاراســتەی حکومەتــی تــاران کــرد و تیایــدا داوای پێکهێنانــی (ئەنجومەنێکــی بــاڵای کوردســتان)یان کردبــوو کــە لــە ســێ نوێنــەری حکومــەت لــە (ســەرۆکایەتی ئەنجومــەن، وەزارەتــی دەرەوە، وەزارەتـی جەنـگ) و سـێ کـورد پێکبێـت. لـە یاداشـتەکەدا هاتبـوو: پرسـی کـورد تەنیـا بـۆ ئـەو کوردانـە گرنـگ نییـە کـە لـە سـایەی هەوڵەکانیانـدا

هەنووکە لە دۆخێکی خۆشگوزەراندا دەژین، بەڵکو بۆ کوردانی هەموو ناوچەکانی ئێران جێگای سەرنجە. ئەم پرسە بە بڕیارێکی تاکلایەنەی حکومەتی ئێران چارەسەر نابێت. ئەم هەنگاوەمان شایەتی هەستی دڵسۆزیمانە بەرامبەر بە حکومەتی ئێران. بۆیە هیواداریـن حکومەتی ئێران ئەم دەرفەتە لەدەست نەدات کە بۆمان ڕەخساندووە.

ئەم ڕۆژنامانە بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی لە تاران دەردەچوون. کوهستان ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، لە کاتێکدا ڕۆژنامەی ماد زیاتر زانستی و ئەدەبی بوو.

قازی محەمەد لە ١ی حوزەیران، لە میانی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئاژانسی فڕانس پرێس ڕایگەیاند:

ئەگەر سبەی فەرمان بەو چوار هەزار چەکدارانە بدەم، جگە لەو هێزانەی کە یەدەکن، لە ماوەی سێ بۆ چوار ڕۆژ دەچنە ناو شاری کرماشان کە ناوەندێکی نەوت و گرنگترین شاری کوردستانە، بەڵام من هەموو هەوڵێک دەدەم بۆئەوەی خوێن لە نێوان براکاندا نەڕژێت. کورد هەرگیز سەرەتا هێرش ناکات.

پەیامنێری ئاژانسی فڕانس پرێس داوای لە قازی محەمەد کرد، هەڵوێستی ئێستای کۆماری کوردستان سەبارەت بە حکومەتی ناوەندی ڕوون بکاتەوە. ئەویش لە وەڵامدا پێداگری لەسەر سێ خاڵ کرد: یەکەم، کورد قایل دەبێت ئەگەر حکومەتی ناوەندی بە کردەوە بڕیار لە جێبەجێکردنی یاساکانی دیموکراتی لە سەرتاسەری ئێران بدات و دان بەو یاسایانەدا بنێت کە ئێستا لە کوردستان کارییان

پێدەکرێت وەک خوێندن و فێرکردن بە زمانی کوردی و سەربەخۆیی کارگێڕی و سوپای ناوخۆیی. ئێمە بۆ ئەم ساتە بە چارەسەرێکی لەو شێوەیە ڕازین و ئامادەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تاران ئاسایی بکەینەوە. دووەم، لە ئێستادا حکومەتی ناوەندی ناتوانێت ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات. سێیەم، داوا دەکەین هەڵبژاردن لە نزیکترین کاتدا ئەنجام بدرێت، بە مەرجێک هەڵبژاردنەکە ئازاد و دوور لە گوشار و دەستوەردانی سوپای ئێرانەوە بێت.

سەبارەت بەم پرسیارەی پەیامنێر: لە ئەگەری هەڵگیرسانی ململانێی چەکداری لە نێوان حکومەتی ناوەند و کوردستاندا، ترستان لە دەستوەردانی دەرەکی نییە؟ قازی محەمەد بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: بارودۆخی ناوخۆی کوردستان جیاوازە لە دۆخی ئازەربایجان. وڵاتەکەمان هەرگیز لەلایەن سوپای سۆڤیەتەوە داگیر نەکراوە و لە دوای دەستلەکارکێشانەوەی ڕەزا شا پەهلەوییەوە، نە جەندرمە و نە سەربازی ئێرانی نەهاتوونەتە ناو خاکی کوردستانەوە. بۆیە ئێمە لەو کاتەوە بە کردەیی سەربەخۆ ژیاوین. بۆیە هەرگیز ڕێگە بە دەستوەردانی دەرەکی نادەین لە هەر شوێنێکەوە بێت. پرسی کوردستان بابەتێکی تەواو ناوخۆییە و پێویستە لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا چارەسەر بکرێت.

قازی محەمەد وەبیری خستەوە کە مێژووی گەلی کورد چەندین جار بە تێکۆشان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی نووسراوەتەوە و دیاری کراوە. لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوە کرد؛ لە دوای جەنگی یەکەمی

جیهانی، لە پەیمانی ڤێرسایدا بیر لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی کرایەوە، بەڵام پڕۆژەکە بە ئەنجام نەگەیشت. ئەگەر ئەمڕۆ بەو پێداگرییە زۆرەوە داوای سەربەخۆیی بەشێکی وڵاتەکەمان بکەین، هۆکارەکەی حکومەتی ناوەندییە، چونکە تاکو ئێستا هیچی بۆ بوژانەوەی ناوچەکانمان نەکردووە. بە پەرۆشەوە دەمانەوێت پێشبکەوین. نامانەوێت لاسایی ئەمریکی و ڕووسەکان بکەین، بەڵام ئەوەش ڕەت دەکەینەوە کە وەک ئاژەڵ لە وڵاتێکی شارستانیدا بژین.

لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٦ ڕێککەوتنێک لە نێوان حکومەتی تاران و حکومەتی ئازەربایجان لە تەورێز واژووکرا. بەپێی ڕێککەوتنەکە بەشی باکووری کوردستان بە ئازەربایجانەوە لکێنرا. مادەی ١٣ بە وردی باس لەوە دەکات کە ماف و ئیمتیازاتەکانی کورد و ئازەربایجانییەکان بێ جیاوازی دان پێنراون.

ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ئێران کە تا ئێستا لەژێر دەسەڵاتی کۆمیتەی نەتەوەیی کوردی مەهاباد نەبوونە، سوود لەم ڕێککەوتنانە نابینن، بە تایبەتی ئەگەر هۆزەکانی لوڕ و بەختیاری هەژمار بکەین، چونکە ئەوانیش خۆیان بە کوردی ڕەسەن دەناسێنن و بەشێکن لە گروپە ڕزگاریخوازە نهێنییەکان. لە ١١ی ئایاری ڕابردوودا، زنجیرەیەک خۆپێشاندانی گەورەی ناسیۆنالیستی کورد لە شاری خوڕەم ئاباد لە ناوچەی لوڕستان بەڕێوەچوون، سەرکردەیەکی تورک کە بەم دواییە لە تاران دەژیا بەم شێوەیە باسی لوڕەکان دەکات: "چاکترین نەتەوەپەرستی کورد لە ئێراندا لوڕیین". هەروەها لۆرد کورزن لوڕەکانی بە کورد داناوە.

لــە ڕاســتیدا، هــۆزی بەختیــاری یەکێکــە لــە چــوار هــۆزە گەورەکانــی لــوڕ.

ئــەم چارەســەرە کــە لەلایــەن دیپلۆماتکارانــی تارانــەوە پەســەند کــراوە، بــە مەبەســتی کەمکردنــەوەی نیگەرانییەکانــی ئینگلیــز لــە درێژبوونــەوەی هەژموونــی ســۆڤیەت لەســەر ســنووری عێــراق، پێناچێــت یەکلاکــەرەوە بێــت. بەوپێیــەی پێــشتر هەمــوو ڕۆژنامــە کوردییــەکان لــە تــاران دەســتیان بــە هەڵمەتێــک کــرد تاکــو هەمــوو کوردێــک لــە ئێــران هەمــان مافــی کوردانــی ژێــر دەســەڵاتی حکومەتــی خۆبەڕێوەبــەری هەبێــت.

ئایــا پێدەچێــت قــەوام ســەڵتەنە ئــەو کارەی بەباشــی دەســتی پێکــردووە، بــەو شــێوەیە بــە تەواونەکــراوی جێبهێڵێــت؟

بەگوێــرەی هەواڵــی یەکێــک لــە دوایــن ڕۆژنامــەکان کــە لــە تارانــەوە بــە دەســتمان گەیشــتووە: ئۆتۆمبێلێــک بــە ژمــارە ٢٨ لەو شــارەدا بــینراوە و بەناو شــارەکەدا ســوڕاوەتەوە و ئاڵایەکــی بچووکــی کــوردی ســێ ڕەنگــی (ســوور و ســپی و ســەوز لەگــەڵ خۆرێــک لــە ناوەڕاســتیدا) لەســەری هەڵکــراوە و لەســەری نــووسراوە (دەوڵەتــی نەتەوەیــی کــورد). بێگومــان ئەمــە ئۆتۆمبێلی نوێنەرانــی کــورد بــووە کــە بەرپرســیار بوونــە لــە گفتوگۆکــردن لەگــەڵ حکومەتــی ناوەنــدی لەســەر پێگــەی دەوڵەتــی خۆســەرییان.

# بەشی پێنجەم

## له هەوایەکی ئازاددا

"کـورد لـە ئەرمینیـای سـۆڤیەتدا لـە هەمـوو ئاسـانکارییەک بــۆ پێشخســتنی دۆزی نەتەوەییــان ســوودمەند بــوون".

عەقیـد ئێلفینـستن

## ١- کورد لە یەکێتی سۆڤیەتدا

دەگوترێت ژمارەی کورد لە ڕووسیای سۆڤیەت سەد و شەست هەزار کەسە. لە ڕاستیدا ئەوان لەوێ کۆمەڵگەیەکی تەواو پێکناهێنن، بەڵکو لەسەر سنوورەکانی کوردستانی ئێران دەژین و پەیوەستن بە کۆماری ئەرمینیاوە، هاوکات ژمارەیەکی زۆر کوردیش لە ئازەربایجانی ڕووسیا بوونیان هەیە.

گەرچی ژمارەیەکی کەمیان لە کۆمەڵکوژی کەمالیستەکان دەرباز بوون، هیچ هەنگاوێک نەنرا بۆ تواندنەوەیان لەگەڵ هاوسنوورەکانیان کە لە ئەرمەن و جۆرجی و تورکمانەکان پێکهاتبوون، بەڵکو وەک نەتەوەکانی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و لە مافەکانی مەدەنی و سیاسی سوودمەند بوون و بەپێچەوانەوە بەهیچ شێوەیەک ناچار نەکران دەست لە ڕەسەنایەتی و کوردبوونیان هەڵگرن.

لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٦، ژمارەیەک بیرمەند و نووسەرانی کوردی ئەرمینیای سۆڤیەتی جاران خواستی دامەزراندنی ئەلفبێی کوردییان بە لاتینی دەربڕی، هەروەک چۆن پێشتر بۆ تورکەکانی ئازەربایجان کرابوو. دواتر ئەرکی ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە بە فەرمی بە پرۆفیسۆر مارۆگولۆڤ سپێردرا. ساڵی ١٩٢٩ ئەلفبێی کوردی بە لاتینی ئامادە بوو. لە ساڵی ١٩٣٤، دوای چەند گۆڕانکارییەک لە (کۆنفرانسی گشتی کوردۆلۆژی) پەسەند کرا و بوو بە ئەلفبێی فەرمی هەموو کوردانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ئەرمینیا و ئازەربایجان و تورکمانستان و... هتد.

ئـەم ئەلفبێیــە بــە شـێوەیەکی بەرفــراوان لــە ناوەنــدە کەلتــوری و پەروەردەییـەکان بەکارهـێنرا. لـەڕووی پـەروەردە و خوێندنـەوە سـاڵی ١٩٣٣، نزیکـەی دوو هـەزار قوتابـی لـە چـل قوتابخانـەی سـەرەتایی وانەکانیـان بـە ئەلفبێـی کـوردی لاتینـی دەخوێنـد و هەروەهـا لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٣٤دا هەشـتا پەرتووکـی خوێنـدن بـۆ قوتابخانـەکان بـە لاتینـی چاپکـران. لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٣٤، ئامــارە فەرمییــەکان دەریانخســت کــە ڕێــژەی نەخوێندەوارانـی بـە شـێوەیەکی بەرچـاو کەمبووتـەوە، بـە جۆرێـک لـە کۆی نزیکـەی حەڤـدە هـەزار و پێنـج سـەد کـورد لـە ئەرمینیـای سـۆڤیەت، سـێ هـەزار و نـۆ سـەد و پەنجـا و دوو نەخوێنـدەوار و هەروەهـا چـوار هـەزار و سـێ سـەد و پەنجـاو چـوار کەسـی نیمچـە نەخوێنـدەوار گەیشتن بـە قۆناغی خوێنـدەواری تـەواو. لـە سـاڵی ١٩٢٩ەوە، ڕۆژنامەیەکـی هەفتانـە بـە نـاوی "ڕیـا تـازە" بـە زاراوەی کرمانجـی لاتینـی لـە یەریڤـان چاپدەکـرا. هەروەهـا ڕاهێنانـی مامۆسـتایان و خوێندنـی بـاڵا و لێکۆڵینـەوەی زمانەوانـی و ئەدەبی و چاپکردنـی بەرهەمـی ئەدەبـی و مێژوویـی و تەکنیکـی و کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان بــە هەمــان شـێوە بـە ئەلفبێـی لاتینـی ئەنجـام دران.[٥٩] لــەو ماوەیــەدا فەرهەنگێکــی کــوردی - ئەرمەنــی چاپکــرا و نووســەرانی گەنـج بەرهەمەکانیـان بڵاوکـردەوە. ڕۆمانێکـی کـوردی لەژێـر نـاوی "شـڤانێ کرمانجـا" لەلایـەن عەرەبـی شـەمۆوە نـووسرا، لێـرەدا نووسـەر چیرۆکی خۆی دەگێڕێتــەوە، بەوپێیــەی وەک شــوانێکی گەنــج بەشــدارییەکی چالاکانــەی لــە شۆڕشــی وڵاتەکەیــدا کــردووە. چاپخانــەی حکومەتــی ئەرمینیــا ســاڵی ١٩٣٦، بەرگێکـی گـەورە لـە چیـرۆک و گۆرانـی و شـیعر کـە لـە ٦٦٤ لاپـەڕە

(٥٩) پێیر ڕۆندۆت، ١٩٣٥، لاپەڕە ٢٣.

پێکهاتبــوو، لەژێــر نــاوی "فۆلکلــۆرا کرمانجــا" لــە یەریڤــان بەچاپگەیانــد.

جگــە لــە قوتابخانــە و کتێــب، ســینەما هەســتی نەتەوەیــی لای تاکــی کــورد بەهێزتــر کــرد. چیــرۆک و مێــژووی کۆنــی کــورد کرانــە فیلــم، بــەم جــۆرە شــکۆمەندی نەتــەوەی کوردییــان بیــر گەنجــان خســتەوە، لەوانــەش دەرکەوتنــی ســەڵاحەددین ئەیوبــی لەســەر شاشــەکان کــە بــە ســوڵتانی کــوردان نــاسرا، ئێمیــل لودویــگ(٦٠) لــە کتێبەکەیــدا بــە پیــاوی پایەبــەرز لەبەرامبــەر ڕیچــارد دڵشــێر دەخاتــەڕوو. هەروەهــا بــە پیشــاندانی هــەر یەکــە لــە شــاکارەکانی مــەم و زیــن، خانــی دم دم (خانــی لــەپ زێڕیــن) و ســیابەندێ ســلیڤان (ســیابەند و خەجــێ) سەرســام دەبوویــن.

هەمــوو ڕۆژێــک کاتژمێــر ١١:٤٥ی بەیانــی بــۆ مــاوەی نیــو کاتژمێــر، ڕادیــۆی یەریڤــان (ئەرمینیــا) هــەواڵ و گۆرانــی بــە زمانــی کــوردی لەســەر شــەپۆلی کــورت ( ٤٢ م.هـ بــۆ ٤٤.٥٠ م.هـ) پەخــش دەکــرد. بــە هەمــان شــێوە ڕادیــۆی تیبلیــس (ئازەربایجــان)، کاتژمێــر ٥:٣٠ی ئێــوارە هــەواڵ و گۆرانــی لەســەر شــەپۆلی درێــژ (١٤١٠ م. هـ بــۆ ١٤١٥ م. هـ) پەخــش دەکــرد. هەروەهــا گۆڤــاری قەفقــاز (گۆڤــارا قەفقــازێ) کــە لــە ٣٢ لاپــەڕە پێکدەهــات، هەفتانــە بــە زاری کرمانجــی لــە تیبلیــس دەردەچــوو.

شــەڕ ڕێگەخۆشــکەر بــوو بــۆ دەرخســتنی ئازایەتــی کــورد و بەدەستخســتنی پاداشــتەکەی. نموونــەشمان بــۆ ئەمــە کــوڕی جوتیارێکــی

(٦٠) ئێمیل لودویگ، دەریای ناوەڕاست، چارەنووسی دەریایەک، ١٩٤٣، لاپەڕە ٣٣٨-٣٤٢.
Emil Ludwig La Méditerranée. Destinée d'une mer, E. M. F. (N.-Y., 1943), t. I, pp. 338-342.

هـــەژارە بەنـــاوی ســـامانت ســـابانتۆڤ کـــە لەلایـــەن ســـەرۆکایەتی بـــاڵای ســـۆڤیەت نازنـــاوی (پاڵەوانـــی یەکێتـــی ســـۆڤیەت)ی پێبـــەخشرا.

ڕۆژنامـــەی ڕۆژی نـــوێ (ڕۆژا نـــوو) لـــە ژمـــارە ٥٦، لـــە ڕێکەوتـــی ١٠ی ئەیلوولـــی ١٩٤٥ دەنووســـێت:

سابانتۆڤ لە ساڵی ١٩٠٩ لە ناوچەی قەرس لە باکووری کوردستان لە خێزانێکی جوتیاری کەم دەرامەت لە دایکبووە. لە جەنگی یەکەمی جیهانی، خێزانەکەی پەنایان بۆ شاری تیبلیس برد و لەوێ باوکی خەریکی کاری کۆڵبەری بوو. ساڵی ١٩٢٦ خێزانەکەی تیبلیسیان جێهێشت و لە شاری ئاباران (ئاپاران) لە ئەرمینیا نیشتەجێبوون. ئەو بۆ خوێندن دەچێتە پەیمانگای کەمینە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی سۆڤیەت لە شاری لینینگراد. ساڵی ١٩٣٨ بە نوێنەری ناوچەی کوردنشینی ئالاگیاز بۆ ئەنجومەنی باڵای ئەرمینیای سۆڤیەت هەڵبژێردرا. لە جەنگی دووەمی جیهانی، سابانتۆڤ بە پلەی فەرماندە بەرگرییەکی ئازایانەی لە شاری مۆسکۆ کرد. ساڵی ١٩٤٤ لە شەڕی مینسک و بۆبرینسکدا، کەتیبەیەکی دوژمنی بە تەواوی لەناوبرد و ٤٤٧ ئەفسەر و سەربازی ئەڵمانی بەدیل گرت. لە شەڕێکی دیکەدا، هێزەکەی بەرپەرچی یازدە هێرشی دایەوە و خۆیشی سێزدە سەربازی دوژمنی کوشت. لە کۆتاییدا توانی لە ڕووباری نارێڤ[٦١] بپەڕێتەوە و پردێک دروست بکات، بەمەش ڕێگەی بۆ باقی سوپاکە کردەوە. بۆیە لە کۆتاییدا پاداشتەکەی بەدەست هێنا و لەلایەن سەرۆکایەتی باڵای سۆڤیەت نازناوی (پاڵەوانی یەکێتی سۆڤیەت)ی پێبەخشرا.

کورد چیتر کەڕ و کوێر نییە. گوێیان لە بەرنامەکانی ڕادیۆییە کە لە ڕووسیاوە

(٦١) ڕووباری نارێڤ دەکەوێتە ڕۆژئاوای بیلاڕووس و باکووری ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندا.

پەخش دەکرێن. کوردانی ئێران دەتوانن لەگەڵ هاونیشتمانیانیان قسە بکەن کە لە سوپای سوور وەرگیراون، هەروەها بەشداری نمایشکردنی ئەو فیلمانە بن کە شکۆی نەتەوەیی و ئەفسانە کۆنەکانی سەردەمی منداڵییان وەبیردەهێنانەوە. بەم شێوەیە بارودۆخی خۆیان لەگەڵ دۆخی هاونیشتمانیانیان بەراورد دەکرد، بەوپێیەی ئەمانیش مافی خۆیانە خۆشگوزەرانییان بۆ فەراهەم بکرێت. هەژاری جەستەیی و ئەخلاقی بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت. منداڵەکانیان بێبەشن لە خوێندن و هیچ قوتابخانەیەکیان نییە، تەنانەت داپیرە پیرەکانیش ناتوانن بە گوتنەوەی گۆرانییە کۆنەکان منداڵەکانیان بخەوێنن. سەرکردەکانیان لەبری ئازادی، ساڵانێکی زۆر لە دەربەدەری و لەنێو ئۆردوگا زۆرەملێیەکان ژیانیان بەڕێکردووە. لەدوای گێڕانەوەی ئەم هەموو نەهامەتییانەی بەسەر کورددا هاتوون، چی دیکە بڵێین؟ داوا لە چیکەکان دەکەم وەڵام بدەنەوە، داوا لە ئەلزاسییەکان دەکەم بۆچوونیان لەم بارەیەوە بخەنەڕوو، داوا لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە نازییەکان ڕێگرییان لێکردوون بە ئاسوودەیی و سەربەستانە هەناسە بدەن، وەبیر خۆیان بێننەوە چییان بەسەر هێنرابوون، ئەگەر گلەییشمان هەبێت، بێگومان گلەییەکەمان بەرەو ڕووی ڕووسەکان نییە، چونکە ئەوان مرۆڤایەتی و زیرەکییان لە ناوچەکەدا نیشانداوە، گلەیی لە کوردیش ناکەین، تەنانەت ئەگەر زۆرجار نیگاکانی بەرەو ڕووسەکان ئاراستە کردبێت و بەو هیوایەی ئەوان پشتیوانیان دەبن، بەڵکو گلەییمان لەو لایەنانەیە کە خۆیان لاواز نیشاندا لە ئاست بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و ڕزگارکردنی گەلێک کە بەقەد ئەوان مافی ژیانکردنیان لە هەوایەکی کراوە و ئازاددا هەیە.

## ٢- کورد لەنێو دەوڵەتانی لێڤیدا

لـە باشـووری سـنووری تورکیـا و سـووریا ڕێپێوانێکـی دیکـەی کـورد بـەدی دەکرێـت. ئـەو دوو سـەد و پەنجا هـەزار کـوردەی نێـو دەوڵەتانـی لێڤـی، تەنیـا لـە ناوچەکانـی جزیـرە و جەرابلـس و کـورداغ ناژیـن، بەڵکـو لـە شـوێنەکانی دیکـەی ناوچەکەشـدا بوونیـان هەیـە، بـۆ نموونـە گەڕەکێکـی تـەواو کوردنشـین لـە شـاری دیمەشـق هەیـە کـە نزیکـەی پـازدە هـەزار کـورد تێیـدا دەژیـن، هەروەهـا لـە بەیـروت حەفـت هـەزار و لـە حەمـا پێنـج هـەزار و لـە حەلـەب چـوار هـەزار کـورد دەژیـن.

دەنێـو ئـەم کوردانـەدا بەشـێکیان ماوەیەکـی زۆرە لـەم ناوچانـەدا نیشـتەجێ بوونـە و تاڕادەیـەک بـە عـەرەب کـراون، بەشـەکەی تـری لـە سـەروبەندی ماندێتـی فەڕەنسـاوە پەنایـان بـۆ ناوچەکـە بـردووە کـە بەدەسـت سیاسـەت و شارسـتانییەتی تایبـەت بـە تورکەکانـەوە دەیانناڵانـد.

بـە دیـدی ناسیۆنالیسـتە سـوورییەکان، کـورد لەنێـو کەمینەکانـی وڵاتەکەیانـدا لـە ڕووی تیۆرییـەوە لـە پرۆسـەی بـە عەرەبکردنـدا پشـکی شـێری بـەر کەوتـووە. لـە سـاڵی ١٩٢٩، کۆمیسـیاری بـاڵای فەڕەنسا داوای لـە حکومەتـی سـووریا کـرد، پێویسـتە کاربەدەسـت و فەرمانبـەری کـورد لـە دامـودەزگا حکومییەکانـی ناوچـە کوردنشـینەکان دابنرێـن.

لـە ڕاسـتیدا، کـورد لـە سـووریا و لوبنـان هیـچ مافێکـی تایبەتـی نییـە، بـەڵام خاوەنـی ئـازادی تاکەکەسـین، بێجگـە لـە چەنـد کەسـایەتییەکی کاریگـەر نەبێـت کـە ناتوانـن لـە نزیـک سـنووری تورکیـا بژیـن. کـورد بـە

سـوود وەرگرتـن لـەم ئازادییـە، توانی بـە داهاتی خـۆی چەنـد قوتابخانەیەک لـە گوندەکانـی بکاتـەوە، چونکـە لـە قوتابخانـە حکومییەکانـدا تەنیا زمانـی عەرەبـی دەخوێندرێـت. لـە قوتابخانـە کوردییەکانـدا، مـەلا وانـەی قورئـان و ئاییـن و شـیعری عیرفانـی دەداتـەوە. لـە شـارە گەورەکانـی وەک دیمەشـق و بەیـروت، خوێندنـی ئێـواران بـۆ دوکانـدار و پیشـەوەران کرایـەوە تاکـو خۆیـان فێـری خوێنـدن و نووسـینی زمانـی کـوردی بکـەن. هەمـوو ئـەم کارە پەروەردەیـی و ڕۆشـنبیرییانە لەلایـەن دوو بـرا بەدرخانییـەکان (نەوەکانـی بەدرخـان میـری بۆتـان کـە دواییـن میـری سـەربەخۆی کـورد بـوو و تا سـاڵی ١٨٤٧ فەرمانڕەوایـی میرنشـینی بۆتانـی کـرد)ەوە ئەنجـام دەدران. ئـەم دوو برایـە ڕووناکبیـر و کەسـانی زۆر لێهاتـوو بـوون، ئەلفبێی لاتینییـان دامەزراند و کاریـان لەسـەر ڕێزمـان و فەرهەنگـی کـوردی کـرد. بـرا گەورەکـە، جـەلادەت بەدرخـان گۆڤـاری (هـاوار و ڕۆناهـی)ی لـە دیمەشـق بڵاوکردەوە کـە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە زمـان و فۆلکلـۆری کـوردی کانێکـن. هەروەهـا بـرا بچووکەکـەی، کامـەران بەدرخان گۆڤـاری (ڕۆژا نوو)ی لە بەیـروت دامەزراند کـە هەفتانـە جارێـک بـە زمانـی کـوردی و جارێـک بـە زمانـی فەڕەنسـی دەردەچـوو. هەروەهـا گۆڤـاری (ستێر)یشـی دەرکـردووە. هـەردوو گۆڤـار شـکۆ و کاریگـەری بـێ مشـتومڕیان لەسـەر هاونیشـتمانییانی کـورد هەبـوو.

تـا ١ی نیسـانی ١٩٤٦، ڕێکەوتـی ڕادەسـتکردنی خزمەتگوزارییەکانـی ڕادیـۆ- لوڤانـت بـە حکومەتـی لوبنـان، میـر کامـەران بەرپرسـی بەرنامەکانـی زمانـی کـوردی بـوو کـە هەواڵـەکان تیـادا سـنووردا کرابـوون.

بێگومـان، خۆشەویسـتی نیشـتمان لەلایـەن شـاعیرانی خـاوەن

ڕۆحــی زینــدووەوە دەپارێزرێــت. یەکێــک لــە بەناوبانگتریــن شــاعیرانی گەنجــی هەنووکــە جگەرخوێنــە کــە ســاڵی ڕابــردوو دیوانەکــەی لــە دیمەشــق بڵاوکــردەوە. لێــرەدا بابەتێکــی لــە ژمــارە یەکــی گۆڤــاری کاێــی دو لێســت (Cahiers de l’Est)، لــە بەیــروت، ١٠٤٥، ل ١٢٦-١٢٧ بڵاوکراوەتــەوە، دەخەینــەڕوو:

"پارچەکانــی کوردســتان خۆشەویســتی بــۆ نیشــتمان زیاتــر دەکــەن، پێویســتە هەمــوو گەنجێکــی کــورد بەقــەد خۆشەویســتەکەی خۆشــیان بوێــت. دەپرســم ئایــا لــە خاکــی غوربەتــدا، هەمــوو نیشــتمانپەروەرێک برســی نییــە و دەتوانێــت بــە ئاســوودەیی بخەوێــت؟ شــاعیر هەمــوو ناوچەکانــی کوردســتان یــەک لــە دوای یــەک وەبیــر دەهێنێتــەوە؛ ئاهێــک بــۆ کانیــاوە ســازگارەکان و میــوە بــە تامەکانــی دەکێشــێت. فرمێســکەکان بــەس نیــن بــۆ ســاڕێژکردنی برینــی دڵ. هەمــوو شــکۆمەندییە نەتەوەییــەکان و هەمــوو قارەمانانــی ڕابــردوو لەبــەردەم چاوەکانمانــدا زینــدوو دەبنــەوە. پێویســتە نموونــەی شــەهیدەکانمان وەک شــێخ ســەعیدی پیــران یــان شــاعیرەکانمان وەک ئەحمــەدی خانــی هانــی گەنجەکانمــان بدات. ئەگــەر کەموکــوڕی لــە ئەرکــی ســەرکردەکاندا بەدیکــرا، ئــەوا لاوازەکان و هــەژارەکان بــۆ بەدەســتهێنانی مافەکانیــان ڕادەپــەڕن. هەندێــک چیرۆکــی وەک: باڵنــدەی بــاڵ شــکاو و یاخیبــوون لــە مریشــکخانەدا و شــێر و مێروولــە بــە بەردەوامــی بیرمــان دەخەنــەوە کــە هێــز لــە یەکگرتندایــە".

هــەر ئــەم جگەرخوێنــە بــوو کــە لــە ســەرەتای ئەمســاڵدا، لەمیانــی گەشــتە فەرمییەکــەی شــوکری ئەلقوەتلــی، ســەرۆک کۆمــاری ســووریا، بــۆ

ناوچـەی جزیـرە بـە زمانـی کـوردی قسـەی لەگـەڵ کـرد. دوای ئـەوەی جگەرخوێـن بـە زمانـی عەرەبـی گوێبیسـتی وتـاری سـەرۆک کۆمـار دەبێـت، بەخێرهاتنـی دەکات و پێـی دەڵێـت: ئایـا گوێبیسـتی هیـچ وتارێـک دەبـم بـە زمانـی کـوردی؟ (ڕۆژا نـوو، ژمـارە ٦٦، ١٤ی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٦)

# بەشی شەشەم

## هێز لە یەکگرتندایە

**"ئەو ڕۆژەی هۆشیاری نەتەوەیی لای کورد زیندودەبێتەوە و یەکدەگرن، دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق لەبەردەمیاندا دەبن بە خۆڵ. ئەو ڕۆژەش هێشتا دوورە"**[٦٢]

---

(٦٢) ویڵیەم روپێرت هێی، دوو ساڵ لە کوردستان، ١٩٢١، چاپی لەندەن، لاپەڕە ٣٦.
W. R. Hay, Two years in Kurdistan, 1921, London, p. 36.

## ١- بنەچەی کوردەکان

هەمـوو ئـەو گەڕیـدە و گەشـتیارانەی بـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا تێپەڕیـون، بـە کارەکتەر و سروشـتی کـوردەوە سەرسـامن بەوپێیـەی جیاوازن لـە دراوسـێکانیان. ئێـدوارد سـابلێیر لـە وتارێکیـدا بەنـاوی (ئاواتەکانـی کـورد: نەتەوەیەکـی ناراحـەت) کـە لـە گۆڤـاری تێـغ دێـزۆم بڵاویکردوتـەوە، دەنووسـێت:

سـەرەڕای هەمـوو هەوڵەکانـی داگیرکـەران بـۆ گۆڕینـی ناسنامەیان، کـورد هەرگیـز لـە خەباتکـردن بـۆ دامەزراندنـی قەوارەیەکـی سـەربەخۆی دیفاکتـۆ نەوەسـتاوە. ڕەگـەز و ئاییـن و زمانیـان بـە تـەواوی لـە دراوسـێکانیان جیایـان دەکاتـەوە. لـە ڕووی نەتەوەییـەوە، کـورد لـە نـەژادی ئارياييـە و جیـاوازە لـە تورکـی تۆرانـی و عەرەبـی سـامی. زۆرینـەی کـوردەکان مووسـڵمانی سـوننە مەزهەبـن، ئـەم بـاوەڕە ئیسلامییـە جیایـان دەکاتـەوە لـە ئەرمەنـەکان کـە هەمـان ڕەچەڵەکیـان هەیـە، بـەڵام مەسـیحین. لـە کاتێکـدا فارسـەکان ئـاری و مووسـڵمانن، بـەڵام سـەر بـە مەزهەبـی شـیعەن.

ئەمـە پوختەیەکـی زۆر ئاسـانکراوە. بـا لـە هەنـدێ بەریتانـی دیکـەش بپرسـین ڕای ئـەوان لەسـەر کـورد و خەڵکـی دەوروبەریـان چییـە؟ سـەرەتا وتەکانـی مێجـەر سـۆن دەخەینـەڕوو کـە لـە کتێبەکەیـدا لەژێـر نـاوی (گەشـتێک بـۆ میزۆپۆتامیـا و کوردسـتان لـە بەرگـی نادیـاردا) هاتـوون.

کـورد یەکێکـە لـە ئازاتریـن و سـەربەخۆترین و ژیرتریـن نەتەوەکانـی

جیهـان.[٦٣] بـە حوکمـدان لەسـەری وەک مـرۆڤ، ڕەنگـە نەتـەوەی کـورد ڕکابــەری نەبێــت... کــورد هەمیشــە وەک خــۆی دەردەکەوێــت: مادەکانـی ئەمـڕۆن، تـا ئەوکاتـەی یەکدەگـرن، شـایەنی ئـەوەن جارێکـی دیکـە ببن بـە نەتەوەیەکـی سـەربازی گـەورەی ئـەم سروشـتە توندوتیـژە کـە نەتـەوە هـەرە خراپـەکان لەخۆدەگرێـت و گەلـی کوردیـش تێیـدا دەژیــت.[٦٤]... لــە نــاو هەمــوو گەلانــی ئــەم وڵاتانــەدا، بــە تەنیــا ڕووبــەڕووی هەمــوو ســوپاکان بوونــەوە و توانیــان زمــان و خوێنــی خۆیــان بــە پاکــی بپارێــزن...[٦٥] کەواتــە ئەگــەر لــە نــاو کارەکتــەری کــورددا چەنــد ســیفەتێک بــەدی بکەیــن کــە لەلایــەن ڕۆژئاواییــەکان بـە فەزیلـەت (ڕەوشـتبەرزی) دادەنرێـن، ناوبانگییەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ مەیلـی سروشـتی و بنەڕەتـی کـە دەکرێـت بـۆ بـاشتر کردنـی کۆمەڵگـە پــەرەی پێبدرێــت. ڕەوشــتە جوانەکانــی کــورد بریتیــن لــە: دڵســۆزی بــەردەوام، ڕێزگرتـن لـە بەڵێنـەکان، سـۆز و خۆشەویسـتی بـۆ کەسـوکاری نزیــک، ڕەفتــاری کــورد بەرامبــەر بــە ژنــان شایەســتەترە لــەوەی کــە لەنێـو گەلانـی دیکـەی مووسـڵماندا بـەدی دەکرێـت، هەسـتی ئەدەبی و خۆشەویسـتی بـۆ هۆنـراوە، هەروەهـا خواسـتی خۆبەختکـردن لـە پێنـاو هۆزەکەیانـدا، شـانازییەکی گەورەیـە بـۆ نەتـەوە و وڵاتەکەیـان. چەنـدە بــە شــانازییەوە دەردەکەوێــت، کاتێــک کوردێــک هەڵدەســتێت و بــە

(٦٣) مێجەر سۆن، ١٩١٢، لاپەڕە ٤٢.
(٦٤) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٩٨-٣٩٩.
(٦٥) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٧١.

زاراوەی جیا دەڵێت: "ئـەز کرمانجـم" یـان "مـن کـوردم"....[٦٦] لـە کاتـی جەنگـدا، سـەرکردە کـوردەکان بەهـۆی غەریـزەی جەنگاوەرییانـەوە لـە ڕیـزی هـەرە پێشـەوە دەبـینران. لـە ڕاسـتیدا، لەنێـو ژەنەڕاڵـە هـەرە ئازاکانـی سـوپای تورکیـا، ژمارەیەکـی زۆریـان کـورد بـوون.[٦٧]

هەروەهـا بۆچونـی ویلیـەم هێـی لەسـەر کـورد زۆر ڕوونـە، لـە کتێبەکەیـدا لەژێـر نـاوی (دوو سـاڵ لـە کوردسـتان) بـەم شـێوەیە کـورد دێنێتـە سـەر زمـان:

لەبـارەی سروشـتی کـوردەکان، جارێکیـان لـە ڕاپۆرتێکـی فەرمیـدا ئـەم میللەتـەم بـۆ سـەر سـێ پـۆل دابـەش کـرد، ئەوانیـش بریتیـن لـە: ئاغـا باشـەکان و ئاغـا خراپـەکان و خەڵـک. لـە سـەرەتادا باسـی خەڵکەکـە دەکەیـن، چونکـە ئـەوان باشتریـن خەڵکێکـن کـە لـە ڕۆژهەڵاتـدا بینیبێتـم. ئـەوان میزاجێکـی باکووریانەیـان هەیـە کـە تـەواو پێچەوانـەی میزاجـی فـارس و عەرەبـە ڕوخاوەکانـە. کـورد، پێـش هەمـوو شـتێک، زۆر ئـارەزووی لـە کارکردنـە، بەردەوامـە لەسـەری و ئابوورییـە و دەسـتیپێوەدەگرێ. زیاتـر حـەزی لـە کۆکردنـەوەی پارەیـە نـەک خەرجکردنـی. ئەگـەر زۆر دەسـتکورت و هـەژار نەبێـت، ئـەوا هەمیشـە پاکـو خاوێـن دەردەکەوێـت. لـە ڕۆژدا و لـە نزیـک هەمـوو گونـدەکان، دەبینیـن ژنـان خەریکـی جـل شـۆردنن. کـورد لـە ڕووی ئەخلاقییـەوە پاکـە، تـا ڕادەیەکـی زۆر نزیکـە لـە پاکیزەیـی. ئـەو بەدڕەوشـتیانەی

---

(٦٦) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٩٤- ٣٩٥.

(٦٧) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٨٨.

لـە بەشـەکانی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـدا بڵاون لـە ناوچـە عەشـایرییەکانی کوردسـتان بـە هیـچ شـێوەیەک باسـیان نییـە.(٦٨)

جیاوازییـە گەورەکـەی نێـوان عەرەبـەکان و کـوردەکان لێرەدایـە. عەرەبـەکان لـە زۆربـەی کاتـدا بـە ئـارەزووی خۆیـان ژیانـی کۆچەرییـان هەڵبـژاردووە و ناکـرێ ناچـاری ژیانـی نیشـتەجێبوون بکرێـن، لـە کاتێکدا کـوردەکان گەلێکی شـوانکارەن، لەبەر پێویسـتی ژیان یـان وەک نەریتێک دەبـن بـە کۆچـەر و ئامادەیـی نیشـتەجێبونیان تێدایـە هـەر کاتێـک بـۆی دەرکەوێـت کـە نیشـتەجێبون قازانجـی زیاتـری پێدەگەینێـت.(٦٩)

هامیلتـۆن لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی (ڕێگایـەک بـە کوردسـتاندا) چەنـد وردەکارییەکـی نـوێ لەبـارەی کـوردەوە دەخاتـەڕوو:

کـورد گەلێکـی چیاییـن، کەمێـک جیـاوازن، خۆڕاگـرن و زیاتـر لـە سـکۆتلەندییەکان دەچـن. ڕەوشـتی لـە عەرەبـەکان بـاشترە، حـەزی زۆر لـە گاڵتـە کردنـە. کەمێـک عیرفانـی و فەلسـەفی و ئایەندەگەراییـن؛ کاتێـک هاوڕێیەتـی لەگـەڵ کەسێک دەکات، بـۆی دڵسـۆز دەبێـت کـە ئەمـە لای عـەرەب نییـە. ئەمـە سـادەیی نییـە، بەڵکـو بـە شـێوازێکی دیکـە سـەیری جیهـان دەکات. سـەرەڕای دۆخـی دواکەوتوو و سـەرەتایی وڵاتەکـەی، زۆر حـەزی لـە زانسـت و تەکنۆلۆژیـای مۆدێرنـە.(٧٠)

بـەم شـێوەیە وەسـفی کوردیـان بـۆ کردبـووم کـە گوایـە گەلێکن وەک

---

(٦٨) ویلیەم روپێرت هێی، دوو ساڵ لە کوردستان، ١٩٢١، لاپەڕە ٦٢-٦٣.

(٦٩) سەرچاوەی پێشوو، ویلیەم روپێرت، ١٩٢١، لاپەڕە ٤٧.

(٧٠) هامیلتۆن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، ١٩٣٧، لاپەڕە ٢٢٢.

عـەرەب بەخشـەندە نیـن و لەگـەڵ میوانـی نەنـاسراو کەمـدوون، بـەڵام بـۆم دەرکـەوت ئـەم وتانـە ڕاسـت نیـن و ئـەوان خاوەنـی سـیفەتی زۆر بـاشترن. هەرچەنـدە ئـەوە ڕاسـتە کوردێکـی ئاسـایی دەبـێ زۆر سـادە بژیـت و دەسـت بـە داهاتەکەیـەوە بگرێـت، چونکـە وڵاتەکـەی بەردینـە و زۆر بەپیـت نییـە دەشـتە کشـتوکاڵییەکانی کەمـن. گەلێکـی هـەژارن، بـەڵام سـەربەرزن.[٧١]

ئێپسـتەن بـە هەمـان شـێوە لـە وتارێکیـدا لـە گۆڤـاری ئەلجەزیـرە باسـی خەسـڵەتە باشـەکانی کورد دەکات:

کوردانــی جزیــرە بــە ئازایەتــی و توانــا و ڕۆحــی کارکردنیانــەوە نـاسراون. کرێکارانـی کـورد لـە کرێکارەکانـی عـەرەب بەهێزتـر و بـاشترن. کـورد لـە ڕوانگـەی ئایینیـەوە تونـدڕەو نییـە و بـە وریاییـەوە داب و نەریـت و زمانـی خـۆی پاراسـتووە.[٧٢]

ڕۆژهەڵاتناسـی ئەڵمانـی مارتـن هارتمـان لـە پەرتوکـی (پێنـج وتـار لەبـارەی ئیسلامـەوە) بـەراوردی نێـوان کـورد و عـەرەب و تـورک و فـارس قووڵتردەکاتــەوە:

دەزانـم بـە ناوهێنانـی کـورد وەک گەلێـک کـە ئامادەی تێکەڵبوونـە لەگـەڵ کەلتـوری ئەوروپـی، ڕووبـەڕووی دژایەتییەکـی بەهێـز دەبمەوە... لەگـەڵ ئەوەشـدا هەمـوو گەشـتیاران کۆکـن کـە دەکرێـت لەژێـر ڕووی دەرەوەی زبر و بەهێزیاندا، جیهانێک لە هەستی ناسـک و قووڵ بهێنینە

(٧١) هامیلتۆن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، ١٩٣٧، لاپەڕە ٩٤.

(٧٢) ئێپستەن، ئەلجەزیرە، ١٩٤٠، لاپەڕە ٧٩.

دەرەوە. چەندیـن بەڵگـە دەیسـەلمێنن کـە کـوردەکان بەهرەمەنـدن بـە زیرەکـی سروشـتی و بـە توانـای گۆڕانـی خێـرا و لـە حوکمدانـی دروسـت و دادپەروەرانــە. دەکــرێ کــورد لەنێــوان عــەرەب و تــورک هەژمــار بکرێـت، عەرەبێـک کـە میزاجییـە و کۆچـەر و خێـرا بۆچونـی دەگۆڕێـت و زۆر فێڵبـازە، هەروەهـا تورکێکـی هێـواش و تەمبـەڵ لـە بیرکردنـەوە و سـەخت لـە پەیوەنـدی دروسـتکردن. کـورد ئامـۆزای ڕاسـتەقینەی فارسـە، بـەڵام وەک فـارس تێکـەڵ بـە خوێنـی زۆری تـورک و نوقمـی چەمکـە نەریتـی و عیرفانییـە کۆنەکانـی ڕۆژهـەڵات نەبـووە. خوازیـارم ڕۆژێـک بێـت، ئـەم میللەتـە ڕێبـەری ڕاسـتەقینەی خـۆی بدۆزێتـەوە و بـە هێـزی خـۆی و ئـەو وزەیـەی لـە خۆگونجانـدن لەگـەڵ شارسـتانییەتی جیهانیـدا نیشـانی دەدات، جیهـان سەرسـام بـکات. ئـەم میللەتـە دەتوانێــت پیتــە لاتینییــەکان بــۆ نووســینی زمانەکــەی بەکاربهێنێــت کــە زۆر جوانــە و تاڕادەیــەک پوختــە و پاکــە لــە وشــەی بیانــی.(٧٣)

لـە لایەکـی دیکـەوە مێجـەر بـۆڵتن لەچەنـد دێڕێکـدا باڵادەسـتی کـورد بەسـەر دراوسـێکانیدا بـاس دەکات:

هەمـوو ئـەو زلهێـز و داگیرکەرانـەی لـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاواوە دەهاتـن و لـە دەوری کـوردەکان کۆدەبوونـەوە، هەوڵیـان دەدا کەلتـوری خۆیـان بەسـەر کـورددا بسـەپێنن، بـەڵام هەرگیـز سـەرکەوتوو نەبـوون و بـە تـەواوی دارمـان. ئاشـووری و یۆنانـی و ڕۆمـی و پارتـی و فـارس و عــەرەب و مەغــۆل و تورکــەکان هــەر هەموویــان هەوڵیانــدا ئــەم

(٧٣) مارتن هارتمان، پێنج وتار لە ئیسلامدا، ١٩١٢، لاپەڕە ١٣٧-١٣٨.

میللەتـە چیاییـیـە ملکـەچ بکـەن، بـەڵام لـە کۆتاییـدا شکسـتیان هێنـا.

هەمـوو ئـەو گەشـتیار و گەڕیدانـەی لـە نزیکـەوە ئاشـنایەتییان لەگـەڵ کـورد هەبـووە، لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـە سـیفەتگەلێکی زۆر و بەنـرخ لای کـورد بەدیدەکرێـن، بـەوەش کەسـانی دەوروبەریـان ئێرەیـی بـە کـورد دەبـەن و حـەز بـە باسـکردنیان ناکـەن.

## ٢- سەرکردەکان یەکدەگرن

گەرچـی کەسـانی بیانـی بۆچـوون و تێبینیەکانیـان سـەبارەت بـە کـورد خسـتنەڕوو وەک مێجـەر سـۆن "نەتـەوە هـەرە خراپـەکان لەخۆدەگرێـت و گەلـی کوردیـش تێیـدا دەژیـت"، بـەڵام، لـە هەمـان کاتـدا، هەموویـان خوازیـارن کـورد یەکنەگرێـت، چونکـە نایانەوێـت دوژمنانی کـورد "لەبەردەم کـورددا بین بـە خـۆڵ" وەک پێـشتر ویلیـەم روپێـرت هێـی ئامـاژەی پـێ کردبـوو. ئـەو وڵاتانـە پڕوپاگەنـدەی ئـەوە دەکـەن کـە کێشـەی کـورد لـە وڵاتەکانیـان بوونـی نییـە و کـورد لەنێـو سـنوورەکانی ئەوانـدا ناژیـت، هەرسـێ وڵاتـی ئێـران، تورکیـا و عێـراق ئەوەنـدە لـەو کوردانـە دەترسـن، تەنانـەت ڕێگـە بـە هاووڵاتییانیـان نـادەن وشـەی (کـورد) بـە زاریانـدا بهێنـن. ئـەوان هـاوار دەکـەن کـە ناترسـن، کەچـی تـەواوی جەسـتەیان پـڕە لـە تـرس بەرامبـەر بـە کـورد، هەرکاتێـک کوردێـک ئامـاژە بـە بوونیـان بـە دراوسـێی باشـی یـەکتری کردبێـت، ئـەوان هەوڵیانـداوە لەنێـو خۆیانـدا ڕێکبکـەون و بـە بیانـوی (ئاژاوەگێـڕ و جـەردە) لەنێویـان ببـەن.

سـەرەتا هـەر یـەک لـەو وڵاتانـە، لای خۆیانـەوە هەوڵیانـدا پرسـی کـورد لەنێـو خۆیانـدا و دوور لـە چـاوی دەرەوە یەکلایـی بکەنـەوە، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوون. کـورد لـە تورکیـا ڕووبـەڕووی کۆمەڵکوژییەکـی دڕندانە بـووەوە، بۆیـە بـە ناچـاری پەنـای بـۆ ئـەو دیـوی سـنووری سـووریا بـرد. لـە عێـراق دوای چەندیـن ڕاپەڕیـن ڕاوەدونـران، ئەمجـارەش بـە ئاسـانی پەناگەیـان لای هاونیشـتمانیانیان لـە ئێـران دۆزییـەوە. ئایـا سـەرکردەکانی ئـەو بزووتنەوەیـەی لـە سـاڵی ١٩٣٠ لەلایـەن کۆمەڵـەی خۆیبوونـەوە

ڕێکخرابـووە، ئـەو کاتـە پەنایـان بـۆ ئێـران نەبـرد؟

یەکـەم ڕێککەوتـن لەنێـوان تورکیـا و ئێـران لـە سـاڵی ١٩٣٤دا واژووکـرا. دوای سـەردانەکەی شـای ئێـران بـۆ ئەنقـەرە، هـەردوو حکومـەت بڕیاریـان لەسـەر سیاسـەتێکی هاوبـەش لەبـارەی کـورد دا. هـەر لـەو ساتەوەختەوە بـوو کـە تورکـەکان دەسـتیان بـە پڕۆسـەی ڕاگوێزانـی زۆرەملێـی کـورد کـرد و ئێرانیـش هەڕەشـە و فشـارەکانی لـەدژی کـورد چڕتـر کـردەوە.

ڕێککەوتنەکـە زۆر بێدەنگـی بـەدوای خۆیـدا نەهێنـا، هـەر زوو دەسـتیان بـە فـراوان کردنـی بـەرەی دژ بـە گەلـی کـورد کـرد و نەتـەوە بەرژەوەندیخـوازەکان هاتنـە پاڵیانـەوە. لـە ٨ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٣٧، پەیمانـی سـەعدئاباد لەنێـوان ئێـران و ئەفغانسـتان و عێـراق و تورکیـادا واژوکـرا. هـەر چـوار وڵاتـی دراوسـێ ڕێککەوتـن بـە هیـچ شـێوەیەک گـرژی و شـەڕ لەنێوانیانـدا ڕوونـەدات، ئەمـە کارێکـی زۆر باشـە، بـەڵام بەنـدی حەفتەمـی ڕێککەوتنەکـە جێگـەی سـەرنجە:

لایەنەکانـی نێـو ئـەم پەیماننامەیـە لـە ئاسـتی بـاڵادا بەڵێـن دەدەن لەنێـو سـنووری خۆیانـدا ڕێوشـوێنی تونـد لـەدژی دامەزراندنـی گروپـی چەکـداری و کۆمەڵـە و ڕێکخـراو بگرنەبـەر کـە ئامانجیـان ڕووخاندنـی دامەزراوەکانە و ڕەنگە کاریگەرییان لەسـەر ڕێکخستن و ئاسایشـی ناوخۆ و سـنوور یـان دەسـەڵاتی حکومەتـی هـەر یـەک لـەو لایەنانـە هەبێـت.

ئەمـە چ مانایـەک دەگەینێـت؟ کـێ دەتوانێـت گروپـی چەکـداری و کۆمەڵـە و ڕێکخـراو دابمەزرێنێـت کـە بتوانێت بەو شـێوەیە کاریگـەری بکاتە سـەر بەرژەوەندییـە باڵاکانـی هـەر یـەک لـەو لایەنانـەی لـە پەیماننامەکـەدا

بەشــدارن؟ بێگومــان ئەرمەنییــەکان نیــن کــە پێــشتر لەناوچوونــە یــان خەریکــن لەنــاو ئەچــن. ئەمــان ئاشــووریش نیــن کــە تــا ڕادەیــەک تەنیــا لــە عێــراق دەژیــن. هەروەهــا عەرەبــی شــیعە و هــۆزە کۆچەرەکانیــش نیــن. ئامانجــی ســەرەکی ئــەم بەنــدە، بــە دڵنیاییــەوە، تەنیــا گەلــی کــوردە.

لێکەوتەکانــی ئــەم پەیمانــە زۆری نەخایانــد و خێــرا لەنێــو کــورد هەســتیان پێکــرا. لــە ٣٠ی ئابــی ســاڵی ١٩٣٨، جــۆرج مێیــر بابەتێکــی دوو ســەد دێــڕی بــۆ ڕۆژنامــەی لــو فیــگارۆی فەڕەنســی (Le Figaro) نووســی، لێــرەدا تیشــک دەخەمــە ســەر چەنــد خاڵێکــی:

ســەرچاوە عەرەبییــەکان بــاس لــەوە دەکــەن کــە هــۆزە یاخیبــووەکان پەیوەندییــان بــە کوردەکانــی دەوروبــەری ســنووری ئێرانــەوە کــردووە. ئــەو چــەک و تەقەمەنیانــەی لــە چەنــد ڕۆژی ڕابــردوودا لەلایــەن هێزەکانــی ئێرانــەوە لەکاتــی ڕاوەدوونانــی کــوردە یاخیبووەکانــەوە دەســتیان بەســەردا گیــراوە، دەریدەخــەن بزووتنەوەکــە لەلایــەن دەســتێکی دەرەکییــەوە پاڵپشــتی دەکرێــت. بۆیــە هەنووکــە ئەرکــی ســەرەکی ســەربازانی تورکیــا پاککردنــەوەی ناوچەکەیــە لــە یاخیبــووان و ســەپاندنی ئــەو چاکسازییە کۆمارییانەیــە بەســەر نەتــەوەی کــورددا کــە تاکــو ئێســتا ئامــادە نەبــووە قبوڵیــان بــکات بەوپێیــەی لــە سەرتاســەری کۆمــاری تورکیــادا جێبەجێدەکرێــن.

جارێکــی دیکــە خوێنەری فەڕەنســی گوێی لــەم بابەتە دەبێتــەوە کە کورد نایەوێــت واز لــە ڕژێمی فیۆدالی خۆی بۆ عەلمانیەت بێنێت و چاکســازییەکان پەســەند بــکات، هەروەها پەیوەندییەکانــی لەگەڵ لایەنی بیانیــدا بپچڕێنێت.

پەیمانی سەعدئاباد کە لە ساڵی ١٩٣٨دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەپێی بەندی دەیەم، بڕیاردرا بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام بێت و دوای پێنج ساڵ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نوێ بکرێتەوە (جگە لە ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە)، بەڵام چەند گۆڕانکارییەک لە دوای جەنگەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویاندا، بە تایبەتی لە ئێران، بۆیە پەیماننامەکە بە ڕادەیەکی زۆر گرنگی و بەهای خۆی لەبەرامبەر پرسی کورد لەدەستدا!

عەبدولرەحمان عەزام، ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی، دەڵێت سەربەخۆیی بیرکردنەوە و کردار لای ئەو کەسەوە گومانی لێناکرێت کە هیچ لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نازانێت. لەوانەیە ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان هەبێت، ئەو ڕێگەیەش گەیشتن بە ڕێککەوتن بێت لەگەڵ کورد. لەم بارەیەوە، بە سەرنجەوە پێشنیازی ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی دەخوێنینەوە کە لە گۆڤاری بەناوبانگی میسری ئەلهیلال (الهلال) لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٣دا بڵاوکراوەتەوە:

**خاڵی دووەم** کە پێویستە سەرنجمان لەسەر بێت لە عێراق، پەیوەندی بە برا کوردەکانمانەوە هەیە. ئەو هەستەی پەلکێشم دەکات تاکو باسیان بکەم ڕکابەری ئەو هەستەیە کە بەرامبەر بە عەرەب هەمە و ناتوانم بڕیار بدەم کام یەک لەو دووانە بەهێزترە. کورد گەلێکی دڵسۆزە و مەیلی خراپەکاری نییە. هەرگیز نابێ لەو بڕوایەدا بێت کە دەستووری یەکگرتووی عەرەبی زیان بە بەرژەوەندییەکانی دەگەینێت. ئەوانیش مووسڵمانن، چەندین جار لە

مێـژوودا، ڕووبـەڕووی ئـەو لەشکرکێشـیانە بوونەتـەوە کـە هەڕەشـەیان لـە ئیـسلام کـردووە. ئـەوان چـاک درک بـەوە دەکـەن کـە یەکێتـی عەرەبـی دەبێتـە هـۆی بەرزکردنـەوەی شـکۆمەندی مووسـڵمانان، چونکـە باشتریـن ڕەگەزەکانـی ئـەم ئایینـە و ئـەم خێزانـە یەکدەخـات.

داهاتـوو و ویسـتی عێـراق لـە فراوانبوونیـدا، زیانـی بـۆ کـورد نییـە. لــە کۆتاییــدا، نەتــەوەی عــەرەب بژاردەکــە بــۆ کــورد جێدەهێڵێــت: ئەگــەر ئــارەزوو بکــەن، دەتوانــن لەگــەڵ عــەرەب یەکبگــرن و هــەر کاتێـک بیانەوێـت دەتوانـن سـەربەخۆ بـن بـێ ئـەوەی کـەس کینـەی لـە بەرامبەریـان هەبێـت. ڕێگـە نادرێـت پرسـی کـورد لـە عێـراق سـەر هەڵبـدات، لـە کاتێکـدا کـورد، لـە مێـژوو و لـە هەمـوو کاتێکـدا، بـەر لــە ســەلاحەدین ئەیوبــی و دوای ئەویــش، ســەروەری و ســەرکردەی سـەربازی بەهێـزی بـە دەوڵەتانـی عەرەبـی بەخشـیوە. کـورد هەمیشـە سـومبوڵی خواپەرسـتی و لایەنگـری فکـری نەتەوەیـی عەرەبـی بـووە.

پێویسـتە کـورد ئـاگاداری پـیلان و فیتنـەی دەرەکـی بێـت و هەروەها عێراقییەکانیـش دانبەخۆیانـدا بگـرن، ئـارام و وریـا بـن و کـورد تـوڕە نەکـەن، چونکـە پرسـەکە سـادەیە و بەرژەوەندییەکانـی کـورد پارێـزراون. ئەگـەر عێـراق لـەم دۆخـەی تێیدایـە بەهێزتـر بێـت، ئـەوا کـورد دەبێتـە پایـە بەهێزەکـەی ئـەم میللەتـە ڕۆژهەڵاتییـە.

بێگومـان، عێراقییـەکان لـە بەرامبـەر پرسـەکاندا نـە ئـارام و نـە وریـان، هیـچ گرنگییەکیـان بـەو ئامۆژگارییانـە نـەدا تاکـو خۆیـان لـە توڕەکردنـی کــورد بــە دوور بگــرن. بارودۆخــی کوردانــی ئێــران و تورکیــا خراپــە و

بــەردەوام ڕاوەدوودەنرێــن.

لــە ڕاســتیدا، ئەگــەر ئێــران ئۆتۆنۆمییەکــی دیاریکــراو لــە چوارچێــوەی سنوورەکانی بــە کــورد ببەخشــێت، ڕاســتەوخۆ هەســت بــە کاردانەوەکانــی عێــراق و تورکیــا دەکرێــت، بۆیــە ئــەم دوو وڵاتــە ویســتیان پەیوەنــدی دۆســتایەتی و هاوکارییەکانیــان لــەدژی کــورد بەهێزتــر بکــەن.

لــە ٢٨ی شــوباتی ١٩٤٦، نــووری ســەعید گەیشــتە ئەنقــەرە. لــە ڕاســتیدا، دیپلۆماتکارێــک لــە ئــەو بــاشتر نەبــوو، تاکــو بتوانێــت مامەڵــە لەگــەڵ ئــەم بابەتــە هەســتیارەدا بــکات. پێــشتر لــە بەشــی ســێیەمدا ئاماژەمــان بــەوە کــرد کــە ئــەو بــە ڕەچەڵەک کــوردە و وەک هاونیشــتمانی عێراقییــە و چەندین جار پۆســتی وەزیــری دەرەوەی عێراقــی وەرگرتــووە. ئەمــەش ئــەوە دەردەخــات کــورد شــایەنی دراوســێکانیەتی. لــە کۆتاییــدا دەتوانیــن بڵێیــن ئــەو بــە سیاســەت بەریتانییــە، ئەمەش لای هەموو کەسێک ئاشــکرایە و ڕێگە دەدات چەندیــن ســیفەت و ڕای جیــاواز لــە یــەک کەســدا کۆببنــەوە و دژ بەیــەک بــن. هەمــووان پێــشتر بۆیــان ڕوون ببــووەوە کــە ئــەو پیــاوە نــە کــوردە و نــە عێراقییــە کــە لــە ئەنقــەرە قســە دەکات، بەڵکــو بــە دڵنیاییــەوە بەریتانییــە.

لــەو کاتــەی هــەردوو حکومەتــی تورکیــا و عێــراق لــە گفتوگــۆدا بــوون، بەڕێوەبــەری ڕۆژنامــەی ئولــوس (Ulus)ی نافەرمــی حکومەتــی تورکیــا، ئــەم گریمانەیــەی خســتەڕوو: "بەریتانیــا، ئەمریــکا و یەکێتــی ســۆڤیەت کار بــۆ ئۆتۆنۆمییەکــی بەرفــراوان بــۆ پێکهاتەکانــی ئازەربایجــان و عــەرەب و کــورد لەنــاو ســنووری ئێرانــدا دەکــەن، کــە دەســەڵاتەکەی بــە تــەواوی تیــۆری دەبێــت". هەروەهــا ئامــاژە بــە پرســی کــورد دەکات و دەپرسـێت: "ئایــا

دەزانــن ئــەم ئۆتۆنۆمییــە لــە کــوێ کۆتایــی پێدێــت"؟

بێگومـان، نازانیـن ئەم خۆبەڕێوەبەرییە لە کوێیـدا کۆتایی پێدێت. ئاندرێ کلـۆت، پەیامنێری ئاژانسـی فرانـس پرێس لە ئەنقەرە کە بە گشـتی لایەنگری کـورد نییـە و لـە هەڵوێسـتی ئەمجارەیـدا دیـارە، لـە ٧ی ئـادار نووسـیویەتی:

هەندێــک زانیــاری ئــەوە پشتڕاســت دەکەنــەوە کــە پرســی کــورد لەنێــو دانوســتانەکانی نێــوان عێــراق و تورکیــادا بایەخێکــی زۆری پێــدراوە. هەرچەنــدە لێــرەدا دژایەتییەکــی زۆر لەســەر ئــەو ڕێوشــوێنانە تێبینــی دەکەیــن کــە گیراونەتەبــەر. پێدەچێــت هــەردوو وڵات لەســەر ســەرکوتکردنی دەســتبەجێی گشــت ڕاپەڕینەکانــی کــورد ڕێکبکــەون کــە دەکرێــت لــە داهاتــوودا ڕووبــدەن. لــە حاڵەتــی دروســتبوونی ئــاژاوە و نائارامیــدا، بەهــۆی بوونــی ژمارەیەکــی زۆری کــورد لــە ئازەربایجانــی ســۆڤیەت دۆخەکــە ئاڵۆزتــر دەبێــت، بــە تایبەتــی دوای ڕاپەڕینــە شکســتخواردووەکەی پێشتریــان، دەتوانــن پشــتیوانی یەکێتــی ســۆڤیەت بەدەســتبهێنن.

ئـەم عەشـیرەتانەی لەلایـەن ڕووسـەکانەوە چەکـدار و پڕچەککـراون، دەتوانـن ڕاسـتەوخۆ هەڕەشـە لـە خاکـی عێـراق و ناوچە سـنوورییەکانی تورکیـا بکـەن. ڕەنگـە ئـەم بابەتـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی ئێسـتا لـە ئەنقــەرە باســی لێــوە کرابێــت، هەروەهــا باســی ئــەو ڕێوشــوێنانەش کرابێـت کـە پێویسـتە بگیرێنەبـەر ئەگـەر یەکێتـی سـۆڤیەت پشـتگیری لـە کوردسـتانێکی سـەربەخۆ بـکات.

هەمیشـە گوێبیسـتی هەمـان بابـەت دەبینـەوە و شـتێک لـە بۆچوونـی

ئەواندا نەگۆڕاوە: "سـەرکوتکردنی دەسـتبەجێی هەمـوو ڕاپەڕینەکانی کورد".

هەروەهـا ئـەم لایەنانـە بـەردەوام هەمـان تۆمـەت و بوختان بـۆ یەکێتی سـۆڤیەت هەڵدەبـەستن. لـە کاتێکـدا، سـۆڤیەت بـە فەرمـی ڕەتیکـردەوە کـە چەکیـان بـە کـورد دابێـت و بـە هەمـوو شـێوەیەک لەپێنـاو بەرژەوەنـدی و داواکارییەکانـی ئەوانـدا مامەڵەیانکـردووە. پێـشتر عەقیـد ئێلفینـستن هەڵوێـستی تـەواوی ڕووسـەکانی بەرامبـەر بـە کـورد خـستبووە ڕوو، هەروەهـا کوردێکیـش کـە لـە ئێرانـەوە گەڕابـووەوە، ڕاسـتی و دروسـتی بابەتەکـەی بـۆ مـن پشتڕاسـت کـردەوە کـە سـاڵی ڕابـردوو چەنـد کەسێك داوای هاوکارییـان لـە ئەفسـەرە کوردەکانـی نێـو سـوپای سـوور کردبـوو، ئەمانیـش بـە ڕاشـکاوی ئاگاداریـان کردبوونـەوە کـە بـە هیـچ شـێوەیەک ناتوانـن دەسـتوەردان لـە بەرژەوەندییـان و هاوکارییـان بکـەن.

لـە ڕاسـتیدا وەک پێـشتر ئاماژەمـان پێکـرد، کـورد چەقـی گفتوگۆکانـی پەیمانـی تورکیـا و عێـراق بـوو کـە لـە ئـاداری سـاڵی ١٩٤٦ لـە ئەنقـەرە واژووکـرا. پەیامنێـری دەیلـی مەیـل (Daily Mail) لـە قـودس، زانیارییـەکان پشتڕاسـت دەکاتـەوە و لەلایـەن ئاژانسـی ڕۆیتـەر (Agence Reuter) لـە لەنـدەن بڵاوکرانـەوە:

سێ هـۆکاری سـەرەکی بـۆ واژووکردنـی ئـەم پەیماننامەیـە هەبوون. سـەرەتا لەبەرئـەوەی ئـەم دوو وڵاتـە سنوورێکیان بـە درێژایـی ٥٠٠کـم لەگـەڵ ڕووسـیادا هەبـوو، هەروەهـا تـەواوی خاکـی ئازەربایجـان لەژێـر هەژموونـی سـۆڤییەتدا بـوو. دووەمیـان بەهـۆی شکسـتی پەیمانـە چوارقۆڵییەکـەی سـەعدئابادەوە بـوو کـە لـە سـاڵی ١٩٣٧ لـە نێـوان

تورکیـا و عێـراق و ئێـران و ئەفغانسـتان واژووکـرا. هـۆکاری سـێیەمیان پرسـی کـورد بـوو، بـە دیـدی تورکیـا و عێـراق بـە جددیتریـن هەڕەشـە بـۆ سـەر ئاشـتی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دادەنـرا.

لـە واقیعـدا ئـەم سـێ هـۆکارە لـە یـەک خاڵـدا کۆدەبنـەوە و یـەک ئامانجیـان هەیـە، چونکـە بـە بـڕوای ئـەوان بڕیـارە ڕووسـەکان پشـتگیری لـە کـورد بکـەن و پەیمانـی سـەعدئابادیان واژووکـرد بۆئـەوەی خۆیـان لـە هەڕەشـەکانی کـورد بپارێـزن. بـە هیـچ شـێوەیەک، لـە دەقـە فەرمییەکانـی ئـەم ڕێککەوتنـەدا ئامـاژە بـەو هۆکارانـە نەکـراون. ئاژانسـی زانیـاری عەرەبـی لـە ١٩ی ئایـار لـە بەغـدا ڕایگەیانـد: ئەنجومەنـی وەزیـران ئـەم پەیماننامەیـەی پەسـەند کـردووە کـە شـەش ڕێککەوتنـی تایبـەت بـە دارایـی و گومـرگ و پەیوەندییـەکان و هەماهەنگـی یاسـایی و پرسـی سـنوور و پـەروەردە لـە خۆدەگرێـت. بۆیـە کـورد دەتوانێـت بـە ئارامـی و ئاسـوودە بخەوێـت بەوپێیـەی لـە ناوەندەکانـدا بیـر لـە کـورد ناکرێتـەوە!

## ٣- خالی لاوازی کورد

ئینگلیزەکان کە لە سەرەتادا لایەنگر و پشتیوانی بیرۆکەی کوردستانێکی سەربەخۆ بوون، ئیتر ئەو گەرموگوڕییەیان نەماوە، چونکە بە بڕوای ئەوان هەنووکە سۆڤیەت زیاتر پشتگیری لەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازانە دەکات. بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانن بابەتەکان بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە بخەنەڕوو، بیانووگەلێک دەدۆزنەوە کە پێچەوانەی بۆچوونەکانی پێشووتریانن. ئەمە چ سوودێکی هەیە؟ ئایا لە بەرژەوەندی ئینگلیزەکان نییە، سیاسەتەکەیان بە ڕێکی و دڵسۆزییەوە لە ناوچەکەدا بەرەوپێش بچێت؟

با سەرەتا گوێبیستی ڕۆژنامەنووس و نووسەر و سیاسەتمەداری گەورەی بەریتانی ڕاندۆڵف چەرچیل بین:

پرسی کورد بوونی هەیە. خاکێک تەسلیم بە کوردێک یان دوو کورد بکرێت، کێشەیەکی چارەسەرنەکراو بۆ هەتاهەتایە دروست دەکات. بۆ ئاسانکردنی ئەم پرسە ئاڵۆزە، بە سادەترین شێوە ئەمە دەڵێم: کوردستان دەکەوێتە سەر سنووری ئێران و عێراق و تورکیا، لەبەرئەوەی ناوچەیەکی شاخاوی بچووک و زۆر هەژارە و گەیشتن بە هەموو ناوچەکانی تاڕادەیەک ئەستەمە، هەروەها بە هۆکاری ئابووری و سیاسی و جوگرافییەوە هەرگیز ناتوانێت ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

ئایا ئاماژەی کەسایەتییەکی بەناوبانگ بەسە بۆ سادەکردنی چارەنووسی هەندێ لە پرسە ئاڵۆزەکان؟ کاتێک دەڵێت "کوردستانێکی

زۆر هـەژار"! کەواتـە بۆچـی بـۆ پاراسـتنی یـان ڕزگارکردنـی ئەوەنـدە شـەڕ بکەیـن؟ یـان کاتێـک دەڵێـت "گەیـشتن بـە هەمـوو ناوچەکانـی تاڕادەیـەک ئەسـتەمە"! ئـەی چـۆن ڕووسـەکان گەیشـتنە ئـەوێ؟

مێجەر بۆڵتن وتەکانی چەرچل دوپاتدەکاتەوە و هۆکاری دیکەش دەخاتەڕوو:

جگـە لـە هـۆکاری سیاسـی و ئابـووری کـە ڕێگـرن لەبـەردەم دروسـتبوونی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ، خودی کارەکتەری کـورد ڕێگە بە دامەزراندنـی دەوڵەتێکی لـەو شـێوەیە نـادات کـە هەنووکـە لـە دۆخـی گەشەسـەندندان. نـەک تەنیـا لەنێـوان هۆزەکانیانـدا، بەڵکـو زۆرجـار لەنێـوان تیـرە و خێزانەکانیشـیاندا شـەڕ و ململانێـی تـاڵ ڕوودەدەن.

دەگەڕێمـەوە سـەر دواییـن خـاڵ، هەرچەنـدە زۆر گرنـگ نییـە بـۆ کـورد، بـەڵام دەمەوێـت بیریـان بخەمـەوە سـاڵی ١٩٢٠، ئینگلیـزەکان پشـتیان بـە سـەرچاوە ئابوورییەکانـی ویلایەتـی مووسـڵ دەبەسـت بـۆ بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـی نوێـی عێـراق، کـە لای هەمـوو لایـەک ڕوونـە مووسـڵ ویلایەتێکـی کوردییـە (ویڵسـن). بۆیـە، پێویسـتە وتەکـەی مێجـەر بـۆڵتن بخوێندرێتـەوە: "کـە ڕێگـرن لەبـەردەم دروسـتبوونی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ... دەسـەڵاتدارانی ئینگلیـز"! کەمێـک گومانمـان لـە وتەکانـی هەیـە!

هـەر سـەبارەت بـە خراپـی بـاری ئابـووری کوردسـتانی تورکیـا، پێویسـتە مـرۆڤ دووبـارە کتێبـی فرانسـوا بالسـان بەنـاوی (سەرسـوڕهێنەرەکانی کوردسـتان) بخوێنێتـەوە تاکـو پێچەوانەکـەی لا ڕوونبێتـەوە. بەڵام پێویسـت بـەوە دەکات؟

هەروەهـا عەقیـد ئێلفینـستن، سـەرەڕای ئـەو هاوسـۆزییەی لـە وتەکانیدا بەدیدەکرێـت، بـاوەڕی بـە سـەربەخۆیی تـەواوی کوردسـتان نییە:

تـا ئێسـتا هیـچ بەڵگەیـەک لەبەردەسـتدا نییـە ئـەوە بسـەلمێنێت؛ کـورد توانـای پێکهێنانـی نەتەوەیەکـی یەکگرتـوو و سـەربەخۆی هەیـە. ئـەوان گەلێکـی ئـازا و قارەمانـن، توانـای قوربانیدانـی گەورەیـان هەیـە، بـەڵام یەکگرتـوو نیـن. هەمیشـە لـە کۆمەڵـە خێڵێـک پێکدێـن و دان بـە دەسـەڵاتی سـەرکردەکانی خۆیانـدا دەنێـن، ئامـادەن یەکبگـرن بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی دوژمنـە هابەشـەکەیان، بـەڵام دەسـتوەردانی سـەرۆک هۆزەکانـی دیکـە لـە کاروبـاری ناوخۆیانـدا بـە تونـدی ڕەتدەکەنـەوە. ڕەنگـە ئاماژەکانـی پەرەسـەندنی کۆمەڵگـە و پـەروەردە دەسـەڵاتی سـەرۆک هـۆزەکان لاوازبکـەن، بـەڵام پێناچێـت لاوازبوونـی ئـەم دەسـەڵاتە خێلەکییـە ببێتـە مایـەی یەکگرتوویـی زیاتـری کـورد وەک نەتـەوە.

بۆچوونـی ویلیـەم روپێـرت هێـی سـەبارەت بـە کـورد هاوشـێوەی بۆچوونـی ئێلفینسـتنە کـە دەڵێـت: "کـورد وەک ڕەگـەز، قەوارەیەکـی سیاسـی نییـە. ئـەوان کۆمەڵـە هۆزێکـی ناتەبـان". هەروەهـا دەنووسـێت: "ئـەو ڕۆژەی هۆشـیاری نەتەوەیـی لای کـورد زیندودەبێتـەوە و یەکدەگـرن، دەوڵەتانـی تورکیـا و ئێـران و عێـراق لەبەردەميانـدا دەبـن بـە خـۆڵ. ئـەو ڕۆژەش هێشـتا دوورە".(٧٤)

---

(٧٤) ویلیەم روپێرت هێی، (دوو ساڵ لە کوردستان)، ١٩٢١، چاپی لەندەن، لاپەڕە ٣٥-٣٦.

## ٤- کوردەکان خۆیان ڕێکدەخەن و یەکدەگرن

کـورد لەسـەر ناتەبایـی و پەرتـەوازی بـەردەوام ڕووبـەڕووی ڕەخەنـە دەکرێتـەوە، ئـەوان خۆیشـیان لـە زووەوە دانیـان بـەو ڕاسـتییەدا نـاوە. ئەحمـەدی خانـی کـە یەکێکـە لـە شـاعیرە گەورەکانـی کـورد لـە سـەدەی هـەژدەدا لـە شـاکارە ئەدەبییەکەیـدا بەنـاوی مـەم و زیـن، هونـراوەی پێنـج، دێرەکانـی ٧٩-٨٨ ئامـاژەی بـەو ڕاسـتییە تاڵـە کـردووە:

**هندی ژ شەجاعەتێ غەیوورن**

**ئەو چەند ژ مننەتێ نوفوورن**

**ئەڤ غیرەت و ئەڤ عولووێ هممەت**

**بوو مانعێ حەملێ بارێ مننەت**

**لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن**

**دائم ب تەمەررود و شقاقن**

**گەر دێ هەبوا مە ئیتفاقەک**

**ڤێکرا بکرا مە ئنقیادەک**

**رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی**

**هەمیان ژ مە ڕا دکر غولامی**

گەرچـی کوردسـتان ماوەیەکـی زۆرە لەژێـر داگیـرکاری دراوسـێکانیدا بـووە، بـەڵام ئەمـە بـەو مانایـە نییـە کـورد هەرگیـز لەنێـو خۆیـدا هەوڵـی یەکگرتنـی نەدابێـت.

سـەرەتا لـە تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٢٧دا، کـورد کۆمەڵـەی (خۆیبـوون)ی ڕاگەیانـد کـە ئامانجـی سـەرەکی سـەربەخۆیی کوردسـتان بـوو. لـە ماوەیەکـی کەمـدا، توانـی کۆمەڵـە ڕێکخراوێکـی نیشـتمانپەروەری کـورد بـە یەکگرتوویـی لـە یـەک ڕێکخـراودا کۆبکاتـەوە و لـە ڕێگـەی بڵاوکردنـەوەی گۆڤـارەوە چالاکییەکانـی تاڕادەیـەک لـە هەمـوو ناوچەکانـی کوردسـتان بـیبراان و توانـی پرسـی کـورد بـە جیهانـی پێشـکەوتووی دەرەوە بناسـێنێت. هـەر ئـەم بزووتنەوەیـە بـوو کـە توانـی بـە فەرمـی نوێنەرایەتـی لایەنـە جیاوازەکانـی کـورد لـە دەرەوە بـکات.

لـە لایەکـی دیکـەوە ئاگاداریـن کـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی یەکێکـە لـە ئەندامانـی  کۆمیتـەی نەتەوەیـی کـورد. ئـەم کۆمیتەیـە لـە دە ئەنـدام پێکدێـت و بریتیـن لـە: سـێ ئەندامـی کـورد لـە عێراق، چـوار ئەندامـی کورد لـە ئێـران، دوو ئەندامـی کـورد لـە تورکیـا و یـەک ئەندامـی کـورد لـە سـوریا.

شـەڕ و بارودۆخـی سـەخت، کـوردە نیشـتمانپەروەرەکانی ناچارکـرد بـە نهێنـی یەکبگـرن. بۆیـە بـۆ بـەرز ڕاگرتنـی مەشـخەڵی پیـرۆزی نیشـتمانپەروەران کـە لەلایـەن پۆلیسـی حکومەتەکانـەوە ڕاوەدوودەنـران، لاپـەڕەی ڕۆژنامـە و گۆڤـارە نهێنیـەکان لـە هەمـوو لایەکـەوە بڵاودەبوونەوە. بـۆ نموونـە، لـە سـاڵی ١٩٤٤ـەوە شـاهیدی دەرچوونـی گۆڤـاری نەتەوەیـی (پەیـام) یـن. هەندێکشـیان لـەم دواییانـەدا دەرچـوون وەک (چیـا)،

(تیروجکــە)، (یەکێتــی)، (تێکۆشــین). هەروەهــا گۆڤــاری (ڕاویــژ) کــە گۆڤارێکــی سیاســی و ئەدەبییــە بــە شــێوەیەکی فــراوان بڵاودەکرێتــەوە.

لــە ٩ی تەمــووزی ســاڵی ١٩٤٦، ســەرکردەیەکی کــوردی پارتــی تــودە لــە تــاران ڕایگەیانــد، هەشــت ســەد هــەزار ئەندامــی لــە ئێــران هەیــە و پرســی کــورد بــە هەمــان شــێوەی تورکیــا و عێــراق لــە پەرەســەندندایە.

لــە ڕاســتیدا کوردانــی عێــراق زۆر چــالاک بــوون. توانیــان بــۆ مــاوەی بیســت و پێنــج ســاڵ بــەردەوام ڕۆژنامــەی (ژیــان) بڵاوبکەنــەوە کــە هەفتــەی جارێــک دەردەچــوو و تــا ڕادەیــەک ڕۆژنامەیەکــی فەرمیــی حکومــی بــوو. هەروەهــا گۆڤــاری (گەلاویــژ) لــە ســاڵی ١٩٣٩ەوە لــە بەغــدا دەردەچێــت و گۆڤارێکــی وێژەیــی و زانســتییە و مانگــی جارێــک بڵاودەکرێتــەوە. کونســولخانەی بەریتانیــا لــە بەغــدا، لــە ســالێ ١٩٤٣ەوە، گۆڤارێکــی مانگانــەی ئەدەبــی و کۆمەڵایەتــی سەرنجڕاکێشــی بڵاودەکردەوە. لــە تشرینــی دووەمــی ســاڵی ١٩٤٣ەوە بــوو بــە گۆڤارێکــی هەفتانــە کــە بیســت و چــوار لاپــەڕەی لەخۆدەگرێــت و دواتــر لەلایــەن موحەمــەد بابــان و حوســێن حوزنــی موکریانییــەوە بەڕێوەبــرا. هەروەهــا حزبــی شــیوعیی کــوردی عێراقیــش خاوەنــی ڕۆژنامــەی (ئــازادی) بــوو لــە ژمــارە ٢ی ســاڵی ١٩٤٥ی خۆیــدا پەیڕەوێکــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی کــە لــە حەڤــدە خــاڵ پێکهاتــووە، بڵاوکــردەوە. دەقــی پەیڕەوەکــە وەرگێڕاوەتــە ســەر زمانــی فەڕەنســی و لــە ژمــارە ٦٠، لــە ڕێکەوتــی ١٥ی تشرینــی یەکەمــی ســاڵی ١٩٤٥ لەلایــەن ڕۆژنامــەی (ڕۆژا نــوو) بڵاوکراوەتــەوە. ڕەنگــە بــۆ خوێنەرێکی ئەوروپــی ســەرنجڕاکێش بێــت، بۆیــە لێــردا دەخەینــەڕوو:

**پەیماننامەی گەلی کورد**

١- لێکتێگەیشتنی دوولایەنە بۆ پتەوکردنی برایەتی نێوان کورد و عەرەب لەسەر بنەمای ڕزگاری ئەم دوو گەلە. هاوکاریکردن لەگەڵ هەموو عەرەبە ئازادەکان و ڕێکخراو و حزبەکانیان، هەروەها لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراقی بە مەبەستی فەراهەمکردنی ئازادی و بەختەوەری بۆ گەلان و بەدیهێنانی خواستەکانی کورد و عەرەب.

٢- هاوکاریکردن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی گەلانی کورد و عەرەب هەروەها سەربەخۆیی ڕاستەقینەی عێراق.

٣- هاوکاریکردن بۆ پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانییەکان لەسەر بنەمای دیموکراسی کە ئەندامەکانیان لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن بە ئامانجی خزمەتکردنی گەل و لابردنی ئەو فەرمان و یاسایانەی کە لەگەڵ دەستووری عێراقدا ناگونجێن.

٤- ڕێگەدان بە گەلی کورد تاکو بتوانن کۆمەڵەی سیاسی و مەدەنی دابمەزرێنن، بۆچوونەکانیان بە شێوەیەکی سەربەستانە دەرببڕن، کۆبوونەوەی گشتی سازبدەن و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب چاپ بکەن.

٥- پێشخستنی ئابووری ناوچە کوردییەکان و دامەزراندنی کارگە و پیشەسازی لە کوردستان. بەرهەمهێنانی سامانە سروشتییەکانی وڵات و بەکارهێنانیان بۆ خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندکردنی هاونیشتمانیان. نوێکردنەوەی شێوازی کشتوکاڵکردن، بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی هۆشیار و مۆدێرن لە زەوییەکاندا بە مەبەستی دەستەبەرکردنی

خۆشــگوزەرانی بــۆ خەڵــک و ڕێگریکــردن لــە هەمــوو جــۆرە قۆرخکارییــەک کــە ڕەنگــە لەلایــەن حکومــەت و تاکەکانــەوە بکرێــت. فرۆشــتنی بەرهەمــە کوردییــەکان بــە ئــازادی. دروســتکردنی ڕێگاوبــان بــۆ گەیاندنــی بەرهەمــەکان بــە ناوچــەکان و فرۆشــتنیان بــە ئاســانی.

٦- پارێزگاریکــردن لــە زەویــوزاری جوتیــاران و دابەشــکردنی زەوییەکانــی دەوڵــەت بەســەر ئــەو کەســانەی دەیانەوێــت کشــتوکاڵ بکــەن. هەروەهــا گێڕانــەوەی ئــەو زەوییانــەی لەلایــەن ئاغاکانــەوە دەســتیان بەســەرداگیراوە بــۆ خاوەنەکانیــان و دامەزراندنــی ســەندیکای جوتیــاران بــۆ ڕزگارکردنــی جوتیــار لەدەســتی ســووخۆرەکان.

٧- دابینکردنــی زەوی بەخۆڕایــی بــۆ هــۆزە نیمچــە کۆچــەرەکان بۆئــەوەی لەســەری نیشــتەجێ بــن و دابینکردنــی لەوەڕگــە بــۆ مــەڕ و ماڵاتیــان.

٨- دامەزراندنــی دادگای ناوبژیوانــی بــە مەبەســتی چارەســەرکردنی ئــەو کێشــە و گرفتانــەی لەنێــوان عەشــیرەتە کوردییەکانــدا ڕوودەدەن.

٩- ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردی. دامەزراندنی یاسای کار. پێدانی هاوکاری کۆمەڵایەتی بە هاونیشتمانیان لەکاتی بێکاری و نەخۆشی و پیریدا.

١٠- ڕێکخســتنی خزمەتــی ســەربازی ناچــاری لــە عێــراق و ئەنجامدانــی ڕاهێنانــی ســەربازی بــە زمانــی ســەربازەکان. بــە دیموکراتیزەکردنــی دیســیپلین. پاکتاوکردنــی ســوپا لــە هەمــوو ئــەو دەنگــە نــاڕازی و دژبــەرەکان. بــە کورتــی، دامەزراندنــی ســوپایەک کــە خزمــەت بــە بەرژەوەندییەکانــی گــەل و بەرگــری لــە ســەربەخۆیی وڵات بــکات.

١١- فەراهەمکردنــی مافــی لاوانــی کــورد و خوێنــدن و پــەروەردە بــۆ هەمـووان. هەوڵـدان بـۆ ئاسـانکردنی شـێوازەکانی خوێنـدن و نووسـینی زمانــی کــوردی. دروســتکردنی قوتابخانــەی بنەڕەتــی و ناوەنــدی و ئامادەیـی کـوردی بـۆ دابینکردنـی پـەروەردە و خوێندنێکـی سـەرکەوتوو و مسـۆگەرکردنی هەڵـی کار بـۆ گەنجانـی کـورد لـە دوای خوێندنیـان.

١٢- ڕێکخســتنی بــاج بــە شــێوەیەکی دادپەروەرانــە بۆئــەوەی نەبێتــە بارگرانـی بـۆ هاووڵاتیـان. لێخۆشـبوونی بـاج لـە چینـی کرێـکار و ئـەو کەســانەی بازرگانــی بچــووک دەکــەن.

١٣- نەهێشــتنی زیـادەڕەوی بـۆ دابینکردنـی پێویسـتی زیاتـر بـۆ خەڵـک. ڕێکخســتنەوەی داهــات و قازانجــی بازرگانــان.

١٤- هاندانـی هـەردوو ڕەگـەزی نێـر و مـێ بـۆ پـەروەردە و خوێنـدن بەبـێ جیـاوازی. دروسـتکردنی قوتابخانـەی تەکنیکـی لـە ناوچە کوردنشـینەکان بـۆ زانسـتی میکانیکـی و کشـتوکاڵ و پیشەسـازی تـا ئاسـتی ئامادەیـی. دروسـتکردنی چەنـد کۆمەڵەیەکـی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتـی و کەلتـوری و وەرزشــی و زانســتی بــۆ پەرەپێدانــی زمــان و کەلتــوری کــوردی. هەروەهـا دروسـتکردنی چەنـد کتێبخانەیەکـی گشـتی.

١٥- پاراسـتنی مافە نەتەوەیی و ئایینییەکانی هەموو کەمینەکانی نیشـتەجێی کوردســتان وەک تــورکمان و ئێزیــدی و عــەرەب و ئاشــووری و جــوو.

١٦- باشترکردنــی ژیانــی خێزانــی کــورد. داننــان بــە مافــی ئافــرەت کــە یەکســانە بــە مافــی پیــاو لــە کۆمەڵگــەدا.

١٧- هاوکاریکردن لەگەڵ هەموو کوردە نیشتمانپەروەرەکان لە هەموو بوارەکانی پەیوەست بە ئازادی گەلی کورد و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییان.

ئەمانە ئەو ئامانجانەن کە پێویستە لە چوارچێوەی ئەم پەیماننامەیەدا بەدی بهێنرین. ئەرکی هەموو برا کوردەکانمانە تێبکۆشن لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و بەختەوەری و پێشکەوتنی زیاتر بۆ گەلەکەمان.

بەم دواییە پارتی بەرگری لە عێراق ڕۆژنامەیەکی بەناوی (شۆڕش) بڵاوکردەوە.

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ەوە ڕۆژنامەیەکی دیکە بەناوی (ڕزگاری) بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی دەردەچێت. هەمان ڕۆژنامە لە ساڵی ١٩٤٦ لە قاهیرە نامیلکەیەکی چل و شەش لاپەڕەیی بە زمانی عەرەبی، لە نووسینی محەمەد شێرزاد، بەناوی (شەڕی کورد) بڵاوکردەوە.

فێرۆ پەیامنێری ڕۆژنامەی لومۆند، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کۆماری سەربەخۆی کوردی ئازەربایجان) دەنووسێت، پێدەچێت دوو ڕەوتی جیاواز لەنێو کورددا هەبن، ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕکابەریی نێوان پیر و گەنجەکان.

دوو ڕەوت، لەم ڕووەوە، لەنێو سەرکردە کوردەکاندا بەدیدەکرێن. ڕەوتی یەکەم بریتییە لەو گەنجانەی لەژێر کاریگەری ڕووسەکاندان، ئەو ڕووسانەی خاکی کۆماری سەربەخۆی کوردییان داگیرکردووە، ڕەنگە زیاتریش داگیری بکەن، پێیان وایە بۆ بەدیهێنانی خواستە نەتەوەییەکانیان، دەتوانن پشت بە ڕووسەکان ببەستن. ڕەوتی

دووەمیان پیاوە کۆنەکانن کە بە پێچەوانەی گەنجەکان، هۆشیارتر دەردەکەون. ئەوان، بە فکر و کەلتورێکی ڕۆژئاواییەوە، بە تەواوی بیرۆکەی دەوڵەتێکی کوردییان قبوڵ نەدەکرد، تەنانەت ئەو دەوڵەتە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆش پەیوەست بێت بە یەکێتی سۆڤیەتەوە. ئەوان زیاتر لە ملکەچبوون بە بڕیارەکانی مۆسکۆ دەترسن، چونکە باوەڕیان وایە ڕەنگە ئازادی گەلەکەیان لەسەر حیسابی یەکێتی ئێران بکرێتە قوربانی، ئەگەر بەرژەوەندییەکانی ڕووسەکان ئەوە بخوازێت.

لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵەی لاوانی کوردی ئێران بەم شێوەیە وەڵامی هێرشەکانی ڕۆژنامە ئێرانییەکان دەداتەوە:

چاک بزانن ئەو سەردەمە بەسەرچووە دووبارە خوێنی گەنجی کورد بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەگریسەکانتان بڕژێت. بەڵێ بێگومان، کورد لاپەڕەکانی مێژووی هەڵداوەتەوە و دەزانن هەموو ئەو قوربانییانەی لە ناوچەکانی (سێند) و (پنجاب)ی پاکستان و لە دەشتەکانی میزۆپۆتامیای داوە، تەنیا خزمەتیان بە خۆشگوزەرانی و بەرژەوەندی دوژمنەکانیان گەیاندووە. ئەوان چاک دەزانن فێڵیان لێکراوە و خزمەتی دوژمنەکانیان کردووە. سوڵتانەکانی سەفەوی و خەلیفەکانی عوسمانی و شازادەکانی دیکە سوودیان لە جەنگاوەرە دلێرەکانی کورد بینی. کورد بۆ ئەوان جیهانی داگیرکرد: ئەوانیش لەبەرامبەردا بێ سوپاسکردنیان، پارەیان پێدەدان. بەڵام کورد هەنووکە هۆشیارن. هەموو ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینانەی سەد و سی ساڵە سەریانهەڵداوە و بەردەوامن وەک ڕاپەڕینەکانی شێخ

عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و ئیحسان نووری پاشا و شێخ مەحموود ئامانجی سەرەکییان سەربەخۆیی کوردستان بوو. ئەم خەباتە بەردەوامانە سیاسەتی کوردیان بە جیهان نیشاندا. بۆیە دەبێ ئێوەش بزانن خەبات و هەوڵی نەپساوی گەلێکی دە ملیۆن کەسی بێ ئەنجام نابێت.

ئەگەر ئێوە هێشتا ئاگاداری ئەو هەوڵانە نین کە گەلی کورد بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی خۆی دەدات، سەیرێکی ڕۆژنامە نێودەوڵەتی و کوردییەکان بکەن.

گەلی کورد بۆ دڵخۆشکردن و ڕازیکردنی نادر شا، ڕێگای دێلهییان کردەوە، هەروەها لەبەر خاتری چاوە جوانەکانی شاکانی سەفەویش، چاودێری ڕێگاکانی قەزوین و تەورێزیان کرد، لەبەرامبەر هەموو ئەم خزمەتانەیان، پاداشتیان دوورخستنەوە بوو لە وڵات، لە دەریای عەرەبییەوە تا سنوورەکانی ئەفغانستان، بۆیە ئەم گەلە بڕیاری خۆی داوە و چیتر نابێتە بوکەڵەی دەستی ئێوە.

ئەم گەلەی بۆ زۆرێک لە شاکان ڕوویان کردووەتە دەروازەکانی تاران، بۆ ماوەی حەفت ساڵ بەغدایان لە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سەندەوە، هێرشەکانیان بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە تا دەروازەکانی ئیسفەهان بەردەوام بوون، لەپێناو شەڕەفی ئەو چەکانەی هەڵیانگرتبوون، لە دەشتەکانی عێراق و لیبیا، لەنێو چیاکانی بولگاریا و سربیا، لە قەڵا سەختەکانی کوردستان و ئازەربایجاندا تا دوا دڵۆپ خوێنی خۆیان ڕشتووە. بۆیە ئەم گەلە چیتر ناتوانێت

بێباکانە سەیری بکوژەکانی بکات. ڕۆحی ئەم جۆرە پیاوانە ئەبەدییە و هەرگیز نامرێت. هەروەها هۆشیاری گەل و دەوڵەتە گەورەکان چیتر ناتوانێت بەردەوامبوونی ئەم نادادپەروەرییە قبووڵ بکات. بێگومان نەخێر، نە شارستانیەت و نە مرۆڤایەتی چیتر ناتوانن ڕێگە بە بەردەوام بوونی ئەم مێتۆدانەی سەدەی ناوەڕاست بدەن و بە بیانووی ناسنامە و ڕەگەز بەم شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت!

کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی بە شێوازی جۆراوجۆر داواکارییەکانی خستوونەتەڕوو، کلێمێنت خەیات لە وتارەکەیدا بەناونیشانی (کورد داوای ئۆتۆنۆمی خۆی دەکات) لە گۆڤاری پێشکەوتنی میسری لە ٢٠ی ئایاری ١٩٤٦ بڵاویکردووەتەوە:

ئێمە ئێستا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی ناکەین. ئێمە باش دەزانین ئەم داواکارییەمان گونجاو نابێت. تەنیا شتێک کە هەنووکە دەمانەوێت خۆسەرییەکی کارگێری لۆکاڵی و مافی پاراستنی زمان و کەلتورەکەمانە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی پێیانەوە وابەستەین. هەروەها خوێندن لە قوتابخانەکانمان بە زمانی کوردی بێت و فەرمانبەرەکان کورد بن، بە کورتی، بە کوردی بمێنینەوە، نەبین بە تورک و عێراقی و ئێرانی. ئەم مافەمان لێ زەوتکراوە و نایانەوێت دانی پێ بنێن و دەیانەوێت وەک گەلێک بە زۆر لەناومان ببەن، بەڵام ئەمە مەحاڵە. ئێمە عەرەب و تورک نین، بەڵکو لە ڕووی ئێتنۆلۆژییەوە گەلێکی سەربە نەژادی ئارییین. ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە ئامادە نەبین هاوکاری

دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین و بە ئاشتی لەگەڵیاندا بژین، بەڵام سەرەتا با ئەو ئۆتۆنۆمییەمان پێبدەن کە داوای دەکەین.

لەم دواییانەدا، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ دیپلۆماتکارێکی بەریتانی هەبوو کە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرپرس بوو. داوام لێی کرد دەستوەردان بکات و لەگەڵ حکومەتی عێراق چارەسەرێکی گونجاو بۆ پرسی کورد لە عێراق بدۆزنەوە. ئەگینا مەترسی ئەوە هەیە کورد لە عێراق داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکات و چیتر بە ئۆتۆنۆمی ڕازی نەبێت. کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە هاوسۆزییەوە دەڕواننە براکانیان کە لەژێر دەسەڵاتی کوردستانی سۆڤیەتدا دەژین، دەتوانن بگەن بەو حکومەتە و یەکبگرن.

با ئینگلیزەکان پشتگیری لە گەنجەکان بکەن لە عێراق، با ڕووسەکانیش پشتگیری لە پیرەکان بکەن لە ئێران و هەموو ناوچەکانی دیکە، بەڵام ئەمە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت.

من بڕوای تەواوم هەیە کە هەموو کوردێک بە گەنج و پیرەوە دڵخۆشن بەو دەستکەوتانەی براکانیان لە ئێران بەدەستیان هێناون و ئەو ڕۆژەی قازی محەمەد بە فەرمی بانگەواز بۆ هاوکاری و نیازپاکییان دەکات، ئیتر شتێک بەناوی گەنج و پیر و کۆمۆنیست و خاوەندار و هاووڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا نابێت، بەڵکو هەموویان کورد دەبن، تەنیا کورد، سەرەتا کورد پێش هەموو شتێک.

# بەشی حەفتەم

## لەبەردەم ئاگاهی جیهاندا

"ئەگـەر وانەیـەک لـە مێـژووی کـورد فێربیـن، ئـەوە ئـەو ڕاسـتییەیە کـە گۆڕینـی شوناسـی نەتەوەیـی ئەسـتەمە"

(کۆلۆنێل ئێلفینستن)

ئـەو سـەختی و نەهامەتییانـەی گەلـی کـورد مـاوەی بیسـت و پێنـج ساڵە تێیـدا دەژیـت، دوژمنانـی کـورد نەیانتوانـی وره و بـاوەڕی کـورد بـە دۆزی ڕەوای خۆیانـەوە لاوازبکـەن. کـوردی عێـراق و تورکیـا و ئێـران چەندیـن جـار دەنگـی خۆیـان گەیاندووەتـە کۆمەڵـەی گـەلان.

لـە مـاوەی جەنـگ و بـە تایبەتیـش لـە دوای کۆتایـی هاتنـی شـەڕ و ناکۆکییـەکان، نوێنەرانـی کـورد بـە هەمـوو شـێوەیەک هەوڵیـان داوە سـەرنجی جیهـان و ئـەو لایەنانـە بـۆ خۆیـان ڕابکێشـن کـە لـە دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی ئـەم جیهانـە بەرپرسـیارن.

لـەم بەشـەدا دەمەوێـت ژمارەیـەک بەڵگەنامـە بخەمـە بـەردەم خوێنـەر کـە لەلایـەن کۆمەڵـەی کـورد و لایەنەکانـی دیکـەوە بـۆ ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکانـی بەرپـرس لـە بەرقەرارکردنـی ئاشـتی لە جیهانـدا نێردراون.

لـە ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٤٢دا، کۆمەڵـەی کـورد (یاداشـتێکی سـەبارەت بـە پرسـی کـورد) پێشـکەش بـە هـەر یـەک لـە بەڕێـزان وێنـدل ویڵکـی (دیپلۆماتـکاری ئەمریکـی)، ژەنـەڕاڵ دو گـۆل (سـەرکردەی بـەرەی مقاومـەی فەڕەنسـا)، کۆلۆنێـل ئێلفینسـتن (ئەفسـەری هەواڵگـری ئێنگلیـز لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت) کـرد. کـە بـۆ نووسـینی بەشـی یەکەمـی ئـەم پەرتووکـە سـوودم لـێ بینـی. لێـرەدا بەڵگەنامەکانـی دیکـە دەخەمـەڕوو:

## ١- بانگەوازی کۆمکاری کوردی بۆ کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ، (٣٠ی ئاداری ١٩٤٥)

بۆ بەڕێز جەنابی سەرۆکی شاند و کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ،

بەڕێز جەنابی سەرۆك،

بێ ئەوەی پێشوەختە حوکم لەسەر ئەو پرسانە بدەین کە لە کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ دەخرێنە بەر باس، بە بڕوای ئێمە ئەم کۆنفرانسە دەبێتە سەرەتایەک بۆ زەمینەسازی کۆنفرانسی ئاشتی.

بەناوی کۆمەڵەی کوردییەوە، شەرەفی ئەوەم پێدراوە لێرە باسێک لەسەر پرسی کورد پێشکەش بە بەڕێزتان بکەم. سەقامگیری و بەرقەراربوونی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت لە جیهانیشدا بەبێ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەم پرسە نایەتەدی کە پەیوەندی بە نۆ ملیۆن مرۆڤەوە هەیە و لەسەر خاکێکی پێنج سەد هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەدا دەژین کە لە دەریای ڕەشەوە تا کەنداوی فارس درێژدەبێتەوە و پێشتر بەپێی پەیمانی سیڤەر سەربەخۆییەکەیان دانپیێدانراوە.

لەبەرئەوەی تەواوی خاکی کورد لەژێر دەستی دەوڵەتانی بیانیدایە و ناتوانین نوێنەرایەتی بکەین، بۆیە داواتان لێدەکەم دەسەڵاتی شاندەکەتان و حکومەتەکەتان لەپێناو ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەکاربهێنن:

١- داواتان لێدەکەم لەم کۆنفرانسەدا، دان بە مافی ئەو گەلانەدا

بنێـن کـە هێشـتا سـەربەخۆیی خۆیـان بەدەسـت نەهێنـاوە بۆئـەوەی بتوانـن داواکارییەکانیـان لـە ناوەنـد و کۆبوونـەوە نێودەوڵەتییەکانـدا بخەنـەڕوو. بێگومـان، دانپێدانـان بـەم بنەمایـە پێویسـتە گەرەنتییەکـی هەبێـت بەرامبـەر بـە هەڕەشـەکانی ئـەو حکومەتانـەی دەتوانـن وەک ئەنجامێـک لـەدژی هاووڵاتیانـی خۆیـان بەکاربهێنـن کـە سـوود لـەم مافـە وەردەگـرن.

٢- دانیشـتنێکی تـەواو بخەنـە کارنامـەی کۆنفرانسـەکە بـۆ تاوتوێکردنـی پرسـی کـورد.

٣- پشـتگیری لـە پـڕۆژەی کۆمیسـیۆنێکی نێودەوڵەتـی بکـەن کـە بەرپرسـیار بێـت لـە لێکۆڵینـەوە لـە ڕاسـتی زانیارییەکانی پرسـی کـورد و دۆزینەوەی چارەسـەرێک بـۆ پرسـەکە. ڕاپۆرتـی ئـەم کۆمیسـیۆنە دەتوانـێ ببێتـە بنەمایـەک بـۆ ئـەو چارەسـەرەی کـە کۆنفرانسـی ئاشـتی بـۆ پرسـی کـورد بـە گونجـاوی دەزانێـت.

تکایە، جەنابی بەڕێز، ڕێز و پێزانینمان بۆ بەڕێزتان قبوڵ بفەرموون.

**ئێحسـان نـووری پاشـا، فەرمانـدەی گشـتی پێشـووی هێـزە نیشـتمانییەکانی کـورد، بـە نامەیـەک پشـتگیری لـەم بانگـەوازە کـرد.**

**٢١ی تەمووزی ١٩٤٥**

## ٢- بانگەوازی کۆمکاری کوردی بۆ وەزارەتی دەرەوە لە لەندەن، (١٠ی ئەیلوولی ١٩٤٥)

بەنـاوی کۆمەڵـەی کوردییـەوە، شـەرەفمەندم لێـرەوە ئـەم بابەتـە بـۆ بەڕێزتـان بـاس بکـەم:

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو خاڵانـەی لـە یاداشـتەکەدا خراونەتـەڕوو و هاوپێچکـراون، حکومەتـی عێـراق لـە ٧ی ئابـی ١٩٤٥ەوە دەسـتیکردووە بـە ڕاوەدوونـان و ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی دژی نیشـتمانپەروەرە کوردەکانـی عێـراق، بـە تایبەتـی کوردانـی ناوچـەی بـارزان. بـە گوێـرەی بەیاننامـە و هەواڵەکانـی ئاژانسـەکانی ڕاگەیانـدن، حکومەتـی عێـراق بـۆ وێرانکردنـی گونـدەکان و کۆمەڵکوژکردنـی ئافـرەت و منداڵانـی بـێ دەسـەڵات، تۆپـی دوورهاوێـژ و فڕۆکـەی جەنگـی بەکارهێنـاوە. لەکاتێکـدا نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕایگەیانـدووە، پێویسـتە دان بـە مافـی بوونـی گـەلان بنرێـت بـە هەمـوو نەریتـە کۆنەکانـی سـەدان ساڵەیانەوە.

ئێمـە نارەزایەتـی خۆمـان بەرامبـەر بـەم پرۆسـە دوژمنکارانـە دەردەبڕین و داواتـان لێدەکەیـن ڕاسـتی ئـەم بابەتـە بخەنـە بـەردەم حکومەتەکەتـان و هەروەهـا پێشـکەش بـە کۆنفرانسـی وەزیرانـی دەرەوەی وڵاتـان بکـەن کـە بڕیـارە لـە لەنـدەن ئەنجامبدرێـت.

زۆر سوپاسـی جەنابتـان دەکەیـن، ڕێـز و سڵاومـان بـۆ بەڕێزتـان قبـوڵ بفەرمـوون.

## ٣- داواکاری نوێی کۆمکاری کوردی (٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥)

لەمیانەی ڕووداوەکانی وڵاتە جیاوازەکان لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕاگەیاندنە فەرمییەکان و ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕاگەیاندن زۆرجار ئاماژە بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەکەن، بەڵام بەداخەوە، هەندێک لە دەرکەوتەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەندێک جار وەک ئامرازی کاریگەری دەرەکی یان بە ئامانجی دروستکردنی پشێوی لەناو هەندێک دەوڵەتدا نیشان دەدرێت. کۆمکاری کورد بەباشی دەزانێت و ئاماژە بەوە بکات کە داواکاری و داخوازییەکانی کورد تەنیا بۆ ئۆتۆنۆمی و لە بنەماکانی دادپەروەرییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەلایەن هەموو وڵاتانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دوورە لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی پشێوی، ئامانجی نەهێشتنی دۆخێکی نادادپەروەرییە کە لە ماوەی سەدە و نیوی ڕابردوودا سەرچاوەی کێشەی زۆر بووە لە چەندین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. داوای چارەسەرێک دەکات بۆ کێشەیەک کە بەگوێرەی دەوڵەتانی پەیوەندیدار لە سنوورەکانیان دەچێتە دەرەوە و دەبێتە پرسێکی نێودەوڵەتی. دەوڵەت ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە کاروباری ناوخۆ بە تەنیا چارەسەر دەکات، بەتایبەتی ئەگەر چەوساندنەوەی گەلێک لەلایەن گەلێکی دیکەوە بێت. بەناوی کۆمکاری کوردستانەوە داواتان لێدەکەم بە حکومەتەکەتان ڕابگەیەنن کە گەلی کورد دەیەوێت داواکاری و ئاواتەکانیان بۆ یەکڕیزی و سەربەخۆیی لەسەر بنەمای دادپەروەرانە هەڵبسەنگێنرێت و لە جیهانی شارستانیدا دانی پێدا بنرێت.

زۆرسوپاستان دەکەین و داواتان لێدەکەم سڵاو و ڕێزمان قبوڵ بفەرموون.

**٤- تێلێگرامی نوێنەرانی گەلی کورد لە عێراق بۆ کۆنفرانسی سێ زلهێزەکە (یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکا و بەریتانیا) لە مۆسکۆ (٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥)**

بۆ کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی سێ زلهێزەکە لە مۆسکۆ.

بە سوودوەرگرتن لە کۆبوونەوەکەتان لە مۆسکۆ ئێمەی نوێنەرانی گەلی کورد لە عێراق ئەمەی خوارەوەتان پێشکەش دەکەین:

ئەو ماف و بەڵێنانەی بە گەلی کورد دراون جێبەجێ نەکراون. حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەمیشە گەلی کوردیان لە هەر سێ کایەی ئابووری و کەلتوری و کۆمەڵایەتیەوە پشتگوێ خستووە.

گەلی کورد باوەڕیان بەوە هەیە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەمیشە مەبەستیان تەعریب کردنە و وەک کەمینەیەکی سەربەخۆ ڕێز لە مافەکانیان ناگرن، بۆیە گەلی کورد داوای سەربەخۆیی خۆی دەکات لە چوارچێوەی شانشینی عێراقدا و لە ئەنجامدا حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ پێکبهێنرێت کە بە تەنیا کاروباری دەرەوە بە حکومەتی عێراق بسپێردرێت. هەرچۆنێك بێت، گەلی کورد ناتوانێت پابەند بێت بە ڕێککەوتنێک کە بێ ڕەزامەندی ئەوان ئەنجام دەدرێت، بەپێی پرەنسیپەکانی پەیمانی سان فرانسیسکۆ.

نوێنەرانی گەلی کورد لە عێراق.

ئەم بروسکەیە نزیکەی شەست واژووی سەرۆک هۆزەکان و وەزیرەکانی پێشووی عێراقی لەخۆگرتووە.

## ٥- کۆمکاری کوردی داوایەک پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات (کانوونی یەکەمی ١٩٤٥)

بەڕێز جەنابی سەرۆك،

ئـەم ڕێکخـراوەی ئێسـتای نەتـەوە یەکگرتـووەکان هیـچ ڕێوشـوێنێک دیـاری نـاکات کـە بـە هۆیـەوە نەتەوەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی بێگانـە یـان دەرەکـی بـە گشـتی دەرفەتـی ئەوەیـان هەبێـت بـارودۆخ و پرسـەکانیان پێشـکەش بـەو کەسـانە بکـەن کـە بەرپرسـن لـە داڕشـتنی پلانـەکان بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو ڕێنماییانـەی ئـەم کۆمەڵەیـە پەسـەندی کـردووە.

ئـەو گەلانـەی نوێنەرایەتیـان لـە کۆمەڵـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان نییـە، هیـچ گەرەنتییەکیـان نییـە داواکارییەکانیـان لەبەرچـاو بگیرێـت و بخرێنـە بـەردەم گفتوگۆکانـی ئەنجومەنەکـە. ئەمـە جێگـەی نیگەرانییەکـی گەورەیـە بـۆ گەلـی کـورد، چونکـە ئـەو تێڕوانینـە دەبەخشـێت کـە تەنیـا دەوڵەتـە دانپێدانـراوەکان مافـی بڕیاردانیـان هەیـە، ئەمـەش پێچەوانـەی بنەماکانـی مافـە بنچینەییەکانـی گەلانـە. لـە واقیعـدا، ئەمـە ئـەو مانایـە دەگەینێـت کـە ئەوانـەی چەکیـان لەگـەڵ زلهێزەکانـی هاوپەیمانـی نێـوان ئەڵمانیـا و ئیتالیـا و ژاپـۆن لـە مـاوەی جەنگـی دووەمـی جیهانـی هەڵنەگرتـووە لـە جێبەجێکردنـی ئـەم پرەنسـیپانە بێبـەش دەکرێـن. ئەمـە خەڵکانی چەوسـاوە ناچـار دەکات پەنـا بـۆ توندوتیـژی ببـەن، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو کەسانەشـی ئـارەزووی ئاشـتی دەکـەن نارەزایـی دەرببـڕن.

دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی، گـوێ لـە گەلـی کـورد دەگیـرا کـە

لـە جەرگـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا نەتەوەیەکـی نـۆ ملیـۆن کەسـی پێکدەهێنـن و لـە ناوچەیەکـی نیـو ملیـۆن کیلۆمەتـر چوارگۆشـەدا نیشـتەجێن. مافـی ئۆتۆنۆمـی و سـەربەخۆیی نەتەوەیـی لـە پەیماننامـەی سـیڤەر دانـی پێـدا نـرا. ئـەو واژوویانـەی لـەم بەڵگەنامەیـەدا هاتـوون ئاماژەیـە بـە داننـان بـە مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد لـە لایـەن ئـەو دەوڵەتانـەی نوێنەرایەتـی دەکـەن.

یەکـەم دیکتاتۆرییـەت کـە پێـش ڕژێمـی فاشیسـت و نـازی بـوو، جێبەجێکردنـی ئـەم پەیماننامەیـان مەحـاڵ کـرد. لـەو کاتـەوە کـورد بەدەسـت شـێوازێکی زۆر دڕندانـەی حوکمڕانـی وەک بۆردومانکردنـی گوندەکانیـان و کۆمەڵکوژی و ڕاگـواستن دەناڵێنێـت لـەو وڵاتانـەی زۆرینـەی کوردیـان پێکهێنـاوە، تەنانـەت ئەگـەر سـەربەخۆیی بریتـی بێـت لـە ملکەچـی و داننـان و ڕێزگرتـن لـە مافـە نەتەوەییـە سـەرەتاییەکان، ئـەوا حکومەتـەکان بـەردەوام بـوون لـە ناچارکردنـی کـوردەکان بـۆ تێکەڵاوبـوون.

گەلـی کـورد بـە جیهانـی ڕاگەیانـد چیتر بەرگـەی ئـەوە ناگرێـت بەهـۆی بڕیـاری نادادپەروەرییـەوە کێشـەکەیان پشـتگوێ بخرێـت و داوای لـە بەرپرسـان کـرد کـە بەرپرسـیارێتییان هەیـە لەنێـو هەمـوو نەتەوەکانـدا ئاشـتی نێـوان گـەلان مسـۆگەر بکـەن و ڕێگـە بـدەن بارودۆخـی خـۆی پێشـکەش بـە دەزگایەکـی بێلایـەن بـکات. پێویسـتە ئـەم دەزگایـە ڕاوێـژ بـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـکات لەسـەر چارەسـەرێکی دادپەروەرانـە بـۆ کۆتاییهێنـان بـە ژێردەسـتەیی گەلـی کـورد لەلایـەن چەنـد دەوڵەتێکـەوە کـە نابێـت ئـەو دەسـەڵاتەیان هەبێـت.

کۆمـکاری کـورد لـە دوای کۆتایـی هاتنـی شـەڕەوە چەندیـن داواکاری ئاراسـتەی جیهـان کـردووە قەناعەتـی وایـە کـە پرسـە گەرمەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پێویسـتیان بەوەیـە دۆزی کـورد لـە ئەنجومەنـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا تاوتـوێ بکرێـت، کۆمـکاری کـورد داوا لـە بەڕێـز سـەرۆک و نوێنەرەکانتـان دەکات یارمەتـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم دۆخـە بـدەن کـە بـۆ هاوسـەنگی و ئاشـتی لـە ناوچەکـەدا گرنگـە. پێیوایـە هیـچ نوێنەرێـك پشـتگیری ئـەم بانگـەوازە ڕەت ناکاتـەوە و پرسـی کـورد لـە ئەنجوومەنـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا تاوتـوێ دەکات کـە بیەوێـت ئایندەیەکـی سـەقامگیر بنیـات بنێـت.

زۆر سوپاستان دەکەین و داواتان لێدەکەم سڵاو و ڕێزمان قبوڵ بفەرموون.

## ٦- پارتی ڕزگاری داوایەک ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات

کاتێـک حزبەکەمـان (پارتـی ڕزگاری کـورد)، ئـەم داخوازییانـە پێشـکەش بـە ئێـوە دەکات، لەبـەر ئەوەیـە متمانـەی تـەواوی بـە بڕیـاری نەتـەوە یەکگرتـووەکان هەیـە کـە بـۆ کۆتایـی هێنـان بـە ئیمپریالیـزم و ژێردەسـتەیی و کۆیلەکردنـی کەمـە نەتەوایەتییـەکان بـێ گوێدانـە نەتەوەیـان دروسـت بـووە.

ئێمـە بـەم داواکارییـە، ئـەم دەرفەتـە دەقۆزینـەوە بـۆ ئاگادارکردنـەوەی هەمـوو نەتـەوەکان کـە ئاشـتی و ئارامـی جیهانـی بـۆ گـەلان بـەدی ناهێـت، تـا ئەوکاتـەی چەوسـاندنەوەی گەلانـی بچـووک بـەردەوام بێـت لەلایـەن وڵات و نەتـەوە داگیرکەرەکانـەوە کـە لەژێـر چاودێـری و دەسـەڵاتیاندا دەژیـن، لـە کاتێکـدا دەتوانـن بـە سـەربەخۆیی بژیـن.

هەروەهـا لەبەرئـەوەی گەلـی کـورد یەکێکـە لـەو نەتەوانـەی کـە لەسـەرەوە بـاسمان کـرد و لـە ئـازادی و مافـی ژیـان بێبـەش کـراوە و لـە هەمـوو شـوێنێک پەرتـەوازە بـووە، پارتـی "ڕزگاری کـورد" بەنـاوی گەلەکەمانـەوە داوای ئـازادی و کۆتایـی هێنـان بـە چەوسـاندنەوەی گەلەکەمـان دەکات. ئێمـە داوای یەکڕیـزی لەسـەر خاکـی خۆمـان و سـەربەخۆیی تەواومـان دەکەیـن، دوور لـە سەرپەرشـتی و هـەر زاڵبوونێکـی داگیـرکاری.

دەمانەوێـت جارێکـی دیکـە جەخـت لـەوە بکەینـەوە کـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ئارامـی و ئاشـتی بەخـۆوە نابینێـت تـا گەلـی کـورد چەوسـاوە

بێـت و پێویسـت نـاکات بەبیـری نەتـەوە یەکگرتـووەکان بهێنینـەوە کـە ئاشـتی لـەم ناوچەیـەدا چەنـدە گرنگـە، چونکە ئاشـتی جیهان پێـوەی بەندە.

ئێمـە متمانەمـان بـە دۆزی خۆمان هەیـە و هیوادارین سـەردەمی ئارامی و ئـازادی و سـەربەخۆیی جێگـەی سـەردەمی سـتەم و کۆیلایەتـی بگرێتەوە. ئـەو ئـازادی و سـەربەخۆییەی کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان چەندیـن سـاڵە خەباتـی بـۆ کـردووە و ملیۆنەهـا کـەس لـە پێناویـدا ئازاریـان چەشـتووە.

لـە کۆتاییـدا، داواتـان لێدەکەیـن ئەمانـەی سـەرەوە لەبەرچـاو بگـرن و بڕیـاری پێویسـت لەبارەیـەوە بـدەن. متمانەمـان بـە دۆزی گەلەکەمـان هەیـە و بەنـاوی گەلـی کـوردەوە سوپاسـتان دەکەیـن.

## ئەنجام

کاتێـک لـە سـاڵی ١٨٩٥، ئەوروپـا بێباکانـە ڕێگـەی دا ئەرمەنییـەکان کۆمەڵکـوژ بکرێـن، تەنانـەت جورئەتـی نەکـرد پەنجەیەکـی بـەرز بکاتـەوە. لـە ٧ی تشرینـی یەکەمـی ١٨٩٥، پـۆل کامبـۆن کـە ئەوکاتـە باڵیۆزی فەڕەنسا بـوو لـە قوسـتەنتینیە (ئەسـتانبۆڵ) نووسـیویەتی:

خەیـاڵ پڵاوەکان گومـان لـە هیـچ شـتێک ناکـەن و باوەڕیـان بـە نوێبوونـەوەی تورکیـا هەیـە. باوەڕیـان وایـە گەشـتیارەکان لەلایـەن سـوڵتانەوە پێشـوازییەکی باشـیان لێدەکرێـت و سـاوێلکەکانی پاریـس و پایەتەختەکانـی ئەوروپـاش بەنـۆرە و دۆسـتانە لەگـەڵ سـکرتێرەکانی باڵیۆزخانەکانـی عوسمانـی کـە جوانتریـن جلوبەرگـی مۆدەیـان پۆشـیوە لەنێـو ئۆپێراکانـدا کۆدەبنـەوە. دوای نیـوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە، هـەر ئـەم بەڕێـزە ڕێکپۆشـانەی وەزارەتـی دەرەوە بـە پاژنـەی پێیەکانیـان ئەرمەنییەکیـان پانکـردەوە کـە لـە دوای خۆپێشـاندانەکە فڕێدرابـووە نـاو حەوشـەی وەزارەتـەوە. ئایـا بـە خەیاڵشـتدا دێـت گەنجەکانمـان لـە وەزارەتـی دەرەوە دوای خۆپێشـاندانەکان، بـۆ چێـژ وەرگرتـن بەسـەر برینداریێکـدا بکـەون و لێـی بـدەن؟

لـە لاپەڕەکانـی پێشـوودا بۆمـان دەرکەوتووە تورکـە کەمالییـەکان نەریتی باشـی خۆیان لەدەسـت نەداوە و ئەو تێکدەرەی کارەسات دەنێتەوە کەسێکی وەک فرانسـوا بالسـانی لەپشـتە ئـاگاداری بێـت و بـە بـاش باسـی بـکات.(٧٥)

(٧٥) نووسەر دەیەوێت بڵێت سەرباری ئەو وێرانکاری و سەرکوتکارییانەی کە کەمالییەکان لە دێرەزۆر بەرامبەر بە ئەرمەنەکان کردییان، هێشتا فرانسوا بالسان لە کتێبی

پـۆل کامبـۆن دووبـارە لـە ٢٣ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٨٩٥ نووسـیویەتی:

ساڵی داهاتـوو بەبـێ ڕووداوی گـەورە تێناپەڕێـت. بـەردەوام دەبـن لـە کـوشتن و سـووتاندن و تاڵانکـردن، ڕۆژنامـە فەڕەنسـییەکانیش بـەردەوام بەزەییـان بـە تورکـە هـەژارەکان دێتـەوە. ئـەم ڕژێمـە لەسـەر هێرشـەکانی بـەردەوام دەبێـت و کاتێـک سـودمەندە بچووکەکانـی فەڕەنسـی دەبینـن دەسـکەوتە عوسمانییەکانیـان لەژێـر هەڕەشـەدان، ئینجـا دەبینیـن بیرۆکـەی چاکـە و خێرخـوازی لـە دڵیانـدا دەڕوێـت.

زۆر بەڕێـز جەنابـی باڵیـۆز کەسـێکی زۆر ڕەشـبین و کینەییـە! یاخـۆد کەسـێکی واقیـع بینـە!

ئەمجارەیـان لـەو بڕوایـەدا بیـن کـەوا فکـری چاکـە لـە دڵـی گەلانـی بەشارسـتانیبوودا دەڕوێـت و دواجـار بەرپرسـان دەوێـرن بـە فەرمـی بـاس لـەو پرسـە گرنگـە بکـەن کـە تـا چارەسـەر نەکرێـت، ئاشـتی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بـە هەڵپەسـێردراوی دەهێڵێتـەوە. هـەروەک چـۆن کوردانـی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٣٠دا بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان نووسـیبوویان:

ئایـا بـۆ جووڵاندنـی هەسـتی جیهـان، پێویسـت دەکات کـورد ئـەوەی ڕووسـەکان لـە سـاڵی ١٨١٢ ئەنجامیاندابـوو دووبـارە بکاتـەوە، ئاگـر لـە هەمـوو بیـرە نەوتییـەکان بگرێـت؟

---

(سەرسورهێنەرەکانی کوردستاندا)، لە لاپەڕە ٢٧١-٢٧٣ بە باشی باسیان دەکات و پشتیان دەگرێت.

هیوادارین کورد پەڵکێشی کاردانەوەیەکی لەو جۆرە نەکرێت:

دوای هەمـوو شـتێک بۆچـی لـە بەرامبـەر نەبوونـی دەنگدانـەوەی مـاف و دادپـەروەری و بـێ هەڵوێسـتی زلهێزەکانـدا بـێ هیـوا بیـن، کاتێـک دەبینیـن وڵاتانـی داگیرکـراو گەلانـی سـەرکوتکراوی وەک: والاکیا، مۆڵداڤیـا، ترانسـیلڤانیا، دالماتیـا، مۆریـا، کریـت، کریمیـا، یۆنـان، سربیـا، مـیسر، ئەلبانیـا، سـوریا، عێـراق، فەلەسـتین و لوبنـان یـەک لـە دوای یـەک لـە ئیمپراتۆرییەتـی مەغـۆل جیادەبنـەوە و کوردیـش بەهەمـان ڕێـڕەوی خوێناویـدا گـوزەر دەکات.(٧٦)

**١٤ی تەمووزی ١٩٤٦**

(٧٦) ئیرمین ڕۆمانێت، کوردستان و پرسی کورد، پاریس، کتێبخانەی مارسۆ ١٩٣٥.
Irmine Romanette, Le Kurdistan et la Question Kurde, Paris, Librairie Marceau, " Le Trésor des Lettres ", 1935.

## پاشکۆ

لەکاتی نووسینەوەی ئەم کتێبەدا، هەندێک ڕووداوی گرنگ لە ئێران ڕوویاندا و کاریگەری زۆریان لەسەر پرسی کورد هەبوو.

من باسی ئەو هەموو مانگرتنانە ناکەم کە تاڕادەیەک لە هەموو ناوچە نەوتییەکان و بە تایبەتی لە ئابادان لە مانگی تەمووزدا سەریان هەڵدا. هەروەها وەک چۆن کەشتییە جەنگییەکانی بەریتانیا لە کەنداوی فارسدا بوون، بەڵام هەموو شتێک بە باشی کۆتایی هات.

لە سەرەتای کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦، حکومەتی ئێران بڕیاریدا ئازەربایجان داگیر بکات و هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام بدات. سوپای ئازەربایجان هەوڵیدا بەرگری لە ناوچەی غەفلانکۆ بکات کە ١٧٠ کیلۆمەتر لە باشووری تەورێزەوە دوورە، بەڵام لەژێر فشاری تۆپخانە و تانک و فڕۆکە جەنگییەکان و نەبوونی قەڵای بەهێز، دواجار ناچار بوو ناوچەکە ڕادەست بکات. لە ١٨ی کانوونی یەکەمەوە، سوپای حکومەت سەرقاڵی گرتنەوەی سەبازگەکانی سەر سنووری ئێران و سۆڤیەت بوو. بەپێی هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکان، پیشەوەری سەرۆکی حکومەتی ئازەربایجان پەنای بۆ ڕووسیا بردووە. سەرکردەکانی دیکەی نێو سوپا و حکومەت دەستگیرکراون. زۆرێک لەوان، بە تایبەتی ژەنەڕاڵ کەبیری وەزیری جەنگ، لە ٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٧ سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندرا. هەروەها بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ هۆزەکانی باشوور دەرکرا کە چەکەکانیان تەسلیم بە حکومەت کردبووەوە. دەمەوێت چاوپۆشی لەو کردەوە قێزەون و دڕندەییانەی

سـەربازانی حکومـەت بکـەم کـە بەرامبـەر بـە خەڵـک ئەنجامیانـداوە. بەپێـی ڕاپۆرتێکـی نهێنـی، ڕێکەوتـی ٣٠ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٦، نازییـەکان فێرییـان کردبـوون کـە چـۆن خەڵـک ئەشـکەنجە بـدەن، منـداڵان کۆمەڵکـوژ بکـەن و دەسـتدرێژی بکەنـە سـەر کچانـی گەنـج و ئافرەتـان کـە بـۆ مـاوەی چـل و هەشـت کاتژمێـر ئـەم کـردەوە قێزەونـە ڕێگەپێـدراو بـوو وەک خـەڵات پێشـکەش بـە سـەربازەکان کـران!

دوای ئـەم ڕووداوانـە، هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی لەلایـەن حکومەتی دیموکراتـی ئازەربایجانـەوە دەرکرابـوون، لـە ٩ی کانوونـی دووەم بـە فەرمـی هەڵوەشـێنرانەوە، لەوانـەش یاسـای دان نـان بـە زمانـی تورکـی کـە دواتـر ناڕەزایەتـی ڕۆژنامـەی جومهورییـەت (Cumhuriyet)ی تورکـی لێکەوتـەوە. ئایـا ئـەم ڕۆژنامەیـە کـە هێنـدە بـە ڕوونـی ڕەخنە لـە دراوسـێکەی دەگرێت، بـێ ئاگایـە لـەوەی سـەرەڕای دان پێدانانـە فەرمییـە نێودەوڵەتییـەکان، هێشـتا بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی لـە وڵاتەکەیـدا قەدەغەیـە؟

دوای شکسـتی ئازەربایجانییـەکان، هێزەکانـی کۆمـاری سـەربەخۆی کوردسـتان لـە مهابـاد نەیانتوانـی هیـچ بەرگرییـەک بکـەن. قـازی موحەمـەد دڵسـۆز بـوو بەرامبـەر بـە حکومەتـی ناوەنـدی، بۆیـە فەرمانـی بـە سـەربازەکانی کـرد بـە هیـچ شـێوەیەک ڕووبـەڕووی سـوپای حکومـەت نەبنـەوە و هیـچ ئۆپەراسـیۆنێکی چەکـداری لەدژیـان ئەنجـام نـەدەن. بـەم شـێوەیە حکومەتـی کـوردی لەنـاو ئـەو گێـژاوەدا ونبـوو. ئەمـە گورزێکـی گـەورە و کوشـندە بـوو بـۆ هەمـوو نیشـتمانپەروەرە کـوردەکان. ڕۆژی ٢٢ی کانوونـی دووەم، ئاژانسـی فڕانـس پرێـس لـە تارانـەوە هەواڵێکـی ڕاگەیانـد،

هەرچەنــدە بــۆم پشتڕاســت نەکرایــەوە، کــە گوایــە دادگای ســەربازیی مەهابـاد حوکمـی لەسـێدارەدانی بەسـەر قـازی موحەمـەددا سـەپاندووە و مـەلا مسـتەفا بارزانـی بـە دوو هـەزار جەنـگاوەرەوە پەنـای بـۆ چیـاکان بــردووە و لەبــارەی چارەنووســییەوە، چاوەڕوانــی بڕیــاری حکومــەت دەکات. ئێمـە ئاگادارین بارزانـی لـە عێـراق سـزای لەسـێدارەدانی بەسـەردا سـەپێنراوە، ماوەیـەک پێـش هەنـدێ لـە لایەنگرانـی گەڕابوونـەوە بـۆ عێـراق و دەسـتبەجێ لـەوێ زیندانـی کرابـوون.

لــە مانگــی کانوونــی یەکــەم، ئــاژاوە و نائارامــی لــە مازەنــدەران ســەریانهەڵدا. حکومــەت پارتــی (تــودە)ی بــە ســەرچاوە و هــۆکاری ســەرهەڵدانی نائارامییــەکان تۆمەتبارکــرد، بەمــەش بــە چەنــد ڕۆژێــک بــەر لــە هەڵبژاردنــەکان، دەســتی کــرد بــە ڕاوەدونانــی ئەندامانــی پارتەکـە و لەناوبردنیـان، چونکـە بڕیـار بـوو لـە ڕێکەوتـی ١٢ی کانوونـی دووەم هەڵبــژاردن ئەنجــام بدرێــت. ڕێــک ڕۆژێــک پێــش هەڵبــژاردن، ڕۆژنامــەی تایمــز بابەتێکــی لــە لەندەنــەوە بڵاوکــردەوە و ڕایگەیانــد ڕای گشـتی ئێـران حکومەتـی قـەوام سـەڵتەنەی لا پەسـەندە و لـەم بارەیـەوە نووسـیویەتی: (پەسـەندکردنی بڕگـەکان و پێدانـی ئیمتیازاتـی نـەوت بـە یەکێتـی سـۆڤیەت و ڕێککەوتنـی ئـەم دواییـەی نێـوان ئینگلیـز - ئەمریـکا سـەرچاوەیەکی داهاتـی پێویسـت بـۆ بەرنامـەی حکومەتـی قـەوام سـەڵتەنە دابیــن دەکات). هــەر لــەم ڕێکەوتــەدا، ڕۆژنامــەی تایمــز بــێ ئــاگا بــوو لــەوەی بەڕێـز ئارامێـش، وەزیـری کاری ئێـران لـە ٨ی کانوونـی دووەم لـە میانـی کۆنفرانسـێکی ڕۆژنامەوانیـدا ڕایگەیاندبـوو: "حکومەتـی ئێـران لـە

ئەنجامـی کۆتایـی ڕێککەوتنـی نێـوان کۆمپانیـای نەوتـی ئینگلیز-ئێـران و دوو کۆمپانیـای نەوتـی ئەمریکـی ئـاگادار نەکراوەتـەوە". هەروەهـا ڕۆژێـک دواتـر لـە ٩ی کانوونـی دووەم گوتبـووی: "پێموایـە وڵاتـە زلهێـزە بیانییـەکان مافـی ئەوەیـان نییـە بـە ویسـتی خۆیـان مامەڵـە بـە سـەروەت و سـامانی نەوتەکەمـان بکەنـەوە". ناتوانیـن لـەوە زیاتـر ڕاشـکاوانەتر بیـن!

لـە یەکـەم ڕۆژی هەڵبژاردنەکانـەوە، لـە ١٢ی کانوونـی دووەم، پارتـی ئۆپۆزسـیۆن لـە تـاران، نارەزایەتیـی دژ بـە دەسـتوەردانی حکومـەت لـە هەڵبــژاردن دەربــڕی. وەک ئاماژەیەکــی نارەزایەتــی، بــازارەکان داخــران و بیسـت کەسـایەتی ئایینـی مووسـڵمان چەنـد ڕۆژێـک لەنـاو باخەکانـی کۆشـکدا مانەوە و داوای وەسـتاندنی هەڵبژاردنیان دەکرد. ڕۆژی ١٤ی مانگ، وەزیـری ناوخـۆ هەڕەشـەی سـزادانی ئـەو بەرپرسـانەی کـرد کـە خەریکـن دەسـتوەردان لـە هەڵبژاردنـدا دەکـەن. ڕۆژی ١٥ی مانـگ، سـەرۆک ئەرکانـی سـوپا ڕایگەیانـد: "نابێـت سـوپا دەسـتوەردان لـە هەڵبژاردنەکانـدا بـکات". لێـرەوە دەبینیـن هەندێـک لایـەن چـۆن سـەیری ئـازادی دەنگـدان دەکـەن!

هەڵبــژاردن لـە ١٧ی مانگـدا کۆتایـی هـات و ئەنجامـەکان لـە ٢٢ی مانگ بـە فەرمـی ڕاگەیەنـدران. دوای ژماردنـی دە هـەزار دەنـگ، دوازدە کاندیـدی پارتـی دیموکراتـی ئێـران (پارتەکـەی قـەوام سـەڵتەنە) لـە تـاران لـە پلـەی یەکەمــدا بــوون، هێشــتا شەســت هــەزار دەنــگ نەژمێردرابــوون، بــەڵام ڕەنگـە ئەمانـە ئەنجامـی کۆتایـی نەگۆڕێـت! هەبوونـی زانیـاری پێشـوەختە لەســەر ئــەوەی چــیمان لــە ســندوقەکانی دەنگــدان دەســت دەکەوێــت، گومانــی دەســتوەردانی لێدەکرێــت کــە لەوانەیــە خــۆت دەنگەکانــت

خستبێته ناو سندوقەکان.

هەژمارکردنی دەنگەکان لە ٥ی شوباتدا کۆتایی پێهات و ئەنجامی هەڵبژاردن وەک پێشبینییە فەرمییەکان بوو. دان بەوەدا دەنێین کە تەرخانکردنی بیست ڕۆژ بۆ هەژمارکردنی حەفتا هەزار دەنگ ژمارەیەکی پێوانەیی جوانە، بە تایبەتی ئەگەر لەگەڵ هەڵبژاردنی فەڕەنسا بەراورد بکەین کە تێیدا بیست ملیۆن دەنگدەری فەڕەنسی کەمتر لە بیست و چوار کاتژمێر لە دوای هەڵبژاردن، ئەنجامی دەنگەکانیان دەزانن. هەر لەو ڕۆژەدا، بەشی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز- ئێرانی لە تاران ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاوکردەوە: "هێشتا دەقی ڕێککەوتنی ڕابردووی نێوان کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز- ئێرانی و دوو کۆمپانیای نەوتی پەیوەست بە فرۆشتنی نەوتی خاو و دروستکردنی بۆرییەکی گواستنەوەی نەوت کە کەنداوی فارس بە دەریای ناوەڕاستەوە دەبەستێتەوە، ڕەوانەی تاران نەکراوە. بۆیە لێرەوە ڕادەگەینین ئەم ڕێککەوتنە تەواو بازرگانییە و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بڕگەکانی ئیمتیازاتی نەوتی کۆمپانیای ئینگلیز- ئێران لە ئێران نییە".

ئێستا حکومەتی ئێران دەتوانێت هۆزەکانی فارس و ئازەربایجان چەک بکات و بەو ڕۆحە دیموکراتییەی کە پێشتر بینیومانە، ڕێگە بە دەنگدەران بدات کاندیدەکانیان لە کەشێکی ئارام و ئازاد دا هەڵبژێرن!

با لەگەڵ خۆمان ڕاست بین، بێگومان ئەم ڕێکارانە، هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکەن بە تایبەتی پرسی کورد. بازیل نیکیتین کە یەکێکە لەو گەشتیارانەی زۆر ئاشنای پرسی کوردە، لە وتارێکیدا کە لە گۆڤاری

سیاسـەتی دەرەوە (Politique Etrangère) لـە تەمـووزی سـاڵی ١٩٤٦ بڵاوکردووەتـەوە، دەڵێـت: "پرسـی کـورد، لەبەرئـەوەی بـە کـەم سـەیرکراوە، خەریکـە بارودۆخـی سیاسـی ئاسـیا ناجێگیرتـر دەکات. پرسـی کـورد ڕاسـتە و بوونـی هەیـە، نابێـت چارەسـەرکردنی بـۆ کاتێکـی نادیـار دوابخرێـت".

**٢٥ی شوباتی ١٩٤٧.**

جوانـیمان مردنـە لـە پێنـاوی تـۆ کوردسـتان
سـەربەرزیمان گۆرانـی وتنـە بـە زمانـی تـۆ
شـکۆمەندیمان لەنێـو گـڕ و چەکەکانمانـە
لـە مێـژووی کەونـارا و لـە خاکـی پیرۆزمانـە
ئـازادیمان، خۆشەویسـتیمان، مردنمـان
لــە کانــی و ئــاوەکان بپرســە پێــت دەڵێــن
لــە نــاو چرپــە و بیــری هــەزار ئــاوات و
هــەزاران فرمێســک و ڕاپەڕیــن و هیوایــە.

# پاشبەندەکان

# پاشبەندی ژمارە (١)

# نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان

# پاشبەندی ژمارە (٢)
# نامەی سورەیا بۆ حەسکی تێلۆ ئاغا

ئەو لێبوردنەی بەخشرا بەو کەسانەی دوای ئەوەی توانیان لە زێدی خۆیان هەڵبێن بەرەو ڕۆژئاوا و دواتر پەنایان بۆ ئاگری برد، هەروەها دەدرێتە کەسانی وەک ئێوەش کە پەنایان بۆ ئاگری بردووە بۆئەوەی لە وڵات دوورنەخرێنەوە، بەمەرجێک لە ماوەی سێ مانگدا خۆیان ڕادەست بکەن.

لەوەتەی بووم بە والی بایەزید، سەیری دۆسیەی ئەو کەسانەم کردووە کە لە وڵات بۆ ڕۆژئاوا دوورخراونەتەوە. لە کۆتاییدا ئەو قەناعەتەم لا دروست بوو کە زۆرێک لەم کەسانە بێتاوانن و بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوەی شەخسی لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە.

هەروەها حکومەتیش هەمان قەناعەتی هەیە، بۆیە یاسای لێبوردنی دەرکرد و بەم شێوەیە ڕۆحێکی گەورەی دادپەروەری نیشاندا. دەمزانی و ئێستاش باوەڕیم وایە تۆ پیاوێکی ڕاستگۆ و ئازا و دڵسۆزی و بە تەواوی بێتاوان و دووری لە هەموو سەرزنشتێک.

بۆیە لە قووڵایی دڵمەوە ئامۆژگاری ئێوە و ئەو کەسانە دەکەم کە خۆیان لە هەمان بارودۆخی ئێوەدا دەبیننەوە ساتێک زووتر خۆتان ڕادەستی حکومەت بکەن و ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە.

من هیچ ڕێنماییەکم لە حکومەتی ناوەندییەوە پێ نییە. حکومەت یاساکەی دەرکردووە، وادەی سێ مانگی دیاری کردووە و فەرمانی پێویستی داوە و ڕایگەیاندووە. ئەو کەسانەی ڕازیدەبن، خۆیان

بەدەستەوە دەدەن و ناڕازییەکانیش بۆ هەر شوێنێک بیانەوێت دەچن.

بەڵام زانیم چەندین کەسی بێتاوان، ئافرەت و منداڵ لەسەر چیاکان وێڵن و لە هەموو پێویستییەکانی ژیان بێبەشن. دڵم ژانی گرت، بۆیە بڕیارمدا بێم هەندێ ڕوونکردنەوە لەسەر بڕیارەکانی حکومەتەکەم بدەم و ئامۆژگاری هەندێ لە هاونیشتیمانیان و هاوئاینیانم بکەم بەو هیوایەی سەرکەوتوو بم لە ڕزگارکردنی بەشێکیان کە بێتاوانن و هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەداوە. لە گەشتەکەمدا، چاوەڕوانی هیچ قازانجێکی ماددی ناکەم. تاکە پاداشتێک کە هیوای بۆ دەخوازم لە خودای گەورەوەیە ئەگەر سەرکەوتوو بم لە گەڕاندنەوەی چەند کەسێکی بێتاوان بۆ سەر ڕێگای ڕاست و ڕزگارکردنیان.

ئیبراهیم ئاغا، شانازی بە خۆمەوە دەکەم کە بە درێژایی ژیانی پیشەییم هەمیشە فەرمانبەرێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ بوومە و هەرگیز درۆم نەکردووە. ڕقم لە دووڕوویییە جا بەرامبەر بە هەرکەسێک بێت. درۆ ناکەم. نامەوێت ئەو باوکەی بە کاک شەفیق ناسراوە کە خۆشم دەوێت و ڕێزی لێدەگرم، لەم دۆخە سەختەدا بەناو چیاکاندا ڕێبکات. بۆیە چ بەناوی کاک شەفیق و چ بەناوی حکومەتەوە بێت بۆ دواجار ئامۆژگاریت دەکەم کە متمانەم پێ بکەیت و خۆت بەدەستەوە بدەیت بێ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدەیت، چونکە هیچ ڕێگایەکی دیکەی ڕزگاربوون لەبەردەم ئێوەدا نییە. دواتر پەشیمان دەبیتەوە. بە بەڵێنە درۆینەکان و قسە زێڕینەکانی دوژمنانی ئاینەکەمان و حکومەتە بیانییەکان هەڵنەخەڵەتێیت.

تەمەنی حکومەتی تورکیا شەش سەد ساڵە. ئەوانەی لەم بارەیەوە

خوێندووویانەتـەوە چـاک دەزانـن. بەدرێژایـی ئـەم ماوەیـە هـەزاران کـەس لـە دژی حکومـەت ڕاپەڕیـون و کاریانکـردووە. ئەنجامەکـەی چـی بـوو؟ هیـچ، حکومـەت هـەر وەک خـۆی بـە بەهێـزی ماوەتـەوە. هەروەها خۆشـم لـە ماوەیەکـی کورتـدا چەندیـن شۆڕشـم بینیـون. پـەروەردگار هەمـوو ئـەو کەسـانەی لەناوبـرد کـە بـە شـێوازی جیـاواز دژی حکومـەت ڕاپەڕیـن.

یاخیبـوون لـەدژی دەوڵـەت کارێکـی بێمانـا و شـێتانەیە. گلەییـم بـە تایبەتـی لـە پیاوانـی وەک کاک نـەعمان هەیـە کـە فەرمانبـەری دەوڵـەت بـوون و دەبێـت ئـەم ڕاسـتیانە بزانـن و بـۆ ئـەو کەسـانەیان ڕوون بکردبایەتـەوە کـە نازانـن. هەروەهـا زانیاریـم لایـە ئەفسـەرێکیش لەگـەڵ ئێوەدایـە. وەک هاوڕێیـەک بەزەییـم بـەم گەنجـە دێـت. نازانـم تاوانەکـەی چییـە، بـەڵام بـەر مەبنـای ئـەو ڕاسـتییەی کـە هێشـتا گلەیـی و گازندەکانـی نەخسـتۆتە بـەردەم والـی، بۆیـە دەتوانـم بڵێـم کەسـێکی زۆر لوتبـەرزە. دەتوانـم دەسـتوەردان بکـەم و یارمەتـی هەمـووان بـدەم هـەروەک چـۆن یارمەتـی دانیشـتوانی پارێزگاکـەم داوە. ئەگـەر ئـەم بەڕێـزەش ئـارەزووی خۆڕادەسـتکردنی دەکات، تکایـە بـا ئـاگادارم بکاتـەوە. لای خۆمـەوە لـە بەرژەوەنـدی ئـەو دەسـت بـە هەنـگاوەکان دەکـەم و لـە ئەنجامـی هەوڵەکانـم ئـاگاداری دەکەمـەوە. متمانـە بـە قسـەکانم بکـە و بـێ کات بەفیـڕۆدان وەرە بـۆ لام، هێشـتا بـۆ دوو ڕۆژی دیکـە لێـرە دەبـم.

**٢٨ی شوباتی ١٩٢٨**

**والی بایەزید**

**سورەیا**

تێبینـی: ویلایـەت دەسـەڵاتی بـێ سـنووری پێـدراوە بـۆ پەسـەندکردنی خۆڕادەسـتکردنەوە و لێبـوردن. هیـچ لێپێچینەوەیـەک لەسـەر تاوانـی سـەربازی و دادوەری ناکرێـت.

**والی**

**سورەیا**

## نامەی حەسکی زادە ئیبراهیم (حەسکی تێلۆ ئاغا) بۆ سورەیا والیی بایەزید
## ژمارە: ١٣٦٠

وەڵامی نامەکەت دەدەمەوە کە لە ٢٨ی شوباتی ١٩٢٨ بۆ بەندەتان ناردبوو و بە خۆشحاڵییەوە خوێندمەوە. لە نامەکەدا هاتووە ئێوە خۆبەدەستەوەدانمان بە حکومەت پەسەند دەکەن، بەڵام ئێمە داوامان لە هیچ دەسەڵاتێکی فەرمی نەکردووە کە خۆمان بەدەستەوەبدەین یان خۆڕادەستکردنمان پەسەند بکرێت. ئەگەر بەڕاستی بیرۆکەی لێبوردنتان هەیە، پێویستە گشتی بێت و لەگەڵ یاساکانی شارستانییەتی ئەم سەردەمەدا بگونجێت. ئەگەر بە لێبوردن ئامانجتان فریودانی مرۆڤی کێوییە، ئەمە پرسێکی ترە. کەواتە نابێت لەم بارەیەوە قسە لەگەڵ پیاوانی وەک ئێمە بکەن، چونکە ئێمە ئەزموونی تەواومان هەیە و خەڵکمان بینیوە و چاک دەیانناسین.

ئێستا مرۆڤی کێوی لە هیچ شوێنێکدا نەماوە. پێویستە سەرکردە باڵاکانی حکومەتی تورکیا دان بەو ڕاستییەدا بنێن. ئەگەر لێبوردنێکی گشتی ڕابگەیەنن گونجاو بێت لەگەڵ شارستانییەت و پێشکەوتنی ئەم سەردەمە و داب و نەریتی نەتەوەکەمان و یاساکانی ئایینمان، ئێمە بە خۆشحاڵییەوە قبوڵی دەکەین، بەڵام ئەگەر بەم ڕێوشوێنانە دەتانەوێت ئەو کەسانە فریو بدەن کە بەردەوام بە دڕندە و کێوی ناویان دەهێنن، باش بزانن لەمەودوا ناتوانن هیچ کەسێک فریو بدەن.

ئەگـەر بەڕاسـتی ئەمـە لێبوردنـی گشـتی بێـت، بۆچـی ژن و منداڵەکانمـان ناگەڕێننـەوە ماڵەکانیـان کـە هەرچەنـدە بێتاوانـن، لـە کاتێکـدا مـاوەی دوو سـاڵە لـە دەربەدەریـدا بەرگـەی هەمـوو جـۆرە سـەختی و ناراحەتییەکـی ژیانیـان گرتـووە. دوای گەڕانـەوەی هەمـوو دوورخـراوەکان بـۆ ماڵەکانیـان، دەکرێـت پرسـی گەڕانـەوەی ئێمـەش بێتـە ئـاراوە.

**حەسکی زادە ئیبراهیم**

## نامەی ئیبراهیم حەقی بۆ کاک نەعمان لە بایەزیدەوە بۆ ئاگری

کاکی بەڕێز،

ئەمە سێیەم جارە نامەتان بۆ دەنووسم. خودای گەورە دەزانێت چ هەوڵێکم داوە بۆئەوەی بڕیاری خۆڕادەستکردنت پەسەندبکرێت. سوپاس بۆ خودا لە هەوڵەکانمدا سەرکەوتوو بووم و والیش فەرمانێکی تەلەگرافی پەیوەست بە پەسەندکردنی خۆڕادەستکردنی بەڕێزتانی بەدەست گەیشتووە. بەڕێز سورەیا کە تایبەت بۆ ئەم بابەتە هاتووە، ماوەی هەفتەیەکە لای منە. ئەو فەرمانبەرێکی حکومییە بێ ئەوەی گوێ بە هەڵەکانی خەڵک بدات، بەرپرسە لە ئیدارەکەی و بۆ خۆشبەختی و خۆشگوزەرانییان کاردەکات و گرنگی بە بەرژەوەندییەکانیان دەدات. باوەڕناکەم تۆ لەنێو خەڵکی نەزاندا ژیابیت و بەدەست ئەو ژینگەیەوە ئازارت چەشتبێت. هەر لەبەر ئەمەشە بەڵێنت پێدەدەم هەر کە گەیشتیتە ئێرە، چاوتان بە بەڕێز والی، سورەیا، دەکەوێت، پۆستێکی ئیداریتان پێدەدرێت کە هاوتابێت لەگەڵ پۆستەکەی پێشوت و لەو شارە دەبیت کە خۆت هەڵیدەبژێریت. هەروەها بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو خاڵەش بکەم کە ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی تەواوی بە والی داوە بۆ لێبوردنی هەموو ئەو کەسانەی بە شایستەیان بزانێت سەرەڕای هەموو ئەو هەڵانەی کە ئەنجامیانداوە، هەرچەندە ئەمە لە یاساکەدا دیاری نەکراوە کە ڕاگەیندرا، چونکە بە گونجاو نەزانرا ئەم ڕێوشوێنە لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە بڵاوبکرێتەوە و بیانییەکان

لەبارەیـەوە زانیارییـان هەبێـت. گرنگـی بـەو شـتانە مـەدە کـە لـە نـاو ڕۆژنامەکانـدا نـووسراوە، هیـچ شـتێکی دیکـە نییـە تاکـو لێـی بترسیت، بۆیـە داوات لێدەکـەم لـەم ڕۆژانـەدا پێـش ڕۆیشـتنی والـی بێیـت و هەمـوو ئـەو کەسـانە لەگـەڵ خـۆت بهێنیـت کـە گـوێ لـە ئامۆژگارییەکانـت دەگـرن و پێکـەوە لەگـەڵ والـی کۆببنـەوە. بەڕێزتـان پێویسـتیتان بـە ئامـۆژگاری نییـە، بۆیـە لـەوە زیاتـر هیچـی تـر ناڵێـم. سڵاوتـان لێدەکـەم و بـە ئومێدێکـی زۆرەوە چاوەڕوانتانــم.

**ئیبراهیم حەقی**

**بایەزید**

**٢١ی شوباتی ١٩٢٨**

## نامەی خەلیل، بەڕێوەبەری پۆستە و تەلەگراف بۆ کاک نەعمان

برای ئازیزم، کاک نەعمان

بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو برایەتییـە دڵسـۆزانەیەی یـەکمان دەخـات، داوات لێدەکـەم دەسـتبەجێ بێیتـە ئێـرە. یاسـای لێبـوردن بـۆ تـۆ و ئیبراهیـم ئاغـا دەرکـراوە. لەبەرئـەوەی شـارەزای توانـا و زیرەکـی بەڕێزتانـم، بـە پێویسـتی نازانـم لـەوە زیاتـر شـتێکی تـر بڵێـم. سڵاو و ڕێـز، هەمووـمان چاوەڕوانـی گەیشـتنی ئێوەیـن.

**خەلیل**

**بەڕێوەبەری پۆستە و تەلەگراف**

## نامەی نەعمان خولوسی بۆ بەڕێز ئیبراهیم حەقی لەبایەزید

سڵاو و ڕێز...

ئەمڕۆ نامەی ٢١ی شوباتی بەڕێزتانم بەدەست گەیشت کە لە ڕێگەی کەسێکی گوندی گوێلەرەوە بۆت ناردبووم. هەروەها ئەو نامەیەم بۆ بەڕێز محەمەد نارد کە بۆت دانابوو. دوو ڕۆژی دیکە خۆی دێتە لام، ئەگەر نامەیەکی بۆ نووسیت، بۆتانی دەنێرم.

ئاگادارت کردمەوە کە بۆ ڕازیکردنی دەسەڵاتدارانی حکومەت لەسەر خۆبەدەستەوەدان و لێخۆشبوونم، ئازاری زۆرت چەشتووە. ڕەنگە ئەوە ویژدانت هانی دابیت بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوانە بنێیت، بەڵام لەبیرم نییە پەنام بۆ تۆ یان بۆ هیچ کەسێکی دیکە بردبێت تاکو داوای لێخۆشبوونی لێ بکەم، چونکە تەنیا تاوانباران ملکەچ دەبن و دەبنە دیل، دواتر داوای لێخۆشبوون دەکەن. بێتاوانەکان پێویستیان بە هیچ لێخۆشبوونێک نییە و هیچ پێویست ناکات خۆیان ڕادەست بکەن.

ئێوە لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو قۆناغەکانی ژیانی منن، دەتوانن شایەدی ئەوە بدەن کە لە تەمەنی گەنجێتیمەوە زیانم بە هیچ کەسێک نەگەیاندووە و دڵسۆزانە خزمەتی حکومەتم کردووە. نیشتمانی خۆم خۆش دەوێت، تەنیا لەبەر ئەم تاوانە کە بێگومان ناچێتە چوارچێوەی تاوانەوە. حکومەت، بێ ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەک بکات، سەرەڕای بێتاوانیم و بەبێ ئەوەی بچمە بەردەم دادوەر، وەک هەزاران کەسی هاوشێوەی خۆم، وەک بکوژ و چەتەی سەر ڕێگاکان

مامەڵـەی لەگـەڵ کردیـن. حکومـەت بـە چـەک دەوری خانووەکەمـی داو و بـەزۆر دەریخسـتم بـۆ ئـەوەی بـۆ ڕۆژئـاوای وڵات دوورم بخاتـەوە. دوای دوورخرانەوەشـم، پیاوانـی حکومـەت بەبـێ ئـەوەی بەزەییـان بـە منداڵەکانمـدا بێتـەوە، خێزانەکەمیـان نـاردە شـارێکی دیکـەی ڕۆژئـاوای وڵات و مـاڵ و ئـاژەڵ و زەوییەکانمیانـی تاڵانکـرد. مـن و خێزانەکـەم لـە هەمـوو پێویسـتییەک بـۆ ژیانکـردن بێبـەش کرایـن. ئـەو ئـازار و ناڕەحەتـی و بێبەشـییانەی کـە دەبـوو لـە دەربەدەریـدا بەرگـەی بگریـن، ئـەو مامەڵـە خراپانـەی کـە ڕۆژانـە لەسـەر دەسـتی پۆلیـس و جەندرمـە و کارمەندانـی فەرمانگەکانـی کۆچبـەران توشـی دەبوویـن، ئەوەنـدە بـە ئـازارن لـە توانـای وشـە و ڕسـتەکان بـەدەرە وەسـفیان بـکات، تەنیـا بـە بیرکردنـەوەم لێیـان هەمـوو جەسـتەم دەلەرزێـت. ئـەوەش بزانـە ئـەو یاسـا نوێیـەی بـۆ ئێمـە دەرکـراوە، تەحەدایەکـە بـۆ فکـری یاسـایی هەمـوو وڵات و سـەردەمەکان و تەنانـەت مرۆڤخۆرەکانیـش.

هەمـوو ئـەم ئازارانەمـان بۆیـان بـەس نەبـوو، هێشـتا دەبوایـە بەرگـەی هەمـوو ئـەو بابەتـە پـڕ لـە سـووکایەتی پێکردنانـەی ڕۆژنامـە تورکییەکانمـان بگرتایـە کـە ناچـار دەکرایـن بیانخوێنینـەوە، هەمـوو ڕۆژێـک پیرۆزییەکانمان و نەتـەوە و شـەڕەف و ڕابردوومـان سـووکایەتییان پێدەکـرا. چـیتر نەمتوانـی ئـەم حاڵەتـە کـە لـەڕووی ئەخلاقـی و جەسـتەیی بەرگەنەگیـراوە قبـوڵ بکـەم کـە دەیانویسـت بـەزۆر تێیـدا بژیـم، سـوپاس بـۆ خـودای گـەورە، توانیـم لـە شـوێنی دەربەدەریـم هەڵبێـم و دوای ڕۆیشـتنێکی بـەردەوام بـۆ مـاوەی چـل و حەفـت ڕۆژ و گوزەرکـردن بەنێـو هەمـوو چیاکانـی

کوردستاندا گەیشتمە ئاگری.

پێویستە ئەوەش بڵێم، کاتێک ڕاگوێزراین بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای وڵات، ئەوە ئێمەی ڕاگوێزراوە هەزارەکان بووین کە لەلایەن حکومەتەوە ناچارکراین، خەرجی سەفەری ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەری ئەو جەندرمانەش بدەین کە یاوەرییانکردین.

خوێن لە دڵم دەتکێت، کاتێک باسی بارودۆخی سەخت و تراژیدیی ئەو هەزاران ژن و کچ و منداڵانە دەکەم کە لە پیاوەکان و باوکەکانیان جیاکرابوونەوە. ڕۆژانە سەدان کەس، بەهۆی برسێتی و نەخۆشی و مامەڵەی خراپی جەندرمەکانەوە گیانیان دەسپارد. هێندە دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا کە مردن بەو ترسناکییەیەوە دەبووە فەریادڕەسی ئەو بێبەختانە.

دوای بەرگەگرتنی ئەم هەموو ئازارانە و بینینی ئەم هەموو کارەساتانە کە بێگومان حکومەت، بەبێ هیچ هەڵە و تاوان و دادگاییکردنێک، ویستی بەسەر ئێمەی هێنا، بەڵێ دوای هەموو ئەمانە خۆم ڕادەست بکەم یان ڕازی بم بەوەی حکومەت لێم خۆش دەبێت، ئەمە کارێکی بێمانا و قێزەونە. ئەگەر بەڕاستی حکومەت هەستی بە ترسناکیی ڕەفتار و کردەوەکانی کردبێت و لێیان پەشیمانە، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ ملکەچبوون و خۆبەدەستەوەدان لە قوربانییەکانی بکات، پێویستە هەموو ئەو کەسانە بگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەکانیان کە هێشتا لە غوربەت و زیندانەکاندا لە ژیاندا ماون، قەرەبووی دزی و تاڵانکردنی ماڵی ئەم خەڵکە بکاتەوە هەروەها سزای هەموو ئەو کەسانە بدات کە بەرپرسیارن

لـەم کۆمەڵکوژییانـە. دوای ئـەوەی نیشـتمانەکەم وێـران و تـاڵان کـرا، بـۆ مـن ژیـان لێـرە یـان لـە هـەر شـوێنێکی دیکـە هیـچ جیاوازییەکـی نییـە.

تـۆ بەڵێنـم پێدەدەیـت کـە لـە پۆسـتێکدا دامدەمەزرێنـی کـە هاوتـای پۆسـتەکەی خـۆم بێـت لـەو شـارەی کـە ئـارەزووی دەکـەم، بـەڵام ئـەو یاسـایە پشـتگوێ دەخەیـت کـە فەرمانـی دەرکردنـی هەمـوو فەرمانبەرانـی حکومـی کـورد لـە ئەرکەکانیـان دەدات. بۆیـە ئـەم دامەزراندنـە دەکرێـت کاتـی بێـت و ڕاگوێزانێکـی نـوێ بـەدوای خۆیـدا دێنێـت.

لەبەرئـەوەی قەناعەتـم بـە نیازپاکـی و دڵسـۆزی حکومـەت نییـە، ناتوانم ئامـۆژگاری کـەس بکـەم کـە خـۆی ڕادەسـتی حکومـەت بـکات. گێـرادی لەزکـی ئاغـا، کـوڕەزای بەڕێـز خالیـد، خـۆی و خزمەتکارەکانـی لەگـەڵ نزیکـەی بیسـت کەسـی دیکـە متمانەیـان بـە حکومـەت کـرد و گەڕانـەوە بـۆ ویلایـەت و بـەخشران. ئێسـتا ئـەوان لـە کوێـن؟ ئایـا هەموویـان بـە شـێوەیەکی دڕندانـە لەلایـەن پیاوانـی حکومەتـەوە کۆمەڵکوژنەکـراون؟ بـە بوونـی ئـەم نموونەیـە لەبـەردەم چاوەکانمـدا، چـۆن دەتوانـم ئامـۆژگاری هاوڕێیانـم بکـەم کـە خۆیـان ڕادەسـت بکـەن یـا خـۆم ئەمـە بکـەم.

ئەگـەر کەوتینـە دەسـت حکومـەت و فەرمانـی کۆمەڵکوژکردنمـان بدات، ئەوکاتـە کـەس ناتوانێـت بـە هانامـان بێـت و ڕزگارمـان بـکات. ڕەنگـە بەڕێز والـی ڕاسـتگۆترین و دڵسـۆزترین پیـاوی جیهـان بێـت، بـەڵام لەبەرامبـەر فەرمانـی سـەرکردەکانیدا ناتوانێـت هیـچ شـتێک بـکات. بـە جێبەجێکردنـی فەرمانەکانیـان داوای لێبـوردن لـە بێدەسـەڵاتی خـۆی دەکات و تـەواو.

تەنیـا ئەوکاتـە دەگەڕێمـەوە بایەزیـد ئەگـەر ئـەو ملیۆنەهـا کوردەی لـە

دەربەدەریـدان و بـە چاوەکانـی خـۆم بینیومـە ملکەچـی چ مامەڵەیەکـی بێبەزەییانـەی حکومـەت بوونەتـەوە بەجۆرێـک مایـەی شـەرمەزارییە بـۆ شارسـتانییەتی سـەدەی بیسـتەم، هەروەهـا هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە پەنایـان بـۆ ئێـران و سـوریا و میزۆپۆتامیـا بـردووە، گەڕابنەتـەوە بـۆ سـەر مـاڵ و حاڵـی خۆیـان.

باوەڕناکـەم دوای پشـکنینی ویـژدان، هیـچ پیاوێکـی ڕاسـتگۆ و دڵسـۆز بتوانێـت تاوانبـارم بـکات لەسـەر ڕێـڕەوی کارکردنـم.

سـوپاس بـۆ بەڕێـز خەلیـل، بەڕێوەبـەری پۆسـتە و تەلەگـراف، لەگـەڵ ڕێـز و سڵاوی دۆسـتانەم بـۆ بەڕێزتـان.

**نەعمان خولوسی**

**٢٢ی شوباتی ١٩٢٨**

## پاشبەندی ژمارە (٣)

## پەرستگای شەهید لە دێرەزۆر



## پاشبەندی ژمارە (٤)

## وێنەی بەرگی پەرتووکی دۆسیەی کوردستان دژی تورکیا



THE CASE OF KURDISTAN
AGAINST TURKEY

FLAG OF KURDISTAN

*BY AUTHORITY OF*
HOYBOON,
SUPREME COUNCIL OF THE KURDISH GOVERNMENT

# سەرچاوەکان


- Ch. Arcache, Les Kurdes et leurs aspirations (La Bourse Egyptienne, 5 avril 1946).
- H. C. Armstrong, Grey Wolf. Mustafa Kemal (London, Barker). Trad. française : Mustafa Kemal (Paris, Payot, 1933).
- Herekol Azizan, De la question kurde. La loi de déportation et de dispersion des Kurdes, 40 p. (Damas, Hawar, 1934).
- Fr. Balsan, Les Surprises du Kurdistan (Paris, Susse, 1945).
- Dr Kamiran Bedir-Khan, Kurdistan (Beyrouth, Cahiers de l'Est, n° 1, 1945).
- Dr Bletch Chirguh, La Question kurde, ses origines et ses causes, 56 p. (Le Caire, Barbey, 1930).
- Thomas Bois, O. P., L'âme des Kurdes à la lumière de leur folklore, 57 p. (Beyrouth, 1946). (Tiré à part des Cahiers de l'Est, no. 5 et 6.)
- Major Bolton, The Kurds (Journ. R. C. A. S. 1944. Traduit dans Roja nû, No. 62 et 63, Beyrouth).
- Andre Brunel, Gulusar. Contes et Légendes du Kurdistan. (Paris, 1946, Editions S. F. E. L. T., 116,- boulevard Saint-Germain.)
- Mansour CHALLITA, Le Kurdistan (Le Jour, Beyrouth, 24 avril 1945); Les Kurdes en révolte (Le Jour, 22 novembre 1945) ; Le problème kurde devant le Parlement irakien (27 mars 1946); La renaissance kurde (Le Jour, 13 juillet 1946) ; Justice et Politique aux prises (Le Jour, 17 juillet 1946); Le problème kurde (Revue du Liban, 24 mars 1946); Pitié pour ce peuple héroïque (Le Jour, 31 janvier 1947).
- A. Clôt, L'heure des Kurdes (Images, n° 863, 24 mars 1946).

- Dr Darius DIYARBEKHI, La Nation kurde est une réalite (Temps Présent, 29 mars 1946).
- Sir Henry Comvay Dobbs, Responsability of His Majesty's Government for internal affairs in Iraq (Athra, Beyrouth, 1st Aug. 1939).
- G. R. Driver, Report on Kurdistan (Mount Carmel, 1919).
- Colonel W. G. ELPHINSTON, The Kurdish Question (International Affairs, Jan. 1946).
- E. Epstein, Al Jazireh (Journ. R. C. A. S., vol. XXVII, Jan. 1940, pp. 68-82).
- M. Ferro, Le Réveil du Kurdistan (Le Monde, 4 décembre 1945) ; La République autonome d'Azerbaidjan (Le Monde, 8 mai 1946).
- P. Gentizon, L'insurrection kurde (Revue de Paris, 15 oct. 1925); Mustafa Kemal ou l'Orient en marche (Paris, 1929).
- H. A. Gibbons, The case of Kurdistan against Turkey (Princeton, N.-J., 1929).
- A. M. Hamilton, Road through Kurdistan (London, Faber, 1937, 4th. ed. 1945).
- W. R. Hay, Two years in Kurdistan (London, 1921).
- Hoyboun, Les massacres kurdes en Turquie, 40 p. (Le Caire, 1928).
- Vera Inber, Trois semaines en Iran (Temps nouveaux, no. 17, 1er sept. 1946).
- Ruth KARPF, Champion of the Kurds (The Star weekly, Toronto, Canada, 7 sept. 1946).
- P. Kaufmann, Les troubles d'Azerbaïdjan (Combat, 28 nov. 1945).
- Cl. KHAYAT, Les Kurdes revendiquent leur autonomie (Progrès égyptien, 24 mai 1946).
- Walter KOLARZ, L'Iran entre les Russes et les Anglo- saxons (L'Orient, n° 5934, 13 déc. 1946).

- Harold LAMB, Mountain Tribes of Iran and Iraq (The National Géographie Magazine, Washington, Mardi 1936).
- Yusuf MALEK, The British Betrayal of the Assyrians (Kimball Press, N.-J., 1935).
- V. MINORSKY, art. " Kurdes " et " Kurdistan " (Encycl. de l'Islam).
- Hermann NORDEN, Sous le ciel de la Perse (Paris, Payot, 1929).
- P. MUMFORD, Kurds, Assyrians and Iraq (Journ. R. C.A. S., vol. XX, Jan. 1933, pp. 110-19).
- L. NARLEY, Le Kurdistan (En Terre d'Islam, 1946, pp. 16-30).
- B. Nikitine, Problème kurde (Politique étrangère, 11e ann., III, juillet 1946).
- Lieut.-Col. A. R. PITT, Tribal threats in Teheran. A legacy of Reza Shah's oppression (Daily Telegraph and Morning Post, 28 Sept. 1946).
- F. de Richemont, Les Kurdes (Rev. politique et parlementaire, CLXXV, 1938).
- Irmine Romanette, Le Kurdistan et la question kurde (Trésor des lettres, Paris, 1935).
- P. Rondot, Les revendications nationales kurdes (En Terre d'Islam, 1946, pp. 1 14-120).
- Ed. SABLIER, Les aspirations kurdes ; un élément de malaise. Où en sont les revendications kurdes en ce qui concerne Kars et Ardahan (Terre des Hommes).
- K. SEREJINE, L'Irak moderne (Temps nouveaux, n° 6, 15 mars 1946).
- M. SERGUEEV, A travers l'Iran (Temps nouveaux, no. 9 et 10, 1er oct., 1er nov. 1945).
- L. SIEMER, Verrons-nous un nouvel Etat dans le Moyen- Orient : le Kurdistan ? (Mondes, 26 mars 1946).

- Major SOANE, To Mesopotamia and Kurdistan in disguise (London, Murray, 1912 et 1925).
- Robert SURIEU, Kurdistan (Rajo nû, n° 40, 6 mars 1944, à n° 45, 17 avril 1944).
- André VISSON, Trouble over Iran (New leader, reproduit dans Reader's Digest, Nov. 1945).
- William L. Westerman, Kurdish independence and Russian expansion (Foreign Affairs, N.-Y., July 1946).
- A. Wilson, Mesopotamia, Loyalties, 1914-1917 (Oxford, 2e éd., 1931); Mesopotamia, 1917-1920 (Oxford, I931).
- X., An independent Kurdistan? (The Economist, 11 May 1946).
- On trouvera beaucoup de documents dans l'hebdomadaire kurde Roja nû (Le Jour nouveau, Beyrouth), n° 1 (3 mai 1943), n° 73 (27 mai 1946).

# ناسنامەی دەستە

پڕۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیە.